ڕێبازی دیکتاتۆرەکان

ئینیاتسیۆ سیلۆنێ

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

عەبدولخالق یەعقووبی

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان

سلێمانی 2005

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە (296)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان

بابەت: لێکۆڵینەوە

نووسینی: ئینیاتسیۆ سیلۆنێ

وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقووبی

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان

سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق

هەڵەچنی: وەرگێڕ

تیراژ: 1000 دانە

ژمارەی سپاردن: 164 ی 2004

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

www.sardam.info

پێڕست

سەبارەت بە ئینیاتسیۆ سیلۆنێ.....9

سەبارەت بە ئەم کتێبە.....13

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان.....17

بەشی یەکەم: دیمانەی نووسەر لەگەڵ جەنابی دەبلیۆ، تولّەدیکتاتۆری ئەمریکی، و ڕاوێژکاری ئایدیالۆژیکی ئەو، پرۆفیسۆر پیکاپ-ی بەناوبانگ، کە بۆ گەڕان بە دوای هێلکەکەی کریستۆف کۆلۆمبدا هاتوونەتە ئەوروپا..... 17

بەشی دووەم: سەبارەت بە هونەری نەریتیی سیاسەت و ناتەواوییەکانی لە سەردەمی شارستانییەتی جڤاتیدا.....26

بەشی سێهەم: سەبارەت بە هەندێ هەلومەرج کە لە سەردەمی ئێمە دەستی یارمەتی دەدەنە دەست خواست و ویستەکانی دیکتاتۆری.....38

بەشی چوارەم: پیلانی کودەتایەک دوابەدوای شۆڕشێکی سەرنەکەوتوو.....44

بەشی پێنجەم: سەبارەت بە بێمرخیی هونەریی دیکتاتۆری داهاتوو، بێنرخیی شەجەرەنامە و گرنگیی سەرئێشەی درێژخایەن.....56

بەشی شەشەم: خوازیاران زۆرن و هەڵبژێردراوان کەم.....468

بەشی حەوتەم: سەبارەت بە حیزبی ئەوکەسەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر 76

بەشی هەشتەم: سەبارەت بە بێکەڵکبوونی بەرنامە سیاسی و ئابووریەکان و مەترسیی باسوخواس و رووبەڕووبوونەوەی بیر و باوەڕەکان و شێوەی نوێی تەڵقینکردنی کۆمەڵانی خەڵک.....85

بەشی نۆیەم: دیموکراسی چۆن چۆنی مافی خۆی وێران دەکات، لەگەڵ هەندێ نموونەی بە کردەوە سەبارەت بە هونەری لە ئاوی لیخن ماسیگرتن..... 108

بەشی دەیەم: هونەری ڕیابازی و مەترسیی باوەڕهێنان بەو درۆیانەی مرۆڤ خۆی کردوونی.....125

بەشی یازدەهەم: سەبارەت بە قێزکردنەوە لە مرخی دیکتاتۆری و حەسرەتخواردن و ئاخهەڵکێشان بۆ ژیانی تاکەکەسی و تایبەتی.....138

بەشی دوازدەهەم: سەبارەت بە مەترسیی ئەو پیلان و شۆڕشانەی کە پۆلیس و هێزی چەکداری دەوڵەتی پشتیوانیان لێنەکەن.....145

بەشی سێزدەهەم: سەبارەت بە شەڕی "قابلەمەی نیسکێنە" و کودەتا بە هاوکاری پیاوانی خاوەن پلە و پایەی حکوومی.....169

بەشی چواردەهەم: سەبارەت بە شوێن و پێگە لە نێو جەماوەر، لەسەر بنەمای گشتپرسی، و دەستتێکەڵکردنی حیزب و حکومەت و بەخێوکردنی بزنە بەڵاگەردانەکان..... 189

دەربارەی ئینیاتسیۆ سیلۆنێ

ئینیاتسیۆ سیلۆنێ (کە ناوە ڕاستەقینەکەی "سکۆندۆ ترانکوئیلی" یە) ڕۆژی یەکەمی مانگی مێی (May) ساڵی1900ی زایینی لە یەک لە ناوچە گوندنشینەکانی پارێزگای ئابروتس-ی ئیتاڵیا، کە پارێزگایەکی دواکەوتووی سەر بەکاری کشتوکاڵییە، لەدایکبوو. باوکی وردەدەرەبەگ بوو، و دایکیشی لە بواری چنیندا کاری دەکرد. دوابەدوای قەیرانێکی سەخت، کە لە یەکەمین ساڵەکانی سەدەی بیست سێبەری بە سەرکاری مێوداری ئیتاڵیا کشا، باوکی بۆچەند ساڵێک باروبنەی کۆچ و کۆچباری بەرەو بەرازیل تێکەوە پێچا، و باغە میوە و ماڵوحاڵی بنەماڵەکەی فرۆشت. ساڵی 1915 بوومەلەرزەیەک بەشێکی زۆری لە شوێنی ژیان و لە دایکبوونی سیلۆنێی تەخت و خاپوور کرد، و بوو بە هۆی ئەوەی باوک و دایکی و ماڵەکەیانی لە کیس بچێ. ماوەیەک بەر لە هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، سیلۆنێ کە زۆربەی کاتی خوێندنی سەرەتایی و کۆتایی خۆی لە قوتابخانە تایبەتییەکان و لە ژێر چاودێریی قەشەکان تێپەڕاندبوو، دەستی لە خوێندن و قوتابخانە هەڵگرت، و ڕووی کردە کاری پڕ لە کێشمەکێشمی سیاسەت. تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو کە بوو بە یەک لە ئەندامانی سۆسیالیستەکانی ئیتاڵیا، ئەو سۆسیالیستانەی

دژی جەنگ بوون، و ئەمەش سەرەتای ئەو خەباتە سیاسییە بوو کە سیلۆنێ تا دواڕۆژانی ژیانی خۆی دەستی لێهەڵنەگرت.

هەرلەم وەختانەدا بوو کە چالاکییەکانی سیلۆنێ لە بواری ڕۆژنامەگەری و ئەدەبیاتیشدا دەستی پێکرد. یەکەم نووسراوەکانی کۆمەڵێک وتار بوو کە بۆ ڕۆژنامەی ڕێکخراوی حیزبی سۆسیالیستی ئیتاڵیای نووسی، بۆ ئەوەی دزی و فزی و فێڵ و تەڵەکەی ئەو پیاوە حکوومیانەی کە بەرپرسی ساغکردنەوە و چاککردنەوەی ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان بوون، لە هەرا بدا. بە هۆی نووسینی ئەم وتارانە بوو کە سیلۆنێ وەک هەواڵنێری حەوتەنامەی لاوانی حیزبی سۆسیالیست هەڵبژێردرا. ماوەیەک دوابەدوای ئەوە بوو بە بەڕێوەبەری فیدراسیۆنی کاریگەرانی کرێگرتەی کشتوکاڵیی پارێزگای ئابروتس. پاش ساڵێک چالاکی لەم بوارەدا چوو بۆ ڕۆم، و لە هەمان کاتدا کە درێژەی بە خوێندنە پچڕپچڕەکەی دەدا کۆمەڵێک ئەرکی حیزبیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرنگتری وەئەستۆ گرت. بوو بە هاوکار و هاواڵی گیانی بە گیانیی ئانتۆنیۆگرامشی، و ساڵی 1921، لە کۆنگرەیەکدا کە بۆ دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا پێکهات، ڕایگەیاند لاوانی سۆسیالیستی ئیتاڵیا ڕوو لە حیزبێکی تازە دەکەن.

لە حیزبە تازەپێکهاتووەکەدا کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ چ لە زەمینەی ڕێکخراوەیی و چ لە بواری ڕۆژنامەوانی کەوتە ئەستۆی سیلۆنێ، وەکو

سەرنووسـەرێتیی ڕۆژنامەیـەکی سـەربەپارێزگا و ڕێبەرایـەتیی ڕێکخراوەیەکی نهێنیی حیزب. وەک ئەندامی کـادری ڕێبەرایـەتیی حیـزب هـەڵبژێـردرا، و تەنانـەت پـاش دابینکردنـی"یاسـا تایبەتـەکان"ی ڕژێمـی موسولینی، لە وڵات مایەوە و لە پەنا گرامشی لە سەر چالاکییـە پـڕ لـە مەترسییەکانی حیزب بەردەوام بوو. سێ جار لـە دادگـای ئەمنیـی وڵات بـە شـێوەی غیـابی حـوکم درا، بـەڵام پـۆلیس دەسـتی پێیڕانەگەیشـت. دواجار بۆ دەربازبوون لە چنگ هێزەکانی پۆلیسـی موسـولینی چـوو بـۆ دەرەوەی وڵات (سـەرەتا بـۆ فەرەنسـا، پاشـان ئیسـپانیا و دواجـار بـۆ یەکێتی سۆڤیەت) و ئەرکی نوێنەرایەتیی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئیتاڵیـای لـە چەنـدین کۆنفرانسـی نێونـەتـەوەیی وەعـۆدە گـرت . مـانگی مێـی ساڵی1927، لەگەڵ پـالمیرۆ تولیـاتی لـە دانیشـتنەکانی کـۆمینترن-ی مۆسـکۆدا بەشـداریی کـرد. ئـەم کۆبوونەوەیـە کـە زەمینـەی وەدەرنـانی تڕۆتسـکی و بۆخـارین و زینوویـف لـە حیزبـی کۆمۆنیسـتی یـەکێتی سـۆڤیەتی تێـدا خـۆش کـرا، لـە مێـژووی بزووتنـەوەی کرێکـاریی نێونەتەوایەتیـدا خـاوەن گرنگایەتییـەکی تایبەتـە، چـونکی هـەر لـەم دانیشتنانەدا بوو کە هێزی ئیسـتالین بەسـەر دەسـەڵاتدا مسـۆگەر بـوو. قـەیرانی سیاسـی کـە بـوو بـە هـۆی جیابوونـەوەی سـیلۆنێ لـە حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئیتاڵیـا، هـەر لێـرەوە دەسـتیپێکرد. دژایـەتیکردن لەگـەڵ ئیسـتالینیزم، سـیلۆنێی هـان دا لـە حیـزب جیابێتـەوە و چالاکییـە

حیزبییەکانی وەلابنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا بڕیاری دا لە ڕێگای ڕووهێنانە ئەدەبیاتەوە، درێژە بەو خەباتە بدات کە دڵ و گیانی بۆ لە گرەو دانابوو. بەم جۆرە بوو کە یەکەمین ڕۆمانی، واتە فۆنتامارا، لەدایکبوو.

ئەم کتێبە لە کاتێکدا نووسرا کە سیلۆنێ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی سیل، کە وەختابوو بیکوژێ، لە گوندێکی سویس دەژیا. هەر لەم سەرو بەندەدا، ڕووداوێکی تری بەسەردا هات کە زۆری لەسەر کاریگەر بوو: براکەی کە تاقە ئەندامی بنەماڵەکەیان بوو دوای بوومەلەرزەکەی 1915 تیا نەچووبوو، بە تاوانی بێبنەمای دەستتێدابوونی لە هێرشێکی ڕەشەکوژی گیرا، و دووساڵ دواتر لە بەندیخانە کۆچی دوایی کرد. پاش ئەم ڕووداوە، سیلۆنێ داوای پەنابەرێتیی سیاسی لە دەوڵەتی سویس کرد و چوارده ساڵ لەم وڵاتەدا مایەوە. ئەم ماوە دوورودرێژە بۆ سیلۆنێ پڕ بوو لە ئازار و دەرد و مەینەتی، چونکی جیا لە ڕەفتاری خراپی پیاوە دەوڵەتییەکانی سویس، دووری و جودایی لە حیزب و هاوسەنگەرەکانیشی بارودۆخێکی دەروونی و دارایی نالەباریان بۆ هێنابوویە ئاراوە. لە ڕاستیدا، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەوکەسانەی لەگەڵ سیلۆنێ لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا جیا بوونەوە، و ڕوویان کردە چالاکیی سیاسی لە هەندێ بواری

تردا، سیلۆنێ هەوڵی دا تاکو خۆی لە هەر چەشنە ڕێکخراوەیەکی دیکە جیابکاتەوە، و تەنیا سەرقاڵی نووسین بێ.

سیلۆنێ پاش فۆنتامارا کە ناو و ناوبانگێکی لە کتوپڕ و جیهانیی بۆ هێنـا، کۆمـەڵێک کتێبـی وەک: نـانو شـەراب (1937)، ڕێبـازی دیکتاتۆرەکان (1938)، و تۆوی ژێـر بـەفر (1940)ـی نووسـی کـە هەرکام بوونە مایەی ناوبانگی زیـاتری ئەو. سـەرەڕای ئەمانـە، دوای دە سـاڵ جـودایی و دوورەپـەرێزی لـە سیاسـەت و چـالاکیی حیزبایـەتی، سـیلۆنێ سـەر لـە نـوێ سـاڵی 1940 گەڕایـەوە بـۆ مەیـدانی خـەباتی ڕێکخراوەیی. بەشێکی زۆری هێزە دژی فاشیستییەکانی ئیتاڵیا بە هـۆی جەنـگ و هێرشـی هێزەکـانی نـازی، بـە وڵاتـە بیانییەکانـدا پەرشـوبڵاو ببوونەوە. سیلۆنێ بـۆ کۆکردنـەوە و یـەکگرتنی ئـەم هێزانـە پێشـنیاری ساغکردنەوە و ڕێبەرایەتیی" ناوەندی ئـەودیو سـنووری سۆسیالیسـت"ی قبووڵ کرد و دەستی دایە ئەم کارە. لە هەمان وەختیشدا، گۆڤاری دوو حەوتانـەی"داهـاتووی کرێکـاران"ی بـڵاو دەکـردەوە کـە بـە نهێنـی لـە سویسەوە بۆئیتاڵیای داگیرکراو بەڕێ دەکرا.

سیلۆنێ ئۆکتۆبەری 1944 گەڕاوە بۆ وڵاتی خۆی، و هەر وا لەسەر چـالاکیی سیاسـی بـەردەوام بـوو. ماوەیـەک بـوو بـە ئەنـدامی کـادری ڕێبەرایەتیی حیزبی سۆسیالیستی ئیتاڵیا، و بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژنامـەی ڕێکخـراوەی ئـەو حیزبـەی بەدەسـتەوە گـرت (کـە لـەو ماوەیـەی ئـەو

بەڕێوەبەری بوو زیاترین ژمارەی ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیای دەردەکرد)، و وەک نوێنەری پارێزگای زێدی خۆی لە پەرلەمانی دامەزرێنەراندا بەشداریی کرد. بەڵام سەر لەبەری ئەم چالاکیانەشی زۆر بە دڵ نەبوو. ساڵی 1948، کاندیداتۆریی هەڵبژاردنەکانی قبووڵ نەکرد، و لە وتارێکدا بە ناوی "ڕەخنە لە خۆ" بەم شێوەیە هاتە دەنگ: "ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکانی ئەم قۆناغانەی دوای جەنگ بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بێ باوەڕیی منیان سەبارەت بە حیزبە سیاسییەکان زیاتر کردووە، و باوەڕ و خۆشەویستیی منیان بۆ ئازا و جوامێربوون قایمتر و پتەوتر کردووە".

دوای ئەوە سیلۆنێ هەمیسان دەستی کردەوە بە نووسین، هەرچەند جاروبار خەریکی سیاسەت دەبوو، وەک چۆن لە دامەزراندنی "حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوو" (1949) و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی "بزووتنەوەی کرێکارانی ئیتاڵیا" (1951) هەندێ ئەرکی وە ئەستۆ گرت. بەڵام ئەم چالاکییانەی سیلۆنێ تەنیا لە چوارچێوەی کۆکردنەوە و ڕێکوپێککردنی هێزە سیاسیەکاندا چڕ دەبۆوە، کە ئەمە خۆی لە سۆنگەی ئەو تواناییە دەگمەنانە بوو کە سیلۆنێ لە بواری ڕێکخراوەییدا خاوەنیان بوو. بە گوتەی سیلۆنێ خۆی، دوورکەوتنەوەی ئەو لە چالاکیی سیاسی بە واتا باوەکەی، لەو باوەڕەیەوە هەڵدەقوڵێ کە

"شـوێنی ڕاسـتەقینەی نووسـەر لـە نێـو کۆمەڵگادایـە، نەک ڕێکخـراوە سیاسییەکانی وڵات".

کتێبە گرنگەکانی تری سـیلۆنێ بـریتین لـە: رازی لۆرکـا (1956)، ڕێـوی و گـوڵانی کاملیـا (1960)، دەرچـوونی لـەناچـاری (1965)، بەسەرهاتی مەسیحییەکی هەژار(1968).

سیلۆنێ 22ی ئوتی 1978 لە ژێنۆ کۆچی دوایی کرد.

سەبارەت بە ئەم کتێبە

"ڕێبازی دیکتاتۆرەکان" هاوکات لەگەڵ "نان و شەراب" نووسراوە، و وەک ئەو کتێبە، یەکەم جار ساڵی 1938 بە زمانی ئەڵمانی و لە زوریخ بڵاوبۆوە. ئەم کتێبە دوای بیست و چوار ساڵ، واتە ساڵی 1968، بۆ یەکەم جار بە زمانی ئیتاڵی لەم وڵاتەدا هاتە وەشاندن، و سیلۆنێ وەک ئاسەواری پێشووی دیکەی خۆی پێیداچوویەوە. ئەم وەرگێڕانە لە رووی دواین دەقی کتێبەکەوە، کە ساڵی 1979 بڵاو بۆوە، کراوە.

دوو پیاوی ئەمریکی سەیروسەمەرە و جێگای گومان، بە ناوەکانی پرۆفیسۆر پیکاپ و جەنابی دەبلیۆ، لە سەرەتای جەنگی دووهەمی جیهانی ڕێگای ئەوروپا دەگرنە بەر. ئەوەش ئەو کاتەیە کە بە گوتەی ئەستێرەناسانی سویسی، ئەگەری ڕوودانی جەنگ لەو سەروبەندەدا لە هەر کاتێکی دیکە کەمترە، چونکە کەشوهەوا زۆر خۆش و بەکەیفی هەمووانە؛ هەر بەو شێوەیەی بەهاری ساڵی 1914، واتە بەر لە دەسپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو! ئەم دوو مسافیرە ئەمریکییە بە شارە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپا و شوێنە مێژوویییەکاندا دەگەڕێن و چاویان بەو کەسانە دەکەوێ کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان

لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرەکان هەبووە، و گەلێ کتێب دەکڕن و کۆمەڵێک یادگاری قۆڕ و بێبەها کە وێدەچێ پەیوەندییان بە مێژووی دیکتاتۆرییەوە هەبێ کۆدەکەنەوە. دواجار دەگەنە زوریخ. ئامانجی ئەم دوو کەسە ئەوەیە کە لە ئەورووپییەکان، کە لە بواری دیکتاتۆریدا مێژوویەکی دوورودرێژ و ئەزموونێکی تێروتەسەلیان هەیە فێرە شت بن، و دواتر بگەڕێنەوە ئەمریکا و بە کەڵکوەرگرتن لەو شتانەی فێری بوون لەوێندەریش بناغەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری دابمەزرێنن. لەو دووانە، یەکیان ئەو کەسەیە هەوای دیکتاتۆر بوون لە سەری داوە، و ئەویتریش ڕاوێژکاری ئایدیالۆژیکێتی. کەسێک دنەیان دەدات کە بۆ فێربوونی گزەوفزە و ڕاز و ڕەمزەکانی دیکتاتۆری بچن بۆ لای پیاوێک کە سەرلەبەری ژیانی خۆی بۆ خەباتی دژی دیکتاتۆری تەرخان کردووە، چونکی مەنتق پێمان دەڵێت: "با هەقیقەت لە زمانی دوژمنەوە ببیستڕێ".

هەر بۆیە تۆڵەدیکتاتۆری ئەمریکی و ڕاوێژکارەکەی دەچنە لای شاربەدەرکراوێکی سیاسی ئیتاڵی کە بە هۆی قسەلەڕوویی و نەحەواوییەوە نازناوی "سەگانی"یان پێداوە و سەرقاڵی نووسینی کتێبێکە لە بابەت "هونەری لەخشتەبردنی جەماوەر"، کتێبێک کە وەک خۆی باسی دەکا بە کاری ئەو کەسانە دێت کە فریو دەخۆن، چونکی

فریودەران و کڵاوچییان پێویستێکیان بەم کتێبە نییە، و ئەم هونەرە لەو باشتر دەزانن.

هەر وا کە دەردەکەوێ وێدەچێ کتێبەکە شێوەیەکی تەنزاوی وەخۆ گرتووە، و بە تایبەت ئەو دوو کەسایەتییە ئەمریکییە بە وەها بزەیەکی تەوساوییەوە وێناکراون کە بەرەبەرە و بە درێژایی دەقی کتێبەکە حاڵەتێکی گاڵتەجارانە و فشە پەیدا دەکەن. بەڵام ئەو کێشەیەی لە دێڕبەدێڕی کتێبەکەدا باسی لێوە دەکرێ گەلێ ورد و جێگای سەرنجە، و شوێنێک بۆ پێکەنین و خۆخافڵاندن و کاترابواردن ناهێڵێتەوە. ئا لەم گۆشەنیگایەوە، وەک چۆن هەندێ رەخنەگر باسیان کردووە، ڕێبازی دیکتاتۆرەکان شوێنپێی بەرزترین و بەنرختترین شێوازی خوازەی سیاسیی ئەوروپی هەڵدەگرێ، و دەکرێ ئەم بەرهەمە باڵای بە باڵای شەهریاری ماکیاڤێڵی و هەڵکەوتەترین شوێنەواری دیالیکتیکی ڤۆڵتێر و بێرناردشۆ بگیرێت. ئەو شتەی بە تایبەت لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم دوو کەسایەتییە ئەمریکییە قۆڕە سەنجڕاکێشە شێوە دواندن و ئاخافتنی تاڵی کەسایەتی سێهەمی کتێبەکە (تومازۆی سەگانی) و هەقیقەتێکی بە ژانو کزە لە جەرگ هێنەرە کە لە دووتوێی وشە بە وشەی قسەکانیدا شاردراونەتەوە.

لەو وتووێژە سێ قۆڵییەی کە لە سەرلەبەری کتێبەکەدا دێتە ئاراوە کەسایەتیی سەرەکی تومازۆی سەگانییە کە سەرەداوی ئاخافتنەکانی بە

دەستەوەیە. بێگومان ئەم کەسایەتییە بە روالّەت خەیاڵییە سیلۆنێ خۆیەتی، و ئەم ڕاستییەش بە سەرتاپای ئەو شتانەی تومازۆی سەگانی باسیان دەکا گرانایی و متمانەیەکی شایانی سەرنجی پێدەبەخشێ، و خوێنەرەوە دنە دەدات لە سەر وردەکاریی قسەکانی لەنگەر بگرێ، چونکی لە لایەکەوە ئەو شتەی ئەو دەیڵێ پشتئەستوور بە کۆمەڵێک ئەزموونی دوورودرێژی خەباتی دژی دیکتاتۆرییە، ئەویش لە باڵاترین ئاستی ڕێکخراوەیی و تیۆریکدا، لە لایەکی تردەوە، هەر لە سۆنگەی ئەم ئەزموونە زۆروزەوەند و لە نیزیکەوە هەستپێکراوانەوە، لێدوانی تومازۆ سیلۆنێ هیچ کات حاڵەتی بێموبالات و یەک لایەنەی لێکدانەوە و تیۆریداڕشتنی ئەو ڕۆشنبیرانە بە خۆوە ناگرێ کە لە مەیدانی خەباتی بە کردەوە دوورن.

لەم گۆشەنیگایەوە، دەکرێ بڵێین ڕێبازی دیکتاتۆرەکان نووسراوەیەکی تیۆریک نییە، بەڵکو دەکرێ بە بێ ترس بە ڕاگەیەندراو یان "گوتار"ێکی لە قەڵەم بدەین کە پشتی بە ئەزموونی تاکە کەسی و تیۆرییەکی لەسەنگی مەحەکدراوی بە کردەوە قایمە. ئەو شتەی تومازۆی سەگانی سەبارەت بە فاشیزمی ئیتاڵیا و نازیزمی ئەڵمانیا دەیڵێ ڕوونـاکی و وردبینی مێژوونووسیی بەرهەستی پێیە. کەچی سەرەڕای ئەمانە، شیکردنەوەی ئەم دوو گۆڕانکارییە گەورەیەی ئەوروپا، کە زەمینەی سەرەکیی کتێبەکە پێکدێنێ، بەم مانایە نییە

بابەتی کتێبەکە تەنیا پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەبێت، ئەو ڕابردوویەی کە بە بۆچوونی گەلێک لە مێژوونووسان چیتر دووبارە نابێتەوە. کۆمەڵێک کێشەی وەک: "ئامرازگەلی پەیوەندیی کۆیی"، "شارستانییەتی جڤاتی (بەکۆمەڵ)"، "دەنگی گشتی"، "کەڵکەڵەی توتالیتاریزم" و زۆر کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتیی دیکەی لەم چەشنە، ئەو سەرەباسانەن کە پێویستییان بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر، و جاری وایە تەنانەت پێویستییان بە تازەکردنەوەی بۆچوونە بنەڕەتییەکانە.

یەکێک لەو قسانەی سیلۆنێ زۆری دەگوتەوە ئەمەیە: "باشترین کەڵکی نووسەربوون ئەوەیە ئەزموون بکاتە ئاوەز". ئەزموونی پەنجا ساڵی یەکەمی سەدەی بیستەمی ئەورووپا ئەزموونێکی سەیر گەورە بوو. بەڵام هێشتاش چ زۆرن ئەوانەی کە یان بە چاوی سووک لەم ئەزموونە دەڕوانن، یان ئەوەتا بە گشتی لە بیریان بردۆتەوە و بە ئاخ و داخەوە ئاوڕ لە رابردوو دەدەنەوە. قسەیەکی لە خۆڕامان نەکردووە ئەگەر بڵێین لە ئەورووپادا نووسەری کەم هەبوون بە ئەندازەی سیلۆنێ ئەزموونی مێژوو بە کار بهێنێت و لە پێناوی گۆڕانی ئەم ئەزموونە بۆ "ئاوەزی هەمەکی" هەوڵی بەردەوام و بێ وچان بدات، هەوڵێک کە بە پێی ئەو پێشوازییانەی لە بەرهەمەکانی کراوە بێگومان هەوڵێکی سەرکەوتوو بووە.

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان

Quam Parva Sapientia

Regit mundum

1

چەندە کەم عەقڵ زاڵە بەسەر دنیادا

دیمانەی نووسەر لەگەڵ جەنابی دەبلیۆ (Mr. W)، تـوڵە دیکتاتۆری ئەمریکی، و ڕاوێژکاری ئایدیالۆژیکی ئەو، پرۆفیسۆر پیکاپ-ی (Prof. Pickup) بەناوبانگ، کـە بـۆ گـەڕان بـە دوای هێلکەکەی کریستۆف کۆڵۆمب- دا[1] هاتوونەتە ئەورووپا

[1] "هێلکەکەی کریستۆف کۆڵۆمب" بریتییە لە مەتەڵ یان مەسەلەیەک کە وەڵامەکەی زۆر ئاشکرا و ئاسان بێت. پێدەچێت ئاماژە بە قسەیەک بێت کە بۆ کریستۆف کۆڵۆمب-یان هەڵبەستووە: لە جوابی چەند مەلەوانێک کە پێیان وا بوو سەفەر بۆ هیندستان لە ڕێگا پێشنیارکراوەکەی ئەوەوە ناومکینە، هێلکەیەکی بە مێزی بەردەمیدا دا بە شێوەیەک کە بێ ئەوەی بە تەواوی بشکێت لە سەر قوون و قاعیدەکەیدا ڕاوەستێت. واتە، کارێکی بە ڕواڵەت ناومکین، بەڵام لە ڕاستیدا ئاسان.

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان

بێشک یەکێک لە سەیرترین ڕووداوەکانی ژیانی نووسەریم ئەو دیمانەیەمە ئیمڕۆ لەگەڵ دوو پیاوی ئەمریکی سازم دا کە بۆ چەند ڕۆژێک هاتوونەتە زوریخ.

لەو کاتەوەی کە بە هەندێ هۆی سیاسی ناچار بووم وڵاتەکەم جێ بهێڵم، لە زوریخ گیرساومەتەوە. وڵاتی بچووکی سویس هەنووکە بە درێژایی دوو بەش لە سێ بەشی سنووورەکانی هاوسێی ئەو وڵاتانەیە کە ڕژێمی دیکتاتۆرییان تێدایە (ئەم دێڕانە بەهاری 1939 نووسراوە). سەرەڕای ئەمانە، شاری زوریخ هێشتاش شوێنی چاوپێکەوتنی ئەو گەشتیار و مسافیرانەیە کە لە چوار قوژبنەی جیهانەوە ڕووی تێدەکەن. ئاشکرایە سەرلەبەری ئەم گەڕۆکانە خەڵکانێکی سەرنجڕاکێش و جێگای متمانە و هێدی و هێمن نین. بۆ خۆپاراستن لە دواندن و دەمەقڕەکردن لەگەڵ ئەو کەسە نامۆیانەی کە سەروسۆراغم دەکەن لە مێژە شێوازێکم گرتۆتە بەر کە جێگای هیچ قسە و باسێک ناهێڵێتەوە، و لە هەمان کاتیشدا، کەسم لێ لاڵووت ناکا: بەوانەی هۆگرییان بە باسوخواسی سیاسییەوە هەیە دەڵێم، کاکی برا ماوەیەکە تەنیا هەر سەرقاڵی ئەدەبیاتم؛ بەوانەش کە وا هۆگری ئەدەبن پێچەوانەکەی دەڵێم، واتە پێیان دەڵێم، هەڤاڵی هێژا، بەپێی ئەم دۆخەی ئێستا، هەر تەنیا بیر لە سیاسەت دەکەمەوە. هەڵبەت، هەر وا کە جاروبار هەڵکەوتووە،

عەیب و عارەی ئەم دووزمانی و فێڵ و تەڵەکەیە ئەوەیە کە ئەگەر هات و گۆڤارێک قسەکانم بڵاو بکاتەوە، ئەو پێناسەیەی لە مەڕ من دەخرێتە بەرچاو پێناسەیەکی هێندە دڵخۆشکەر نییە، ئەویش بۆ کەسێک دەروونێکی شڵەژاو و لاسەنگی هەبێت، بەڵام پێملبوون بەم لەخۆبوردوویە بایی حەسانەوە و حەوانەوەی دوای ئەم پێملبوونە دەبێت.

هەر چییەک بێت، ئیمڕۆ یەکێک لە پیاوە پایەدارەکانی ناوچە کە بۆ گاڵتە و پێڕابواردن نابێت (دەرگاوانی هۆتێلێکی گەورەیە) پێی ڕاگەیاندم دوو گەشتیاری ئەمریکی لێیان گێڕاومەتەوە و داوەتیان کردووم. پیاوی دەرگاوان بۆ ئەوەی لە دوودڵی و دڕدۆنگی ڕزگارم بێت , چەند شتێکی سەبارەت بەو دوو ئەمریکییە پێ گوتم کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بە جۆرێک، بە تەعبیرێک، جێگای دەوری ئەکتەرەکان گۆڕا؛ من خۆم زیاتر لەوان تامەزرۆی ئەم دیمانەیە بووم. بە دەرگاوانەکەم گوت: "پێویست ناکات مشتەرییەکانت تووشی زەحمەت بکەی. لە کاتی دیاریکراودا، بۆ سەردانکردنیان دێمە هۆتێل".

ئەم هۆتێلە لە بان یەکێک لەو گردە پڕدرەختانەیە کە شاریان دەورە داوە. لە ماڵەکەمەوە تا ئەوێ ڕێگایەکی زۆر نییە و لە نێو ڕێدا دیمەنی دڵکەش و ڕۆشنی زەریاچە و کێوەکان دێتە بەرچاو. وەرزێکی زۆر دڵڕفێنە. وێدەچێ لە ساڵی 1914ەوە تا ئێستا بەهارێکی بەم

خۆشییەمان لەم ناوچانەدا نەبووبێت. ڕەنگە یەکێک لە هۆیەکانی تەشەنەسەندنی ئەم هەستە دەستکەوتەکەی کۆبوونەوەی ئەستێرەناسانی سویسییە کە هەر ئەم بەیانییە بڵاو بوویەوە، و تێیدا گوتراوە هەر چەشنە ترس و دڵەڕاوکێیەک لە سەرهەڵدانی جەنگێک لە ئەوروپا و لە چەند ساڵی داهاتوودا، بە دڵنیاییەوە ترس و دڵەڕاوکێیەکی لەخۆڕایی و بێهۆیە (ئەستێرەناسی، وەک ئەندازیاری و دەروونناسی، یەکێک لەو زانستانەیە لەم شارەدا بڕەوی زۆری هەیە.)

لە هۆڵی پێشوازیی هۆتێلەکە پیاوێکی بەسالاچوو لێم دێتە پێشێ و دەڵێ "من پرۆفیسۆر پیکاپم، پ، ی، ک، ئەلف، پ، پیکاپ".

بۆ ئەوەی تەواو دڵنیا ببمەوە لێی دەپرسم: "هەر ئەو داهێنەرە بەناوبانگەی زانستی تۆتۆلۆژی[2] (هەمانبێژی)؟"

دەڵێت: "وایە"، و یەکێک لە هاوکێشەکانی خۆیشی پێ زیاد دەکات: "هەر کەس خۆیەتی و ناتوانێت جگە لە خۆی کەسێکی تر بێ".

بەڵام دەسبەجێ قسەکەی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: "داهێنەر؟ نا، نامەوێ کاری خەڵکانی تر بە ناوی خۆم ئەژمار بکەم. ئەگەر ورد بیری لێ بکەیتەوە سەرومڕی مێژووی تیۆرییە فەلسەفییەکان شتێک نییە

---

[2] **Totology**: تۆتۆلۆژی بە واتای زۆربڵێیی و درێژدادڕییە. جیا لەمە، لە زانستی مەنتقی ئیمڕۆییدا حوکمی تۆتۆلۆژیک بە حوکمێک دەگوترێت لە زاتی خۆیدا و بە پێی ڕوالەتی ڕاستە، جا هەر چەند لەوانەیە پاژە پێکهێنەرەکانی ئەم حوکمە ڕاست بن یان نا، و بە بێ گوێپێدان بەوەی ئایا حوکمێکی لەم چەشنە بتوانێ بە کردەوەش وەدی بێت یان نا. بەو پێیە، وێدەچێت واتای تۆتۆلۆژی لەم کتێبەدا تێکەڵاوێک بێت لە هەر دوو چەمکی ئاماژەپێکراو.

جگە لە کۆمەڵێک حوکمی تۆتۆلۆژیکی سووراوسپیاوکراو. تاقە باشیی من لەوە دایە قسەلەڕووم."

دەڵێم: "لەم دەور و زەمانەدا ئەوە شتێکی کەم نییە. ڕەفتاری هاوکاران لەگەڵتان چۆنە؟"

دەڵێ: "بەشێوەیەکی کەرانە لیبڕاڵییە. پێشنیاری وانەگوتنەوەی زانکۆیەکی زۆر باشیان خستۆتە بەر دەستم."

دەڵێم: "پێی رازی نابن؟"

دەڵێ: "ئەگەر کێشەکە هەر کێشەی خۆم بوایە، پێی ڕازی دەبووم. بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم تۆتۆلۆژی هەڵگری هەموو ئەو هەلومەرجە پێویستانەیە بۆ ئەوەی ببێتە ئایدیالۆجیی ڕەسمی و زۆریی وڵات".

پرۆفیسۆر کراسی ڕەشی پۆشیوە؛ لە قەشە دەچێت و دەنگیشی دەڵێی دەنگی واعیزە خوتبەخوێنەکانە. چڕو پڕیی قژە زەردە گەنمەشامییەکەی و چەناگە پانوپۆڕ و ددانە ڕەنگ وێنجەییەکانی، شێوەی بە شانوشکۆ بەڵام بێئازاری نەڕەشێرێکی گیاخۆری پێ دەدات.

پێم دەڵێ: "تکایە لە تەکما بێن".

لێی دەپرسم: "هاورێکەتان لەگەڵدا نییە؟"

"بۆ چەند ساتێکی دیکە لە تەکیا ئاشنا دەبن. بەڵام تکا دەکەم، چ لە لای خۆی، چ لە لای خەڵکانی دیکە، ناوی مەهێنە، چونکی بە

ناشوناسی و نامۆیی سەفەر دەکا تا هەم لە ڕەفتار و ئاکاریدا ئازاد و بێدەروەست بێ، هەمیش سەرئێشەی بۆ ساز نەبێت. نازناوەکەی جەنابی دەبلیۆیە، و منیش ڕاوێژکاری ئایدیالۆجیکی ئەوم".

"لە ڕۆژنامەکاندا نووسراوە گۆیا تووشی نەخۆشییەکی پیس بووە".

"ئەم قسانە هاتوهاواری ڕۆژنامەوانییە؛ دوور نییە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش دەستی تێدا بێت. شتی وا لە گۆڕێ نییە، بەڵام بۆ هەندێ تاقیکردنەوەی زیاتر دەبێ چەند ڕۆژێک لەم شارەدا بمێنێتەوە".

پرۆفیسۆر بۆ گۆشەیەکی چۆڵی سالۆنی هۆتێلەکەم دەبا. مشتەرییەکی تەنیا لە سووچێکدا دانیشتووە و پەرداخە شیرەکەی قوم قوم دەخواتەوە و لاپەڕەی گۆڤارێکی وێنەدار هەڵدەداتەوە. گوێمان پێ نادا، و تەنانەت پشتی تێکردووین.

پرۆفیسۆر دەڵێ: "هەر ئێستا بە هۆکاری ئەم سەفەرە ئەوروپامان زانی. لە وڵاتی ئێمەشدا وردەوردە هەست بە پێداویستیی تازەکردنەوەی ڕێکخراوەی تۆتالیتاریستیی کۆمەڵ دەکرێ. ئاشکرایە سەردەمی دیموکراسی بە سەر چووە، چ بگا بە تورەهاتێکی لە جۆری ئازادیی ڕۆژنامەکان و ئازادیی بیر و باوەڕ. بە بڕوای من، و بە بڕوای هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئەسڵەکانی تۆتۆلۆژی هەیە، حکومەت حکومەتە و ناتوانێت حکومەت نەبێت. بە داخەوە، ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەی کە دەشێت بەهێزشکردنە سەر واشینگتۆن و وەدەرنانی ستوونی پێنجەمی

"سوویتێ یەهودێ ڕەشپێستی" لە کۆشکی سپی کۆتایی بێت لەم دواییانەدا هێندێک هێور بۆتەوە. هەر بۆیە پێشنیارم بە هەڤاڵەکەم دا سەفەرێک بۆ ئەورووپا بکەین، ئەویش پەسەندی کرد. ولاتانی بەختەوەری ئەورووپا هەر لە دێرزەمانەوە خاوەنی کۆمەڵێک ڕژێمی دیکتاتۆری بوون و ئێستاش دیکتاتۆری تێیدا بەبرەوە. بە یەکدیمان گوت: "با بچین بە چاوی خۆمان ببینین و بزانین ئەم دیکتاتۆرییە ناسراوانەی ئەوەندە باسیان دەکەن چۆناوچۆن دروست بوونە، ئەم دیکتاتۆرانە چۆن پیاوانێکن، چۆن چۆنی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، و لە هەمووان گرینگتر، دەکرێ لە ئەزموونەکانیان فێری چی بین. جیا لەمانە، لەو شوێنە پیرۆزانەی وەبیرهێنەرەوەی کەسایەتییە گەورەکانی ڕابردوونە دیدەنیمان کرد و ئیلهاممان وەرگرت. بۆ وێنە، سەرێکمان لە چەمی رۆبیکۆنێ (Rubicone) هەڵێنا، واتە هەر ئەو جێیەی کە ژول سێزار و سوپا بەوەفاکەی پێشڕەوی بەرەو رۆمیان دەستپێکرد".

ئەو پیاوە ناشوناسەی پەرداخە شیرەکە و گۆڤارە وێنەدارەکەی بەدەستەوەیە و دوور لە ئێمە دانیشتووە لە ناکاو وەقسە دێت و گاڵتەجاڕانە دەڵێ: "ڕۆبیکۆنێ؟ جۆگەلە ئاوێکی پڕ لە گەندو گووە...بە تاکسی چووینە ئەوێ، بە ڕێگایەکی پڕ لە قوڵک و بە نێوەڕاستی کێڵگە تەپوتۆزاوییەکاندا تێپەڕین. بۆ پشوودان لە قاوەخانەیەکی پڕ لە مێش و مەگەز ڕامانگرت و ماسیی سوورەوەکراومان خوارد. ئەوەتا بوو

بە هـۆی ئەوەی نـەخۆش بکـەوم و ئێستا ناچـارم لـەم شـارە وێرانـەدا بمێنمەوە".

خۆم پێڕاناگیرێ و بە سەرسوڕمانەوە دەڵێم، "جەنابی دەبلیـۆ؟" لـە جوابمدا هیچ نالّێ، بەڵام پرۆفیسۆر پیکاب چاوێکم لـێ دادەگـرێ و تـێم دەگەیەنێ بەهەڵـەدا نـەچووم. ئەگـەر ئـەو پیـاوە نامۆیـە بـەو شـێوەیـە چـاوەڕوانـنـەکراوە خـۆی نەناسـاندبا، لەوانـە بـوو هـەر پـێم وابـێ ئـەو گەشتیارێکی ئاساییە بۆ خۆی لە سووچێک دانیشتووە. بەڵام ئێستا کـە لـە مەسـەلەکە دەگـەم، بـە ئاسـانی ئاگـاداری هەنـدێ لایـەنی نائاسـایی ڕووخساری ئەو پیاوە دەبم. جێـی بڕینێـک کـە لەسـەر گۆنـای چـەپێتی شێوەیەکی ناوێکچووی داوە بـەلای ڕاسـت و چـەپی دەموچـاوی، چـاوی بەقوولّدا چووە و نیگای شەکەتی ئەو کەسانەی لە چاو دایە کە تووشی بێخـەوییـ هـاتوون. لێـوە قەپاتکراوەکـانی دەربـڕی فیزوهـەوا و لـە خۆباییبوونی ئەون.

پرۆفیسۆر بۆ دڵدانەوەی دەڵێ "باشە نەدەکرا ڕۆبیکۆنێ نەبینین؟"

جـەنابی دەبلیـۆ زەردەیـەکی تەوسـاوی دەیگـرێ و دەڵـێ: "زۆرم دڵ پێوە بوو بزانم ئەم ژول سێزارەی تۆ و سوپاکەی چۆن چۆنی بە ئەسپ لە چەمی می سی سی یی دەپەڕنەوە".

پرۆفیسۆر لەسەری دەڕوا و دەڵێ: "لە پـاریس، هـەر وا کـە دەتـوانن بیهێننـە بـەرچاوتان، مـاوەیـەکی زۆر لەسـەر گـۆڕی نـاپلیۆن ماینـەوە و

کەوتینە بیرکردنەوەوە. لە مونیخ، بە چاوساغیی یەکێک لە ئەندامانی حیزبی نازی، سەرمان لە هەموو ئەو بیرەفرۆشییانە هەڵێنا بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بە لەدایکبوونی ئەم حیزبەوە هەبوو. خۆ دەزانن ژمارەیان دوایی نایەت".

ئەمریکییەکەی تر دیسان بەوپەڕی مرۆمۆچی و بە حاڵەتێکی گاڵتەجاڕانەوە دەڵێ: "بەمجۆرە گەیشتینە سەرچاوەی ڕاست و سەرەکیی نازیزم، کە هەمان سەرچاوەی بیرەیە. ناچار بووین سەر لە دەوروبەری سێ بیرەفروشی بدەین. دواجار لەسەر قوون بەند نەبووین و لە حاڵەتێکدا سەرتاپامان لە جەوهەری ئاریاییدا خووسابوو خستیانینە ترۆمبیلەکەوە و گەیاندیانینەوە هۆتێل".

پرۆفیسۆر دەڵێ: "لە میلان، چاومان بە مەیدانی (گۆڕی پیرۆز) کەوت، کە هەروەک دەزانن لانکەی فاشیزم بووە".

ئەمریکییەکەی دیکە دیسان دەڵێ: "هێ... هێ، لانکە لە نێو گۆڕ. بە ناوی کتێبە ترسهێنەرەکان دەچێ".

پرۆفیسۆر گوێی خۆی لێ دەخەوێنێ و لەسەر قسەی خۆی بەردەوام دەبێ: "لەم سەفەرەدا لەگەڵ سەدوچل وحەوت مامۆستای زانکۆ و سێسەدو شەش نووسەر و چەکداری حکومی و زیندانی و شاربەدەرکراوی جاران ئاشنابووین (ناوەکانیان ئەوەتا لێرەیە، خۆتان دەتوانن پێیاندا بێنەوە). سەردانی ئیدارەی دووسەدو چل ڕۆژنامەمان

کـرد. نـەوەدو دوو میـوانی چـووین (فـەرموون چاوێـک لـەم لیسـتەیـە بکەن). دوازدە سندووقی پڕ لە کتێب سەبارەت بە دیکتاتۆرییـە کـۆن و تازەکـان و سـندووقێک پـڕ لـە یادگارییـەکانی جەنگـی نـاوخۆ، کـە هەموویان ڕەسەنن و دەست ناکەون، ئەوانەمان هـەموو کـۆ کردۆتـەوە و لەگەڵ خۆمان دەیانبەینەوە بۆ ئەمریکا.

ساتێک بێدەنگ دەبێ و دڕدۆنگە. پاشان بـە سـرتە پـێم دەڵـێ: "لـە بەر ئەوەی ئێوە خەڵکی ئیتاڵیان، ئەمەتان بە دزییـەوە پـێ دەڵـێم کـە هێلکەکەی کریستۆف کۆلۆمبـ یشمان لە عەنتیکـە فرۆشـییەکی خـەڵکـی جنووا کڕیوەتەوە".

خـۆم پـێ ڕانـاگیرێ و وەک پێیانـدا هـەڵبڵـێم دەڵـێم: "دەکـرێ ئـەم هێلکەیە بە نیشانەی زانستی تۆتۆلۆژی لە قەڵەم بدرێ".

دەڵێ: "پیرۆزباییتان لێدەکەم بۆ ئەم زیرەکـی و زانایـیەتان. ئەگـەر کودەتـای ئێمـە سـەرکەوێ، دواجـار ئـەم هێلکـەیـە بـەو شانوشـکۆیەی شایانێتی دەگات".

دەڵـێم: "ئایـا هێلکەکـە لـە دەوروبەری کـۆنگرەی ئـەمریکا دەخەنـە بەرچاوی خەڵک؟"

دەڵێ: "لەوێندەرێ یان هەر شوێنێکی دیکە، دواجار شـوێنی شـایانی خۆی دەدۆزێتەوە".

دەڵێم: "ئەدی ناڕزێ؟"

دەڵێ: "بە قسەی عەنتیکە فرۆشەکە، خۆشبەختانە ئەم هێلکەیە هەر ئەو سەردەمە بە شێوەیەکی تایبەت بۆتە بەرد. شتێکی سەرسوڕهێنەرە. هەر جارەی بیری لێ دەکەمەوە، کەفوکولێ هەستێکی دانەمرکاوم سەرپێڕ دەبێت. پێم وا نییە هیچ شتێک لە دنیادا ئەوەندە تڕی لە مانا و مەبەست بێت. هێلکە لە زاتی خۆیدا نیشانەی ژیانە. بەڵام ئەمەیان هێلکەیەکە ناڕزێ، واتە نیشانەی هەرمان بوونی ژیانە. جیا لەمە، ئەم هێلکەیە هێلکەکەی کریستۆف کۆڵۆمبە. واتە، نیشانەی سەرەتای ناسنامەی شارستانییەتی ئێمەی ئەمریکییە. جا ئەگەر بڵێم وەدەستهێنانی ئەم هێلکەیە بەنرختترین دەسکەوتی سەفەرەکەمانە لافم لێنەداوە. بەڵام وڵاتی ئێوە هێشتا پڕە لە گەنجینەی نەدۆزراوە. عەنتیکە فرۆشێکی سیراکوزی دەیویست شیری سامناکی دامۆکلیس-مان پێبفرۆشێ.

دەڵێم: "دڵنیام جەنابی دەبلیۆ بە ئەم دەرفەتە کەموێنەیە زۆر کەیفیان ساز بووە.."

دەڵێ: "ئەو نرخەی یەکەم جار بۆی دانابوو گەلێ زۆر بوو، هەر نەدەکرا بیکڕین. دوایی کابرای فرۆشیار نرخەکەی زۆر دابەزاند. بەڵام جەنابی دەبلیۆ شیرەکەی پەسند نەکرد".

دەڵێم: "مەگین باوەڕیان بە خورافات هەیە؟"

دەڵێ: "دیارە هەر وایە، وەک هەموو گەورەپیاوانی دنیا. بەڵام بە بێ شیری دامۆکلیس-یش بە ئەندازەی پێویست دەردی بێخەوی دەکێشێ".

جەنابی دەبلیۆ گۆڤارەکە فڕێ دەداتە ئەو لاوە و ڕوو لە من دەکات و دەڵێ: "مەبەستم لەم سەفەرە شەکەتیهێنە تەنیا وردبوونەوە و لە شت کۆڵینەوە بوو. دەمویست بزانم ئایا شتێک بە ناوی فرۆفێڵی دیکتاتۆری هەیە یان نا. ڕاستییەکەشی ئەوەیە لەم سەفەرە هیچ شتێکی تازە فێر نەبووم. ئەم خەڵکە جۆرێک لەگەڵمان هەڵدەستن و دادەنیشن وەک بڵێی ئێمە شوانی بەر گاڕان بین. وتووێژەکانیشیان لەگەڵمان وشک و ڕەسمی و بێڕۆحە. ئەو کتێبانەی پێیاندراوین _چاوێکیشم پێدا خشاندوون _ هەموو هەر پەسندکردن و پێدا هەڵگوتنێکی ڕەمەکییە".

دەڵێم: "باشە مەگین نازانن دەشێت هەقیقەت لە زمان دوژمنەوە ببیستین؟ ئەگەر بە شوێن بابەتێکی باش و سەرنجڕاکێش سەبارەت بە سەرمایەدارین، دەبێ بەرهەمی سوسیالیستەکان لەم بارەیەوە بخوێننەوە. باشترین کتێب لە سەر کلێسای کاتۆلیک کاری پرۆتێستانەکانە، و باشترین جۆری لە هەرادانی کەینوبەینی کاری پۆلیسیش ئی ئانارشیستەکانە، و بەپێچەوانە..".

جەنابی دەبلیۆ هەر کە ئەم قسەیەم دەبیستێ، پێشنیارێکی چاوەڕواننەکراوم پێدەکا.

دەڵێ: "ئەگەر بە ڕاستتانە، لەم چەند ڕۆژەی بە دەستووری پزیشک ناچارم لێرە بمێنمەوە، سەبارەت بەو بابەتەی سەرنجی ڕاکێشاوم شتم فێر بکەن".

پرۆفیسۆر پێدەکەنێ و دەڵێ: "دڵنیا بە ئیرەیی پێ ناکەم".

جەنابی دەبلیۆ بە پێداگرییەوە دەڵێ: "ئاشکرایە وانەکانت بێپارە و پاداش نامێنێتەوە".

دەڵێم: "بە داخەوە، چم لە دەست نایەت. ناپەرژێمە سەر ئەمجۆرە کارانە". پاشان دەسبەجێ ئەوەش بە قسەکانم زیاد دەکەم و دەڵێم:"دەتانەوێ کەسێکی ترتان لە جیاتی خۆم پێ بناسێنم؟"

"کێیە؟ سەر بە کام حیزبە؟"

"شاربەدەرکراوێکی ئیتاڵییە. کەمن ئەوانەی بە قەد ئەو خاوەن فیکرێکی سەربەخۆ ، و وەک ئەو چاونەترس و قسەلەڕوو بن. لە ڕەخنەگرتندا دۆست و دوژمن بە یەک چاو چاو لێدەکا".

پرۆفیسۆر دەپرسێ: "کتێبێک متێبێکی نووسیوە؟ ناوی چییە؟"

دەڵێم: "بە هۆیەکی زۆر سادە ناکرێ ناوە ڕاستەقینەکەیتان پێ بڵێم. مۆڵەتی مانەوە لەم وڵاتەی پێ نییە. لە چەند وڵاتێکی بە ناو دیموکرات وەدەریان ناوە و ئیتر خووی بە ژیانی نهێنی گرتووە. وەک

ئێوە جەنابی دەبلیۆ، کە هەڵبەت بە هەندێ هۆی تر , لە بەرگی پیاوێکی نامۆدا سەفەر دەکەن. هەڤاڵەکانی خۆی "تومازۆ"ی (Tommaso) پێدەڵێن. جا چونکی خۆی زۆر بە عورف و داب و دەستوورەوە ماندوو ناکات و قسەلەڕووە هەندێ کەس نازناوی "سەگانی"یان پێداوە. ئەمان وایان مەزەندە دەکرد ئەم نازناوە سووکوچرووکی دەکا، لە حاڵێکدا خۆی زۆر بە کەیفێیەتی، چونکی سەگ باشترین وشەیە کە دەتوانێت پیشاندەری دەربەدەری و هەڵوەداییی ئەو بێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەو بەو راستییەی زانیوە کە نازناوی "سەگانی" زۆر باشتر و وردتر لە واژەی تێکەڵ پێکەڵ و هیچەکە و پووچەکەی "دژە فاشیست"، هەڵوێستی سیاسیی ئەو دەردەبڕێت. هەر وا کە دەزانن ڕێبازی سەگانییەکان دوای مەرگی سوکرات بە دەستی ئانتیستێنی یۆنانی دامەزرا، و هەزری ئەم فەیلەسوفە سەگانییە، چوار سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح، هەر شێوەی هزری ئەو کەسانە دەدا کە ئیمڕۆکە، لە ڕۆژنامەکاندا بە ناو و ناتۆرەی "بێدین"و "بێنیشتمان" دەیانناسێنن. ئەم تاقمە بە شوێنپێهەڵگرتنی دەستوورەکانی سوکرات، لە جیاتی ئاینی ڕەسمیی پەرستنی خواکان، پڕوپاگەندەیان بۆ ڕەفتاری جوان و هزری دروست

[3] کلبی یان Cinico یان سینیک نازناوێکە بە فیلسووفانی ڕێبازێک دەگوترێت کە سەدەی پێنجی پێش زایین دامەزراوە. جیا لەوە سینیک وەک سیفەتی گشتی بۆ کەسێک بە کار دێت کە لە قسەکردندا هیچ چوارچێوە و سنوورێک ناپارێزێت و زۆر شتەکان بێ دەمامک باس دەکات. بە پێی فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، "سەگانی" پڕبەپێستی سینیکە.

دەکرد، و هەموو مرۆڤەکانیان سەر بە یەک نیشتمان دەزانی و کەسیان بە نامۆ و بیانی نەدەبینی. بەڵام شتێک کە دەبێت سەبارەت بەم هەڤاڵەم بیڵێم، و لە وانەیە سەرنجتان زۆر ڕابکێشێ، ئەوەیە گۆیا لەم دواییانە دەستی داوەتە نووسینی کتێبێک، کتێبێک دەربارەی "فرۆفێڵی لەخشتەبردنی جەماوەر".

پرۆفیسۆر دەڵێ: "ئەمە سووکوچرووکترین جۆری سەگانی مەزەبییە و هیچ فرێکی بەسەر دەستوورەکانی سوکراتەوە نییە".

لە وەڵامدا دەڵێم: "هەڵکەوتەکە بە جۆرێکە ئەویش پێی وایە ئەو کتێبەی دەینووسێ بە کاری فریوکاران نایەت، چونکی چتێکی تازەیان فێر ناکات، بەڵکو تەنیا لەخشتەبراو و فریوخواردووەکان دەتوانن هەندێ شتی لێ فێر بن".

جەنابی دەبلیۆ دەڵێ: "لانیکەم سەرمانی پێوە قاڵ دەبێ. پێتان وایە قبووڵی بکا باسوخواسمان لەگەڵدا بکا؟"

دەڵێم: "لەوانەیە. بارودۆخ و هەڵسوکەوتی سەیروسەمەرەی ئێوە لە وانەیە سەرنجی ڕابکێشێ. جیا لەوە باسوخواس و دەمەتەقەی پێخۆشە. هەر بۆیە کتێب و گۆڤاری نەیارەکانی لە بەرهەمی هاوفیکرەکانی پێ باشترە. تەنانەت هەندێ جار دیتوویانە کاتێک کەسی بۆ باس و دەمەقڕە نەدۆزیوەتەوە، لەگەڵ خۆیا قسەی کردووە".

2

سەبارەت بە هونەری نەریتیی سیاسەت و ناتەواوییەکانی لە سەردەمی شارستانییەتی بە کۆمەڵدا

تومازۆی سەگانی: برایان، گشت هۆتێلم سەروسووژن دا و دواجار وەک چۆن پێشبینیم دەکرد، دەبینم لێرە لە "بارِ" دانیشتوون. تکایە لە جێی خۆتان دانیشن؛ خۆناساندنی ناوێت. پێویست ناکات مرۆڤ سەری لە زانستی غەیبی بخورێ تا هەر لە یەکەم نیگادا بزانێ کامەتان پرۆفیسۆر پیکاپی بە ناوبانگن و کێهاتان جەنابی دەبلیۆ.

جەنابی دەبلیۆ: سوپاس بۆ بیر و بۆچوونی باشتان. تکایە دانیشن. گوێ مەدەنە ئەم کڵاوە؛ دەتوانن لەسەری دانیشن؛ ئی پرۆفیسۆرە. چی دەخۆن؟

تومازۆی سەگانی: گلاسێک شەراب.

پرۆفیسۆر پیکاپ: شتێکیش بخۆن. ئێمەش دەزانین برسییەتی یانی چی.

جەنابی دەبلیۆ: جەنابی سەگانی، وەکی بیستوومانە لەم ولاتە دیموکراتەش پۆلیس دەست لە سەرتان هەڵناگرێ. پێموانییە ژیانێکی ئاسوودەتان هەبێت.

تومازۆی سەگانی: قبوولکردنی ئاگادارانەی گیروگرفتەکان هەر ئەو شتەیە کە هەمیشە مرۆڤ لە ئاژەڵی ماڵیی لە جۆری مریشک و بەراز و ڕۆژنامەوانی ڕەسمی و تووتی و هتد جیا دەکاتەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: وێدەچێت ئێوە شاربەدەرکراوێکی سیاسی بن، واتە پیاوێکی شکستخواردوون. ئێوە کە نەتانتوانیوە لە ولاتی خۆتان سەرکەوتنێک وەدەس بێنن، چۆن ڕێگا بە خۆتان دەدەن سەبارەت بە کێشەی سیاسی قسە بکەن؟

تومازۆی سەگانی: ڕاستییان پێنەگوتوون. خەباتی من هیچ کات لە پێناوی دەسەلاتدا نەبووە و بۆ زانیاری بووە. بەڵام لە جوابی ئەو فەرمایشتەی ئێوە، کە دەڵێن شاربەدەر بوون و باسکردن لە زانستی سیاسیی یەکتر ناخوێننەوە، هەر ئەوەندەتان عەرز دەکەم بەشێکی زۆری زانستی سیاسی بە دەستی ئەو کەسانە بەدی هاتووە کە لە ولات و زێدی خۆیان دوور خراونەتەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: پێتان وانییە تێڕوانینتان بۆ مێژوو زۆر ڕەمەکییە؟

تومازۆی سەگانی: هەرگیز. ماکیاڤێلی (کە دیارە دەبێ باسەکەمان لەوەوە دەست پێبکەین) ساڵی 1512و دوای دامەزراندنی دووبارەی

خانەدانی مێدیچی، لە فلۆرانس دوور خرایەوە و یەکسالّ دواتر پیلانی پیترۆ پانۆلۆ برسکولی-یان خستە پالّ و سێ مانگیان لە زیندان کرد؛ دوای هاتنە دەرێی لە زیندان ڕووی کردە سن کاشانۆ و لەوێندەرێ نووسینی کتێبی شەهریار-ی دەستپێکرد، واتە پاش ئەو شکست و سەرشۆڕییانەی کە لە مەیدانی سیاسەتی بە کردەوە دا بۆی هاتە پێش . چەند دە سالّێک دوای ئەو، ژان بودن-ی فەرەنسی، کە هەموومان لە شیکردنەوە و تەواوکردنی دواجاری تیۆریی "حوکمڕانی" لە مێژووی فیکری و سیاسی منەتباری ئەوین، هەر تووشی دۆخێکی وا هات؛ لە خزمەت دوک ئالانسۆن-دا بوو، لەگەلّ بالّی "سیاسییەکان"ی دژی جەنگی مەزهەبی دەستی تێکەلّ کرد؛ بوو بە هۆی دوژمنایەتیی هانری سێهەم لەگەلّ خۆی، و تێکشکاو و خەمبار و ناتوانا لە خەلّوەتی تەنیاییی خۆیدا مایەوە و نامیلکەی کۆماری نووسی.

دوو سەدە دواتر نۆبەی مۆنتسکیۆ-یە، کە هەلّبەت ژیانێکی ئاسوودەتری بوو؛ ئەندامی ئاکادیمی فەرەنسە و سەرۆکی پەرلەمانی بۆردۆ بوو، بەلّام "ڕۆحی یاساکان"ی، کە سەبارەت بە سەربەخۆبوونی سێ دەسەلّاتەکە بوو، ئەو کاتە نووسی کە پەنای بردبووە بەر گۆشەنشینیی لابرێد (Labrede)، و ئەوە لە گەڕانەوەی سەفەری بریتانیا بوو لەوێ زانیبووی واتای ئازادی سیاسی چییە. لە پیاوانی سەردەمی خۆمان، دەکرێ باسی مارکس و لینین و ماتزینی و ترۆتسکی

و مازاریـک بکـەیـن، بـە تایبـەتی یەکـەمینیان، بەو شـوێنکەوتووە زۆڵانەیەوە. مـارکس لـە سـەردەمی ئێمـەدا، لـە ڕێگایـەکی تـرەوە بـە هەستێکی دیکـە، هـەر ئـەو کـارەی کـردووە ماکیـاڤێلی سـاڵی 1500 کـردی، واتـە هـەوڵی داوە کـار و کـردەوەی ڕاسـتەقینەی جڤـاتی سـەرمایەداریی سـەردەمی خـۆی ئاشـکرا بکـات، و پـەردەی فەلسـەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیایایـای و ئومانیتـاریزمی فەرەنسـی لەسـەر لادا. بـەم هۆیەشە نازناوی ماکیاڤێلیی چینی کرێکاریان پێداوە.

جـەنابی دەبلیـۆ: ئێسـتا تێگـەیشـتم دەبـێ چـی بکـەم بـۆ ئـەوەی پرۆفیسۆر پیکاپ ببێتە بیرمەندێکی گەورەی سیاسی. ئەگەر دەسـەڵاتم گرتە دەست، یەکەم شت بیکەم شاربەدەری دەکەم.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بیبوورن، جەنابی سەگانی. ماندوویەتی سـەفەر و تامی چێشتی ئەوروپی شپرزەی کردووە.

جـەنابی دەبلیـۆ: ئـەو شـتەی منـی شـپرزە کـردووە گیروگرفـت و تەنگوچەڵەمەکانی سەفەر نییە، بەڵکـو ئـەم بۆچوونـە کەرانـەیـە کـە مرۆڤ بۆ دۆزینـەوەی زانسـت یـان هونـەری دیکتـاتۆری ڕوو بکاتـە ئـەو وڵاتانـەی دیکتـاتۆری تێیانـدا گەشـەی کـردووە، تـا دوایـی بتوانێـت لـە شوێنێکی تر بەکاری بێنێ.

تومازۆی سەگانی: بە بڕوای من، زۆریش بە هەڵەدا نەچوون.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەم شێوە بەڵگەهێنانەوانە ئەوە دەسەلمێنن هەردووکتان حاشا لە مێژوو دەکەن.

تومازۆی سەگانی: ئەم ڕاستییە قبووڵ بکەن کە دەکرێت بە شێوەی جۆراوجۆر مێژوو شی بکرێتەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەی باشە بۆچی چەند ساتێک لەمەوبەر باسی ماکیاڤێلی-تان کرد؟

تومازۆی سەگانی: پێموانییە هیچ شەهریارێک بە خوێندنەوەی کتێبی ماکیاڤێلی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبێت. سەبارەت بە جیاوازیی نێوان تیۆری و کردەوە جاروبار چیرۆکێکی خۆش دەگێڕنەوە کە بە ڕێکەوت باسی ماکیاڤێلی خۆی دەکا. دەگێڕنەوە دەڵێن ماکیاڤێلی لە میلان میوانی "جوانی دێلێ بانەدەنێرێ" (Giovanni delle BendeNere) فەرماندەی بەناوبانگی لەشکرێکی بە کرێگیراو بووە. ئەم فەرماندەیە داوای لێدەکا چۆنێتیی ئەو دامەزراندنە عەسکەرییەی کە ماکیاڤێلی لەم دواییانە لە نامیلکەیەکدا باسی کردبوو بە کردەوە بنوێنێ. بۆ ئەم مەبەستە لەشکرێکی گەورەی پیادە دێنێتە نێو مەیدان و دەیخاتە بەردەستی ماکیاڤێلی. ماکیاڤێلی دوو سەعاتی تەواو هەوڵ دەدا ئەو سێ هەزار سەربازە پیادەیە، بە پێی ئەو تیۆرییەی بە وردی و بە ڕوونی لە نامیلکەکەیدا باسی کردبوو، ڕێک بخات، بەڵام هەرچی دەکا بۆی جێبەجێ ناکرێ. تینی هەتاو کەللەی مرۆڤی دەسووتاند، لە

کاتی نانی نیوەڕۆ تێپەڕیبوو؛ بەرە بەرە خەڵکەکە وەڕەز دەبوون. دوا جار "جوانی دێلێ باندەنێرێ" دەڵێ: "ئێستا خەیاڵی هەمووتان ئاسوودە دەکەم و دەچین نانەکەمان دەخۆین". ماکیاڤێلی دەباتە سووچێک و بە یارمەتیی تەپڵژەنەکان لە چاو تروکانێکدا پیادەکان بەشێوەی جۆراوجۆر دادەمەزرێنێ و دەبێتە مایەی ستایشت و پێداهەڵگووتنی هەموان.

پرۆفیسۆر پیکاپ: چیرۆکێکی خۆشە. بەڵام با وەبیرتان بێنمەوە ئەم ڕۆحییەتە دژە ڕۆشنبیرییەی ئێوە، ئێوەی ڕۆشنبیرانی ڕادیکاڵی ئەورووپی، بۆی هەیە یەک لە هۆیەکانی خەسیوبوونتان بێت لە بواری سیاسیدا. کاری ئێوەمانان بەردەوام ئەوەیە هەر لقەدرەختێک کە پێیدا وەسەر دەکەون و دەتوانن لەسەری دانیشن ببڕنەوە.

جەنابی دەبلیۆ: من نە ڕۆشنبیرم، نە ڕادیکاڵ، نە ئەورووپی، و نە باوەڕیشم وایە شۆڕشی ئەمریکا شۆڕشێکی گەورە و درەوشاوە بوو؛ ڕاست بەو هۆیە کە بە پێچەوانەی شۆڕشی فەرەنسە، بەر لە ڕوودانی، باسێک لەم هەموو مافناس و ئابووریزان و فەیلەسووف و چەنەدرێژانەی دیکە کە مزگێنی وەدیهاتنی بدەن لە ئارادا نەبوو. لافی ئەوەشی لێ نەدا بیەوێ کۆماری ڕۆمی یان ئاتێنی کەونارا ببوژێنێتەوە، بەڵکو تەنیا شۆڕشی خەڵکانێک بوو کە دانیشتووی وڵاتی ئەمریکا بوون.

پرۆفیسـۆر پیکـاپ: سـاڵی 1776، بێنجـامین فـرانکلین، وەک دیپلۆمات و ڕۆشنبیر نێردرا بۆ ئەوروپا. دەتەوێ بڵێی لەم سەفەرە هیچ شتێکی ئەوتۆ فێر نەبوو؟

جـەنابی دەبلیـۆ: نـازانم. ئـەو شـتانەی تووشـی بێخـەویم دەکـەن پرسیاری لەم چەشنە نین.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام دەتوانێت تۆژەرێک تووشی بێخـەوی بکـات، و وەڵامـی ئـەم جـۆرە پرسـیارانە پـەیوەنـدی بـە تـۆوەش هەیە، لە بەر ئەوەی پیاوی کار و کردەوەی. هۆی سەرەکی و ڕاستەقینەی تیـاچوونی دنیای سیاسەت لە سەردەمی ئێمە ئەوەیە پـڕە لـەو پیـاوە نـەشـارەزا و تازەکارانەی کە زۆریش کەیفیـان بـەخۆیان دێت. هـەر کـەس لـە هـەر پیشەیەکدا تێکدەشکێ ڕوو دەکاتە سیاسـەت و پێـی وایـە لـەم بـوارەدا سەر دەکەوێت. لە هەر باسوخواسێکدا، هـەر ئـەو کەسـانەی نـاوێرن بـە بێشارەزایی لە سەر ماتماتیک و کیمیا قسە بکەن، بە ئاسانی لە بـابەت سیاسەت، کە لەویشدا نەشارەزان، وردە فەرمایشت بەرەڵـلا دەکەن. لـە کاتێکـدا زەمـانی زوو، فێربـوونی هونـەری سیاسـەت ئـەرکێکی گـەلێک ئەستەم بوو و زۆری دەخایاند، و لە نێوان ئەوانەی دەیانوێرا و دەهاتنە نێو دنیای سیاسەتەوە بەشێوەیەکی سروشتی تەنیا هەر چەند کەسێکی هەڵکەوتەی لێ دەردەهات. تاسیت لـە کتێبـی ڕۆژمێـری خۆیـدا، کاتێـک باسی سیاسەتی ئیمپراتـۆر تیبریـو دەکـات، باسـی دەسـتەواژەی "ڕاز و

ڕەمزەکانی دەسەڵات" دەکا. ئایا نابێت بۆ ڕەمزی سەقامگیربوونی هەندێ لە حکومەتە پاشاییەکانی ڕابردوو هەر بە دوای ماناکانی ئەم دەستەواژەیەدا بگەڕێین؟ سیاسەتیش، وەک هەر هونەرێکی تر، هەندێ ڕاز و ڕەمز و شێوە و دۆخی تایبەت بۆ خۆی هەیە کە تەنیا شارەزایان لێی دەزانن. لەو سەردەمەی مرۆڤ هێشتا دەرفەت و دەرەتانی ئەوەی هەبوو بیر بکاتەوە و لە شتەکان تێبفکرێت، و هێشتا ڕۆژنامەکان نەیانخەرەفاندبوون، واتە لە نێوان سەدەکانی شازدە بۆ هەژدە، لە ئەوروپا کۆمەڵێک بەرهەمی جۆراوجۆر لە بارەی "ڕاز و ڕەمزەکانی حکومەت"، واتە شێوە و چەشنەکانی پەیوەندیدار بە کاروباری حکومەتداری و حوکمڕانی، هەبوو کە تایبەت بوو بەو کەسانەی دەبوایە لە بواری هونەری دەسەڵاتداریدا هاوکاری و یارمەتیی شەهرەیارانیان کردبا. بێگومان لەو سەردەمەشدا، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی بوون کە ڕاز و ڕەمزێک تێیاندا نەشاردرابۆوە و خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکیش دەیانتوانی ڕوانەت و ڕووخساری ئەم دیاردەیە ببینن و ستایشتی بکەن، بەڵام سەبارەت بە هەمان "ڕاز و ڕەمزەکانی حکومەت"، دەگوترا ئەم لایەنە ڕووکەشیانە تەنیا وێنەیەکی خوازراوە کە بە دیوی ئەو دیوی شێوە و ڕەوشتە ڕاستەقینەکانی سیاسەت بەڕێوە دەچن.

جەنابی دەبلیۆ: هەر سەردەمێک هەلومەرجی تایبەت بە خۆی هەیە.

تومارێی سەگانی: ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە لە هەر سەردەمێکدا سیاسەت ڕاز و ڕەمزی تایبەت بەو سەردەمەی هەیە، ئەوە تەواو لەگەڵتام. ئەو بەرهەمانەی جەنابی پرۆفیسۆر ئاماژەیان پێدەکات، کە لەواندا هونەری سیاسەت وەکو یەک لە زانستە شاراوەکان دێتە ئەژمارکردن، لە سەردەمانی حکومەتە ڕەهاخوازەکاندا بڕەویان سەند؛ واتە لەو قۆناغەی بە هۆی ململانێ و کێشەی بەردەوامی نێوان هێزی کڵێسا و هێزی غەیری ئایینی، و هەروەتر بە هۆی تیاچوونی زانستگەلی ئیلاهی، پێداگرتن لەسەر ئەوەی حوکمڕانی لە ویستی خواوەندەوە هەڵدەقوڵێ چیتر کەڵکی نەمابوو، و بە کردەوەش هەر نەدەگونجا. حکومەتەکان کە نەیاندەتوانی خۆیان بە هەڵبژاردەی خوا لە قەڵەم بدەن و هەڵبژاردەی خەڵکیش نەبوون، ناچار خۆیان لە پشت دەمامکی کۆمەڵێک ڕاز و ڕەمزدا دەشاردەوە. نووسەرێکی ئەڵمانیای ئاخروئۆخری سەدەی ڕابردوو (سەدەی نۆزدە)، بەناوی گۆستار فریتاگ (Gustar Freytag)، تەنزێکی سەیری لەسەر ئەو بەرهەمانەی پرۆفیسۆر پیکاپ باسی کردن نووسیوە. ئەم نووسەرە یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە، بە ناوی مەنتقی حکومەت، کە ساڵی 1666 نووسراوە و تێیدا مرۆڤ فێری ڕاز و ڕەمزەکانی هونەری فەرمانڕەوایی دەکات، لە قاڵبی تەنزدا سەرلەنوێ دەنووسێتەوە. لەم کتێبەدا ، کوڕێکی گەنج، کە بۆ وەئەستۆگرتنی ئەرکی ڕاوێژکارێتیی

شـەهرەیـار بـە شـایانی دەزانـن، دەبەنـە شـوێنێک کـە تێیـدا "ڕاز و ڕەمزەکانی حکومەت"، کەئەم کوڕە گەنجـە لـە سـۆنگەی ئـەم پلەوپایـە گرنـگ و تـازەیـەی دەشـێت بیانزانێـت و سـەریان لـێ دەربێنـێ، بەچاوەدێرییەکی زۆرەوە ڕادەگیـرێ. ئـەم"ڕاز و ڕەمزانـە"ش بـریتین لـە: یونیفۆرمـەکانی حکـومەت، دەمامکـەکانی حکـومەت، چاویلکـەکانی حکومەت، ئەو تـەپوتۆزەی دەکرێتـە چـاوی خـەڵکـەوە و چـی و چـی و چی... بۆ نموونە، عەبای لێیە هەر کەس بە شانیدا دا دەبێتـە خـاوەن دەسەڵات و ڕێز و حورمەتی حاکمانە؛ هەریەک لـەم عابایانـە نـاوی وەک "بەرژەوەندیی گشتی" و "ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی" و "پاراستنی گـەورەیـی کڵێسا"ی لە سەرە، کە هەرکامیان لـە بـارودۆخی گونجـاو لەگـەڵ نـاوی عەباکە بە شاندا دەدرێ، وەک ئەو کاتەی حوکمڕان دەیەوێ باجی تـازە لە ڕەعیەتەکانی خۆی بستێنێ، یان نەیارەکانی خـۆی شـاربەدەر بکـا و مالّوحاڵیـان لـێ زەوت بکـات، ئـەو نـەیارانـەی هەمیشـە بـە تـاوانی بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی کوفرئامێز شەرمەزار دەکرێن. ئەو عەبایـەی کە لەبەر ئەوەی ڕۆژ نییە بە شانیدا نەدەن تەواو ڕەنگ و نەخشـی کـاڵ بـووەتەوە، ناوی"نییـەت پاکی"یـە و بـۆ پاسـاودانەوەی هـەموکارێک کەڵکی لـێ وەردەگیرێت. ئـەو کەسـەی "چاویلکـەی حکـومەت" دەکاتـە چاوی پێ دەنێتە نێو دنیایەکی خەیاڵییـەوە: ئـەم چاویلکـەیـە مەسـەلە بێبەهاکان گەورە دەکاتەوە و ڕووداوە زۆر گرنگـەکان بچـووک دەنـوێنێ،

و مرۆڤ بەو چاویلکەیە شتگەلێک دەبینێ کە بوونیان نییە، و ئەو شتانەی هەن نایانبینێ. هەر ئەم دەستکەوتانە ئیمڕۆ لە هەندێ ڕێگای سادەترەوە وەدەست دەکەون. ئەفسانەی باوی "حوکمڕانیی خەڵک"[4] کارەکەی ئاسان کردۆتەوە.

پرۆفیسۆر پیکاب: قۆڕترین و بێتامترین لقی ئەدەبی هەر ئەم تەنزنووسییەیە. بێجگە لەوە، پێموانییە نە پاشا و شازنی بریتانیا، نە سەرۆککۆماری ئێمە، و نە لێژنەی باڵای سەرۆکایەتیی سۆڤیەت عادەتیان بێ بە تونکەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوە ڕەسمییەکانی وڵاتەکەیاندا بەشداری بکەن.

تۆمازۆی سەگانی: شتێکی منداڵانەیە مرۆڤ پێی وابێت هەقیقەت و ڕووتی پێکەوە بەرامبەرن.

جەنابی دەبلیۆ: مەگین حەقیقەت چییە؟ قسەی ئێوە ڕاستە، جەنابی سەگانی، ناکرێ بڵێی ئەو تاقمەی لە کەنار دەریا بەرگی مەلەیان لە بەردایە، لە چاو ئەو جەماوەرەی خەریکن هەڵدەپەڕن، لە هەقیقەتەوە نیزیکترن. بەڵام گومانی تێدا نییە ئەم دوو دەستەیە لێکجیاوازن.

تومازۆی سەگانی: شازادە پیلاتـیش پرسیاری لە خۆی دەکرد: هەقیقەت چییە، ئەوە لە کاتێکدا بوو هەقیقەت لە بەرچاوی بوو. بەڵام

[4] حوکمڕانی ڕۆمی کە عیسای مەسیحی لە خاچ دا.

دەزانین ئەو حوکمڕانێکی ڕۆمی بوو، و هەقیقەت فڕی بە سەر یاسای حوکمڕانییەوە نییە، و شتێک نییە لە یونیفۆرم و کڵاودا کورت بێتەوە. ئیمڕۆکە، لە سەردەمی شارستانیەتی بەکۆمەڵدا، شیمانەی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە وڵاتێکی سەرمایەدار و بێلایەن و پێشکەوتوودا، دەسەڵات بکەوێتە دەست — بۆ وێنە - تێکەڵاوێک لە چەند کلوپ (یانە)ی وەرزشی، شیمانەیەکی چاوەڕواننەکراو نییە. لەم دۆخەدا، لە وانەیە وەرزشکارێکی تونکەلەبەر، یان شاژنێکی جوان بە مایۆیەکی دووپارچەوە، ببێتە سەرۆکی وڵات. بەڵام لەم حاڵەتەشدا، مەسەلەی حوکمڕانی ئەوەندە ڕۆشنتر و بێ دەمامکتر لە شوێنەکانی دیکە نابێت. لە وڵاتێکی واشدا، ڕێکخراوی وەرزشی وەک هەر حیزبێکی سیاسیی تر خاوەن پلەوپایەی بەرز و نزمی خۆیەتی، و وەرزشی وەک ئەسپسواری و مستوەشاندن، هەڵبژاردنی شاژنی جوانی-یش ڕاز و ڕەمز و ڕێگا و شێوازی خۆی هەیە. هەڵبەت، لە گۆشەنیگایەکی تەواو کردەوەییەوە، دەبێ لە سەر ئەم شتە پێ دابگرم ئەم ڕاز و ڕەمزانە، لەگەڵ نهێنییەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی کڵێسای کاتۆلیک، یان کۆمەڵەی ئیدارەی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەت جیاوازی دەبێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە بڕوای من زەمانە دەگۆڕێ، بەڵام مرۆڤ نا. ماکیاڤێلی سەبارەت بە نەگۆڕبوونی زاتی مرۆڤ لە سەدە

جۆراوجۆرەکاندا دەڵێت: "دنیا بەردەوام شوێنی ئەو خەڵکانەیە کە هەر ئەو خەون و خەیاڵە هەمیشەییانەیان لە کەللەدا بووە". دەشزانین موسولینی دەڵێ، لە تافی منالّی، باوکی هەموو شەوانی یەکشەممە کتێبی شەهریاری بۆ دەخوێندەوە.

تۆمارۆی سەگانی: باوکی ئەو موسولینییەی ئێمە دەیناسین، مەحاڵ بووە شەوانی یەکشەممە[5] دەرفەت و توانای کتێب خوێندنەوەی هەبووبێت. موسولینیش، وەک چۆن جلوبەرگی سەدەکانی ناوەڕاست دەکاتە بەر و سواری ئەسپ دەبێ، ئەم ئەفسانەیەی، بۆ گەورەکردنەوەی خۆی خستۆتە سەر زاری خەڵک، ئەوە لە کاتێکدایە لە بەختی باشی لە ژیانیدا تەنیا و تەنیا رۆژنامەی خوێندۆتەوە و ئێستاش هەر رۆژنامە دەخوێنێتەوە، بەڵام چونکی ڕۆژنامەوانێکی بەمرخ و زیرەکە، دەتوانێ بە ئەوپەڕی بەخۆداهەڵگوتن، سەبارەت بەو شتانەی باش نایانزانێ و ناینناسێت بدوێت و بنووسێت. ئەو شتەی خاتوو سارفاتی (Signora Sarfati) لە گێڕانەوەی ڕەسمی ژیانی موسولینیدا باسی کردووە، زۆر بە وردی پیشاندەری زانیاریی کەم و بەخۆداهەڵگوتنی هەمیشەیی ئەون. کتێبی "ئاوای گوت زەرتوشت"ی نیچە، بەر لە جەنگ، لە نێو کرێکارانی ئانارشیست و ئاژاوەگێڕی ئیتاڵیدا زۆر خۆشەویست بوو، و چەند جارێک چاپ کرا؛ ئەمە یەکەمین

[5] بە پێی ئامانجی تەنزەکە، واتە سەرقاڵبوون بە سەرجێی هاوسەرەوە، شەوانی یەکشەممە دەکاتە شەوانی جومعەی کۆمەڵگایەکی موسوڵمان.

کتێبی کەم و زۆر فەلسەفی بوو کە موسولینی خوێندییەوە، و پاش خوێندنەوەی بڕیاری دا کتێبێک سەبارەت بە مێژووی جیهانی فەلسەفە بنووسێت. ئەو پێی وابوو لەم بوارەدا بە ئەندازەی پێویست زانیاری وەدەست هێناوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەم ڕاستییەم نەزانیبوو، هەر بۆیە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ قسەی هەق بکات، من ناتوانم ڕای خۆمی لەسەر دەربڕم. بەڵام هیوادارم ئەو شتەی هیتلەر لە کتێبی "خەباتی من"دا سەبارەت بە خۆی باسی کردووە لە بیر نەکردبێت. ئەو گوتوویەتی: "مێژووی جیهانی، وەک سەرچاوەیەکی بەرفراوان و بێسنوور، بەردەوام ئیلهامبەخشی من لە کرداره سیاسییەکانی زەمانی هەنووکەدا بووە".

تومازۆی سەگانی: جا باشە دەزانن مەبەستی هیتلەر لە مێژووی جیهانی چییە؟ بە قسەی ئەوانەی بابەتیان لەسەر ژیانی نووسیوە، کتێبی دڵخوازی هیتلەر لە تافی مێرمنداڵی، دوو ژمارەی لەبەرگگیراوی گۆڤارێکی وێنەدار بووە لە بارەی جەنگی نێوان فەرەنسە و پرۆس لە ساڵانی 1870و 1871دا. دواتریش، یەکێک لە ژێدەرەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی ئەو، بەسەرهاتی تاقمێک فەرماندەی لەشکرە بەکرێگیراوەکان لە کۆمەڵێک گۆڤاری وێنەداردا بووە، و لە خودی کتێبی "خەباتی من"دا گەلێک جار ئاماژەی بەم راستییە کردووە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: سەرەڕای سەرلەبەری ئەم قسانە، موسولینی و هیتلەر توانیویانە لە دوو وڵاتی هەرەشارستانیی دنیادا دەسەڵات بە دەستەوە بگرن. ئەگەر قسەی ئێوە ڕاست بێت، سەرکەوتنی ئەوان بێهۆ دەنوێنێ و پاساو هەڵناگرێت.

تومازۆی سەگانی: ئەو ئەنجام و ئاکامەی لەم قسانە دەکەوێتەوە ئەوەیە، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوە، هۆی سەرکەوتنی ئەم دوو کەسە ناشێت لە سۆنگەی ناسینی زیاتری ئەوان لە بە ناو یاساکانی سیاسەت و مێژووەوە بێت. بێگومان لە نێو نەیارانی ئەواندا کەسانێک بوون کە لەم بوارەدا زۆر زیاتر لەوان شارەزاییان هەبوو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: سەرەڕای ئەمە، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێتم، سەرکەوتنی فاشیزم و نازیزم زۆربەی هەرەزۆری سیاسەتمەدارانی دیموکرات و لیبراڵی تۆقاند.

تومازۆی سەگانی: ئەوە ڕاستە، باشە دەزانن بۆچی؟ لەبەر ئەوەی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوان لە هەمان ساڵی 1914دا ڕاوەستابوو و هەر لە جێی خۆی هەڵدەبەزییەوە. دەرەنجامەکەی ئەوە بوو لە مێشکی ئەواندا، گەورەترین مەترسییەک کە هەڕەشەی لە ئازادییە گشتییەکان دەکرد هێشتا هەر هەمان هێزە پارێزکارەکانی نەریتی بوو. دیسانیش دەڵێم، ئەمە بە واتای ئەوە نییە موسولینی و هیتلەر مێشکێکی کاراتریان بوو، بەڵکو ئەوان مرۆڤێکی تازە بوون،

مرۆڤێکی شەڕانی و غەریزی بوون، و هەستیان دەکرد خۆیان سەرتاپا نوقمی ڕاستییەکانی کۆمەڵن.

پرۆفیسۆر پیکاپ: لە ڕۆما لەگەڵ نووسەرێکی فاشیست ئاشنا بووین نازناوەکەی واتای دژی ناوی ناپلیۆنی هەیە. دەمەتەقەیەکمان پێکەوە کرد؛ دەیگوت، وەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵات مەسەلەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو کێشەیەکە پەیوەندی بە فرتوفێڵەوە هەیە، و بارودۆخی لەبار و گونجاو بۆ وەڕێخستنی کودەتایەک بە پێی پێویست سیاسی یان کۆمەڵایەتی نییە، و پەیوەندی بە هەلومەرجی گشتیی ولاتەوە نییە. بە باوەڕی ئەو، ژیانی ئەم سەردەمە لە باری تەکنیکییەوە بە شێوەیەک لە ناوەندێکی تایبەتدا کۆبۆتەوە کە مەیدانی توانایی و کردەوەی کودەتا تا دواڕادە بەرتەسک و سنووردار دەکات. ئەو نووسەرە ئەم تیۆرییەی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی "تەکنیک و فرتوفێڵی کودەتا"، کە دانەیەکیشی پێشکەش کردین، شی کردۆتەوە. گۆیا دەسەڵاتدارانی ئیتاڵی ئەم کتێبەیان قەدەغە کردووە نەکا نەیارانی ڕژێم کەڵکی لێ وەربگرن.

تومارژی سەگانی: ترۆتسکی خۆی، کە لەم کتێبەدا وەک نموونە باسی کراوە و هەر ئەویش زیاتر لە لینین پێیدا هەڵگوتراوە، ڕەخنەیەکی شارەزایانەی دژی نووسیوە، بەڵام کتێبێک نییە ئەوەندە شایانی سەرنجپێدان و ئاوڕلێدانەوە بێت. وەک مەسەلەیەکی تەواو

پەیوەندیدار بە تەکنیک و فرتوفێڵەوە، یەکێکە لە خواستە ڕۆشنبیرییەکان کە لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە ماوەتەوە. ئەویش وەک خواستی هونەرمەندانی ئەو سەردەمەیە کە لە بەرهەمەکانی خۆیاندا، زیاتر لە کێشەکانی پەیوەندیدار بە جوانیناسییەوە بایەخیان بە تاوتوێکردنی مەسەلە تەکنیکییەکان دەدا. ئێستا تەواو بۆ ئێمە ئاشکرایە ئەو شوێن و کاریگەرییەی تابلۆکانی مامۆستایانی سەردەمی ڕێنیسانس هێشتا لەسەر ئێمەی دادەنێ، پەیوەندیی بە لایەنە تەکنیکییەکانی ئەو تابلۆیانەوە نییە. هەر وا کە ئیمڕۆکانە، کەس ناتوانێت پێمان بسەلمێنێ ئەو کێشانەی قایمقامییەتی فلۆرانس تووشیان بووە تەنیا لایەنی میکانیکی هەبێت. تیۆریی ڕۆمانتیکی کودەتای شۆڕشگێڕانەش کە سەدەی ڕابردوو بلانکی لە فەرەنسە باسی لێکرد، بە ئەندازەی ئەو سەدەیە کۆن بووە. جگە لەمە، ئێستا کەموزۆر لە هەموو جێیەک کاری سیاسەت گەشەی سەندووە و گرووپە بچووکە سیاسییەکان بوونەتە هەندێ حیزبی گەورەی سەر بە کۆمەڵ، و دواجار کایەی سیاسەت شتێکی پێچەڵپێچتری لێ دەرهاتووە. ئیتر هیچ سیاسەتمەدارێک بۆی نییە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەبەر چاو نەگرێت؛ خەیاڵی خاوە مرۆڤ پێی وابێت چەقبەستنی تەکنیکیی ژیانی مۆدێرن ڕێگای ئەوە دەدا رژێمی سیاسی بە داگیرکردنی چەند بینایەکی پێتەخت بگۆڕدرێت. تەنانەت نەزانترین کۆمەڵانی خەڵکیش

ناهێڵن کەس وەک مێگەل بۆ هەر کوێیەک خواستی ڕایان دا. بە پێچەوانەوە، لە ڕژێمی فرە حیزبی و ئەو ڕژێمانەی دەزگای پەیوەندیی گشتی بۆچوونی جۆراوجۆریان هەیە، لە ئارادابوونی هەر ئەو شتەی من ناوی دەنێم شارستانییەتی هەمووانی یان بەکۆمەڵ، وەڕێخستنی کودەتا ئەستەم و پێچەڵپێچ دەکات. ئەم کارە، بەر لەوەی شتێک بێت پەیوەندیی بە تەکنیک و فرتوفێڵەوە هەبێت سیاسییە. خودی کتێبەکەی جەنابی مالا پارتێ سەلمێنەری نادروستبوونی تیۆرییەکەیەتی. هەر ئەو کاتەی ئەم کتێبەی دەنووسی، خەباتی توندوتیژی نازی لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە بەردەوام بوو؛ هەر ئەم خەباتە تیۆریی سەرەکیی کتێبەکەی ڕەتکردەوە، و لەم ڕووەوە ئەو بەم ئەنجام و ئاکامە گەیشت کە هیتلەر هەرگیز دەسەڵات ناگرێتە دەست.

جەنابی دەبلیۆ: جا ئێستا کە هونەری کۆنی سیاسەت لە کەڵک کەوتووە، و سەبارەت بە هونەرە تازەکەیشی کتێبێک نەهاتووەتە بازاڕەوە، بە بڕوای ئێوە، ئەو کەسەی لە دڵەوە پێی خۆشە لە وڵاتی خۆی بە دیکتاتۆری بگا، دەبێ چی بکات؟

تومازۆی سەگانی: هەر ئەو کارەی مرۆڤ لە شارێکی بوومەلەرزەلێدراودا دەیکا: چاوێکی لە سەر نەقشەی شارە و چاوێکیشی لە بەر پێی خۆی. لە هەموو بارودۆخێکی تازە یان هەلومەرجی

گواستنەوەدا، زیاتر لە زانست غەریزە بە کەڵک دێت. بەڵام ئەمە تایبەتمەندییەکە دەشێت لە زاتی مرۆڤدا بێت و بە فێربوون فێری نابێ.

موسولینی ئەم شتەی بەشێوەیەکی ڕوون و لە قاڵبی هاوکێشەیەکی تۆتۆلۆژیی کاملدا دەربڕیوە: "سیاسەتوان، زگماک سیاسەتوان لە دایک دەبێت. هەر لە یەکەم چرکەساتی لەدایکبوونییەوە سیاسەت تێکەڵ بە خوێنی دەبێت، وەک چۆن هەندێک کەس وریا و هەندێ کەس گەمژە لە دایک دەبن. بە هیچ چەشنێک ناکرێ مرۆڤێکی گۆشەنشین ببێت بە کەسێکی سیاسی."

جەنابی دەبلیۆ: بەڵام زۆر مریشک هەن لە سایەسەری دیموکراسییەوە باڵیان لێ ڕسکاوە و دەفڕن.

تومازۆی سەگانی: ناپلیۆن بۆناپارت تا ڕادەیەکی زۆر هیچ ئاگادارییەکی لە مێژووی ئەوروپا نەبوو؛ هەر لەبەر ئەمەش بوو توانی بە ئاسانی ژێرخانی ئەوروپا هەڵوەشێنێتەوە. بە قسەی مترنیخ، ناپلیۆن "تەنیا بە کەڵکوەرگرتن لە غەریزەی خۆی" توانی ببێتە جەنگاوەرێکی مەزن و تەنانەت یاسادانەرێکی هەڵکەوتە. سەبارەت بە سەردەمی خۆمان، پێشنیارتان پێدەکەم لەو وێنە زۆر سەرنجڕاکێشەی سووارین لە ئیستالینی بە دەستەوە دەدا ورد ببنەوە؛ ئەو کاتەیە لە نەبوونی پەیوەندییەکی گونجاو لە نێوان مرخ و ئیرادە و زانایی و "کارزانی" جێگری لینین سەرتان سووڕ دەمێنێ. سووارین سەبارەت بە

ئیستالین دەڵێت: "پیاوێکە بە سەبر و تاقەت و وردبین؛ خەیاڵپڵاو ناکات و سادە و ساکار دەدوێت؛ جیا لەمانە، شەخس و تاکەکەس بە هێندە ناگرێ و دەروەستی هیچ بنەما و لەبەرچاوگرتنێک نییە. بارودۆخێکی جیا لە خۆی، کەسایەتیی ئەویان پێکهێناوە. بۆ ئەو نێوچەوان و بەختە باشەی سیاسیی خۆی منەتباری دوژمنەکانێتی. ئەگەر ئەم غەریزە سیاسی، و مرخە زاتییەی بۆ سەروبن وێکهێنانی شتەکان نەدەبوو، و خاوەن لەسەرەخۆییەکی تێکەڵ بە ماندوونەناسی نەبووبا، نەیدەتوانی خۆی وەک ڕێبەر بە سەر خەڵکدا بسەپێنێ. بە لێزانی و لێوەشاوەییەوە سەرلەبەری ڕێگاچارە نالەبار و نەگونجاوەکان وەلا دەنێت، دووبەرەکایەتی دەخاتە نێوان دوژمنەکانییەوە، و تەگەرە و لەمپەڕ لە سەر ڕێگای خۆی ناهێڵێتەوە. ئەو کاتەی هەلی لێدان و گرتن و تێکشکانی بۆ دەڕەخسێ هیچ شتێک ناتوانێ پێشی پێ بگرێ."

ڕەنگبێ بەم ئەنجام بگەین کە سەرکەوتووترین سیاسەتوانان ئەوانەن لە قۆستنەوەی هەلدا بێ وێنە بوون و هاوتایان نەبووە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئێوە کە پێتان وایە غەریزەی سیاسی مەرجێکی پێویستە بۆ سەرکەوتوویی لە خەباتی سیاسیدا، چۆناوچۆن دامەزرانی کۆمەڵێک زانکۆ لە ڕۆما و بێرلین، کە ئامانجیان پەروەردەکردنی ڕێبەرانی تازەیە، پاساو دەدەنەوە؟

تومـازۆی سـەگانی: ئـەم بنکانـە، سـەرەڕای نـاوە فشـوفۆڵەکانیان، شتێک نین جگە لـە هەندێ فێرگـەی پـەروەردەکردنی کارمەنـد. ئـەرکی ئەم فێرگانە ئەوەیە کۆمەڵێک پیـاوی حکـومیی دەروەسـت و دەسـتەمۆ پـەروەردە بکەن. کاریان ئەوە نییە هیتلەر و موسـولینییە تازەکـان چـێ بکەن، بەڵکو دەشێ نەهێڵن کەسانێکی لەم جۆرە بێنە مەیدانەوە.

جەنابی دەبلیۆ: بۆ ئیمڕۆ ئەوەندەمان بەسـتە. ڕێگـام دەدەن شـتێک بڵێم کە پـەیوەندی بە هەردووکتانەوە هەیە؟ ئێوە لەئەنـدازەبـەدەر قسـە لەم و لەو دێننەوە. ناتوانن چاوپۆشی لەم کارە بکەن؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام ئەو کـات باسـەکەمـان خۆمـانە دەبێـت، لـە کاتێکدا بابەتی باسەکەمان شتێکی گشتییە.

تومـازۆی سـەگانی: جگـە لەمـە، ئەگـەر دەتانـەوێ ببنـە دیکتـاتۆر، دەشێ خوو بەم کارە بگرن. دیکتاتۆری ڕژێمێکە تێیدا خـەڵـک لـە بـری بیرکردنەوە قسە لەم و لەو دێننەوە. هەموویشیان هـەر لـە یـەک کتێـب قسـە دێننـەوە. لـە حاڵێکدا ئێمـە لانیکـەم لـە بەرهەمـگەل و کەسـانی جۆراوجۆر نموونە دێنینەوە.

جـەنابی دەبلیـۆ: بـەڵام وەکـی دەزانـن دیکتـاتۆری لـە چـاوگی "دیکتەکردن"ەوە (ئیملا) دێت، کـە یـەکێک لـە وانـەکانی قوتابخانـەیـە. بەڵام جیاوازییەکی هەیـە و ئـەویش ئـەوەیـە قوتابخانـەی دیکتاتۆرییـەت

تاقە ژوورێکی هەیە و لەودا، هەڵەی نووسینەوە تەمبێکردنی بەپێی یاسای بەدوادا دێت.

3

سەبارەت بە هەندێ هەلومەرج کە لە سەردەمی ئێمە دەستی یارمەتی دەدەنە دەست خواست و ویستەکانی دیکتاتۆری

پرۆفیسۆر پیکاپ: ڕێم پێدەدەن من باسی ئیمڕۆ دەسپێبکەم؟ سوپاس. بەر لە هەر شتێک پێمخۆشە گرنگیی قسەهێنانەوە، کە جەنابی سەگانیش دوێنێ ئاماژەیان پێکرد، نیشان بدەم، و هەر بۆ ئەم مەبەستە سەرنجی ئێوە ڕابکێشم بۆ ئەو شتەی لە بەشی پێنجی کتێبی سیاسەت ی ئەرەستۆدا سەبارەت بە هۆیەکانی تیاچوونی دیموکراسییەکانی یۆنان نووسراوە. ئەرەستۆ دەڵێ، پێداگری و کەللەڕەقیی "ئەوانەی خەڵک لە خشتە دەبەن" دیموکراسییەکان دەخەنە بەردەم مەترسیی ئەوەی دژیان شۆڕش بکرێت، چونکی هەر کام لەو فریوکارانەی بە ئارەزووی خۆیان دزی و فزی و گەندەڵیی دەوڵەمەندان لە هەرا دەدەن و ناچاریان دەکەن یەک بگرن، جاری وایشە ڕق و قینی کۆمەڵانی خەڵک دژی ئەوان دەوروژێنن. ئەزموونی یۆنانی کەونارا خاوەن گرینگایەتییەکی زۆرە، چونکی تەنیا سەردەمی باوی دیکتاتۆری،کە لە باری تووندوتیژی و خەستوخۆڵییەوە لەگەڵ ئەم

سەردەمەی ئێستای دیکتاتۆری شیاوی بەراوردکردن بێ، لە سەدەی حەوت و شەشی پێش زایین لە یۆنان بووە. زۆربەی شارەکانی یۆنان دەستەویەخەی کۆمەڵێک جەنگی خوێناوی و ماڵوێرانکەر بوون، ئەو جەنگانەی تێیاندا حیزبێکی سەر بە دەرەبەگایەتی و حیزبێکی دیموکراتیک لە سەر دەسەڵات بەر دەبوونە گیانی یەکدی. ئەرکی ڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمەڵان لە سەر شانی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە دەرەبەگە کۆنەکان بوو کە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، بەردی بناغەی حکومەتێکی دیکتاتۆری دادەنا، و ئەو بنەماڵە دەرەبەگانەی دەبوونە نەیار و ناحەزی، شاربەدەری دەکردن، ماڵوحاڵیانی زەوت دەکرد و بەسەر لایەنگرانی خۆیدا دابەشی دەکردن. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەندامانی حیزبی دیکتاتۆری داهاتوو لە سەربازانی بەکرێگیراو و خەڵکانی ناڕازیی شەقام و کۆڵان پێکدەهاتن، ئەو سەربازانەی نەک بە شاری خۆیان، بەڵکو بە سەرۆک و بنەماڵەکەی وەفادار بوون، و خەڵکانێک کە ڕقیان لە دەرەبەگە چەوسێنەرەکان بوو. دەرفەتی کەڵکوەرگرتن لە سەربازان بۆ ئامانجگەلی گشتی ئەو کاتە ڕەخسا کە بناغەی هەندی ڕێکخراوەی تازەی سەربازی دامەزرا، ئەو ڕێکخراوانەی بە پێی پێکهاتەیان، هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانتوانی دەست بدەنە چەک و بە کاری بێنن بە سەرباز لە قەڵەم دەدان. بەم جۆرە زۆربەی خەڵک دەبوونە سەرباز و گیانی خۆیان لە ڕێگای نیشتمان دەخستە

مەترسییەوە، بێ ئەوەی لە پەرلەمانی شاردا چکۆلەترین مافیان دەستەبەر بکرێت. ئەو فەرماندەیەی لە نێو سەربازانی تازە خزمەتپێکراودا دەستی دەڕۆیشت بە ئاسانی دەیتوانی بۆ بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات بیانکاتە گۆپاڵی دەستی خۆی. بەم جۆرە بوو کە پیسیسترات، کوڕی ئیپۆکرات، لەو سەروبەندەی مەیدانی سیاسیی ئاتێن (ئەسینا) دابەش ببوو بەسەر دوو باڵی "خاوەن زەویی سەرمایەدار" و "وردە مالیک"، باڵێکی سێهەمی پێکهێنا و دەستەیەک لە ئازاترین لاوانی، کە لە دەورانی سەربازییەوە دەناسی و لە نێویاندا دەستی دەرۆیشت، کۆ کردەوە: لە نێو ئەو کۆمەڵە گەنجەدا پەنجا کەسی کە لە چاو ئەوانی تر چاونەترس و بەهێزتر بوون هەڵبژارد و گورز و گۆپاڵی دایە دەستییان، و هەر بە یارمەتیی ئەم تاقمە بینای ئاکرۆپێل-ی داگیرکرد و بوو بە دیکتاتۆری ئاتێن. با لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێم وشەی "ستەمکار" ئەو سەردەمە لە نێو یۆنانییەکاندا ئەو واتا خراپەی نەبوو کە دواتر پەیدای کرد. پێبەری ستەمکار گەلێ جار دیموکرات بوو.

تومارۆی سەگانی: ئەوە لە سەردەمی خۆیشماندا زۆر هەڵدەکەوێ.

جەنابی دەبلیۆ: کە وایە، با بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی خۆمان. شاعیرێکی فەرەنسی، بە ناوی پۆل ڤالێری، کە بە خاتری ناو و ناوبانگی سەردانێکیمان کرد، دەیگوت فیکری دیکتاتۆری لە

ساتەوەختی ئێستادا تەشەنەی سەندووە، وەک چۆن لە سەدەی رابردوودا فیکری ئازادی هەموو جێیەکی گرتبۆوە. ئەم دیاردەیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئایا دەکرێ بە دیاردەیەکی گشتی و بەردەوام لە قەڵەم بدرێت؟ بۆیە ئەمە دەپرسم چونکی لە ئەمریکا باوەڕی گشتی وایە (و تەنانەت نووسەرێکی بێمرخ ئەم شتەی بە ژمارە و ئامار نیشان داوە) کە لە وڵاتی ئێمەدا مەحاڵە فاشیزم سەرهەڵبدات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە ڕای من، ئەو شتەی ماکیاڤێلی سەبارەت بە مەسەلەی نابەردەوامبوونی ڕژێمەکان باسی لێکردووە، هێشتاش هەر بەڵگەیەکی پتەو و بەهێزە. بە قسەی ئەو، هیچ حاڵەتێک نەگۆڕ نییە، چونکی لە ڕاست و دروستی ئارامی و ئاسوودەیی، و لە ئارامی و ئاسودەیی تەمبەڵی و تەوەزەلی، و لە تەمبەڵی و تەوەزەلی بێنەزمی و ناڕێکوپێکی دروست دەبێت، و نەزم و ڕێکوپێکی ڕاست و دروستیی بە دوادا دێت و ڕاست و دروستیش بە شانازی و بەختەوەری دەگات. وێدەچێ لەم تیۆرییەی ماکیاڤێلیدا بابەتێکی سروشتیی شاراوە خۆی حەشاردا بێت، بەڵام مرۆڤ بە ئاسانی تێدەگا کە سەرلەبەری ئەم دەستەواژانە، واتە ڕاستی و دروستی و ئارامی و ئاسوودەیی و تەمبەڵی و تەوەزەلی و بێنەزمی و ناڕێکوپێکی و تیاچوون و شانازی کۆمەڵێک دەستەواژەی ئەخلاقین.

تومازۆی سەگانی: بۆچی سەردەمانێک لە ئەڵمانیا بیسمارک هاتە مەیدانەوە و هەنووکەش هیتلەر سەری هەڵداوە؟ پێتان وایە سەرهەڵدانی ڕژێمێکی لە جۆری ڕژێمی هیتلەری، چەند ساڵ لەمەو بەر، بۆ وێنە، ساڵی 1910، بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات؟

جەنابی دەبلیۆ. کێشەکە هەر ئەمەیە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: هەق بە ئێوەیە. زەمانیش یاسای تایبەت بە خۆی هەیە. شپینگلێر (Spengler) بە تیۆریی سەرهەڵدان و تیاچوونی شارستانییەتەکان وەڵامی ئێوەی داوەتەوە، تیۆرییەک کە تەواوکەری قسەکانی ماکیاڤێلین. وەک چۆن مرۆڤ پیر و کەنەفت دەبێ، ئیمپراتۆر و کۆمارەکانیش تووشی نوشوستی و تیاچوون دەبن. چار نییە. لە ساتەوەختی هەنووکەدا، ئەمریکا تا چ ڕادەیەک لە نوشوستیی ڕۆژاوادا دەستی هەیە؟ بە ڕای من، هەندێ لایەنی لێکدانەوەی وردی شپنگلێر، زیاتر لە ئەورووپا، ئەمریکا دەگرێتەوە، و هەندێ لایەنی ڕەنگە کەمتر. بە قسەی ئەو، لە خراپترین دۆخی مومکیندا، هەڵبژاردن وەئەستۆی خۆمانە و منیش لەگەڵ ئەم قسەیەدا هەم. ئەو دەڵێ، ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەر لە جێی خۆمان بمێنینەوە و جوولّە نەکەین، تەنانەت گەر هیوا و هۆمێدێکیشمان نەبێت. وەک ئەو سەربازە ڕۆمییەی ئێسک و پرووسکی لەشی لە بەردەرگای یەکێک لە ماڵەکانی شاری پەمپی دۆزراوەتەوە. ئەم سەربازە سەرقاڵی پاسەوانی بووە، و چونکی لە کاتی

ڕشانەوەی کێوی ئاگرپژێن کەس لە بیری ئەوەدا نەبووە لە ئەرکی پاسەوانێتی ڕزگاری بکات، لە جێی خۆی جوولّەی نەکردووە و لە ژێر بەرد و شلەی ئاگرینی کێوەکەدا ماوەتەوە.

جەنابی دەبلیۆ: جەنابی شپنگلێر لە کوێوە دەزانێ ئەم بابایە لەوێندەرێ سەرقاڵی پاسەوانی بووە، و لە ژووانی دڵدارەکەی نەبووە؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: دیارە خەون و خەیاڵی هەر کەس پڕبەپێستی کەسایەتیی ئەو کەسەیە.

تومازۆی سەگانی: خەون و خەیاڵی شپنگلێر خەون و خەیاڵی نووسەرێکی دۆڕاوە. شوێنکەوتووانی ئەو، تەنانەت تا ئەم چەند ساڵەی دواییش، کاریان ئەوە بوو بەردەوام باسی تیاچوون و کۆتایی قەتعی و قسەبڕی ئەوروپا بکەن. (ئەمە باشترین قسەیەک بوو بریتی ئەوانەی پارەیان کۆدەکردەوە، کە گرانی و نرخی بەرز ڕیشەکێشی کردبوون، سارێژ دەکردەوە، چونکی دەیانتوانی لە بەر خۆیانەوە بڵێن: هههههە، ڕاستە کۆکردنەوەی پارە بۆ ئێمە بۆتەوە هیچ، بەڵام ئەوانی دیکەش بەم زووانە سزای خۆیان بە چاوی خۆیان دەبینن.) بەڵام ئێستا کە بزووتنەوەی نازی سەرکەوتووە، هەر ئەوانە ستایشتی گەنجێتیی هەتاهەتایی نەتەوەی ئەڵمانیا و سەوزایی هەمیشەیی دارستانی باکووری دەکەن. هەر ئەوانەی زەمانێک وەک ئەو سەربازەی خەڵکی پەمپی لە چاوەڕوانی ڕشانەوەی بەر دو شلەی ئاگرینی کێوەکە چاوی لە ئاسۆ

بڕیبـــوو، ئێســـتا لـــە جێژنـــەکانی گوندنشـــینیی ئەنجومـــەنی "وزەی شادومانی"دا بیرە و گۆشت دەفرۆشن.

جەنابی دەبلیۆ: منیش پێم وایە تیۆریی لـە دایکبـوون و بـاڵقبوون و پیربـوونی نەتـەوەکان تیۆرییـەکی بێبنجوبنـاوان بێـت. مـەگین ئەگـەری ئەوە لە ئارادا نییە وڵاتێکـی تـازەدامـەزراویش دەسـتەویەخەی گـۆڕان و ناڕێکوپێکی و شێواوی و شپرزەیی بێت؟ بەڵام جەنابی سەگانی، باشـتر وایە خۆ بە تیۆرییەوە خەریک نەکەین و بە دوای یاسـاگەلی مێژوویـی و هۆگەلی بنەڕەتیدا نەگەڕێین و بچینە سەر نموونەی ئاشکرا و بەکردەوە.

تومازۆی سـەگانی: دەیجـا ئەگـەر پێتـان خۆشـە، بـا باسـی هەنـدێ لایەنی هەنووکەیـی قـەیرانـی ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکان بکـەیـن کـە لـە هەموو وڵاتاندا دێتە بەر چاو.

جـەنابی دەبلیـۆ: دەکـرێ داواتـان لێبکـەم وشـەی "قـەیـران" بـەکار نەهێنن؟ ئەم وشەیە چەمکی بێ ژومار دێنێتەوە یـاد، بـە جۆرێـک ئیتـر دەربڕی هیچ چەشنە واتایەکی تایبەت نییە.

تومازۆی سەگانی: ئەگەر ئەوەندە ئازارتان دەدا، باشە هـەوڵ دەدەم چیتر نەیڵێمەوە. یەکەم پرس بمەوێ سەرنجتانی بـۆ رابکێشـم، ویسـتی گشتی و خواستی هەمەلایەنە بۆ بەخشینی ڕەسەنایەتی بـە حکـومەت و بەحکـومەتیکردنی جـار لـە جـار زیـاتری کاروبـاری کۆمـەڵایەتییـە. ئـەو ویسـت و خواسـتەی کـە لـە سـۆنگەیـەوە، دیموکراسـی بـە مەبەسـتی

بەرفراوانکردنی سنووورەکانی خۆی، مالّی خۆی وێران دەکا. بە ڕای مـن، ئەمە چارەنووسێکی حەتمییە کە دیموکراسـی ئەسـتەم دەتوانێـت خـۆی لـە دەسـتی ڕزگـار بکـات. لـە ڕاسـتیدا، دیموکراسـی دەشـێ یارمـەتیی کۆمەڵانی خەڵک و بەرهەمهێنانی کاڵا و بازاڕییەکان بدا، و بۆ ئەم کـارە ناچـارە ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ کۆمـەڵێـک ڕێکخـراوەی کۆمـەڵایـەتیی تـازە بـە ڕێکخراوە قەدیمییە لیبراڵییەکان زیاد بکات. دەستکەوتی ئەم دیـاردەیـە ئەو ڕاستییەی لـێ دەکەوێتەوە کە دەسەڵاتی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لـە هـەموو شـوێنێک پـەرە دەسـتێنێ و دەگاتـە دۆخ و ڕادەیـەک دیموکراسـیی سیاسـی بـە هـیچ کلۆجێـک ناتوانێـت چـاوەدێریی بکـات و دەستی بەسەردا بگرێـت. هـەر بۆیـە، ئـەو شـتەی بـە نـاو "حـوکمڕانیی خەڵک" باسـی لێـدەکرێ، هـەرچی زیـاتر قاڵـب و قـەوارەیـەکی خـوازراو وەخۆ دەگـرێ. بودجـەی وڵات هێنـد زۆر و زەوەنـد دەبێـت تەنانـەت بە کارئاسـانیش سـەرەندەری لـێ دەرناکـەن. حاکمییـەتی ڕاسـتەقینە دەکەوێتـە دەسـت بوروکراسـی کـە لـە بنـەڕەتـەوە نابـەرپرس و خـاوەن ناسـنامەیەکی ون و نادیـارە، لـە حاڵێکـدا پەرلەمـان و دەسـەڵاتـی یاسادانەر دەبێتە مەکۆی کۆمەڵێک کەسی چەنـەدرێـژ و زۆربلّـێ کـە لـە سـەر هەنـدێ مەسـەلەی بێبـەها مشـتومڕیانە، هـەر کـە پەرلەمـان و دەسـەڵاتـی یاسـادانەر تووشـی نوشوسـتی هـاتن، دیـارە ئاسـتی بەرپرسـایەتی و دەروەسـتبوونی ئـەخلاقیی نوێنـەرانیش دادەبـەزێ.

نوێنەرانی پەرلەمان تەنیا تەنگەتاوی هەڵبژاردنەوەی سەرلەنوێی خۆیانن، دەچنە ژێر باڵی کۆمەڵێک گروپی گوشارهێنەرەوە کە لە دەستیان دێت ڕێگای دەستەبەرکردنی ئەم هەڵبژاردنە سەرلەنوێیە خۆش بکەن، و بۆ ئەم کارەش دەستەوداوێنی یارمەتی و پشتیوانیی دامودەزگا ئیداریەکان دەبن. خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی، کە بە زاراوەی خۆی دەسەڵاتی نێونجی پێ دەڵێن، و کۆمەڵێکی هەمە چەشنی دیکەی بۆنەگەلی کۆمەڵایەتی و نەریتی و سروشتی تێدا دەچن، خۆ ئەگەریش بەردەوام بن و تێدا نەچن، ئەوە لە ناوەڕۆک و واتای خۆیان بەتاڵ دەبن. هەموومان دەزانین دەسەڵات و زاڵبوونی بەڕێوەبەرایەتیی چەقبەستوو مەرجی پێویستی هەر چەشنە ڕژێمێکی تۆتالیتاریستییە؛ تەنانەت بۆمان هەیە بڵێین خودی تۆتالیتاریسمە. هەر لەم بارەیەوە (بێ ئەوەی بمانەوێ جۆرە پەیوەندییەکی هۆ و هۆکارانە لەگەڵ ئەو شتەی گوتمان پێک بێنین) کێشەیەکی تازە دێتە گۆڕێ و ئەویش هەڵوەشانەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری باوەڕگەلی نەریتییە. دەسەڵاتی ئەو کەڵەئۆستوورانەی بیر و باوەڕی پێشینان و باووباپیرانی ئێمەمانانیان لەسەر دامەزرابوو کەم دەبێتەوە، یان لانیکەم ئەم ئۆستوورانە چیتر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەستیان ناڕوات. هەڵبەت، پەرستگە و ئایین و سرووت و ڕووخسارە پیرۆزەکان دەمێننەوە، بەڵام ئیتر کڵپە و بڵێسەی ئەو شەوق و تامەزرۆیی و هۆگرییەی جاران لە

کوێیە؟ کێ پێی وایە باوەڕ بە کڵێسا بتوانێ پەیوەندیی نێوان نەتەوەکان باشتر بکات، و ئەخلاقی مەسیحی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شایانی پەیڕەویلێکردن بێت؟ ئینترناسیۆنالیزمی بزووتنەوەی کرێکاریش، با ئەوەی زۆر تازەبابەتترە، چارەنووسێکی گەشتر لەوی دەستەبەر نەکردووە: لای کەسانی میانڕەو بۆتە چەند شێوەیەکی جۆراوجۆری سۆسیالیزمی نیشتمانی، و لای تووندڕەوەکان شکڵی کۆیلێتیی ئەمپریالیزمی یەکێتیی سۆڤیەت وەخۆ دەگرێ. کەموزۆر لە هەموو شوێنێک، سۆسیالیزمیش وەک رێگای هێڵی ئاسن و پۆست و تەلەگراف بۆتە شتێکی حکومی. پێموابێت تەنانەت لە میوانییە ڕەسمییەکانیشدا بە خۆشیی "پێشکەوتی حەتمی و بەرەبەرەی مرۆڤایەتی"و "بەکارهێنانی مرۆڤدۆستانەی زانست" پێک هەڵدەن؛ بە خاتری ئەوەی ئیتر کەس گوو بە کڵاوی ئەم قسانە ناپێوێ. ئەوەی توانایی تێفکرینی هەبێت هەنووکە دڵنیایە پرسی هەڵبژاردن لە نێوان نوشوستیهێنان و تیاچوونیشدا لە ئارادایە. لە ساتەوەختی ئێستادا، ئەم حاڵەتە حاڵەتی دەروونی و ڕۆحیی هەڵکەوتەی نوخبەکانی کەموزۆر گشت ولاتانی پێشکەوتووە. هەر بۆیە، ئەم نوخبانە هیچ شتێکی ئەوتۆ کە بشێ دژی ڕابوەستن و خەباتی بۆ بکەن نادۆزنەوە، ئەگەر چی ئەم خەباتە بۆ تاقمێکی کەم لەو خەڵکە بێت کە دەستیان بە شێوە بەرز و باڵاکانی کولتوور و شارستانییەتی گشتگیری جڤاتی

ڕادەگـا. ئـەم کلتـوورە هـەمووانی و سـەر بـە کۆمـەڵـە لـە رێگـای بەرفراوانبوونی بێ سنووری دەزگاکانی بە ناو پەیوەندی گشـتییەوە خـۆ دەنوێنن، و هـەر بۆیـە دەسـکەوتەکەی دابەزانـدنی فیکـری سـەرلەبـەری جەماوەر تـا ئاسـتی تاکـە یـەک فیکـر، و بـەرد خسـتنە سـەر رێگـا بـۆ تێفکرینێکی سەربەخۆیە.

جەنابی دەبلیۆ: دەزانم دەڵـێن چـی. سـەرلەبەری ئـەم بارودۆخانـەی باسیان دەکەن کەموزۆر لە وڵاتی ئێمەدا هـەن. سـەرەڕای ئەمـە هێشـتا نەبووینەتە خاوەن حکومەتی دیکتاتۆری.

تومـازۆی سـەگانی: وەک چـۆن بـە بـوونی تۆزێـک کۆلسـترۆل لـە خوێنـــدا، شـــیمانەی وەســـتان و لەکارکـــەوتنی دڵ شـــیمانەیـــەکی چاوەڕوانکراوە، بەڵام حەتمی نییە؛ بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخانەی باسـمان کـردن ببنـە هـۆی هـەڵوەشـانەوەی سیسـتەمی سیاسـی هەلومـەرجێک پێویسـتە کـە نائـەمنی و شـپرزەییـی گشـتی شـێوەی سەرلێشـێواوی و سەرگەردانی وەخۆ بگرێ و تەنانەت زۆربەی نـەیـارانی دیکتـاتۆریش ئەو هەلومەرجە بە ئاوات بخوازن.

جەنابی دەبلیۆ: باس لەم بارەیەوە هەڵدەگرین بۆ ڕۆژێکی دیکە.

4

پیلانی کودەتایەک دوابەدوای شۆڕشێکی سەرنەکەوتوو

جەنابی دەبلیۆ: نازانم بۆچی فاشیزم بۆ یەکەمجار لە وڵاتێکی وەک ئیتاڵیادا سەری هەڵدا کە شارستانییەتی بەکۆمەڵ، بەو جۆرەی لە باسی پێشووتاندا شیتان کردەوە، لەودا بە ئەندازەی ئەمریکا گەشەی نەسەندووە؟

تومازۆی سەگانی: هەر ئەم پرسیارە سەبارەت بە زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی یەکێتی سۆڤیەتیش هاتۆتە گۆڕێ. بە ڕای من، ئەو وەڵامەی تڕۆتسکی داویەتەوە بۆ گشت حاڵەتە وێکچووەکان پڕبەپێستە. بەو جۆرەی تڕۆتسکی نووسیویەتی، ئەو زنجیرەی توانا و تاقەت و پتەوبوونەکەی تاقی دەکرێتەوە هەمیشە لە سەری ئەو ئاڵقەیەوە دەپچڕێ کە لە ئاڵقەکانی دیکە ناسکتر و لاوازترە. بارودۆخی ئێمە لە دواییین ڕۆژانی جەنگی یەکەمی جیهانی بێننەوە بیر: جەنگ پەیوەندییە کۆنەکانی نێوان وڵاتان و چینە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی تێکدا بوو. ئەو وڵاتانەی کە پاشەکەوتێکی ئەوتۆیان نەبوو، وڵاتانی شکست خواردوو، وڵاتانێکی وەک ئیتاڵیا کە ژێرخانێکی سست و

لەرزۆکیان بوو، ئەو ولاتانەی لە سایەسەری پەیمانی ئاشتییەوە پێکهاتبوون، هەر هەموویان تووشی ژیانێکی زۆر شێواو و شپرزە بوونە. ئەو شتانەی دوای ئەم دۆخە ڕوویان دا دیارە هەر دەبوایە ڕوویان دابووایە. چونکی هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی هەر قەیرانێک دەکرێ ڕێگاچارەی جۆراوجۆر بدۆزیتەوە، و دەشزانین، لەم چەشنە بارودۆخانەدا، تاقەڕێگای خەیاڵی و نەگونجاو و نەشیاو پاراستنی "ئەو دۆخەیە کە هەیە". بەڵام زۆربەی دیموکرات و لیبراڵەکان تووشی ئەم وەهمگەراییە بوون، چونکی بێنەزمی و ناڕێکیوپێکیی کۆمەڵگایان تەنیا بە حاڵەتێکی ڕۆحی، و وەک دەڵێن دەرکەوتی دەروونیی شەڕ دەزانی، و هیوادار بوون تەمی ئەم حاڵەتە بەرەبەرە بڕەوێتەوە، و هەر ئەو بارودۆخەی ژیانی ساڵی 1914 سەرلەنوێ سەقامگیر ببێتەوە. بەڵام کۆمەڵگا ئیتر ئەو کۆمەڵگایەی جاری جاران نەبوو.

جەنابی دەبلیۆ: یەکێک لە هەلومەرجەکانی وەڕێخستنی کودەتا، پێداویستیی ڕزگارکردنی کۆمەڵگایە لە مەترسی و هەڕەشەی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی، کە ئێوە باستان نەکرد. ئەرێ ئەمەتان بە ئەنقەست بوو؟ هەر وا کە دەتوانن مەزەندەی بکەن، ئەم مەسەلەیە بۆ من زۆر گرنگە. وەی بە حاڵی من ئەگەر چاوەڕێی ئەوە بم مەترسییەکی وا لە ئەمریکا بێتە گۆڕێ.

تومازۆی سەگانی: دڵنیاتان دەکەم ئەو مەرجەی باسی دەکەن بە هیچ کلۆجێک بۆ سەرکەوتنی کودەتایەک پێویست نییە.

جەنابی دەبلیۆ: بەڵام موسولینی و هیتلەر هەردوو لافی ئەوە لێدەدەن وڵاتی خۆیان لە مەترسیی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی نزیکەوڕوودان ڕزگار کردووە.

تومازۆی سەگانی: کەس پێشتان پێناگرێ ئێوەش پاش ئەوەی سەرکەوتن ئەفسانەیەکی لەم جۆرە ساز بکەن و بیخەنە سەر زاری خەڵک. شکی تێدا نییە قەیرانی سیاسی ئاخر و ئۆخری ساڵی 1922 لە ئیتاڵیا، و بەهاری 1933 لە ئەڵمانیا هێشتا دەکرا لە چەند ڕێگایەکەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئیتر ناکرێ بڵێین بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە یەکێک لەم چەند ڕێگای چارەسەرکردنەی ئەو قەیرانانە بێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: جەنابی سەگانی، بە ڕای من ئێوە بە ئارەزووی خۆتان پاش و پێش بە مەسەلەکان دەکەن. ئێوە چۆن دەتوانن حاشا لەوە بکەن کە لەم دوو وڵاتەدا، کرێکاران زیاتر لە هەموو کەسێک ئامادەی خەبات بوون و چەکیان دانەنابوو؟ مارکسیستەکان خۆیشیان نکوولّیان لەم ڕاستییە نەدەکرد، ئەگەر "مانیفێست"ی کۆنی 1848- یش وەلا بنێین، لە ساڵانی پێش و پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، بە شێوەی جۆراوجۆر، هەڕەشە و گوڕەشە و خەباتخوازیی خۆیان دووپات

کردبۆوە. بە باوەڕی ئەوان، مرۆڤایەتی لەو ساتەوەختەدا بە دەست ئاشتی و ئاسوودەیی "ئازاری دەبینێ"، و ژۆرژ سۆرێل (George Sorel) لە کتێبی چەند سەرنجێک سەبارەت بە تووندوتیژی لە خۆی دەپرسی، چۆن چۆنی دەکرێت کڵپەی شەوق و شەنگیی ڕووەو کۆژانەوەی بورژوازی ببوژێندرێتەوە. لە ڕاستیدا، ئامانجی تووندوتیژیی کرێکاری ئەوە بوو کە بورژواکان لە شوێنکەوت و مەوقعییەتی چینایەتیی خۆیان ئاگادار بکاتەوە. خواستی سۆرێل ئەوە بوو سەرمایەداران بە زەروورەت و پێداویستیی چاککردنەوەی کۆمەڵایەتی پەی ببەن و بە مەسەلەی وەک دەستەبەرکردنی بیمەی دەرمانی و پەککەوتەیی، و دامەزراندنی ئەنجومەنی وەرزشی و دابینکردنی ماڵ و خانووی باش بۆ کارمەندان ڕووی خۆش نیشان بدەن. هەوڵی بۆرژوازی بۆ کەمکردنەوەی هێز و توانای خۆی دڵی سورێل دێنێتە ئێش. خۆشبەختانە، تووندوتیژیی کرێکاری دەیتوانی وا لە سەرمایەداران بکات ئەرکی خۆیان وەک بەرهەمهێنەر، سەرلەنوێ بێنێتەوە گۆڕێ. بە باوەڕی سورێل، کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەو کاتە بە قۆناغی "ئەوپەڕی گەشەی مێژوویی" خۆی دەگەیشت کە سیستەمی سەرمایەداری و چینی کرێکار بە ڕۆحییەتێکی شەڕانخوازییەوە ئاوقای یەک ببن و ئاشتی لە نێوانیاندا مەحاڵ بێت. ئەم خەباتە، کە لە دەیان ساڵ لەمەوبەرەوە مزگێنییەکەی درابوو، دواجار وەدی هات و سەری گرت. بە گوتەی

سورێل، کۆمەڵگا لە هەندێ ڕێگای جۆراوجۆرەوە بە ئەوپەڕی گەشەی مێژوویی خۆی گەیشت. مارکسیستەکان زۆر لە کتوپڕ، و بە هۆی گەلێ بارودۆخی چاوەڕواننەکراوەوە، لە ڕووسیا سەرکەوتن، لە باڵکان و باڵتیک و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و ئەمریکای باشوور شکستیان هێنا و وەلا نران. لە وڵاتانی دیکە خەبات تازە دەستی پێکردووە و ناکرێ بڵێین مارکسیستەکان بێکار دانیشتوون و دەست لە گونان درێژتر هەر خەریکی تماشاکردنن. جا ئێستا مەسەلەکە ئەوەیە بۆچی مارکسیستەکان، کاتێک لەو خەباتەی کە خۆیان دایانمەزراندووە شکست دێنن، لە تووندوتیژیی لایەنەکەی دیکە ئاهونالّەیانە.

تومازۆی سەگانی: جەنابی پرۆفیسۆر، بە هەڵەدا چوون ئەگەر سورێل بە نوێنەری بزووتنەوەی کرێکاری بزانن. سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە خودی فەرەنسە لە ئیتاڵیا دەستی دەڕۆیشت، کە چی لایەنگرانی ئەو تەنیا گروپێکی بچووکی ڕووناکبیر بوون، و ئەمانە ساڵی 1914 سەر بەو گروپانە بوون کە لە پێناو تێوەگلانی ئیتاڵیا لە شەڕ پڕوپاگەندەیان دەکرد و ساڵی 1919 یەکێک بوون لە بناغەدانەرانی یەکەمین دەستەکانی سەر بە فاشیست. بەڵام لە بۆچوونەکانی سورێل سەبارەت بە تووندوتیژی تێناگەین مەگین ئەوەی سەرنج بدەینە تیۆرییە سەرەکییەکەی؛ ئەم تیۆرییەش دەڵێ، ناتوانین دژایەتییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا لە پشت کۆمەڵێک دەمامکی ڕیاکارانەوە

بشـارینەوە، بـە هـۆی ئـەوەی لـە ڕێگـای ئـەم کـارەوە نـاوەڕۆکـی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی وەپشت گوێ دەخرێ و ئاستی ئـەخلاقی و فیکری دادەبـەزێت و ڕێـژەی بەرهـەمهێنان کـەم دەبێتـەوە. هـەر لـەم سـۆنگەیـەوە سـۆرێل زۆر زۆر دژی سۆسـیالیزمی پەرلەمـانی و هاوکایکردنی ریفۆرمخـوازان بـوو، و باسـی خـەباتی نێـونجیی چینایـەتی دەهێنایـە ئـاراوە، واتـە ململانێیـەکی ڕاستەوخۆ لـە نێـوان کرێکـاران و سەرمایەداران. بەڵام بە سەرنجدان بە یەک خاڵ دەتوانین نیشان بدەیـن تونـدوتیژیی فاشیسـتی هـیچ چەشـنە وێکچـوونێکی لەگـەڵ ئـەو توندوتیژییـەی نییـە سـۆرێل باسـی دەکـات: ئـەو ڕۆڵەی تونـدوتیژیی فاشیسـتی دەیگێـڕێ ئەمـەیـە کـە تـەوەرەی خـەباتی سیاسـی لـە جیاوازیگەلی ڕاستەقینە و مێژوویی حیزب و چینەکان لاڕێ بکات، و لـە بری ئەو یەکێتییەکی دەستکرد و ساختەچییانەی نیـژادی و نەتەوایـەتی دابنێت. هەر بۆیە، تونـدوتیژیی فاشیستی بە هەندێ کەرەسـەی دیکـە و کۆمەڵێـک دەرەنجـامی تـر، هـەر ئـەو دەورەی گێـڕا کـە بـەر لـە جەنـگ ڕیفـۆرمیزمی کۆمـەڵایـەتی وە ئەسـتۆی گرتبـوو، واتـە هـەر ئـەو بزووتنەوەیەی سۆرێل بە سەلەفی و غەیرە ئەخلاقیی دەزانـی. بـەڵام لـە وەڵامی پرسـیاری یەکەمـدا، دەبێـت دیسـان بـە پێداگرییـەوە بڵـێم ئـەم تیۆرییە، کە دەڵێ لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، فاشیزم سۆسـیالیزمی شکسـت

داوە، تیۆرییەکی هەڵەیە. بە پێچەوانە، ڕاستییەکەی ئەوەیە بڵێین سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم لە سۆنگەی شکستی سۆسیالیزمەوە بوو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەی کە وایە، لەم دوو وڵاتەدا، کێ سۆسیالیزمی بە چۆک داهێنا؟

تومازۆی سەگانی: سۆسیالیزم بە دەستی خۆی، پشتی خۆی شکاند. لە سەروبەندی بێنەزمی و ناڕێکوپێکیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەرهەمهاتوو لە جەنگ، چ لە ئەڵمانیا و چ لە ئیتاڵیا، هەر لە یەکەمین مانگەکانی پاش تەواوبوونی شەڕوکێشە، کۆمەڵانی خەڵک سۆسیالیزمیان بە تاکەهێزێک دەزانی کە لە دەستی دەهات خواستی ئەوان وەدی بێنێ و نەزم و تەکووزی و ڕێکوپێکییەکی تازە بە کۆمەڵگا ببەخشێ. بەڵام بزووتنەوەی سۆسیالیزم لەم دوو وڵاتەدا بەسەر دوو جۆر خواستی فیکریی گشتیدا دابەش ببوو. خواستی یەکەم، گەڕیانێکی شۆڕشگێڕانە بوو کە، لانیکەم لە قسەدا، چاوی لە زەوتکردنی سامان و سەرمایەی چینی دەوڵەمەند و دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بوو. خواستەکەی دیکە، بزاڤێکی ڕیفۆرمخواز بوو کە باشتربوونی بەکاوەخۆ و ئاشتیخوازانەی بارودۆخی ژیانی چینی هەژاری دەویست. هەر بۆیە، نە ڕیفۆرمخوازان بە دوای چاککردنەوەی کاروباری کۆمەڵگادا کەوتن، نە شۆڕشگێڕان ئاگری شۆڕشیان هەڵایساند. لە ئەڵمانیا، سۆسیال دیموکراتەکان لە پەناوە دەستی یارمەتییان بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی

ئیسپارتاکیستەکان درێژ کردەوە، و تەنانەت لە بواری سەقامگیرکردنی ئازادییە دیموکراتییەکانی وڵات دەستیان نەدایە کارێکی جیدیی ئەوتۆ، چ بگا بەوەی لە جیاتی ئابووریی تێکشکاوی سەرمایەداری، ئابووریی سوسیالیستی سەقامگیر بکەن. لە جیاتی ئەوە، وەک چۆن بە شێوەی سیمبۆلیک باسیان کردووە، "ئیمپراتۆر ڕۆیشت و ژەنەرالەکان مانەوە". لە لایەکی تر، بارودۆخی شۆڕشگێڕانە هەرگیز ماوەیەکی دوورودرێژ ناخایەنێ و ئەگەر حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەسبەجێ ئەم هەلە نەقۆزێتەوە، کۆمەڵانی ناهۆمێدی خەڵک پشتی تێدەکەن و هەوساری دەسەڵات دەدەنە دەست حیزبی نەیاری ئەو حیزبە شۆڕشگێڕە، یان لانیکەم بە نابەدڵی و بە ڕۆحێکی بێهەڵوێست قبوولی دەکەن. لە ئیتاڵیا، ئەم گۆڕانی بارودۆخە کاتێک بەسەردا هات کارخانەکان داگیرکران و لەگەڵ چۆڵبوونیان کەفوکوڵی هەستی کرێکاران دامرکایەوە، و (بە یەکجاری) هیوابڕاو بوون و بەو ڕاستییەیان زانی ئەو حیزبەی پشتیان پێ بەستبوو تەنیا هەر قسان دەکا و ئیتر هیچ. سۆسیالیزمی ئەڵمانیا , تا ئاخر و ئۆخرەکانی ساڵی 1923 هێشتا توانایی و تاقەتی ئەوەی هەبوو دەوری خۆی لە بووژانەوەی سیستەمی کۆمەڵگادا بگێڕێت. بەڵام ئەم بزووتنەوەیەش دواجار بێ ئەوەی خەبات بکات تەسلیم بوو. هەر بۆیە، چینی کرێکاری ئیتاڵیا و ئەڵمانیا ئەو کاتە ناچار دەبوو پێملی یەکەمین هێرشە توندوتیژەکانی فاشیزم بێ کە

ڕێکخراوەکانی خۆی بە ناڕێکوپێکی خەریکی پاشەکشێ بوون و سەنگەرەکانی پێشەوەی خۆیان چۆڵ دەکرد، واتە هەر ئەو سەنگەرانەی لە یەکەمین مانگەکانی پاش تەواوبوونی دژایەتی و ناتەبایی، نەک بڵێی بە زۆر، بەڵکو زیاتر بە هۆی دەستەپاچەبوونی دوژمنەوە، بە پەلە داگیرکردبوو.

دواکەوتووترین دەستەکانی سەرمایەداری دەستاوبەجێ ئەم هەلەیان قۆزتەوە، بۆ ئەوەی قورسایی بەشێکی زۆری شپرزەیی و شێواویی ئابووری و داراییی کۆمەڵگا بخەنە سەر شانی خەڵک، و لە ڕێگای کەمکردنەوەی کرێ و هەقدەستەکان لە بەرامبەر پیشەسازیی بیانی سنگ دەرپەڕێنن. هەر لەو سەروبەندەی تەمی مەترسیی شۆڕش بە هۆی شپرزەیی و شێواوی ناوەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیزم ڕەویبۆوە و هێشتا کەس فاشیزمی بە هێزێکی سیاسی لە قەڵەم نەدەدا، سەرمایەداری پشتی هیتلەر و موسولینی گرت، بۆ ئەوەی پاشەکشێی ڕێکخراوەی کرێکاری تووشی شکستێکی تەواو بکات و ڕیفۆرم و چاکسازیی کۆمەڵایەتی کە لە ڕادەبەدەر خەرجی هەڵدەگرت لە یەکەم هەناسەدا خەفە بکات. ئەم لایەنەی بەربەرەکانیکردن، لە ئیتاڵیا زیاتر دەبینرا، لەبەر ئەوەی خێراتر تەشەنەی دەسەند و لە ژێر چاوەدێریی ئەو ڕێبەرە فاشیستەدا بوو کە ڕوانینێکی سیاسیی ڕووەهەڵراوتری هەبوو. گومانی تێدا نییە سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی فاشیزم،

دوابەدوای قۆناغی سەرەتاییی نیشتمانپەرستانەی، زیاتر هەڵوێستێک بوو لە بەرامبەر ڕیفۆرمخوازیی کۆمەڵایەتی تا سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیزم. جووتیاری دەوڵەمەند و نیمچەبازاڕی و پیشەکاری ساڵی 1921 تێکەڵ بە دەستە فاشیستییەکانی موسولینی بوون بۆ ئەوەی دژی ئەو ڕێکخراوە ڕیفۆرمخوازانەی سەرئێشەیان ساز دەکرد، خەبات بکەن، ئەو ڕێکخراوانەی کە بە تایبەت سوود و قازانجی دامەزراوەگەلی بچووکی پیشەسازی و بازرگانییان تەواو کەم کردبۆوە. هەر بەم هۆیە بوو هەڵوێستی فاشیستەکان لە ناوچەکانی دۆڵی "پو" لە باکووری ئیتاڵیا، لە چاو شوێنەکانی تر، تووندوتیژتر بوو. چونکی ڕیفۆرمخوازەکان لەم ناوچانەدا، بە درێژایی چل ساڵ کار و ئیشی ئاشتیخوازانە، توانیبوویان تۆڕێکی بەربڵاو لە لێژنەی دووکانداران و دایرەی هاوکاری و ڕێکخراوەی یارمەتیپێدان پێکبێنن، و بەشێکی زۆری چالاکی و کاروباری ئابووریی ناوچەکە بە دەستەوە بگرن، و لە هەندێ شوێن بە واتای ڕاستی وشە دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان داسەپێنن. مرۆڤ دەیزانی تووندوتیژیی فاشیستەکان لە بەر چییە. شۆڕشگێڕێتیی بە قسە، لەگەڵ ڕێپێوان و خۆپیشاندانی پڕ لە زەنازەنا و بێ ئاکام، تەنیا چرای دارتێلی شەقام و جاروبار دەست و قاچوقولی پۆلیسەکانی دەخستە مەترسییەوە، بەڵام ڕیفۆرمخوازی، کە ئیمکاناتێکی سیاسیی ئەوتۆی بە دەستەوە نەبوو، و داوای کاری بەکاوەخۆ و ڕێکوپێک و بە

پێی یاسای دەکرد، هەڕەشەی لە شتێکی گەلێک پیرۆزتر دەکرد، و ئەو شتە سوودی سەرمایە شەخسییەکان بوو؛ بەڵێ، سوودی سەرمایەیەکی کەمی تاکەکەسی، نە ئەو بانکە گەورانەی خودی ڕیفۆرمخوازەکانیش قەرزیان لێ وەردەگرتن. بورژوازی دەیزانی یاسای ولّات لە بەرامبەر شۆڕشگێڕێتیی بە قسە پشتیوانی لێ دەکات، بەڵام بۆ پاراستنی خۆی لە ڕیفۆرمیزمی ئاشتیخوازی پەیڕەوی یاسا پێویستی بە گروپەکانی ڕەشەکوژیی فاشیزم بوو تا ئەو یاسایەی لە بەرامبەریدا بێدەسەڵات بوو تێکبشکێنێ. تۆندوتیژیی فاشیستی دواتر ڕووی لە سۆسیالیستە شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستەکانیش کرد، و ئەمەش لە کاتێکدا بوو ئەم دەستانە لە بەسەرداهاتنی شۆڕشێکی دەستاوبەجێ هیوابڕاو ببوون و ئەرکی پاراستنی بارودۆخی داراییی ژیانی کرێکارانیان وەئەستۆ دەگرت، و بە ڕۆحییەتێکی وەها شەڕخوازانەوە بۆ هەقدەستەکان هاتنەوە نێو مەیدانی خەباتەوە کە حسێب و کتێبی هەلخوازانەی ڕێبەرانی ڕیفۆرمخوازی تێکدەدا؛ لە حاڵێکدا ئەم ڕێبەرانە لە ترسی دەستدرێژیی فاشیستەکان، ئامادەی قبووڵکردنی پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ ئەو دەستە شۆڕشگێڕانە بوون. سەرەڕای ئەمانە، گۆڕانکارییەکانی دوایی و پێچەڵپێچبوونی بارودۆخەکە نابێ ئەم هەقیقەتە بەراییەمان لە بیر ببات‌ەوە کە فاشیزم بزووتنەوەیەکی دژی شۆڕش بوو، دژی ئەو شۆڕشەی نەکرا.

جەنابی دەبلیۆ: قسەکانتان وێدەچێ شیاوی پەسەندکردن بن. بەڵام بە ڕاستی پێتان وایە گەڵاڵەیەکی گشتیی ئەوتۆ بۆی هەبێت لە شوێنێکی دیکەش دووپات بێتەوە؟

تومازۆی سەگانی: بە هەر حاڵ دەتوانم بیر و بۆچوونی خۆم بەم چەشنە چڕ بکەمەوە: یەکەم مەرجی هاتنە سەر کاری سیستەمێکی تۆتالیتاریستی سەقەتبوونی سیستەمی دیموکراتیکی وڵاتە، واتە سەرهەڵدانی ناهەماهەنگییەکی چارەسەرنەکراوی نێوان سیستەمی سیاسیی کۆن لە لایەک، و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی لە بنەڕەتەوە گۆڕاو لە لایەکی دیکە؛ مەرجی دووهەم ئەوەیە تێکشکانی حکومەت زیاتر لە هەرشت بە قازانجی حیزبی ئۆپۆزیسیۆن بێت، وەک تاکەحیزبێک کە توانای دابینکردنی نەزم و تەکوزییەکی تازەی هەیە، و کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ؛ مەرجی سێهەم ئەوەیە ئەم حیزبە ئامادەیی بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە ئەستەمەی چاوەڕوانیی لێ دەکەن نەبێت، و تەنانەت ببێتە هۆی تەشەنەسەندنی بێنەزمی و نارێکوپێکیی دۆخی هەنووکە، واتە ئەو هیوایەی پێیان بوو تەواو بکاتە ناهومێدی. جا کە ئەم بارودۆخانە هاتنە کایەوە و کەس نەیتوانی دان بە جەرگیدا بنێ، حیزبی تۆتالیتاریستی دێتە نێو مەیدانەوە. ئا لێرەدایە ئەم حیزبە ئەگەر ڕێبەرێکی کەری نەبێ زۆر بۆی هەیە دەسەڵات بگرێتە دەست.

جەنابی دەبلیۆ: وەرن با سەبارەت بە قۆناغی سێهەمی ئەو گەلاڵەیەتان پتر بدوێین، واتە ئەو قۆناغەی تێیدا حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی نەریتی کە بە ڕواڵەت سۆسیالیست یان موحافیزەکار یان دیموکراتە تووشی نوشوستی و تێکشکان بووە؛ ئەو پرسیارەی بۆ من هاتۆتە پێش ئەوەیە ئایا ئەزموونی ولاتانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و ئەمریکای لاتین و باڵکان دەتوانێت لە ولاتانی دیکەشدا کاریگەر بێت؟ چونکی نابێ ئەم ڕاستییە لە بیر بکەین تا ئێستا فاشیزم لەو ولاتانەدا سەری هەڵداوە کە لەواندا ڕەگوڕیشەی دیموکراسی هێند پتەو و بەهێز نەبووە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بمبوورن ئەگەر پاز دەدەمە نێو قسەکانتەوە. بە ڕای من، لایەنی لاوازی دیموکراسی لە چاو فاشیزم لە ناتەواویی ئامانجی دیموکراتیک دایە کە ئەسڵی هیچ و پووچی حوکمڕانیی خەڵک بە ڕاست و ڕەوا دەزانێت.

تومازۆی سەگانی: بە قەناعەتی من، لایەنی سەرەکیی کزی و لاوازیی سیستەمی دیموکراتیک لە زەمانی ئێمەدا پارێزکاربوونێتی. کاتێک کۆمەڵگا لە حاڵی بزووتن و ڕۆیشتن دایە، ئەوەی سڵ بکات و ڕابوەستێ تیا دەچێت. جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان دیموکراتەکانی سەردەمی ئێمە و دیموکراتەکانی ڕابردوو، کە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی خەڵک و یەکسانیی ماف و سیاسیی هاوولاتیان، لە نێو سەنگەری شەقام و لە شەڕی ناوخۆ و شەڕی

سەربەخۆیی خەباتیان کرد. ئەم جیاوازییە پەیوەندیی بە مرخی تاکەکەسەوە نییە لەو سەردەمانەدا، یەکسانیی ماف و سیاسیی هاوواڵتیان شتێکی تازەبابەت و نوێ بوو، و بۆ خۆی وەک ئامانجێک لە قەڵەم دەدرا. هەر بەم هۆیە، سەرنجڕاکێشبوونی ئەم ئامانجە هەموو ویژدانێکی بەئاگا و زیندووی دەوروژاند و ئەم خەڵکانە، ئامانجی کۆمەڵانی خەڵکیان پەسند دەکرد، و لەگەڵ ئەوان دژی دەربار و دەرەبەگایەتی و کڵێسا و دەسەڵاتی بیانی خەباتیان دەکرد. دیموکراتەکانی ئیمڕۆژە ئیتر ئامانجێکیان نییە بۆ ئەوەی لە پێناویدا خەبات بکەن. ئەوان میراتگری پێشینانی خۆیانن. ئەو بزووتنەوە ڕووەو هەڵکشانەی بە کەڵکی شۆڕش دێت، شانوشکۆ بە گەورە پیاوانی خۆی دەبەخشێت و دەیانکاتە کۆمەڵێک پاڵەوانی ئەفسانەیی پێشەنگ، گەورەپیاوانی وەک: کرامول و روبسپیر و جێفرسۆن و لینین. بەڵام دیموکراسییەکی ڕووەو تیاچوون، کە لە سۆنگەی سازان و هەڵکردن لەگەڵ ئەم و ئەو خۆ لە سەر قوون بەند دەکات، دەشێ قەناعەت بە هەندێ سیاسەتمەداری هیچەکە و پووچەکەی وەک فاکتا و برۆنینگ و لاوال و چمبرلن بێنێ. هیچ دووریش نییە هەر چی زەمان بەسەردا بێت، ئەم سیاسەتمەدارانە لەمەش کە هەیە سووکوچرووکتر بن. هەڵبەت لەوانەیە دیموکراسیی بورژوازی بەردەوام هەر وا پیاوی گەورە و خاوەن پلە و پایە بەخۆوە ببینێ، بەڵام من پێم وایە ئەم شتە زیاتر لە

ولاتانێک پێش دێت کە لەوێندەر دیموکراسی هیچ کات لە گۆڕێدا نەبووە: ولاتانی فیۆدالی، نیمچە فیۆدالی، ژێردەستە، ئەو ولاتانەی تازە گەیشتوونەتە بەر دەروازەی شۆڕشی بەناو بۆرژوایی. سون یات سن و گاندی لە بەر چاو بگرن، و لەگەڵ وەزیرە دیموکراتەکانی خۆمان، کە ناوم هێنان، بەراوردیان بکە: ئەمانە هەموویان سەر بە بزووتنەوەیەکی مێژووییی تاقانەن، بەڵام سون یات سن و گاندی لە بەرەبەیانی ئەم بزووتنەوەیە، و ئەو وەزیرانە لە ئێوارە و دەمدەمانی ئاوابوونیدان. کورتی ببڕمەوە، ڕێبەرانی سیاسیی ئەوروپا خاوەن سەرلەبەری تایبەتمەندییەکانی ئەو چینە سیاسییەن کە چیتر ئەرکیان بەسەر شان نەماوەتەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: گوبلز گوتوویەتی، سەرکەوتنی نازیزم تا ڕادەیەکی زۆر لە سۆنگەی کەرێتی و گەمژەیی نەیارانییەوە بووە. ئەم نەیارانە گشت لایەنەکانی دەسەڵات، واتە سوپا و پۆلیس و بوروکراسی و سیستەمی بانکی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی لە دەستدا بووە، بەڵام نەیانتوانی کەڵکی لێ وەربگرن.

تومازۆی سەگانی: ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە کێشەکە بکۆڵینەوە، وێدەچێ گۆڕانی هەر ڕژێمێک بە هۆی کەرێتیی دەسەڵاتدارانی پێشووی بێت کە لەناکاو شکستیان هێناوە. هەندێ مێژوونووس هەن تێدەکۆشن ئەوە بسەلمێنن ئەگەر لویی شازدەهەم فلان یان فیسارە شێوەی ڕەچاو

نەکردبایە، و ئەگەر قەیسەرەکانی ڕووسیا ساڵی 1917 بەریان بە فلّانە ڕووداو گرتبا، شۆڕشی فەرەنسە و شۆڕشی یەکێتیی سۆڤیەت نەدەقەومان. دەکرێت ئەم شتانە بە ئاسانی بۆ هەرچی شۆڕشی دیکەشە بگوترێن، چونکی شۆڕشەکان لە گۆشەنیگای کەسانی ساویلکە و ڕووکەشبینەوە هەمیشە خاوەن هەندێ لایەنن مرۆڤ سەرەندەریان لێ دەرناکات. ڕاستە چینی دەسەلّاتدار، تا دواڕۆژی گۆڕانی ڕژێم، سەر لەبەر ئەو ئامرازانەی کە بۆ پاراستنی خۆی پێویستی پێیان هەیە بە دەستەوەیە، بەلّام ویست و ئیرادە و توانایی و ئازایەتیی بەکارهێنانی ئەو ئامڕازانەی دۆڕاندووە، لە کاتێکدا خواست و ئیرادە و توانایی و بوێری بەشێکن لە تایبەتمەندییە بنەماییەکانی دەسەلّاتداریّتی. چینی دەسەلّاتدار، بەر لەوەی بە کردەوە تێکبشکێت و لا بچێت، لە باری دەروونییەوە تێکشکاوە؛ چینێکی قوونقورس و تەمبەڵ و تەوەزەل و گەمژەیە و چاوی دوو هەنگاو ئەولاتر بڕ ناکات. تەنیا بە هۆی نەجووڵان و نەبزووتنەوە لەسەر قوون بەند دەبێت، و دەستەویەخەی کۆمەڵێک نەخۆشینی تەمەنی پیرییە، وەک فۆرمالیزم و یاساپەرەستی. لە سەر پەرەستنی هەندێک هاوکێشەی بێناوەڕۆک بەردەوام دەبێت و لە ڕێگای لەبەرچاوگرتنی ڕواڵەتی یاسا و داب و دەستوورەکانەوە خۆی دەپارێزێ، بەلّام سەرومڕی ئەم یاسا و داب و دەستوورانە پێش ئەوەی بە قازانجی دیموکراسی بێت، بە قازانجی دیموکراسی دەشکێتەوە، و

ئەو دەسکەوت و دەرەنجامەی لێ دەکەوێتەوە ڕێک بە پێچەوانەی ئەو شتەیە لە سۆنگەیەوە بەدی هاتووە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەکارهێنانی یاسای دیموکراتیک بۆ تەفروتوناکردنی دیموکراسی، ئەوە ڕێک ئەو شێوازەیە فاشیست و نازییەکانیش بە باشی سوودیان لێ وەرگرت. هیتلەر لە کتێبی "خەباتی من"دا نووسیویەتی، دیموکراسی لە باشترین دۆخدا ئامرازێکە بۆ سەقەتکردنی دوژمن. ساڵی 1935، دوو ساڵ دوای ئەوەی نازییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، گوبلز بە حاڵەتێکی خۆستایشتکەرانەوە باسی ئەم کایە پڕ لە سەرکەوتنەی خۆیانی کرد و ئەمەی نووسی: "ئێمە هەمیشە ڕامانگەیاندبوو بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئیمکانات و دەرەتانەکانی دیموکراسی کەڵک وەردەگرین و پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، هیچ کام لەو ئیمکاناتانەی کە خۆمان لە ئۆپۆزیسیۆن بە کارمان دێنان ناخەینە بەر دەست نەیارانی خۆمان." هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان لە بەرامبەر یاسا، لە ولاتانی دیموکراتیکدا، کەموزۆر هەر ئەمەیە.

تومازۆی سەگانی: دیموکراتەکان بەم ڕاستییە دەزانن، بەڵام هیچیان لە دەست نایەت. چینی دەسەڵاتداری ڕووەو تیاچوون بە پێی ئەسڵی "ئیمڕۆ دەرفەتە و گونت بە سبەی نەبزوێ" دەژین و چارەسەری گرنگ هەمیشە دوا دەخەن و حەوالەی سبەی دەکەن. هەر وەختێک ناچار

بێت بڕیاری خۆی بدا، هەندێ کۆمیسیۆن و لێژنە دەستنیشان دەکات، تا ئەو کاتە کۆتایی بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانیان بێنن کە ئیتر بارودۆخەکە گۆڕابێت.

واتای ئەم دواخستنانە ئەوەیە: دوای باران کەپەنک! واتاکەی تری ئەوەیە مرۆڤ پێی وابێت بە وەعۆدەنەگرتنی بەرپرسیاریەتی و خۆلەقەرەنەدانی ئەرک و وەزیفە، ڕووی خۆی لای مێژوونووسانی داهاتوو سپی دەکات. بە باوەڕی دیموکراتەکانی ئەو وڵاتانەی دەستەویەخەی قەیران بوون، ئەوپەڕی هونەری دەسەڵاتداری لەوەدایە زللەکان نۆشی گیان بکەیت بۆ ئەوەی شەقت وە قوونێ نەکەوێ، واتە ئەوەی لە بەرامبەر بەڵای بچوکتردا تاقەت بهێنی، واتە ئەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پێملی پێکەوەسازانی تازە بیت؛ بۆ ئەوەی لە توندوتیژیی دژایەتییەکان کەم بکەیتەوە و هەوڵ بدەیت هەر شتێک ئاشتی هەڵنی ناگرێ بە ئاشتی بگەیەنی. دوژمنانی دیموکراسی لەم مەسەلەیە سوودی تایبەتی خۆیان وەردەگرن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو هەڵماڵدراوتر دەبن، لە بەرچاوی خەڵک پیلان دادەڕێژن، چەک و تەقەمەنی کۆدەکەنەوە، گروپە چەکدارەکانی خۆیان دەبەنە سەرشەقام و مانۆڕیان پێدەنوێنن، دە بە یەک هێرش دەکەنە سەر ڕێبەرانی چەپەڵی ئازادیخواز. حکومەت، "بە لەخۆبووردوویی و لەبەرچاو گرتنی هەموو لایەنەکان کە نەکا ببێتە هۆی خراپتربوونی بارودۆخەکە" ئەم ڕووداوانە شەرمەزار

دەکـات و "بـە خـاتری شـەرەف و ئـابڕووی نیشـتمان" هیـوادار دەبێـت "ئەم ڕووداوانە بەئەنقەست و دەستهەڵبەست نەبووبێتن"، و لـە قـووڵایی دڵەوە داوا لـە هاوواڵاتیـان دەکـا دەسـتی حکـومەت بگـرن و سـەرلەنوێ نەزم و ڕێکوپێکی و ئارامی و ئاسوودەیی بگەڕێننەوە.

ئـەوەی بـۆ ڕێبـەرانی دیمـوکرات گرنگـە خۆبـواردن لـەو قسـە و ڕەفتارانـەیـە کـە لەوانـەیـە هەنـدێ دەمـارگرژ بڕەنجێنـێ و بارودۆخەکـە خراپتر بکا. ئەگەر هێزی پۆلیس بەوە بزانێ هەندێ ڕێبـەری سیاسـی و لەشکری دەستیان لەگەڵ دەستی ڕێکخراوەیەکی دژی حکومەت تێکـەڵـە و ڕاسـتەوخۆ لـە کۆکردنـەوەی چەکـدا دەسـتیان هـەبووە، حکـومەت لەوانەیە ئازایەتییەک لە خۆی بنوێنێ و هەندێک لە کەسانی ژێرەدەسـت و پلە سێ و چوار کەلەپچە بکات بۆ ئـەوەی هـەڕەشـەیـەکی کردبێـت و چاوێکی سوور کردبێتەوە. بەڵام هەرگیز کاری بە کاری ڕێبەران نەداوە، چونکی ئەم کـارە ڕیسـوایی و ڕووڕەشـیی بـەدواوەیـە و هـیچ سـوودێکی بۆیان نییە. سەرەڕای ئەمە، پێیان وایـە ئەگـەر وەک کەو سـەر بـە ژێـر بەفردا بکەن، دەتوانن بەڵا لەخۆیان دوور بخەنەوە. وەک چـۆن کۆمـاری تازە پێگەیشتووی ئیسپانیا لە سـێن خۆرخـۆ[6] (Jose Sanjurjo) خۆش بوو، و ژنەڕاڵە سەڵتەنەتخوازەکانی لە پلەی ڕێبەرایەتیی سـوپادا هێشتەوە، لە کاتێکدا هەموو کەس دەیزانی ئـەوان خـەریکن کودەتایـەک

[6] ژەنەڕاڵی ئیسپانی، کە ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ ژەنەڕاڵ فرانکۆ زەمینەی بزووتنەوەی سەربازیی لە ئیسپانیا خۆش کرد.

وەڕێ بخەن. هەر بەمجۆرە، موسولینی هیچ کات بە خاتری تونـدوتیژیی گروپە فاشیستیەکان، کە لە ژێر دەسەڵات و گوێ لەمستی ئەمـری ئـەو بوون، لێیانی نەپرسییەوە. ئـەو ئەفسـەر و ژنەڕاڵانـەی ببوونـە ئەنـدامی فاشیزم لە سوپادا مانەوە.

لە ئەڵمانیاش حاڵوباڵەکە هەر بەم چەشنە بـوو. کۆمـاری ئـەڵمانیـا "بۆ دەستەبەرکردنی ئەمنیەتی گشتی"، پاش کودەتـای سـەرنەکەوتووی 1920و کودەتـای بـێ ئاکـامی هیتلـەر لـە سـاڵی 1933 ، لـە لودێنـدۆرف (Ludendorff) خـۆش بـوو. هـەروەها، ڕێبـەرانی ڕێکخـراوەی ڕەشـەکوژیی (کۆنسـول) کـە فەرمـانی کوشـتنی ئێرزبێرگـر (Erzberger) و راتنـائۆ (Rathenau)، دوو وەزیـری حکومەتیان، دەرکردبوو ئازادیان کردن، لە حاڵێکدا، تـەواو ڕوون ببـۆوە ئەوان لەم کوشتارەدا دەستیان هەبووە و بەرپرس بوون.

جـەنابی دەبلیـۆ: لـە بێـرلین چاومـان بـە بـارون فـون کیلینگێـر (Killinger)، دوک فـون کۆبـۆرگ (Duc von Coburg) کەوت، کە هەردووکیان ڕێبەری ڕێکخراوەی (کۆنسـول)ـن. هـەردووکیان زۆر بـە شـانازی و شـەرەفەوە و بـە تێروتەسـەلی باسـی چـۆنێتیی دەرکردنی حوکمی ئەو ڕەشەکوژییانەیان کـرد و گوتیـان، تەنانـەت هـەر لـەو ڕۆژێمـە دیموکراتـەی ڕابـردوودا، بـە ئاسـانی توانیبوویـان لـە سـەر

مەسەلەی بەرپرسایەتیی خۆیان لەهەمبەر ئەم ڕەشەکوژییانەدا سەرپۆش دابنێن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە چاونەترسیی ئەوان لەگەڵ ترسنۆکیی پیاوانی حکومیی کۆماری ئەڵمانیا دەگونجا و یەکتری دەخوێندەوە.

تومازۆی سەگانی: دیموکراتی واش هەبوون نەدەترسان و خەساو نەبوون و بە قیمەتی گیانی خۆیان، و تەحەمولکردنی زیندان و شاربەدەری و ئاوارەیی بە هەموو ئەسڵێکی باوەڕ و ئیمانی خۆیان وەفادار دەمان. بەڵام ئەمانە تەنی او تەریک کەوتبوونەوە، و ئیتر نەیاندەتوانی پشت بە سەنگەرە نەریتییەکانی خۆیان، واتە چینی نێونجی و هەروەها کرێکاران، ببەستن، ئەو کرێکارانەی هۆمێدی شۆڕشگێرانەیان جێگای بۆ ناهۆمێدی چۆڵ کردبوو.

جەنابی دەبلیۆ: پێتان وا نییە ئەزموونی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا عیبرەتێک بێت بۆ دیموکراتەکانی وڵاتانی دیکە؟

تومازۆی سەگانی: چ عیبرەتێک؟ تا ئەو کاتە بارودۆخ باش بێت، هەموو دڵنیان هەندێ شت هەرگیز لە وڵاتی ئەواندا ناقەومێ؛ ئەو کاتەش کە ڕەشەبا هەڵیکرد، هەر کام لە کونێکەوە بۆی دەربباز دەبن. ڕاستییەکەی ئەوەیە چینێکی دەسەڵاتداری ڕووەو تیاچوون، ڕاست و ڕێک تووشی هەموو ئەو نەخۆشیانەی قۆناغی پیری و پەککەوتەیی،

یەک لەوان کەرێتی، دەبێت. نێکێر[7] دایم بەگوێی پاشایدا دەدا و لە مەترسی ئاگاداری دەکردەوە، بەڵام کەڵکی نەبوو. مەگین باسی ئەو هەموو خەتەر و مەترسییە بە گوێی نیکۆلای دووهەم، قەیسەری رووسیا، نەگەیشتەوە؟ بۆ ئەوەی لەم بە گوێدادان و بەگوێگەیشتنانە بگات، پێویست بوو چیتر قەیسەر نەبێت. چینێکی دەسەڵاتداری ڕووەو تیاچوون نەک هەر توانایی و دەرەتان و ئیرادە و ئازایەتیی بەکارهێنانی ئامڕازی دەسەڵاتداری و خۆپاراستنی لە بەرامبەر دوژمنی لاسار دەدۆڕێنێ، بەڵکو تەنانەت توانستی تێگەیشتنی بارودۆخیشی پێ نامێنێ و ئیتر ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەر بارودۆخێکدا بێت کە بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندایە. سەرلەبەری ئەم مەسەلانە ڕۆیشتن بەرەو ئاراستەی ڕێگاچارەی توتالیتاریستی ئاسان دەکاتەوە.

جەنابی دەبلیۆ: بۆچی زۆرتر لە بری "فاشیزم" واژەی "تۆتالیتاریزم" بەکار دێنن؟ نەکا بۆ ئەوە بێت دەتانەوێ کۆمۆنیستەکانیش وەپشت گوێ نەخەن؟

تومازۆی سەگانی: ڕاستە، وایە. جیا لەوە، ناشێت شیمانەی بوونی مەیل و خواستی توتالیتاریستی لە نێو هەندێ دەستەودایرەی دیموکرات و لیبڕاڵیش لەبەرچاو نەگرن؟

---

[7] ژاک نیکێر (Jacques Necker)، سیاسەتمەدار و بانکداری دەستڕۆیشتووی سەردەمی لویی شازدەهەم.

جەنابی دەبلیۆ: بە ڕاستتانە؟ جگە لەوەی، بەپێی قسەکانی ئێوە، شیمانەیەکی لەمجۆرە بە ڕای من هەر ناگونجێت و مومکین نییە؛ بە ڕاستی پێتانوایە دیکتاتۆریی دیموکراتیک وا هەیە ببێ و بکرێ؟

تومازۆی سەگانی: بۆچی نا. مەبەستی من دیکتاتۆرییەکی لە چەشنی دیکتاتۆریی ژاکوبن[8]یەکانە، واتە ڕژێمێک کە بە هۆی دۆخی دواکەوتوویی کۆمەڵانی خەڵک، ئامانجی تەواو دیموکراتیکە، بەڵام شێوازی دژی دیموکراتیک دەگرێتەبەر. لەوانەیە ئەم شێوازە، لە داهاتوو، حازربەدەستترین شێوازی دەسەڵات بۆ ڕێبەرانی دیموکراتیکی نەتەوەکانی ژێرەدەستی زلهێزەکانی دنیا، لەکاتی گەیشتن بە سەربەخۆیی، بێت.

جەنابی دەبلیۆ: ببوورن دەمەوێ باسی شتێک بکەم کە پەیوەندیی بە شەخسی خۆتانەوە هەیە. بە ڕای من ئێوە حیزبێکی لەم جۆرەتان پێ باشتر بێت.

تومازۆی سەگانی: ئێستا ئیتر نا. واتە لەو کاتەوەی کە زانیم لە جەنگەی کاردا، وردە وردە ئامراز و کەرەسە جێگای ئامانج و مەبەست دەگرنەوە.

---

[8] ژاکوبن (Jacobine)، گرووپێکی شۆڕشگێڕی تووندئاژۆ کە پاش شۆڕشی مەزنی فەرەنسە سەری هەڵدا و خوازیاری چەقبەستنی جار لەگەڵ جار زیاتری دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە بوو بە ئامانجی خەبات دژی نەیارانی شۆڕش.

5

سەبارەت بە بێمرخیی هونەریی دیکتاتۆری داهاتوو و بێنرخیی شەجەرەنامەی بنەماڵە و گرنگیی سەرئێشەی درێژخایەن

پرۆفیسۆر پیکاپ: جەنابی دەبلیۆ ناچار بوو سەردانی پزیشکەکەی بکات و داوای لە من کرد عوزرماییتان لێ بخوازم.

تومازۆی سەگانی: گوێی مەدەیە. دەتوانم یەک دوو سەعاتی دیکە، یان هەر وەخت جەنابیان پێیان خۆش بێت بێمەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: نا، تکایە بمێننەوە. چونکی لەوە پێش ئاگادارتانی نەکردۆتەوە، دیارە دانیشتنی ئیمڕۆش بە دانیشتن حسێب دەکرێت.

تومازۆی سەگانی: کە وایە، با لێتان بگێڕمەوە و بچین بۆ بارِ. لەوێ دەتوانین بە خۆشیی جەنابیان پێکێک هەڵدەین.

پرۆفیسۆر پیکاپ: زۆرم پێ خۆشە، بەڵام تکاتان لێدەکەم با دوور لە ئۆرکێستڕا دانیشین. ئامادەنەبوونی لەناکاوی جەنابی دەبلیۆ ئەو هەلەم بۆ دەڕەخسێنێ باسی مەسەلەیەکتان بۆ بکەم کە گەرچی

شـتێکی تاکـەکەسـی و تایبەتـە بـەڵام دواجـار بابەتـە باسـکراوەکانی خۆیشـمان دەگرێتـەوە. ئێـوە دوێنـێ ئاماژەتـان بـەو دەورە گرنگـە دا کەسایەتیی تاکەکەسیی دیکتاتۆرێک لـە سـەرکەوتنی خۆیـدا دەیگێـڕێ. جـا ئێسـتا بـێ ئـەوەی نیـازێکی خـراپم هـەبێت، دەمـەوێ دان بـەو ڕاستییەدا بنێم سەبارەت بە شایستەیی جەنابی دەبلیۆ، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە گەورەیەی کە هەڵیبژاردووە، گومانم هەیە و لێی دڕدۆنگم.

تومازۆی سەگانی: باشە، ئێوە زۆر لە مێژە یەکتری دەناسن؟

پرۆفیسـۆر پیکـاپ: یـەک دوو سـاڵێک دەبێـت کـاری بـۆ دەکـەم، و سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی زۆر ڕەزاگرانە، وردەوردە هۆگری بـوومە. هـەر بۆیە کە باسی هەندێ مەسەلە و کێشەی ڕابـردووی بـە گـوێم دەگاتـەوە دەڕەنجێم؛ مەبەستم ئەو مەسەلە و کێشانەیە لـە زمـانی ئـەم و ئـەوەوە دەیانبیسمەوە، و بە هیچ کلۆجێک بـە قـازانجی ئـەو، واتـە بـە قـازانجی داهاتووی سیاسیی ئەو، نییە.

تومازۆی سەگانی: نازانم باسی کام مەسەلە و کێشەی ژیانی دەکەن. بـەڵام ئـەوە بـزانن گشـت ئـەو مەسـەلە و کێشـانەی بـە زەرەر و زیـانی قەشـەیـەکی گـەورە تـەواو دەبێـت پێویسـت ناکـات بـۆ دیکتـاتۆرێکی داهاتووش زیانی هەبێت.

پرۆفیسـۆر پیکـاپ: یـەکێک لـە هاوڕێکـانی قوتابخانـەی، کـە بە هەڵکەوت هەر لـەم هۆتێلـە بـوو، دەیگێـڕاوە دەیگـوت، جـەنابی دەبلیـۆ

دەستی لە خوێندن هەڵگرت و لە باڕێکی سن فرانسیسکۆ خەریکی ساکسوفۆن ژەنین بوو. ئەوەم نەدەزانی.

تومازۆی سەگانی: بەڕای من، مۆسیقاژەنبوون کارێک نییە پیاو خەجاڵەتبار بکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: گۆیا چەند ئاهەنگێکی تانگۆ و فاکس تروتی جڵف و هیچەکەو پوچەکە و سووکی دروست کردووە کە بە تایبەت بە کەیفی مشتەرییە لات و بەرەڵڵاکانی باڕ بووە و جەماعەتی کڵفەت و شۆفێر پێیان خۆش بووە.

تومازۆی سەگانی: بە باوەڕی من، ئەو شتانەی باسی دەکەن تەنانەت بۆیان هەیە بە قازانجی جەنابی دەبلیۆ بشکێنەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: مەبەستتان چییە؟

تومازۆی سەگانی: بە خوێندنەوەی ژیاننامەی دیکتاتۆرە گەورەکاندا دەردەکەوێ کەموزۆر هەموویان دڵیان پێوە بووە ببنە هونەرمەند؛ ویستوویانە لە ڕێگای ئەدەبیات و شێوەکاری و مۆسیقا، یان هونەرەکانی دیکەوە، بوونی خۆیان بسەلمێنن. سەرنەکەوتن لە بواری هونەر، جا چ لە سۆنگەی بێمرخی بێت، چ بە هۆی نەبوونی ئیمکانات و ئامادەیی پێویست، یەکێک لەو گرێ دەروونییە مەینەتبارانەیە لە ژیانی زۆربەی دیکتاتۆرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەندێ لەوان، پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، کەوتوونەتە بیری تۆڵە سەندنەوەوە، و

خەڵکیان پێمل کردووە بە سەر شۆێنەواری هونەرییاندا هەڵبڵێن و پەسندی بکەن. نەک هەر ئیمرۆ، زەمانی زووش ئەم کارە باو بووە. دەگێڕنەوە دەڵێن دیونیجی[9]ی خۆبەزلزان "هەندێ تراژیدی ئەوەندە کەرانەی دەنووسی کە فیلۆمێنەی شاعیر بە بیستنیان، بێ ئەوەی خۆی بخوازێت، پێکەنینی پێیان دەهات، ئەگەرچی زۆر باش دەیزانی ئەم بێحورمەتییە بە پلە و پایەی سەرۆک، چەندی بۆ بە گران تەواو دەبێت. هەر ئەم "دیونیجی"یە ئەو قەڵەمە ئاسنییەی کڕییەوە کە ئاشیل تراژیدییەکانی خۆی پێ نووسیبوو، چونکی پێی وابوو بەو قەڵەمە دەتوانێ کۆمەڵێک تراژیدی لە سەر شێوازی ئاشیل بنووسێت. بەڵام دەسکەوتەکەی زۆر قۆڕ و ناڕەبارتر لەوەی پێشوو دەرچوو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: کە واتە، بە ڕای ئێوە، ئەگەر جەنابی دەبلیۆش، دوای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات، یەکێک لە ئاهەنگەکانی "فاکس تروت"ی خۆی بکاتە سروودی نیشتمانیی ئەمریکا، ئەوە لاسایی نەریتی مێژوویی کردۆتەوە؟

تومازۆی سەگانی: پێویست ناکات خۆمان بە وردەشتەکانی ژیانی دیکتاتۆرەکانی ڕابردووەوە سەرقاڵ بکەین و کاتی خۆمان بە فیڕۆ بدەین: نێرون و تارژەندنی، ناپلیۆن بۆناپارت، ئەفسەرێکی گەنج بوو و بێخەبەر لە داهاتووی، کاتی خۆی لە خۆڕا بۆ نووسینی کۆمەڵێک

[9] (Dionigi)، دەسەڵاتداری سیراکوز و یەک لە قوتابیانی ئەفلاتون.

بابەتی فشوفۆڵی وەک هەڤپەیڤین لەمەڕ عیشق و بیرکردنەوە لە سروشت تەرخان دەکرد، کە چاولێکەرییەکی منداڵانەی ئالوئیژ-ی ژان ژاک رۆسۆ بوو. لویی فیلیپ، بەر لەوەی ببێتە ناپلیۆنی سێهەم، خەریکی نووسینی خەیاڵکردنەوەی سیاسی بوو. بەڵام زانیاریی ئێمە لە بابەت دیکتاتۆرەکانی سەردەمی خۆمان بە کەڵکترە، چونکی هەندێ تایبەتمەندی تافی لاوێتی ئەوانمان بۆ ئاشکرا دەکات، بە جۆرێک شوێنپێهەڵگرتنی گۆڕانکارییەکانی دواترمان بۆ ئاسانتر دەکاتەوە. هەروا کە دەزانن، هیتلەر دەیویست ببێتە شێوەکار. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دوو جار لە تاقیکاریی زانکۆی ڤییەندا بەشداری کرد و هەر دوو جارەکە لە تاقیکاری هێڵکاریدا سەرنەکەوت. بەم شکستە بێ ئەندازە تێکچوو، بە جۆرێک تەنانەت لە بابەت ئەم ڕووداوە هیچی بۆ دایکی نەگێڕاوە و لە بیرەوەرییەکانیشیدا ئاماژەیەکی پێ نەدا، لە حاڵێکدا زۆر شتی بێ بایەختری تێدا باس کردووە. سەرکەوتن لە بواری هونەر لەوانە بوو بیتوانیبا دۆخی کۆمەڵایەتیی پووچ و بێبەهای هیتلەر لەو سەروبەندەدا تۆزێک باشتر بکات، و ئەم شکستە بوو بە گرێپووچکەیەکی دەروونی، و تا ماوەیەکی زۆر ئازاری دەدا. بۆمان نییە بڵێین ئەم گرێپووچکەیە پەیوەندیی بە خەباتی تووندوتیژی هیتلەر دژی هونەری مۆدێرنەوە نییە، ئەو خەباتەی سی ساڵ دواتر و دەسبەجێ پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەستی پێکرد. موسولینی ئێمەش ئەو کاتەی گەنج بوو بە

ئەدەبیاتەوە خەریک بوو، و بێشک مەبەستی ئەویش تا ئەندازەیەک پێشخستنی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی خۆی بوو، وەک چۆن ئەو ماوەیەی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو لە " ناسنامە"کەیدا خۆی بە ناوی "بنیتۆ موسولینی، مامۆستا" دەناساند؛ ئەو کتێبانەی نووسیونی هیچ چەشنە بەها و بایەخێکی هونەرییان نییە، بەڵام لەبارەی دەروونشیکارییەوە، بۆ نیشاندانی هەلومەرجی ڕۆحیی تافی لاویی موسولینی زۆر بەنرخن. "شاکار"ی موسولینی ڕۆمانی "کلاودیا پارتیچلا یان "گراوی قەشەی مەزن"ـە کە کتێبێکە پڕ لە بابەتی سێکس و شتی پیس و پۆخڵ و دژی قەشەکان؛ تەنانەت نووسەری ژیاننامەی ڕەسمیی موسولینی سەبارەت بەم کتێبە نووسیویەتی: "کتێبێکی هیچەکە و پووچەکە و بێسەروبەرەیە، وەک فیلمێکی سووک و جڵف.." با ئەوەش بڵێین سەرلەبەری ئەم قسانە لە ڕووداماتێکی قۆڕن و فڕیان بە هەقیقەتەوە نییە. موسولینی کتێبێکی تریش هەر لەمجۆرە بە ناوی "چرای بێ تین" نووسیبوو؛ چیرۆکێکی دیکەی بە ناوی مرخ نووسیبوو کە ڕووداوەکەی ئی شەوی جێژنی نۆئێل بوو، و قارەمانە سەرەکییەکی ڕەبەنێک بوو؛ هەر وەتر دەقێکی شانۆیی هەیە بە ناوی "برادەران"، کە بەسەرهاتی لات و بەڕەڵڵا و دز و جەردەی گەڕەکە پیسەکانی شارە؛ شانۆنامەیەکی دیکەی بە ناوی "ژووری نەخۆشە بێ ئازارەکان" سەبارەت بە شێتەکانی شێتخانەیەکە. زەمینەی سەرەکیی سەرلەبەری

ئەم چیرۆکانە یەک شتە: پاڕێزنەکردنی قەشە و ڕەبەنەکان لە بابەت مەسەلەی سێکسەوە و پیشاندانی سادیستییانەی پەککەوتەیی و لەڕ و لاوازی و ناتوانایی و درندەیی و خراپەکاری. شێوازی نووسینی ئەم کتێبانە خوێنەر وەبیر پەخشانی پڕ لە گرێوگۆڵی ڕۆژنامەوانێکی شارە بچووکەکان دەخاتەوە. بەڵام سەرلەبەری ئەم شتانە نەبوونە ڕێگر لە بەردەم موسولینی بۆ ئەوەی لە وڵاتی نووسەرانێکی مەزنی وەک لیۆپاردی و مانتزۆنی نەبێت بە دیکتاتۆر. ئەو بارودۆخەی باڵی موسولینی گرت و سەریان خست دیارە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو نەک هونەری. بەڵام خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە لە سەر بنەمای بارودۆخێکی لەو چەشنە، پیاوێک بە ڕۆحییەتی نووسەری کلاودیا پارتیچلا باشترین کەس بووە بۆ ڕێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی فاشیزم. ئەوانەی دواڕۆژ لە سەر ژیانی جەنابی دەبلیۆ دەنووسن لە خۆیان دەپرسن: ئەگەر دیکتاتۆری ئێمە بە ناوی مۆسیقاژەنی ساکسۆفۆن و داهێنەری ئاهەنگی "تانگو" و "فاکس تروت" بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەرکەوتبا، ئایا هەرگیز بیری لەوە دەکردەوە ڕێپێوان و خۆپیشاندان بەرەو واشینگتۆن وەڕێ بخات و داگیری بکات؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: قسەکانتان سەرنجڕاکێشن جەنابی سەگانی، حاشا لە ڕاست و دروستبوونیشیان ناکرێت. بەڵام بۆیە پێش هەموو شتێک باسی مەسەلەی مۆسیقاژەندنم کرد، چونکی هەواڵەکەیم تازە

بیستۆتەوە، نەک ئەوەی لە هەواڵەکانی تر خراپتر بێت. لەوانەیە ئەمەتان نەزانیبێت کە لە دەمەقڕەی سیاسیی نێوخۆی ئەمریکا، هێرشکردنە سەر بابەتە شەخسی و تایبەتییەکان زۆر باوە. لە ئاگادارییەکدا کە هەر لەم دواییانە دژی جەنابی دەبلیۆ بڵاو بۆوە، جگە لە کۆمەڵێک تۆمەت و تاوانی ناڕەوا کە خستبویانە پاڵ ئەو، باسی هەندێ شتی دیکەش کراوە کە بە داخەوە زۆر دوور لە هەقیقەتیش نین.

تومازۆی سەگانی: بۆ وێنە، باسی چی دەکەن؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: بۆ وێنە، سەبارەت بە ئەمریکی بوونی جەنابی دەبلیۆ شک و گومانیان هەیە؛ جەنابی دەبلیۆ خۆیشی بە بیستنی ئەم شتە تێکچوو و لە بەرامبەر پێداگریی من، کە داوام لێ کرد شەجەرەنامەی بنەماڵەکەی بڵاوبکاتەوە، وەڵامێکی دامەوە کە شیاوی ئەو نەبوو.

تومازۆی سەگانی: ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێتم، هەم ئێوە جەنابی پرۆفیسۆر، هەمیش جەنابی دەبلیۆ، پێتانوایە پێشەوا دەبێت حەتمەن لەدایکبوو و پەروەردەی ئەو وڵاتە بێت کە تێیدا چالاکیی سیاسی هەیە؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: هەڵبەتە دەشێ وا بێت. ئەمە لانیکەمی ئەو چاوەڕوانییەیە کە دەکرێ لە پێشەوایەکی ناسیۆنالیستت هەبێت، یان لە

هـەر کەسـێکی تـر کـە دەم لـە بـەها نەرتییەکـان و پـەیڕەویکـردن لـە فەرهەنگی ڕەسەنی وڵات وەردەدا.

تومـازۆی سـەگانی: کـە وایـە، خۆشـحاڵم بـەوەی دەتـوانم لـەم بابەتەشـــەوە خاترجـــەمتان بکـــەم. نەمـــدەزانی جـــەنابی دەبلیـــۆ ئەسڵەئەمریکی نییە. ئەم شتە تازەیە بۆی هەیە ئەو بکات بـە باشـترین کەس بۆ ڕێبەرایەتیکردنی بزوتنەوەی ناسیۆنالیسـتی و دژی بیانییـەکان لە ئەمریکا.

خۆ دەزانن هیتلەر، سەرکەوتووترین دیکتاتۆری سـەردەمی ئێمـە، لـە برونائۆی نەمسا لە دایکبووە. هەر ئا ئەم کاکی هیتلەرە، چەند سـاڵێک بەر لـەوەی ببێتـە دەسـەاڵتداری وڵاتـی ئـەڵمانیـا، وەختـا بـوو بـەناوی "ڕەگەزی ناڕەسەن" لە وڵات دەربکرێت. مستەفا کەمال، یەکێکی تـر لـە دیکتاتۆرەکانی سەردەم، لە سالۆنێک لە دایکبـووە و ئاشـکرا نییـە هـەر لە بنەڕەتەوە خەڵکی ئاڵبانییە یان مەقـدونی، کـەچی بۆتـە دیکتـاتۆری وڵاتی تورکیا. هەر ئەمیش ئاخر و ئۆخری 1922، نزیک بوو بە نـاوی بیانی لە تورکیا وەدەری نێن. ناپلیۆن بۆناپارت خەڵکی کرس بوو، واتە شـتێک لـە نێـوان ئیتـاڵی و فەرەنسـی؛ هـەروەها زمـانی ئـەو وڵاتـەی حوکمڕانیشی تێدا دەکرد باش نەدەناسی.

ئەسڵ و ڕەگەزی بیانی تـەنیا هـەر تایبەتمەنـدیی ڕێبـەرانی دەوڵەتـە کودەتاچییەکان نییە، بەڵکو لە شێوە نەریتییەکانی دەوڵەتیشدا بـرەوی

هەیە. بنەماڵە پاشایەتییەکانی ئینگلیس و ئیسپانیا و ڕۆمانی و هتد..، ئەسڵ و ڕەگەزی ئەڵمانی یان نەمسای- یان بووە؛ بنەماڵەی پاشایەتیی سوید نەوەی بابایەکی فەرەنسین کە خۆی لە پشتی ناپلیۆنە. تێکەڵاوی و خزمایەتیکردنی نێوان بنەماڵە پاشایەتییەکان وای کردووە ئیتر هیچیان ناتوانن حاشا لەوە بکەن پشتێکی بیانییان تێدا نییە؛ سەرەڕای ئەمە، پاشا بەگشتی وەک ڕەسەنترین و پاکترین نوێنەری وڵات، و نیشانەی ڕاستەقینە و زیندووی بنەماکانی ئەخلاقیی باب و باپیران لە قەڵەم دەدرێ. بەڵام سەبارەت بە جەنابی دەبلیۆ، سەر و قوونی مەسەلەکە دەبەستریتەوە بەو خەباتەی ئەو گرتوویەتە بەر: ئەگەر سەرکەوێت، ئەو نووسەرانەی حاڵوباڵی ژیانی دەنووسن بۆیان هەیە بێ هیچ گیر و گرفتێک ئەوە بسەلمێنن کە یەکێک لە باب و باپیرانی ئەو لەو کەسە کۆچەرانە بووە لە پاپۆڕی مێی فلاور دابەزیوە و پێی خستۆتە سەر عەردی ئەمریکا. منیش پێکەکەم هەڵدەدەم و دەڵێم: "جەنابی پرۆفیسۆر، با بخۆینەوە بە خۆشی نەوەکانی کۆچەریی مێی فلاور."

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە خۆشی ئەمریکا. ئەوە جەنابی دەبلیۆش هات.

جەنابی دەبلیۆ: دڵنیام لە نەبوونی مندا بە خراپە باستان دەکردم. ڕاستەکەیم پێ بڵێن پرۆفیسۆر پیکاپ. جەنابی سەگانی لێبڕاوانە یەک بە یەکی عەیبەکانی تۆ بەرپەرچ دەداتەوە..

وێدەچێت لە هەموو کاتێ ماندووتر و ڕەنگهەڵبزڕکاوتر بیت؛ وام پێ باشە دەسبەجێ بچیتە ژوورەکەت و پشوویەک بدەی.

جەنابی دەبلیۆ: نا، کاکە، تەنیاییم پێ زۆر شتێکی خراپە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: باشە لانیکەم توانیت بۆ بێخەوییەکەت دەرمانێکی تازە لە پزیشک وەربگری؟

جەنابی دەبلیۆ: پێموانیە دەرمان هەبێت و تاقیم نەکردبێتەوە.

تومازۆی سەگانی: تووشی دەردی بێخەوی هاتوون؟ لەوانەیە گەر بزانن تووشی نەخۆشینێکی هاوبەشی پیاوانی گەورەی مێژوو هاتوون سوکنایی‌یتان بێت، چونکی گشت دیکتاتۆرەکان، لە ژوول سیزارەوە بگرە تا دەگاتە هیتلەر، بەر لەوەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، تووشی سەرئێشەی درێژخایەن بوون. ئەم ڕاستییە، کە سەرپاکی مێژوونووسان لە سەری کۆکن، گرینگایەتییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، چونکی لە بۆ هەندێ دیکتاتۆر، تاقە بەڵگەیەکی بەردەستە دەسەلمێنێ ئەوان سەریان پێوە بووە.

جەنابی دەبلیۆ: تکایە باسەکەتان لەوێوە دەست پێبکەن کە ئەوکاتەی من هاتمە ژوورێ قرتا.

پرۆفیسۆر پیکاپ: سەبارەت بەهەندێ بابەتی جۆراوجۆر قسەمان دەکرد.

تومـــازۆی ســـەگانی: بـــۆ وێنـــە، ســـەبارەت بـــە خەســـڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر.

جەنابی دەبلیۆ: ئێ، زۆر باشە. دەست پێبکەنەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەو بەشە لە ژیانی دیکتاتۆرەکان کە پـەیوەنـدیی بە ساڵانی چاوەڕوانیـی تـافی لاوییـەوە هـەیـە، بـۆ مـن بـە شـێوەیـەکی تایبـەتی سەرنجڕاکێشـە. لـەم سـاڵانەدا، ئـەو گەنجـەی دواڕۆژ دەبێتـە دیکتـاتۆر، سـەردەمی منـاڵی و مێرمنـاڵی خـۆی دوور لـە زەنازەنـا و هاتوهـاواری خـەڵـک، لـە گۆشـە و کـەناری دوورەدەسـت و چزیرگـەی چۆڵوهۆڵ، یان لـە پشـت کێوەکـان دەباتـە سـەر. ئەگـەر جاروبـار ڕێـی دەکەوێتە شار، تەنیا بۆ ئەوەیە چـاوی بـە مۆنـۆمێنتە شـانازیهێنەکـانی ڕابردوو بکەوێتەوە، و لەو ڕووەوە کە دەبینێ ئەم بینایانـە وەلا نـراون و ڕووەو وێرانـی دەچـن، قینـی خـۆی بـە حاڵـەتێکی کوڵوکـۆ دانـەمرکاو دەردەبڕێ و خەڵک لە خۆی کۆدەکاتەوە. بەڵام بە هۆی ئەوەی کاتەکـە هێشـتا کـاتێکی لـەبار و گونجـاو نییـە، خـەڵـک لـە قسـەکانی ناگـەن و پێیانوایە کابرایەکی گەمژە قسەیان بۆ دەکات.

جـەنابی دەبلیـۆ: منـیش لەگـەڵ خـەڵکـام، شـتێک کەرانـەتر لـەم چیرۆکەی دەیگێڕیتەوە هەر نەبووە و نییە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: تـۆ هـەر وای بـۆ بچـۆ. ئەگـەر پێتوایـە بـەم کـارە پاساوی بێهوودەیی سـاڵانی گـەنجیت دەدەیتـەوە، مـن ڕێـت لـێ نـاگرم.

کاتێک لە بەرچاوی خەڵکی نامۆدا ئاوا بێشەرمانە قسەم لەگەڵ دەکەیت، منیش مافی خۆمە هەر بەم شێوەیە وەڵامت بدەمەوە. پێنج شەش پیشەی جۆراوجۆرت تاقی کردۆتەوە، بەڵام لە هیچ کامیاندا ئەوەندەت لە دەست نەدەهات بەردێک لە بەردێک بدەی. هەمیشە بەرزەفڕ بووی، بەڵام خاوەنی ئەو تواناییە نەبووی شایستەی بەرزەفڕیت بکات. هەرگیز نەتتوانی تەنیا بیت؛ هەمیشە دەتویست کەسێکت بە لاوە بێت، بەڵام هیچ کات نەبوویە خاوەن دۆستێکی ڕاستەقینە. هەڵبەت بۆم نییە بڵێم خاوەن خەسڵەتی باشی سروشتی نیت، بەڵام تا ئێستا نەتتوانیوە ئەم خەسڵەتانە بە کار بێنی. بە درێژایی ماوەی جەنگ...

جەنابی دەبلیۆ: باشە بیبڕەوە...

تومازۆی سەگانی: ڕێگا بە خۆم نادەم خۆم تێکەڵ بە دەمەقڕەیەکی تایبەتی نێوان خۆتان بکەم. تەنانەت ئامادەبوونی خۆم لە جەنگەی ئەم دەمەقڕەیەدا بە ناڕەوا دەزانم و دەبوایە داوای لێبوردنم بکردایە و ڕۆیشتبام. بەڵام بە بیستنی هەندێ شت سەبارەت بە تافی گەنجیی جەنابی دەبلیۆ ناچارم بڵێم، بە باوەڕی من، هەر ئەم تایبەتمەندییانە ئەوە دەسەلمێنن جەنابیان هەر لە هەوێنی دیکتاتۆرەکانی دیکە بەرهەمهاتووە.

جەنابی دەبلیۆ: مەبەستتان چییە؟

تومازی سەگانی: یەکێک لەو دوایین شتانەی جەنابی پرۆفیسۆر باسیان کرد، بۆی هەیە بە شێوەیەکی ورد و پڕبەپێست بۆ پێناسەکردنی سەردەمی منالّی و تافی لاویی دیکتاتۆری داهاتوو بەکاربێت، ئەویش ئەوەیە کەسێکی لەمجۆرە نەیتوانیوە لەگەڵ هیچ شتێک خۆی ڕێک بخات. هەڵبەت مەبەستم گیروگرفتی دەرەکیی لە چەشنی هەژاری و برسییەتی و ژینگەی نالەبار و هەرا و ناخۆشی نێومالّ و زەلیلی و نەخۆشی نییە. ئەو نووسەرانەی حالّوبالّی ژیانی دیکتاتۆر دەنووسنەوە دواتر باسی ئەم گیروگرفتانە دەکەن و تەنانەت بەسەر باشی و بەکەڵکبوونیاندا هەڵدەڵێن. بەڵام ئەمجۆرە گیروگرفتانە زۆر باوتر و ئاساییتر لەوەیە بیری لێ دەکەنەوە، و زۆربەی خەڵکی ئاسایی دەتوانن بەسەریاندا زاڵ بن یان خوویان پێ بگرن، کەچی لەبەرامبەر ئەوەدا، ئەو کەسەی لە داهاتوودا دەبێتە دیکتاتۆر، ناتوانێت خوو بە هیچ شتێک بگرێت.

هەندێ گیروگرفت هەن لە هەژاری و برسییەتیش پیسترن..

جەنابی دەبلیۆ: بەڵێ، زۆر شتی خراپتر لە هەژاری و برسییەتی هەنە.

تومازۆی سەگانی: وەک دەستکورتی و سووکوچرووکی و دڵەڕاوکە و خەم و خەفەت و سەرگەردانی، بەڵام هەر ئەوەندەی جاروبار شتێک بە خێرایی تیشک لە دڵی مرۆڤ بدات و مزگێنیی شتێکی چاوەڕواننەکراو

بدات، ئیتر بریـنـی سـەرلەبەری ئـەم نامرادییانـە سـاڕێژ دەبێتـەوە. لـەم حاڵەدا، مانگ و ساڵ بە هەزار بەدبـەختی و کـوێرەوەری و بێهـوودەیـی دێن و دەڕۆن، دۆست و ناسـیاو کـەری خۆیـان لـە قـوڕێ دێنـنە دەرێ، جێگای قوونیـان خـۆش دەکـەن و ماشـێن و مـاڵ دەکـڕن و ژن دێـنن و ناویان دەکەوێتە سەر زاران؛ دیکتاتۆری داهاتووش هەوڵی خۆی دەدات، بەڵام سەر ناکەوێت، لەبەر ئەوەی نەشیتوانیوە خۆی لەگەڵ هیچ کارێک ڕێک بخات، بۆ شان لەشاندان و خۆلەقەرەدانی هەر بارودۆخێکی سـەیـر و سـەمەرە ئامـادەیـە. شـەڕ یـان قـەیرانـی سیاسـی یـان ئـاژاوەی کۆمـەڵایـەتی، ئـەویش، وەک هـەزاران کەسـی وەک ئـەو، بـەرەو خۆیـان پـەلکێش دەکەن، وەک چۆن هەڵچوونی ئاوی زەریا چی پووش و پڵاشی کەنار هەیە رایدەماڵێ شەپۆلێکی بەرزتر لە شەپۆلەکانی دیکـە دەیبـەنـە تەشقی ئاسمان و دەیگەیەننە شوێنێکی هەڵبژاردە.

ئیتـر دیکتـاتۆر دەبێتـە پیـاوێکی دیکـە؛ دەبێتـە پێشـەوا، تەنانـەت خۆیشی ئەرخەیان دەبێت کـە هـەڵبـژاردەی خودایـە و خـوو بـە وەزیفـە تازەکەی دەگرێت.

پرۆفیسـۆر پیکـاپ: زۆربـەی ژیاننامـەکان ئـەو قسـەیـەی ئێـوە ڕەت دەکەنەوە.

تومازۆی سەگانی: هەر کەسێک لـە کارێکدا سـەرکەوێت، خـەڵکـانی دەوروبەری ئەفسانەی بـۆ هـەڵدەبەستن. بـۆ جیاکردنـەوەی ڕاسـتی لـە

ئەفسانە دەشێت لە تاوتوێکردنی ژیاننامەکان ورد بینەوە. هەروا کە دەزانن، تەنانەت ژمارەی ئەو موعجیزانەی دەیخەنە پاڵ مەسیح و موسا، سەدە لەدوای سەدە زیادی کردووە و جاری وایە بە چەند هەزار موعجیزە گەیشتووە. لەسەردەمی ئێمەش دا هەندێ لەو ژیاننامەنووسانە ئەم ویستەیان لە دڵ دایە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: لە یەکێک لە ژیاننامەکانی موسولینیدا، کە خۆی پێشکەشی کردم، نووسراوە، هەر لە منالّییەوە دەنگێکی غەیبی دەبیست کە دەیگوت: "ڕۆما، ڕۆما". کە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ هێرشکردنی فاشیستەکان بۆ سەر ڕۆما لە چەند ساڵی دواتر.

تومازۆی سەگانی: ئەمانە کۆمەڵێک ئەفسانەن موسولینی بە ئەوپەڕی ئارەزووەوە و بە کەیفی خۆی سازیان دەکات. بەڵام بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمەی بە تەواوی جیاوازە لەم ئەفسانانە. موسولینی دەڵێ: "بە منالّی، هیچ کات ئەو خۆشی و میهرەبانییەم بەخۆوە نەدیت کە هەندێ منالّ دەیبینن. هەر بۆیە، نابێ سەیر بێت ئەگەر دواتر، ئەو کاتەی لە قوتابخانەی سەرەتایی و کۆتایی بووم و تا ئەندازەیەکیش هەنووکە، لە ژیانی ئاساییمدا، درەنگ لەگەڵ ئەم و ئەو پێکدێم و زوو لێیان دەڕەنجێم و ئێسکقورس و کەم تا کورتێک سەرەڕۆ دەنوێنم. دەبێ ئەوەش بزانرێ کە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی من، هەر لەو پازدە ساڵەدا تێدەپەڕێ. کەسایەتیی من هەر لەو سەرو

بەندەدا بیچمی گرت؛ وا هەست دەکەم ئەو سەردەمە کاریگەرێتییەکی بەبڕشتی لە سەر من بووە. لەو قۆناغەدا بوو کە هەموو شتێک لە دەروونمدا دەقی گرت".

پرۆفیسۆر پیکاپ: بیستوومە موسولینی، ئەوکاتەی کرێکاری بیناسازی بووە، ماوەیەکیش لێرە، لە زوریخ، کاری کردووە.

تومازۆی سەگانی: هێشتاش هەندێ سۆسیالیستی ئیتاڵیایی لێرە هەن ئەویان لە بیرە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە موسولینی هەر بە ناو کرێکار بووە، دەنا هەر تاقە چەند ڕۆژێک بە کرێکارییەوە خەریک بووە؛ دوایی هەر زوو ئەم کارەی وەلانا و تەنیا بیرەوەریی ئەو چەند ڕۆژە ئەستەم و تاقەتپڕووکێنەی لە ناخیدا هێشتۆتەوە. هەر ئەوەندەی بەس بوو بۆ ئەوەی بە کرێکاری حسێب بکەن. ئەو کەسانەی ئەوکات دەیانناسی دەگێڕنەوە دەڵێن، موسولینی لە ڕێگای یارمەتییەکی کەمی گروپە سوسیالیستەکانەوە ژیانی دەگوزەراند.

پرۆفیسۆر پیکاپ: هیتلەر لە کتێبی "خەباتی من"دا نووسیویەتی، هەر لەسەردەمی منداڵییەوە لە دەمەتەقێکردنی لەگەڵ هاوڕێکانیدا، پەی بەمرخی ئاخاوتن و قسەبێژیی خۆی بردووە.

تومازۆی سەگانی: ئەو شتەی هیتلەر بە ناوی دەمەتەقێ باسی کردووە، ئەوەی ڕاستی بێت، کۆمەڵێک دەمەقڕە و شەڕ و کێشەی

توندوتیژ بووە کە جاروبار بۆتە هۆی ئەوەی لەو تەنیاییە هەمیشەییەی خۆی ڕزگاری بێت. ڕقهەڵگرتنی هیتلەر خەسڵەتێک بوو بە میرات بۆی بە جێ مابوو. باوکی پینەچێتی دەکرد، بەڵام ئەمەی بە کارێکی سووکوچرووک دەزانی. دوای ڕەنج و مەینەتییەکی زۆر توانی بەو شتە بگات ئاواتی دڵی هەر نەمساییەک بوو: کارمەندیی دەوڵەت، کارمەندێکی ژێردەستە و پلەنزم، بەڵام هەرچۆنێک بێت بوو بە کارمەندی دەوڵەت. باوکی هیتلەر دەیخوازی کوڕەکەشی بچێتە ژێر ڕکێفی کاری دەوڵەتی، بەڵام هیتلەر هەوای پلە و پایەیەکی باڵاتری لە کەللەدا بوو، و دەیویست ببێتە شێوەکار. شازدە ساڵان بوو کە دایک و باوکی لە دەست دان و زۆر پیس تووشی نەخۆشینی سیپەلاک هات، پاش ئەوەی لە تاقیکارییەکانی قوتابخانەی کۆتاییدا سەرنەکەوت، بێ ئەوەی دەست بداتە هیچ کارێک، بۆ دوو ساڵی ئاخری ژیانی دایکی، لای مایەوە و لە ماڵێدا لەگەڵی ژیا.

هەر وا کە هیتلەر خۆی دواتر باسی کردووە، باوکی بەر لەوەی بمرێت ئەوی بە گەنجێک دەزانی کە ئیتر لە ژیاندا شکستی خواردووە؛ هیتلەر کە مرخی شێوەکاربوونی تێدا نەبوو، لەو لاوەش خاوەن ئەو بڕوانامە خوێندکارییانە نەبوو بۆ بەشداریکردن لە تاقیگای چوونە زانکۆی ئەندازیاری پێویستی پێیان بوو. هەربۆیە بە ناچاری ڕوویکردە کاری گرافیک (هێڵکاری). هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هاوکارانی خۆی

نەبوو. خۆی باسی ئەوەی کردووە کە نانیشی بە تەنیا دەخوارد. نەیدەتوانی لەگەڵ شوێنی تازەی کارەکەی هەڵ بکا، و بیری لە چارەنووسی سووکوچرووکی خۆی دەکردەوە. لێیان گێڕایەوە لە سەندیکادا ناوی خۆی بنووسێت؛ گوێی پێ نەدا، چونکی نەیدەتوانی خۆی ڕازی بکات بەوەی مانگانە وەربگرێ. جا با ئێستا ئەڵمانیا جێ بهێڵین و سەرێک لە تورکیا هەڵێنین. جیاوازیی نێوان ڕێژەی پێشکەوتوویی ئەم دوو وڵاتە زۆر بەرچاوە و ئەم دوو ڕژێمە دیکتاتۆرییە بۆ ئەوە نابن بیانخەینە تای تەرازوویەک و پێکەوە هەڵیان سەنگێنین. بەڵام ئێستا ئەو شتەی باسی لێ دەکەین چۆنێتیی پەروەردەبوونی کەسایەتیی دیکتاتۆری داهاتووە. ئارمسترانگ (Armstrang) لە ژیاننامەی مستەفا کەمال-دا دەنووسێ و دەڵێ، دایک و باوکی کەمال، سەرەڕای زیرەکی و هەوڵ و هیممەتیان، هەژار و دەستکورت بوون؛ باوکی کارمەندێکی پلەخواروو بوو کە لە چەند سەعاتی بێکاریی خۆیدا بە هەندێ کاری جۆاروجۆرەوە سەرقاڵ دەبوو. ئەوکاتەی مرد، مستەفا کەمال تەنیا نۆ ساڵی تەمەن بوو؛ وای لێهات دایکی ڕووی کردە گوند و لەوێ نیشتەجێ بوون. مستەفا مێرمناڵێکی کەمدوو بوو، و لەگەڵ کەسیش نەدەسازا. لە بەرامبەر سەرکۆنە و تەمبێکردندا بەرهەڵستییەکی تووندوتیژ و تۆرە و تۆسنانەی هەبوو. دۆست و هەڤاڵی نەبوو. لەتەمەنی یازدە ساڵیدا بۆ خوێندن لە قوتابخانەی کۆتایی چوو

بـۆ ســالۆنیک. بــەهۆی ڕەفتــاری تونــدوتیژی هــەر زوو مامۆســتا و هاوڕۆڵەکانی ڕقیان لێ هــەڵگرت؛ تــا وای لێهــات لــە قوتابخانــە دەریــان کرد؛ مامێکی هانی دا لە زانکۆی ئەفسـەریدا نـاوی خـۆی تۆمـار بکـات؛ لەوێش ڕەفتـارێکی ناحـەز و ناشایستەی هـەبوو، بـەڵام وانـەکانی بـاش دەخوێنــد؛ گــەنجێکی لــە خۆبــایی لــێ دەرهــات و کــەس لەگــەڵــی نەدەحـەواوە؛ مستەفا لـە کەسـی قبـوولْ نـەدەکرد لـەوی باشـتر دەرس بخوێندایە؛ چاوی بەرایی نەدەدا ڕەقیبەکانی ببینـێ، هـەر بۆیـە، ئـازاری دەدان.

جـەنابی دەبلیـۆ: لـە کـاتی کودەتـای ئـەم دواییانـەی کووبـا، بـە ڕێبەرایـەتیی فولجێنسـیۆ باتیستایی بـەناوبانگ، بـە ڕێکـەوت لـەهاڤانا بووم؛ سەرم لە بەسەرهاتی ئەم ئەفسەرە سووڕما. گۆیا بە یازدە ساڵی بەردەسـتی بابایـەکی بەرگـدروو بـووە، پاشـان بـە نۆبـە پێشـخزمەتی قاوەخانــە و شــەمەندەفەر و شـۆفێری لۆکۆمۆتیــو کرێکـاری کێڵگــەی قامیشەڵان بووە. سەیری کـەن: چەنـدان سـاڵ ئـاواتی ئـەوە بـوو ببێتـە ســەرتاش و سەرتاشــخانەیــەکی لــە بــۆ خــۆی هــەبێت، کــەچی ســەرنەکەوتووە. لــەجیاتی ئــەوە توانیویــەتی لــە کووبــا دەســەڵات بەدەستەوە بگرێت. هەر بەمجۆرە گۆیا خوان وێسێنتێ گۆمێز (Juan vicente Gomez) ، ئـەو دیکتـاتۆرەی ڤێنـزوێئێلای لـە دەریـای

ترس‌و سامدا نوقم کردووە، تا تەمەنی سی ساڵیش شوانی بەر گاڕان بووە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: چاوەکەم، هەموو کەس دەزانێت لە ئەمریکای باشوور ئەگەری هەموو شتێک هەیە. بەڵام تۆ نابێ لە بیرت بچێتەوە، گەرچی ڕەگ و ڕیشەی تیرە و تایفە و باب و باپیرانت زۆر ئاشکرا نییە، هەرچۆنێک بێت هاوواڵاتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای.

تومازۆی سەگانی: کە وایە، باخۆمان بە هەندێ نموونەی زەقترەوە خەریک بکەین. ئەم نموونانە ئەوەندە زۆرن هەڵبژاردنیان خۆی دەبێتە گرفتێک؛ ئەوانەی کرامۆلیان بە گەنجی ناسیوە، بە گەنجێکی دەزانن کە "هیچ چەشنە تازەییەکی تێدا بەدی ناکرێت، و خاوەن هیچ کام لەو توانایی و دەسەڵاتانە نییە کە سەرنجی خەڵکانی تر ڕادەکێشێت و دەیانکات بە دۆست". لەو ساڵانەی لە لەندەن دەیخوێند، زیاتر وەک یاریزانی تۆپێن و بابایەکی گۆپاڵبەدەست ناوبانگی هەبوو تا تۆژەر و لێکۆڵەر. گەنجێکی شێتۆکە و تووڕە و شەرمن و لە هەمان کاتدا قین ئەستوور و توندوتیژ بووە و دوای دەستهەڵگرتنی لە خوێندن ماوەیەک تووشی ناهومێدی و قەیرانی دەروونی هات، و نەیدەتوانی ڕێگایەک بخاتە بەرپێی خۆی. ناپلیۆن بۆناپارتیش سەردەمێکی منالّیی ئارام و ئاسوودەی نەبوو. هەموو کەس دەزانێ دایکی بۆ گەورەکردن و بەخێوکردنی ئەو چەند منداڵە دەستەویەخەی چیها گیروگرفت بوو. لە

ژیاننامەی ناپلیۆندا باسی لێکراوە ئەو کاتەی لە ئوتن (Autun) و بریینە (Brienne) دەیخوێند، وەک زۆربەی خوێندکارەکانی دیکەی شارە بچووکەکان دووڕەپەڕێز و کەمدوو بوو. هاوپۆلەکانی، لەبەر ئەوەی خەڵکی کرس بوو و ڕواڵەتێکی نامۆ و سەیروسەمەرەی هەبوو فشە و گاڵتەیان پێدەکرد. لە گشت ئەو کتێبانەی لە سەر ناپلیۆن نووسراوە، کەسایەتیی ئەو لە ساڵانی بەر لە سەرکەوتنی، بەم شێوەیە باسی لێکراوە: "گەنجێکی لەخۆبایی و ناهومێد، خوازیاری شانوشکۆ، بێ ئەوەی گوێ بداتێ هیچ چەشنە ئەسڵێکی ئەخلاقی، و ئامادە بۆ هەر جۆرە فروفێڵێک بۆ سەرکەوتن، ڕەزاگران و ئێسکقورس بوو، و ڕازی دڵی نەدەدرکاند، هەربۆیە دایکی دەیگوت: "پیاوێکە میهرەبان، بەڵام کەس لە ڕیسوگوریسی ناگات." گەلێ بەرزەفڕ بوو، گەنجێتییەکی پڕ لە هەوراز و نشێو ژیا" و لە پێناوی گەڕان بە دوای سەرکەوتوویدا ئاوارەی چەندان وڵاتی ئەوروپا و ئەمریکا بوو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام خۆ ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە هیچەکە و پووچەکانە بۆ پێشەوابوون بەست بێت، زیاتر لە ژمارەی وڵاتان دیکتاتۆر دروست دەبن.

تومازۆی سەگانی: زۆر هەن خوازیاری دیکتاتۆرین، بەڵام خۆشبەختانە ژمارەی ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن کەمن.

6

خوازیاران زۆرن و هەڵبژاردراون کەم

تومارۆی سەگانی: لە "سیفری (کتێبی) داوەرانی" تەوراتدا بەشێک هەیە باسی کودەتای ئەبیملک دەکات، کە هەتیوە بیژوویەکی جدعون بوو، و بە یارمەتیی کۆمەڵێک خەڵکی ڕەش و ڕووت و بەڕەڵا، کە بەکرێی گرتبوون و چەکداری کردبوون، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بەوجۆرەی تەورات دەیگێڕێتەوە، ئەبیملک بە گەلەکۆمەکی هەر ئەم بەکرێگیراوانەی خۆی، حەفتا منالّی جدعونی، کە لە ژنە شەرعییەکانی لە دایک ببوون، یەک بە یەک" لەسەر تاقە گاشەبەردێک" سەر بڕی. هەر لەم بەشەدا، پاش گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە، هەقایەتێکی تێروتەسەل سەبارەت بە ڕیسالەتی سەرۆکی سیاسی گێڕدراوەتەوە؛ هەقایەتەکە دەڵێ، ڕۆژێک درەختەکان بڕیاری ئەوە دەدەن سەرۆکێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن؛ دەچنە لای درەختی زەیتوون و پێی دەڵێن: ببە بە سەرکردەی ئێمە. درەختی زەیتوون لە وەڵامدا دەڵێ: دەتانەوێ زۆرم لێبکەن لە سروشتی خۆم، کە دروستکردنی ڕۆنە و جێگای ڕێزی خەڵک و خواکانە، دەست هەڵبگرم و لێرە و لەوێ خۆم بنوێنم و

سەرۆکایەتیتان بکەم؟! درەختەکان کە ئەم وەڵامە دەبیسن دەچنە لای درەختی هەنجیر و پێی دەڵێن: وەرە پیاوەتی بکە و ببە بە سەرۆکمان.

هەنجیر لە جوابدا دەڵێت: دەتانەوێ زۆرم لێبکەن و بێم لە بەرمهەمهێنانی شیرنایی و میوەی باش دەست بشۆمەوە و ڕێگای ئاوارەیی کوێرەڕێیان بگرمە بەر و لە بەری بەیانییەوە تا شەو درەنگانێ سەرقاڵی سیاسەت بم؟! پاش ئەم قسانە درەختەکان دەچنە لای دارمێو و پێی دەڵێن: وەرە و تۆ و ویژدانت ببە بە ڕێبەرمان. دارمێو لە جوابیاندا دەڵێ: دەتانەوێ دەسبەرداری دروستکردنی تۆپ بم، کە ئاوەکەی سوکنایی گیانی خەڵک و خواکانە، و ببمە ڕێبەرتان بۆ ئەوەی تەنیا قسان بکەم؟! دواجار درەختەکان دەچنە لای چاڵووکێک و داوای لێدەکەن ببێتە سەرکردەیان. چاڵووک بێ لێخوردبوونەوە لە وەڵامیاندا دەڵێ، ئەگەر لە دڵەوە دەتانەوێ من ببمە پاشای ئێوە، وەرن لە ژێر سێبەری من کۆ ببنەوە، ئەگینا لێگەڕێن بڵێسەی ئاگری دڕووەکانم بتانسووتێنێ و بتانکاتە خۆڵەمێش. ئەم هەقایەتە بێگومان یەکێک لە تەوساویترین هەقایەتەکانی تەوراتە. چاڵووک ئەرکی سەرکردایەتیی درەختەکانی دیکە وەعۆدە دەگرێ، چونکی کارێکی لەمە باشتری لێ ناوەشێتەوە.

جەنابی دەبلیۆ: باشە کاکی برا، ئێوە پێتان وایە سەرکردایەتی کارێکی گرینگ نییە؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام هەموو تاجێک نابێتە تاجی دڕوو[10].

جەنابی دەبلیۆ: ئەگەر بشبێتە تاجی دڕوو، چ جیاوازییەکی دەبێت؟

تومازۆی سەگانی: بژیت جەنابی دەبلیۆ، جوابێکی زیرەکانەیە. سروشتی سیاسەتمەدارێکی ڕاستەقینە، لەچاو کەسێکی ئاسایی کە کۆمەڵێک خواست و بەرژەوەندیی جۆراوجۆری هەیە، لە سروشتی چاڵووک دەچێ کە پێدەچێت ڕووەکێکی بێ بەروبووم و بەغیل بێت. بەڵام لە ڕاستیدا ڕووەکێک کە هەر تەنیا لەگەڵ ئەوانی دی جیاوازە، ڕووەکێکە، بە زمانێکی تر، زیاتر لەوانی دی لەخۆیدا کۆ بۆتەوە. ئەو مرۆڤەی بە غەریزە و مرخێکی سیاسەتمەدارانەوە لە دایک دەبێت ناتوانێ خۆی لەگەڵ ژیانی ئاسایی ڕێک بخات و خووی پێوە بگرێ، هەر بۆیە، درەنگ و زوو ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە؛ هەروا کە زەمان تێدەپەڕێت بەرە بەرە گوێ ناداتە شتەکانی دیکە و ئامانجی ژیانی لە سەر تاقە یەک خاڵ، کە هەمان سیاسەتە، چەق دەبەستێ، و هەر ئەم پرسە دەبێتە تاقە سەرچاوەی خەم و خۆشییەکانی. ئەگەر سیاسەتمەدارانێک هەبن دەسەڵاتیان بۆ دابەزاندنی تیۆرییەکانی خۆیان، یان دەوڵەمەند بوون، یان دەستڕاگەیشتن بە ژنی جوان و ئەسپی ڕەسەن بوێت، یان هاندەری دیکەی لەم دەستەیان بێت، ئەوە سیاسەتمەدارانێکی سووکوچرووک و نائەسڵن؛ سیاسەتمەداری

[10] ئاماژەیە بەو تاجە لەدڕووچێکراوەی لە سەر سەری مەسیحی لە خاچدراویان دانا.

ڕاستەقینە دەسەڵاتی بۆ دەسەڵات خۆی دەوێت، ئەوپەڕی چێژ و لەزەت لە سەرکردایەتیدا دەبینێ. تیۆری و ڕیفۆرم و ئاشتی و شەڕ و پارە و ژن و ئەسپ تەنیا بە ئامرازی دەسەڵات یان پێداویستیی دەسەڵات لە قەڵەم دەدا، نەک بە پێچەوانە. دەتوانین لە خۆمان بپرسین باشە تۆ بڵێی ئەو پیاوانەی لە ساتەوەختی ئێستادا لە ڕۆما و بێرلین و مۆسکۆ حوکمڕانی دەکەن، بە ڕاستی کۆمەڵێک مرۆڤی سەیروسەمەرە بن؟ ئەوانەی بە گەنجی ئەمانیان ناسیوە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە، و ئەم قسەیەش بە ئاسانی جێگای باوەڕ و متمانەیە. ئەم ڕێبەرانە بە هیچ کلۆجێک مرۆڤێکی هەڵاوێردە نەبوون، بەڵام با هەر زوو ئەوە بڵێین مرۆڤێکی ئاساییش نەبوون؛ مرۆڤێکی ئاسایی خواست و ئارەزووی بێئەژماری هەیە: پێی خۆشە بخوات و بخواتەوە و جگەرە بکێشێ و ژنی هەبێت، لەماڵدا باڵندەی وەکو کەناری ڕابگرێ، کایەی تێنیس بکات، بۆ سەیری شانۆ بچێت، تەڕپۆش بێت، منداڵەکانی باش پەروەردە بکات، پوول کۆ بکاتەوە، پیشەی چاکی بێت و گەلێ شتی تریش. مرۆڤێکی ئاسایی بە هیچ کلۆجێک نابێتە مرۆڤێکی هەڵکەوتە، چونکی ناتوانێ دەسبەرداری تێکۆشان بۆ دامرکاندنی مەیل و خواستەکانی بێت. بەڵام ئەو کەسەی کەڵکەڵەی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی هەبێت، جگە لە دەسەڵات خۆی ئارەزووی هیچ شتێکی دی ناکات. دەسەڵات دەبێتە چارەنووسی ئەو، بیر و مێشکی داگیر دەکات و دەبێتە کاروبار

و مـاڵ و منـداڵ و خۆشـی و کـامەرانیی ئـەو. جـا لـە سـۆنگەی ئـەوەی هەرچی توانای جەستەیی لەم خاڵەدا کۆ دەبێتەوە، لـە چـاوی خـەڵکـی ئاساییدا، ئـەم مرۆڤـە مرۆڤێکـی سـەیروسـەمەرەیـە، و بـەمجۆرە بەسـەر مرۆڤەکانی دیکەدا مەزنایەتی دەکا، هەر بەو چەشنەی هەندێ مرۆڤی تر خۆیان تەواو بۆ خـوا تـەرخان دەکـەن و دەبنـە سـۆفی و هەنـدێکی تـر تەنیا بۆ پارە دەژین و دەبنە میلیۆنەر.

پرۆفیسۆر پیکاپ: جیاوازییەکە لەوەدایە ئەو شتە چی بێت. هەڵبەت مرۆڤ تێدەگات بۆچی سۆفی و میلیۆنەر و دیکتاتۆرەکـان لـە بـەرچاوی خـەڵکـی ئاسـایی کۆمـەڵێـک مرۆڤـی سـەیروسـەمەرە دەنـوێنن. ئەگـەر سەرلەبەری خەڵکـی ڕەشـۆکی شـێوە ژیـانی ئـەوان ڕەچـاو بکـەن، دنیـا دەبێتە شێتخانە. خۆپاراستنی خەڵکـی ڕەشـۆکی لـە ژیـانێکی لـەوجۆرە هـەر لـەو هەقایەتـەی تەوراتـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، و لـە زمـان درەختـی زەیتـوون و هـەنجیر و دارمێـوەوە دەردەبـڕدرێ کـە خۆخـەریککردن بـە سیاسـەتەوە قبـووڵ ناکـەن. سـەرنج بـدەن ئـەم درەختانـە نـاڵێن ڕێبەرایەتیکردنی ئەوانی تریان ناوێت، بەڵکو لە وەڵامدا دەڵـێن توانـایی ئـەو ڕێبەرایەتیکردنـەیـان نییـە، چـونکی لـە سایەسـەری بـەزەیـی و میهرەبانیی خواوە، سروشتیان وایان لێدەکا بـۆ ئـەوانی دیکـە کـەڵـک و سوودیان هەبێت و بە ژیانێکی ئاساییەوە سەرقاڵ بن، نەک ئەوەی لێرە

و لەوێ خۆ بنوێنن و چەنەدرێژی بکەن و پۆز بدەن و تڕیان بە تاق دەرنەچێت.

جەنابی دەبلیۆ: هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن هیتلەر و موسولینی بە واتای ڕاستەقینە و پزیشکیی وشە شێتن.

تومازۆی سەگانی: نازانم؛ زانیارییەکی ئەوتۆم لەمەڕ دەرونشیکاری نییە، بەڵام باش دەزانم سیاسەتمەدارانی سوسیالیست و دیموکرات کە لایەنگری ئەم تیۆرییەن چۆنی لێکدەدەنەوە، و باوەڕم وایە هەر ئەم لێکدانەوەیە پیشاندەری نەشارەزابوونیانە. بەر لەهەر شتێک، ئازایەتی و زاڵبوونی پێشەوایەکی فاشیست لە چاو نەیارانی، لەوە دایە ئەو تەنیا بە دوای دەسەڵاتەوەیە، تەنیا و تەنیا دەسەڵات، نەک شتێکی تر. ئەوەی ئەم پێشەوایە بە یارمەتیی سەرمایەدار یان کرێکار یان قەشە یان تەنانەت خودی شەیتان دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ کێشەیەکی لاوەکییە؛ کێشەی سەرەکی دەسەڵات خۆیەتی. ئەم شێوە ڕوانینە ڕەهایە بۆ کێشەی دەسەڵات ئیمتیازێکی بەکردەوەی شک هەڵنەگر دەخاتە بەر دەست دیکتاتۆر، کە نەیارانی لێی بێ بەرین: ئەوان زۆرجار بۆ ڕۆڵەکانیان باوکێکی باشن، تەنانەت هەڵدەکەوێت مرۆڤێکی بەئەدەب و حەیابەخۆ بن، "تیۆری" و "بەرنامە"یان بۆ خۆیان هەیە، باوەڕیان بە کۆمەڵێک "ئەسڵ و پرەنسیپ" هەیە، چاو لە هەندێ بەرژەوەندیی درێژخایەن دەبڕن، سەبارەت بە کارەکانیان دەشێت لە کۆنگرە و

کۆبوونەوەکاندا جواب بدەنەوە، و لە دەرەوەی هەرێمی سیاسەت هۆگرییان بە هەندێ بابەتی دیکەی لە جۆری ئەدەبیات و ڕاو و مۆسیقا و ڕاوەماسی و کایەی گۆلف و پیپ کێشان هەیە، هێشتا ئەمانە تەنیا ئەو سەرقاڵییانەن کە لەگۆڕارە وێنەدارەکاندا باسیان لێدەکرێت. دیکتاتۆری داهاتوو، بۆ ئەوەی بتوانێ یاسا و ئەسڵی تۆتالیتاریستیی "باڵا دەستێتی ڕەهای سیاسەت" بە سەر هەموو کۆمەڵدا داسەپێنێ، دەشێ خۆی نوێنگە و جیلوەی سیاسەت و قۆچی قوربانیی سیاسەت بێت. پوختەی قسەکەم ئەوەیە بۆ مرۆڤی دیکتاتۆر، سیاسەت پیشە نییە، بەڵکە شەهوەت و ئارەزوویەکی تاقانەیە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: شەهوەت و ئارەزووش زۆرجار تێکەڵ بە ڕەنج و مەینەتن، ئەمەتان لە بیر نەچێت، جەنابی دەبلیۆ.

تومازۆی سەگانی: یۆنانیانی قەدیم باش دەیانزانی لەخۆباییبوون لایەنی شەهوەتیشی تێدایە. لە کتێبی "کۆمار"ی ئەفلاتوون-دا، سوکرات لە خۆی دەپرسێ: ئایا هەر بەم هۆیەیە لە زەمانی زووەوە ئیرۆس بە "خێوێکی" لەخۆبایی ناودێر دەکەن؟ سادیسزمی تایبەت بە دیکتاتۆرەکانیش یەکێک لە بەرهەمەکانی ئاشکرای ئیرۆسە. لە بابەت شۆڕشی کرێکاری ناوچەی ئانکۆنا (Ancona) ی ساڵی 1914، موسولینی ئاوای نووسی و گوتی، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی "هەر بە ئەندازەی ئەو خۆشی و شادییە بەهەقەی هونەرمەند لە ئاست بەرهەمی

خۆی هەستی پێدەکات، تۆمار کردووە و نووسیوە. لەو سەروبەندەدا، موسولینی لە حیزبی سوسیالیستدا هەڵدەسووڕا و کاری دەکرد، بەڵام هەر ئەم شێوە دەربڕینەی پیشاندەری خواست و مەیلی فاشیستیی ئەوە. پیلسودسکی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە بابەت شەڕ، دان بەوە دادەنێت لە یەکەمین پێکدادانەکانی شەڕدا، گیانی تەژی لە هەستێکی پڕ لە تاووتین و شاعیرانە بووە، "هەستێکی وێکچوو لە هەستی یەکەمین دڵداری و یەکەمین ماچی تافی لاوی" تەنانەت لە کتێبی "خەباتی من" ی هیتلەردا، کە کتێبێکی بە پاستی خەمهێنەرە، بەشێکی تێدایە بەشێوەیەکی سەیر شادە، و باسی ئەو یەکەمین ڕێپێوانانە دەکات کە تێیدا پیاوانی نازی تا پادەی کوشتن لە نەیارانی خۆیان دەدەن.

دواجار پێم خۆشە باسێکی ئیستالین بکەم کە بە پێی عادەت پیاوێک بوو نهێنیی خۆی نەدەدرکاند و درەنگ لێی تێدەگەیشتی، بەڵام ئەویش جارێکی بە زمانێکی خۆمالّییانە بە کامێنێفی گوتبوو "لەوە بەتام و چێژتر هەر نییە مرۆڤ بە ئەوپەڕی وردەکارییەوە داوێک بۆ دوژمنە حیزبییەکەی بنێتەوە، داوێک کە ڕێگا بۆ دەربازبوون نەهێڵێتەوە، جا ئەوجار بڕوات و لاقی لێ درێژ بکات و وەحەسێت."

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە ڕای ئێوە هەر ئەوەندە بەستە مرۆڤ ئارەزووی شتێک بکات بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە خاوەنی؟ زۆر کەس دەناسم تەنیا بۆ پارە دەژین، بەڵام هیچ کامیان نەبوونەتە میلیۆنەر.

تومازۆی سەگانی: دیسان دەیڵێمەوە هەمیشە ژمارەی خوازیاران لە ژمارەی هەڵبژاردراوان زیاترە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: کە وایە، با زۆری و بۆریی خوازیاران وەلا بنێین و بچینە خزمەت دەستەی بچووکی هەڵبژاردراوان.

جەنابی دەبلیۆ: بەمجۆرە قەڵەمڕەوی تاریک و نووتەکی دەروونشیکاری جێ دەهێڵین و دەگەڕێینەوە بۆ لای سیاسەت. باشە جەنابی سەگانی، هەڵبژاردنەکە بە چ شێوەیەکە؟

تومازۆی سەگانی: ئەم هەڵبژاردنە کردەیەکی سادە و ساکار و کاتی نییە، بەڵکو ڕەوتێکی پێچەڵپێچی هەیە. ئەگەر بە ئەندازەی پێویست لێی ورد ببنەوە و وەڕز نەبن، ئەوە دەتوانین ڕەگەزە سەرەکییەکانی تاوتوێ بکەین و لێکیان بدەینەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بۆم هەیە من ڕای خۆم دەربڕم؟ بەڵێ، بەر لە هەر شتێک، پێویستە دیکتاتۆری داهاتوو باوەڕی بە خۆی هەبێت. شەوێکی ئاخرو ئۆخری پایيز، کاردینال فۆش (Cardinal foch) لە تەک ناپلیۆندا قسەی دەکرد و لەوە بەداخ بوو کە پاپی حەوتەم گیراوە و کەلەپچە کراوە. ناپلیۆن لێی پرسی، ئایا لەو ئاسمانە پڕ لە

هەورە شتێکی تازە دەکەوێتە بەرچاوت یان نا؛ کاردینال جوابی داوە، نا، و ئەوکات بوو ناپلیۆن پێی گوت: "قسەی خۆمان بی، من لە نێو دڵی ئەم ئاسمانەدا هەسارەی بەختی خۆم دەبینم." هانری دۆسێن سیمۆن، لە تەمەنی پازدە ساڵاندا، فەرمانی بە پێشخزمەتەکەی خۆی دابوو هەموو رۆژێک بەیانی لە خەوی هەستێنێ و پێی بێژێ: "جەنابی کۆنت، ڕابن، گەلێ کاری گرینگ هەیە دەشێت بیانکەن" دواتر، هەر ئەو نامەیەکی بۆ لویی هەژدەهەم هەنارد کە ئاوا دەسپێدەکا: "میری مەزن، تکایە گوێ ڕادێرن بۆ قسەی خوا کە لە زمان منەوە دەگوترێت".

تومازۆی سەگانی: بۆچی کۆنت سێن سیمۆن ئەرکێکی ئاوا سەیر و نامۆی خستبووە سەر شانی پێشخزمەتی خۆی؟ پێزانین بە هانە و ئەنگێزەی ئەو بێ کەڵک نییە. ئایا دەترسا ئەو کارانەی لە بیر بچێتەوە کە دەبوایە بە ڕۆژ بیانکات؟ نا، چونکی دەیتوانی سووکوسانا یادداشتێک لە پەنای تەختی خەوەکەی دابنێت، یان تەنانەت بە بنمیچی ژوورەکەیدا هەڵیواسێ تا ئەوکاتەی خەبەری دەبێتەوە لەپێش چاوی بێت. بەڵام ئەم کارانە کاریگەرێتییەکی ئەوتۆیان نەبوو. بوونی پێشخزمەت لەم کارەدا پێویست بوو، چونکی بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک نوێنەری کۆمەڵگا خۆی دەنواند. ترۆتسکی گوتوویەتی: "مەزنایەتی ڕێبەر لە زاتی خۆیدا کاربردێکی کۆمەڵایەتی هەیە." ڕەعیەت بۆ پاشا و پەیڕەو بۆ پێشەوا پێویستە. یۆنانیانی قەدیم بە دروستی

باوەڕیان بەوە بوو "دیکتاتۆر" ڕەعیەت بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو ئەوە ڕەعیەتەکانن کەسێک بە پلەی دیکتاتۆری دەگەیەنن. وەک چۆن لە هەندێ ڕواڵەتی ئاشکرای ژیاندا، شت دابینکەری حاڵەتە: "کرم ماسی دەگرێ، نەک ماسی کرم." دەکرێ بڵێین، دواجار، هەر میللەتێک شایانی ئەو حکومەتەیە کە هەیەتی. لە ڕاستیدا، ئایا هەرگیز بینیوتانە میللەتێکی جوامێر ماوەیەکی دوورودرێژ ملکەچی زوڵم و زۆر بێت، یان میللەتێکی بەستەزمان و دەستەمۆ ئازادی وەدەست بێنن؟ ئەفلاتوون بە ئەو کەسانەی خەڵک لە خشتە دەبەن و دەبنە هۆی تەشەنەسەندنی هەست و سۆزی خۆویستانەی لاوان دەڵێ "دیکتاتۆرساز"، و ئەو نەوەیەی دەبنە هۆی پەرەئەستاندنی ئاژاوەی ئەخلاقی و سیاسی و سەرهەڵدانی کودەتا بە "نەوەی دیکتاتۆری" ناودێر دەکات.

جەنابی دەبلیۆ: ئەگەر ئەم گشتە ئاوەڵناوانەتان بە کار نەهێنابا لێکدانەوەکانتان ڕوونتر دەبوو.

تومازۆی سەگانی: ئەگەر دژایەتییەکتان لە گەڵ کاکڵی کێشەکە نییە، بۆچی بە وردەکارییەکانی تێکدەچن؟ ئەمەتان لە بیر نەچێت ئەم باسە تەواو بە قازانجی ئێوەیە.

دەتوانێ لە چنگ دواین پاشماوەکانی کۆمەڵێک عاتیفە و سۆزی زیادی و بێکەڵک ڕزگارتان بکات. هەر لەو ساتەوەختەی ناسنامەی پێشەوا لەگەڵ ناسنامەی کۆمەڵانی خەڵک یەکدەگرێت و دەبێتە یەک

ناسنامە، وزە و توانایی دیکتاتۆر بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر زیاد دەکات. ئەم هاوناسنامەییە ڕێک هەر ئەو ڕەوتی هەڵبژاردنەیە کە هەڵبژاردراوان لە قەرەباڵغیی خوازیارانی دیکتاتۆری جیا دەکاتەوە. دیکتاتۆر لە دەروازەی ئەم ڕەوتەوە بە کەسایەتییەکی تەواو گۆڕاوەوە دێتە دەرێ. تایبەتمەندییە شەخسییەکانی خۆی دەدۆڕێنێ و ئەو تایبەتمەندییانە وەخۆ دەگرێ میلیۆنەها هاوواڵاتی خەونیان پێوە دەدیت. دیکتاتۆر، بە واتای ڕاستەقینەی وشە، دەبێتە دەرکەوتە و جیلوەی نیازێکی خۆڕاگریهەڵنەگری هەمەکەسی. لە شارستانییەتی بەکۆمەڵی ئیمڕۆییدا، سەرجەمی ئیمکاناتی تەکنیکی بۆ پێداهەڵگوتن و پەرستنی دیکتاتۆر دەکەونە گەڕ؛ ئەو هاوواڵاتییە دەگمەنانەی تەسلیمی ئەم لەسەرخۆچوونە هەمەلایەنەیە نابن و دیکتاتۆر بە سەپانیش ناگرن و هەوڵ دەدەن لەسەر "ڕەفتارو ئاکار"ی ئەو قسە بکەن و پێشینەکەی و لاوازی و بێئیرادەیی سەروبەندی گەنجێتییەکەی و نەزانی و چەپەڵی و نەتوانینی بۆ خووگرتن بە ژیانێکی ئاساییەوە وەبیر خەڵک بێننەوە، ئاسنی سارد دەکوتن و زەحمەتی لەخۆڕا دەکێشن، چونکی، بۆ وێنە، پێشەوای فاشیستی ئیتاڵیا، بەوشێوەیەی ئیمڕۆ لە خەیاڵی زۆربەی خەڵکی ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکە دایە، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە جەنابی "بنیتۆ"ی بەر لە شەڕ نییە. ڕاستە ئەو جەنابە بەردی بناغەی یەکەمین گرووپەکانی فاشیستیی دانا، بەڵام ئەوە بزوتنەوەی فاشیزم بوو کە

دواتر "پێشەوا"ی هێنایە مەیدانەوە و کۆمەڵێک خەسڵەتی باش و خراپ و ئامانجەکانی "من"ی ئایدیالی ملیۆنەها ئیتاڵی، لەودا، کە پیاوێکی کەموزۆر هیچوپووچ بوو، خستەڕوو؛ ئەو کەسەی لە دەمەتەقەی خۆیدا لەگەڵ ئیتاڵییەک ڕەخنە لە دیکتاتۆر دەگرێ، یان تێدەکۆشێ "واقیعبینانە" سەبارەت بە کەسایەتیی شەخسی و ڕەفتاری ئەو بدوێت لەو کەسە دەچێت لە کلێسادا بە ژنێکی تووندئاژۆی مەزهەبی بڵێ: "خۆشکی بەڕێز، ئەرێ تۆ دەزانی ئەم پەیکەرەیەی سێنت ئانتۆنیۆ کە وا بۆی بە چۆکدا هاتووی، پەیکەرەیەکی کارتۆنی و بازاڕییە و هیچ چەشنە بەهایەکی هونەری لە خۆیدا هەڵنەگرتووە؟" ئەو خوشکە بەڕێزە چاوی ئەو بابایە دەردێنێ قسەی لەمجۆرە بکات. ڕەخنەگرتن لە پێشەوا، لە بەردەم ئەو کەسەی باوەڕی بە پێشەوایە،بە واتای هێرشکردنە سەر لایەنێک لە کەسایەتی خودی ئەو کەسەیە کە باڵای کردووە و گەیشتۆتە چڵەپۆپەی خۆی و ئەو کەسە بە پشتبەستن بەو لایەنەی، لە هەمبەر گیروگرفتەکانی ژیانی سوکوچرووکی خۆی دان بە جەرگیدا دەنێ و سەبری پێی دێت. جا هەر ئەم پەیوەندییە فیزیک و شانبەشانی نێوان ناسنامەی پێشەوا و ناسنامەی کۆمەڵانی خەڵکە یەکێتی و یەکپارچەیی ڕێکخراوەیی حیزبەکانی دیکتاتۆری بەدی دێنێ. کێ گونی پێدەچێت ئەگەر ئاخافتن و ئاکاری ئیمڕۆی پێشەوا، لەگەڵ ئاخافتن و ئاکاری دوێنێی ناخوێنێتەوە و هەنووکە حوکمی کوشتوبڕی

خەڵکی بێتاوان دەربکات؟ پتەوترین پردی پەیوەندی کە پێشەوا بە کۆمەڵانی لایەنگر و هەواداری خۆی ببەستێتەوە پەیوەندیی ئایدیالۆجیکی یاخود ئەخلاقی یان بەرنامەیی نییە. مرۆڤێکی فاشیست یان کۆمۆنیست بیر دەکاتەوە و دەڵێ: "کاتێک سەرۆکی من کارێکی تایبەت دەکات، حەتمەن دەلیلێکی بۆ خۆی بەدەستەوەیە". جا لە سۆنگەی ئەوەی مرۆڤێکی لەمجۆرە تەواو لەم ڕاستییە دڵنیایە کە هۆی سەرنەکەوتنی خۆی لە ژیاندا ئەوە بووە زیاد لە ئەندازە خۆی پاراستووە و ئەوەندەی پێویستە زیرەک و زۆرزان نەبووە، لەوەیکە سەرۆکێکی ئەوەندە ژیر و بەدەسەڵاتە و دەتوانێ بە باشی نەیارانی خۆی تەفروتونا بکات، هەست بە سەربەرزی و لەخۆباییبوونیش دەکات. ڕاز و نهێنیی زاڵبوونی پێشەوایەکی فاشیست لە چاو سیاسەتمەدارانی دیموکرات هەر لەم شتەدا شاردراوەتەوە، چونکی ئەم سیاسەتمەدارانە زۆرجار تەنیا هەر چوار ساڵ و پێنج ساڵ جارێک، لە کاتی هەڵبژاردندا، سۆراغی ئەو کەسانە دەگرن وا بڕیارە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، جا هەر بۆیە لە بەر چاوی ئەوان مرۆڤێکی نامۆ و نەناسیاو دەنوێنن.

جەنابی دەبلیۆ: ئیمڕۆ بەیانی لە شەقامێک، هەر بۆ تاقیکردنەوە، داوامان لە چەند کەس کرد ناوی سەرۆکی ئێستای کۆنفدراسیۆنی سویسرا _ مان پێبڵێن؛ تەنیا دوو کەس توانیان جوابێکی شیاو بدەنەوە؛ لەو دوانەش تاقە یەکیان وەڵامی دروستی داوە، چونکی

کەسەکەی تر سەرۆکی سالّی ڕابردووی بە سەرۆکی ئێستا دانابوو. شێوەی وەلّامدانەوەی ئەوانی دیکە جۆرێک بوو دەتگوت سەبارەت بە مەسەلەیەکی زۆر ئەستەم و گران پرسیاریان لێدەکەیت. چ ولّاتێکی سەیرە!

تومازی سەگانی: بەلّام دەبێ بزانن سیاسەتمەدارانی ئێرەش بە قەد سیاسەتمەدارانی ولّاتانی دیکە سەگن و لە ڕێگای ڕۆپاگەندەی بەجێ یەکێک لەوانیش بۆی هەیە دەستی بە پلە و پایەی نیمچەخودایی ڕابگات. بەلّام هەنووکە کەس پێویستی بەم شتانە نییە، کاروباری هەموان باشە، بێلایەنبوونی ولّات بە قازانجی هەموانە، پەیوەندیی نێوان دەولّەت و میللەت دۆستانە و لەدلّەوەیە. لە نێوان ولّات و میللەتە جۆراوجۆرەکانی سویسرادا، کە هەرکام زمان و مەزهەبی جیاوازیان هەیە، ڕێکوپێکی و هەماهەنگی بەدی دەکرێت. هەر بەم هۆیە لە سویسرا، پرسی ڕێککەوتنی ناسنامەی کۆمەلّایەتیی کۆمەلّانی خەلّک لەگەلّ ڕێبەرانی سیاسی هێشتا لە قۆناغی "فرەخودایی" دایە.

7

سەبارەت بەحیزبی ئەو بابایەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر

جەنابی دەبلیۆ: لە ڕۆما چاومان بە تاقمێکی زۆر لە خزم و کەسوکارەکانی حیزبی دەسەڵاتدار کەوت: ئەو مامۆستایانەی زانکۆ کە وەک مەلەوانەکان جل دەپۆشن، ئەو ژەنەڕاڵانەی وەک ماسیی پووڵەکەدار سینگیان بە میدالیای شەڕەف و نیشانی شانازی داپۆشرابوو، ئەو قەشانەی بۆنی عوودیان دەدا، و ئەو خانمە دەرەبەگانەی بۆنی نەفتالینیان پیاوی قڕ دەکرد. لە هەموو شوێنێک بە داوای لێبوردن و گاڵتەوگەپەوە بەرەو پیرمان دەهاتن، وەک بڵێی ئێمە دوو پیاوی سوور پێست بین. ئەوانەش وا گەورەیی خۆیان دەنواند و بۆ قاوەخانە یان ڕێستۆرانتێک لێیان دەگێڕاینەوە، هەموو جارێک لەگەڵ پوور و خاڵ و مام و منداڵیان دەهاتن و هەمیشەش ئەو شانازییەیان بە نەسیب دەکردین پارەی خواردنەکە ئێمە خۆمان بیدەین، بەڵام ئەو شتەی ئێستا دەمەوێ باسی بکەم ئەمە نییە، بەڵکو ئەو ڕاستییەیە کە پەیڕەوانی من لە ئەمەریکا کۆمەڵێک کەسن لە جۆرێکی دیکە. کە وایە،

چۆن دەکرێ کێشەی ئێمەش هەر بەم شێوەیە بیهێنیتە گۆڕێ و باسی لێبکەیت؟

تومازێی سەگانی: بۆچی ئەوەندە بەپەلەی؟ دوای ئەوەی دەسەڵاتتان بە دەستەوە گرت سەرلەبەری ئەم شاعیر و قەشە و ژەنەرالّ و خانمە دەرەبەگ و جەنگاوەرانە ڕوو لە ئێوە دەکەن. هەندێ نموونەی کەم و هەڵاوێردە وەلا نێن، زۆرینە وەک قاڵاو بۆ لای کەلاک، یان ئەگەر پێتان باشترە بڵێم، وەک مشک بۆ لای سەلکە پەنیر، بۆ لای دەسەڵات دەچن.

هەر ئەمانە کە لە ڕژێمێکی دیموکراتدا دیموکراتن، دیارە لە ڕژێمێکی فاشیستدا دەبنە فاشیست و لە ژێر سێبەری ئاڵای داس و چەکوش کۆمۆنیستیان لێ دەردێت. لەوانەیە سەرت لە ڕەفتاری قەشەکان سووڕ بمێنێت، بەڵام دەشێ بزانن پێش مەسیحییەتیش بە ئێمەیان گوتبوو خێوان هەمیشە سەرکەوتووەکانیان خۆش دەوێت. کڵێسا دواتر مۆری ڕەوابوونی بە نێوچاوانی ئەم بۆچوونەوە لکاند و گوتی حوکمڕانی لە خواوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام با بچینە سەر خانمەکان؛ هەموو دەزانین ڤێنووسی قەشەنگ و نەرمونۆڵ هەمیشە مەیلێکی تایبەتی بۆ مارس، بۆ دەسەڵات، هەبووە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: لەم بابەتەشدا لەگەڵتام. بەڵام جەنابی دەبلیۆ، ئەو جۆرەی پێویستە، هۆی گومان و دڕدۆنگیی خۆی دەرنەبڕی.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو نەک هەر هیچ کام لەو چین و توێژانەی باسی کردن، کە هەمیشە پەیڕەوی دەسەڵاتدارانن، بە دوای خۆیدا ڕانەکێشاوە، بەڵکو خودان هیچ بنکە و ڕێکخراوەیەکیش نییە بکرێت لەگەڵ حیزبی فاشیست و حیزبی نازی بەر لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەراورد بکرێن. هەڵبەت مانگەومانگ ژمارەی پەیڕەوانی زیاد دەکات و زۆر کەس هەن بە "سەرۆکی دواڕۆژ" و "دیکتاتۆری داهاتووی ئەمریکا" ناوی دێنن، بەڵام خودان حیزبێکی ڕاستەقینە نییە، حیزبێک کە لە ئەدەبیاتی فاشیستیدا، لە ڕوانگەی جیاوازی و فەرقی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە، لە ژێر سەردێڕی "کۆگایەک هەست و ویست، وەک گاشەبەردێکی ڕەق". یان "سوپایەکی پۆڵایین لە ڕێگای گیانبازیدا" و وەک "جەستە و ڕۆحێکی تاقانە بە دەستوری پێشەوا" باسی لێدەکرێت.

تومارزۆی سەگانی: ئەوە ئێستا تێگەیشتم بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە چۆنێتیی سەرهەڵدان و گۆڕانکاریی حیزبێکی فاشیست بۆچوونێکی هەڵەیە. بۆ نموونە، ئەگەر ڕاسان و ڕۆچوونی شێوەی ناوەوەی حیزبی فاشیستی ئیتاڵیا لێکبدەنەوە، بە ئاشکرایی پەی بەم ڕاستییە دەبەن ئەم شێوەیە، لە هەر کام لە قۆناغەکانی پڕ لە هەوراز و نشێوی گۆڕانکاریی سیاسیی ئەو حیزبە، گۆڕدراوە. یەکەمین گروپەکانی فاشیستی کە ساڵی 1919، لە شارە گەورەکانی ئیتاڵیا پێکهاتن، کەموزۆر بە شێوەیەکی پەرژینکراو لە خوازیارانی جارانی شەڕ و

ئەفسەرانی خزمەتتەواو کراو و سەقەت و ئیفلیجەکان و سەربازانی سەر بە یەکەی تایبەتی شەڕ و خوێندکاران پێکهاتبوو. ساڵی 1920، بەپشتیوانی زەویندارانی گەورە و بە تێکەڵبوونی جوتیارانی وردەمالیک بە بزووتنەوەی فاشیست، ئەم بزووتنەوەیە لە گوندەکانیش تەشەنەی سەند.

ئەم دەستە و تاقمانەی دوایی، کە بە درێژایی ڕۆژانی جەنگ سەروەت و سامانێکی زۆریان پێکەوە نابوو، خواستە پیشەییەکانی کرێکارانی ڕۆژکار و کرێگرتەی کەشاوەرزیان وەک هەڕەشەیەک لە سەروەتی خۆیان چاو لێدەکرد، و بۆ بەربەرەکانیکردنی ئەم هەڕەشەیە تێکەڵ بە بزووتنەوەکە بوون. لەم سەروبەندەدا بوو دانونتزیۆ[11] فاشیزمی بە "کۆیلە داریی وەرزێری" ناودێر کرد، بەڵام لە ساڵانی 1921-1922دا، پاش تێکشکانی سوسیالیستەکان لە داگیرکردنی کارخانەکاندا، شارەکانیش یەک لە دوای یەک کەوتنە دەست فاشیزمەوە.

ئەگەرچی تاقمێکی کەم لە کرێکارانیش باوەشیان بەم بزووتنەوەیەدا کرد، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی ڕوویان لەم بزوتنەوەیە دەکرد وردەبازرگان و پیشەوەر و سەنعەتکار و وەستاکار و بێکار و کۆچەری بی کاسپی و پیشە بوون. ساڵی 1923، پاش ڕێپێوان بەرەو ڕۆما و

[11] گابریلێ دانونتزیۆ، شاعیر و نووسەری ئیتاڵی و یەک لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی لایەنگری بزاڤی فاشیزم.

داگیرکردنی ئەم شارە، کۆمەڵێکی زۆری کارمەندی حکومی و کرێکار و وەستاکارانی کۆمپانیا گەورەکانی سەر بە حکومەت، سیاسەتبازانی شارستانی و ئەندامانی حیزبە بورژواییەکانی تێکشکاو، گورج ڕوویان کردە حیزبی فاشیست. دواجار، ساڵی 1925، بە قسەی موسولینی خۆی، حیزبی فاشیست لە تەوقی سەریەوە تا بەری پێی سەرلەنوێ دایانڕشتەوە. ئەم داڕشتنەوەیە بە هۆی ناڕەزایەتی گروپەکانی حیزبی لە مەڕ سیاسەتی ئابووری و داراییی حکومەت، و هەروا لە سۆنگەی ناڕەزایەتیی زۆربەی فاشیستەکان لە بابەت کێشەی قەیرانی ماتێئۆتی[12] بووە. کە وایە، لە ساڵی 1919 - وە هەتا 1925، واتە لە ماوەی پێنج ساڵدا، شێوەی کۆمەڵایەتیی حیزبی فاشیستی ئیتاڵیا پێنج جار تووشی گۆڕانکاریی بنەڕەتی هات.

ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر حیزبی "ناسیونال سۆسیالیستی ئەڵمانیا" (واتە حیزبی نازی) بەر لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا هات لەمەش بەپێچوپەناتر و قەیراناویتر و بەربڵاوتر بوو. یەکەمینی ئەو ناوەندانەی لە سەرەتای ساڵی 1919 تا نێوەڕاستی ساڵی 1921، لە بەرگی "حیزبی کرێکاری ئەڵمانیا" لە مونیخ و حیزبی کۆمەڵایەتیی ئەڵمانیا" لە نۆرێنبرگ بەدی هاتن، زیاتر پێکهاتبوون لە ئەفسەرانی

[12] Giacomo Matteoi ، نوێنەری حیزبی سۆسیالیست لەپەرلەمانی ئیتاڵیا، کە پاش ئەوەی دژی شێوەکانی ڕەشەکوژی بە دەستی گرووپە فاشیستییەکان دەنگی هەڵبڕی لەلایەن ئەوانەوە کوژرا (ساڵی ١٩٢٥) و ئەو ڕووداوە زەبرێکی کوشندە بوو لە بزووتنەوەی ڕووەهەڵکشانی موسولینی.

یەکەکانی ئازاد و ڕۆژنامەوانان و پزیشکان و بازرگانانی تێکشکاو و کارمەندان و خوێندکاران و چەند کەسێکی کرێکاری دژی ڕێکخراوەکانی کرێکاری. ئەنجومەنەکانی جودابیخوازی ویلایەتی باڤاریا لەو سەردەمانەدا بە گروپی زۆرینە دەهاتنە ئەژمار و لە سۆنگەی دەستڕۆیشتویی سەرنجڕاکێشی ئەوان، حیزبی نازی بوو بە حیزبی چینەکانی نێونجی و ناڕازیی شاری. تەنانەت پاش ئەوەی هیتلەر، لە دواڕۆژانی مانگی جونی 1921، ئەندامانی بناغەدانەری حیزبی پاڵاوت و خۆی کردە ڕێبەری حیزب، باوردۆخی حیزب هەروەک جاران بوو. حیزبی نازی لە ساڵەکانی 1921و 1923 ئەندامانێکی زیاتری، تەنانەت لەچاو شارەکانی دەرەوەی ویلایەتی باڤاریا، بەرەو خۆی پەلکێش کرد، بەڵام تا سەروبەندی کودەتای نوامبری 1923 کە زۆر بە زەلیلی و داماوی شکستی خوارد، تاکتیکی دژی پەرلەمانی و هەر وەتر خۆدوورخستنەوەی حیزبی نازی لە پێکدادانە تازەکان، ئەم ئەگەرەی بۆ هێنایە ئاراوە کە بۆ ماوەیەک هەوساری ڕێبەرایەتیی چینی جووتیار بەدەستەوە بگرێت. ئەم چینانە، کە لە سایەسەری گرانی و قاتوقڕی ئەو سەروبەندەدا قازانجێکی زۆریان دەکرد، لە دەس ئەو حیزبە موحافیزەکارانەی کە دواییان بە قاتوقڕی هێنا ناڕازی بوون.

لە باکووری ئەڵمانیا، کە لەوێ ڕاگەیاندرابوو حیزبی نازی حیزبێکی نایاساییە، "حیزبی سەر بەخەڵکی ئەڵمانیا" قوت بۆوە کە بەشێکی

هەرەزۆری ئەندامانی لە چەکدارانی حکومی و زەویندارن پێکدەهاتن، زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی ئەم حیزبە دواتر ڕاستەوخۆ چوونە ناو ڕیزەکانی حیزبی نازییەوە. ئاخروئۆخری 1924، لە کاتێکدا هیتلەر بەهۆی کودەتای تێکشکاو و بێدەسکەوتی ساڵی 1923 کەوتبووە بەندیخانەوە، حیزبی نازی قەیرانێکی سەختی بە تووشەوە بوو، بە جۆرێک لە ئاکامدا بە سەر دوو دەستەدا دابەشبوو، و بەشێکی سەرەکیی لایەنگرانی خۆی لە کیس چوو. باشتر بوونی حاڵوباڵی ئابووری ساڵی دوایی، کە لە سایەسەری قەرزپێدانی ئەمریکییەکان بە ئەڵمانیا گەیشتە ئەوپەڕی باشیی خۆی، کۆتایی بە نفوز و دەستڕۆیشتوویی نازییەکان لە ناوچە گوندنشینەکان هێنا. لەساڵی 1925 تا 1929 هیتلەر ناچار بوو حیزبی خۆی لەسەر چەند بنەمایەکی تازە دامەزرێنێ، و لەم پێناوەدا هەر هەلێکی بۆ هەڵکەوتبا دەیقۆستەوە، و لەگەڵ هەر دەستەودایرەیەکی دەستی یارمەتی ئەویان گوشیبا ڕێک دەکەوت: لە ویلایەتی "ڕێنانی" لەگەڵ پەیڕەوانی گریگۆر ئیشتراسێر (Gregor Strasser) و گوبلز، کە زۆرتر لە وردە پیشەوەری تێکشکاو و هەروەتر کۆمەڵێکی زۆری کرێکارانی بێکار پێکدەهاتن، لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، لەگەڵ دەستەیەکی زۆر لە ئەندامانی پێشووی حیزبەکانی سوسیال دیموکرات و کۆمۆنیست کە ئۆتۆئیشتراسێر (Oatto stra sser) ڕێبەرایەتی دەکردن، لەگەڵ

کۆمەڵێک کارمەندی حکوومی کە کەوتبوونە دوای قووونی ناسیونالیستێکی ئەڵمانی و سەرۆکی ئەنجومەنێکی کارمەندی بە ناوی ئیشتۆهر (stoehr) لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی گوندنشینی بێکار و لەگەڵ تاقمێک زەویندارى ویلایەتی "پۆمڕانی" و ویلایەتەکانی تر، دواجار لەهەر شارێکی زانکۆی لێ بوو، لەگەڵ هەندێ خوێندکاری چالاک و ماندوویینەناس کە دڵنیا بوون زانکۆ تەواوکردنیان بە واتای بێکاربوونیانە. لە کاتی دەسپێکردنی قەیرانی گەورەی ساڵی 1929، حیزبی نازی خاوەنی کۆمەڵێک پێگە و بنکەی قایم و پتەو ببوو کە دەرفەتی بەرفراوانکردنی بێسنووری حیزبی لە ساڵانی دواییدا بۆ دەڕەخساند. وردەپیشەوەری شاری، کە بە جارێک تێکشکا بوون، زۆر زوو بوون بە بڕبڕەی پشتی حیزبی نازی و لە کەنار ئەوان، کۆمەڵێکی فراوان لە کارمەندان و ئەو کەسانەی پیشەی هەمەجۆریان هەبوو، کە لەو ساڵانەدا ژمارەیان بێئەندازە زۆر ببوو، هاتنە ناو ڕیزی حیزبەوە؛ ساڵی 1930، حیزبی نازی توانی ڕێبەرایەتی بزوتنەوەی جووتیاری لە چەند ناوچە و بە تایبەت لە باکووری ئەڵمانیا، بەدەستەوە بگرێت و کارێکی کرد هەستی بەرپاکردنی شۆڕش، کە ساڵانێک بوو لە ناوچە گوندنشینەکاندا کەفوکوڵی دانەدەمرکا، وروژاند و گەیاندییە ئەوپەڕی خۆی، لە بەرامبەر ئەمانە، نفووز و دەستڕۆیشتوویی حیزبی نازی لە نێو پرۆلیتاریای پیشەیی بە تونڈی کەوتبووە مەترسییەوە و، حیزبی

کۆمۆنیست چالاکانە ڕووبەڕووی دەبۆوە. لە ساڵانی 1929، 1930، حیزبی نازی هەندێ سەرکەوتنی حاشاهەڵنەگری لە نێو کرێکارانی ویلایەتەکانی ساکسۆنی و تورینگ (Turing) و مێکلێنبێرگ (Mecklenberg) و بادێن (Baden) وەدەست هێنا، ئەگەرچی وێدەچوو لە پێشبڕکێی نێوان دوو حیزبی خەڵکخەڵەتێن بۆ سەرنجڕاکێشانی کرێکارانی بێکاری بێرلین بۆ لای خۆیان، حیزبی نازی هەندێک سەرکەوتووە، بەڵام سەرهەڵدانی کێشە و دەمەقڕەی نێوان ئۆتۆئیشتراسێر و هیتلەر لە مانگی ژوئێنی 1930 بەشێک لەم سەرکەوتنەی پووچەڵ کردەوە.

ئەوکات وێدەچوو بەرنامەی زێدەڕەوانەی ئیشتراسێر بۆتە قوربانیی ئەو بەڵێنانەی هیتلەر بە سەرمایەدارانی گەورەی پیشەیی دابوو. سەرەڕای ئەمانە، داوەشاوی و نەبوونی ڕۆحییەتی شۆڕشگێڕانەی رێبەری حیزبی نەیار، کە چاوی لە دەستی مۆسکۆ بوو،یارمەتیی هیتلەری دا، و ئەندامانی حیزبی کرێکاری یەک لەپاش یەک بەرەو حیزبی نازی راکێشا.

ئەم ئەندامانە، کە لە وەدیهاتنی شۆڕشی سوسیالیستی هیوابڕاو ببوون، ئامادە بوون لە پێناوی هەر شتێکی بتوانێ جێگای ئەم شۆڕشە بگرێتەوە خەبات بکەن، و هەر ئەم خەباتەیان دەویست. بەڵام باس لەم بارەیەوە با جارێ بەست بێت. هیوادارم قەناعەتم پێ هێنابێتن

دەستەواژەی لە جۆری "گاشەبەردی ڕەق" و "سوپای پۆڵایین" کە بۆ پێداهەڵگوتن و ستایشی حیزبی فاشیست زۆرجار کەڵکیان لێ وەردەگرن، بە هیچ کلۆجێک لەگەڵ ڕاستی و واقیع یەکتر ناخوێننەوە. بەڵام، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر باسەکەی جەنابی دەبلیۆ، دەشێ بڵێم هێشتا تێنەگەیشتووم لایەنگرانی جەنابیان سەر بەکام تۆیژ و چینن؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە کورتی، و بێ ئەوەی ویستبێتم قسەیەکی ڕەقوتەق و ناخۆشم دەرهەق بە جەنابی دەبلیۆ گوتبێت، دەشێ بڵێم لایەنگرانی ئەو، ئەو کەسانە نین شایانی باسکردن بن و زۆربەیان پێشینەیەکی باشیان نییە. جگە لە چەند چەکداری حکوومی، کە تاقمێک هاوالّی سەردەمی شەڕی ئەوروپای ئەون، و جگە لە هەندێ خوێندکاری هەژاری تاکوتەرا، زۆربەی ئەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکانی ئەو دا دیتوومن بریتین لە ناڕازییانی چینە جۆراوجۆرەکان، پیشەگەرانی تێکشکاو، کرێکارانی بێکار، کۆمەڵێک ژنی بێکەسوکار کە کەموزۆر فێ دەیانگرێ و ئەو جوتیارانەی باج و قەرزداری گیرفانی ڕووتاندوونەتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، جاری وا هەیە پێموایە ئەم کۆبوونەوانە زیاتر لە مەجلیسی خوتبە و مەوعیزە دەچێت؛ تکایە سەرنجم پێ بدەن ئەو شتەی بۆتە هۆی دڵەڕاوکەی من، بارودۆخی بێبەها و هەرەخواروی کۆمەڵایەتیی زۆرینەی لایەنگرانی جەنابی دەبلیۆ نییە، (باشە مەگین

حـەواریـیونی مەسـیحیش هـەموویان ماسـیگر نـەبوون؟) دڵـەڕاوکـە و نیگەرانیی من لە بەر سـووکوچرووکی و نـاڕێکوپێکی و تێکـەڵوپێکـەڵـی فیکری ئەوانە. جیا لە هەر بۆچوونێک کە لەسەر ڕژێمە دیکتاتۆرییـەکان هەمانە، ناتوانین حاشا لەم ڕاسـتییە بکـەیـن ڕژێمـی لـەمجۆرە نوێنـەری پڕبـــەپێســـتترین شـــێوەی ســـەقامگیرکردنی ئەســـڵی زنجیـــرەپێگـــە (هیـــرارکییەت) و نـــەزمی کۆمـــەڵایـــەتین. ئـــەوەی ڕاســـتی بێـــت، لـــەم دواییانـەدا هـەوڵم داوە کۆمـەڵێـک کەسـی هـەڵکەوتـە، وەک مامۆسـتای زانکۆ و هونەرمەند و کەسایەتیی بەناوبـانگیش بـۆ لای جـەنابی دەبلیـۆ پەلکێش بکەم..

تومازۆی سەگانی: ئاگادار بن جـەنابی دەبلیـۆ، نـەکا گرینگـی بـدەن بەو کەسـە بـەدەمـار و بێغیـرەت و چەتـە و جەردانـەی ڕاوێژکارەکـەتان دەیەوێ بۆ لای ئێوە پەلکێشیان بکات، ئەگەر دواڕۆژ ببنە گوێ لەمست و مریـدتان ئـەوە قـەیناکـا. بـەڵام لـە سـەرەتای کـاردا، نـا. ڕاسـتە بزوتنـــەوەیـــەکی دیکتـــاتۆری، دوای بەدەســـتەوەگرتنـــی دەســـەڵات، وەک حیزبێکی خاوەن نەزم یان تەنانەت وەک "حیزبی نەزم" ی لێ دەردێت، بـەڵام بـەر لـە بەدەسـتەوە گرتنـی دەسـەڵات دەشـێت بـە شـێوەیـەکی زێدەڕەوانە و ئاشتیەهڵنـەگر "حیزبـی بێنـەزمی" بێـت. ئێـوە هێشـتا لـە قۆناغێک دان دەشێت لە ئاوی لیخن ماسی بگرن.. کە وایە، لە حاڵوباڵ و ئاکـار و ڕەفتـاری لایەنگرانـی ئێسـتای خۆتـان تـەریق مەبنـەوە. لـە

سایەسەری هەر ئەم لایەنگرانەوە دەکرێ بڵێین بزوتنەوەی ئێوە نەک هەر لاساییی شێوازی حیزبەکانی فاشیست و نازی دەکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ شێوازی کۆنی حیزبە دیکتاتۆرییەکانی هەموو سەردەمەکان یەک دەگرێتەوە. بێگومان ئەو شتەی پرۆفیسۆر پیکاپ خۆی، چەند ڕۆژ پێشتر سەبارەت بە دیکتاتۆرییەکانی یۆنانی کەونارا باسی کرد، لە بیرتان نەچۆتەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەگەر کێشەکە لەم ڕوانگەیەوە تاوتوێ بکەن، دیارە منیش ڕای ئێوەم هەیە. بە بڕوای من، یەکێک لە بۆچوونگەلی کەرانەی تێفکرینی دیموکراتیک ئەمەیە کە دیکتاتۆرییەت هەمیشە بە هۆی پیلانی چینە باڵادەستەکانی کۆمەڵگا دژی کۆمەڵانی خەڵک لە دایک دەبێت. لە کاتێکدا بە پێچەوانەی دیکتاتۆرەکانی سەردەمانی زۆر کۆن، تەنانەت ئەوکاتەی خۆیان سەر بە چینی زۆرینەی کۆمەڵگا نەبوون، هەمیشە پشتیان بە کۆمەڵ دەبەست و ناچار دەبوون دژی دەرەبەگایەتی خەبات بکەن. سەرلەبەری دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان کەموزۆر ئەم خەسڵەتەیان تێدا بووە.

تومازۆی سەگانی: هۆیەکەی زۆر ئاشکرا و سادەیە. دژایەتیی نێوان دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان و چینە باڵادەستەکانی کۆمەڵگا هەمیشە بە هۆی ئەم ڕاستییەوە بووە کە ئەم چینانە، لەو بارودۆخە تایبەتەدا، تاقە هێزێک بوون توانایی چاوەدێریان سنووردارکردنی زێدەڕەوی و

لەخۆباییبوونەکانی دەوڵەتی دیکتاتۆرییان هەبێت؟ بەمجۆرە، لە سەرتانسەری حکومەتەکانی سەڵتەنەتی موتڵەقخواز، ململانێ و دژایەتییەک لە نێوان پاشا لە لایەک، و پاپ و قەشە و بارۆنەکان لە لایەکی دیکە لە گۆڕێدا بوو، و لەم کەینوبەینە، بورژوازی تەنیا بە کار و پیشەی خۆیەوە خەریک بوو، لەو سەرەوە کە لە دۆخی دواکەوتووانەتر، دیاردەی کۆمەڵایەتی زیاتر خاوەن بیچم و شکڵێکی ساکارترن؛ دەتوانین نموونەیەک لەم سەردەمانە تاوتوێ بکەین کە زۆر شتمان فێر دەکا، واتە سەردەمی پڕ لە ئاژاوەی حکومەتی ئیوانی بەسام شەڕەکانی لیوونی و پۆلەندا.

لەو سەرو بەندەدا، ئیوانی بەسام بە باشی سوودی لە ڕق و نیفرەتی خەڵک لە بویاردەکان، کە بەچاوی گومان لەوانی دەڕوانی، وەرگرت و ئۆپریکرینا (opricrina) ی دامەزراند کە باوەگەورەی "پۆلیسی سیاسی" هەنووکەی یەکێتی سۆڤیەتە. بەمجۆرە چوار هەزار بویارد لە دار دران و ماڵوحاڵی زۆربەی ئەوانەی لە مەترسیی مەرگ رزگاریان بوو زەوت کرا.

ئاشکرایە پەیوەندیی نێوان حیزبی دیکتاتۆری و کۆمەڵانی خەڵک بۆ خۆی پرسێکی دیکەیە. لەسەردەمی خۆمان نزیکتر بینەوە و باسی بزوتنەوەیەک بکەین کە پشتی کودەتای لویی بوناپارتی گرت. با وەسفی پسپۆرانەی مارکس-تان بۆ بخوێنمەوە کە لە کتێبی

"هەژدەهەمی بڕومێر" سەبارەت بەم ڕووداوەی نووسیوێتی بۆ ئەوەی بزانن ئەم ڕووداوە تا چەند لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆمان دەچێت. تکایە ورد سەرنجی پێ بدەن:

"لاتولوت و بێکار و بەڕەڵڵای پاریسیان، بە بیانووی بنیاتنانی ڕێکخراوەیەکی خێرخوازانە، بە سەر چەند دەستەیەکی نهێنیدا دابەش کرد، مەئموورانی بوناپارتی ڕێبەرایەتیی هەرکام لەدەستەکانیان وەئەستۆ گرت، ژنەرالێکی بوناپارتی سەرۆکی سەرلەبەری دەستەکان بوو، جیا لە چەندان خراپەکاری داماو کە دیار نەبوو لە کوێوە هاتوون و چۆن ژیان بەسەر دەبەن، جیا لە کۆمەڵێک بەچکە بورژوا کە لە ژیان دواکەوتبوون و سەریان لە کێشە دەخورا، جەماوەرێکی زۆر بەڕەڵڵا و سەربازی دەرکراو و زیندانیی ئازاد کراو و تاوانبارانی هەڵاتوو و کەڵەکباز و کڵاوچی و جادووباز و چاوبەست و بێکار و گیرفانبڕ و فاڵگرەوە و کۆلکێش و دەستفرۆش و لۆتی وچەقۆتیژکەر و چەپەڵ و نگریس و مسگەری دەسگیڕ و باجگر و ئیتر سەرجەمی ئەو خەڵکە ماڵوێران و سەرگەردان و تێکشکاوەی کە فەرەنسەییەکان پێیاندەڵێن بۆهێم (La Boheme)، تێکەڵ بەم داروودەستەیە ببوون؛ بوناپارت بە یارمەتیی ئەم جەماعەتە، کە خۆیشی زۆر لێیانەوە نزیک بوو و یەکێک بوو وەک ئەوان، پەیکەرەی سەرەکیی، "ڕێکخراوەی دەی دیسامبەر"ی پێکهێنا. ڕێکخراوەی فێرخوازانە؟ بەڵێ؟ بە مانای ئەوەی

گشت ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە، وەکو بوناپارت خۆی، هەستیان بە پێداویستیی ئەم ڕاستییە دەکرد کە سواری سەری خەڵکی زەحمەتکێش بن و دەستیان بە خێر و بێرێک بگات.

ڕوخساری ڕاستەقینە، ڕوخساری ئاشکرا و بێدەمامکی بوناپارت ئا ئەمەیە: ڕێبەرایەتیی لات و بەرەڵڵاکان وەعۆدە دەگرێ و وەک بەدیهێنەرانی سوودی تاکەکەسیی خۆی چاویان لێدەکات؛ ئەم مێگەلە ڕووت و ڕەجاڵە کە پاشماوە و گۆشتی گەردەملی سەرپاکی چینەکانی کۆمەڵە. بوناپارت تەنیا ئەو چینە دەناسێتەوە کە دەتوانێ هەمووکات پاڵی پێوە بدات.

جەماوەرێک لەم "ڕێکخراوە"یەیان سواری عارەبانە دەکرد و لەسەفەرەکانی بوناپارتدا دەوری "خەڵک"یان دەگێڕا، ئەو خەڵکەی بەتامەزۆرییەوە بەرەو پیری دەچوون و دەیاننەڕاند: "بژیت ئیمپراتۆر" و جنێویان بە کۆماریخوازان دەدا و بە گۆپاڵ بەر دەبوونە گیانیان، و ئاشکراشە ئەم کارەیان بە پشتیوانیی هێزەکانی پۆلیس دەکرد."

هەڵبەت بزوتنەوەیەکی دیکتاتۆریی ئیمرۆکانە، لەگەڵێ لایەنەوە، و بە تایبەت لە پێکهاتەی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئەو کێشانەی دەستەویەخەیان دەبێت، لەگەڵ بزووتنەوەی بوناپارتی جیاوازیی هەیە. بەڵام لە فاشیزمی ئیتاڵیی ساڵانی 1919 تا 1921 زۆر لایەن دەبینرێت کە لەگەڵ "ڕێکخراوەی دەی دیسامبەر" هاوبەشە. جیا لە

خوێندکاران و ئەفسەرانی پێشوو و سەربازانی ئێجازەپێدراوی بێکار و بێپیشە، زۆربەی لات و بەڕەڵاّ و چەتە و جەردەی لێزانیش، بە تایبەت لە شارەکان، تێکەڵ بە تاقم و دەستەکانی فاشیستی بوون.

جەنابی دەبلیۆ: یانی خراپکارەکانی ئیتاڵی ئەوەندە دەستەمۆن و مل بۆ سەرکردەکان کەچ دەکەن؟

تومازۆی سەگانی: باشە ئەو خزمەتەی بۆ ئەوانیان دەکرد بە خۆڕایی نەبوو. ئەو خراپکارەی خۆی دەخستە بەر دەستی گروپەکانی فاشیستی حوکمی شاربەدەربوون یان دوورکەوتنەوەی بە زۆرەملێ، هەڵدەوەشایەوە و لە بەرامبەر هەر تاوانێکی نیشتیمانپەرستانەی دەیکرد خەڵاتی وەردەگرت. بەڵام، جیا لەم مەسەلەیە، دەکرێ بڵێین لات و بەرەڵڵاکان هەر خۆیان بێپێشەکی بەرەو هەست و سۆزی دواکەوتنخوازی پەلکێش دەکرێن؛ ئەم جۆرە کەسانە، کە لە دۆخی کرێکاری بێزارن و خۆیان لە چنگی ڕزگار کردووە، ئاواتی ئەوە دەخوازن لە ڕێگایەکی بێکەندولەند و کورتەوە بە ئامانج بگەن و بتوانن بێ کارکردن و ئارەقەڕشتن بژین.

جەنابی دەبلیۆ: تکایە با بە بێ لەڕووداماں پێتان بڵێم لە بابەت بەکارهێنانی خراپکاران لە بواری خەباتی سیاسی، ئێمەی ئەمریکی بە ئەندازەی پێویست شارەزاین و پێویست ناکات شتێک لە ئێوەوە فێر بین.

تومازۆی سەگانی: تایبەتمەندیی بزوتنەوەی فاشیستی لەوەدایە پاش ئەوەی لە لایەن سەرکردە و پیاوە سەربازی و پۆلیسییەکانی سیاسی پشتیوانیی لێکرا، دەسبەجێ سەربەخۆیی سیاسی بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، و پێ لەو بەڕەیەی کە پشتیوانانی خۆی دەسنیشانیان کردبوو زیاتر ڕادەکێشێ. هەموومان دەزانین ئەم پشتیوانانە دەبنە هۆی دامەزراندنی زۆربەی دامودەزگاکانی بزوتنەوەی فاشیستی، و مەبەستی شاراوە یان ئاشکرایان ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە وەک ئامرازێک بەکاربێنن و پاشان خۆی لێ دەرباز بکەن، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە هەر زوو بە دوای حوکمی زاتیی سیاسیدا دەکەوێت، ئەو سنووڕەی پشتیوانانی خۆی دیاریان کردبوو دەبەزێنێ و دەگاتە ئەو شوێنەی خۆی بە خوازیاری سەرکردایەتیی وڵات دادەنێ.

نهێنیی ئەم سەرکەوتنەی حیزبی فاشیست زیاتر پەیوەندی بەو شوێنە هەیە ئەم حیزبە لە کۆمەڵگادا دەستی بەسەردا دەگرێت، شوێنێک لە نێوان چینی دەسەڵاتدار کە لە دەستی نایەت خواستەکانی کۆمەڵگا دابین بکات، و ئەو ئۆپۆزسیۆنەی ناتوانێت لە جێگای ئەو چینە دابنیشێت. حیزبی فاشیست، بۆئەوەی بتوانێت بە باشترین شێوە دەست بەسەر ئەم شوێنە دابگرێت و ئەوپەڕی سەرکەوتن بۆ خۆی دەستەبەر بکات، پێویستی بەم شتانە هەیە، پێشەوایەک کە وەک شێتان خوازیاری سەرکەوتن بێت و لە خەڵەتاندن و کەرکردنی خەڵکدا

سنوور نەناسێت، کۆمەڵێک کەسی ڕووتوڕەجاڵ و تێکشکاو و داماو و هیوا بڕاو، ئەو کەسانەی لە چینی دەسەڵاتدار و حیزبە کۆنەکان و هەروەتر حیزبە بە ناو شۆڕشگێڕەکان دابڕابێتن، ئەو کەسانەی شەڕیان ناسیوە و تێیدا خوویان بە مەرگ گرتووە. پێموابێت ئەگەر حیزبێکی لەم چەشنە لەم سەردەمەی ئێمەدا پێکبێت تەواو بۆی هەیە سەربکەوێت.

جەنابی دەبلیۆ: ئەم هەموو گەشبینییەی ئێوە بە هیچ کلۆجێک قەناعەتم پێ ناهێنێ، بەڵام هەرچی بێت بایی ئەوەندە دەبێت مرۆڤ دڵی پێ خۆش بکات.

8

سەبارەت بە بێکەڵکبوونی بەرنامە سیاسی و ئابوورییەکان و مەترسیی باسوخواس و ڕووبەڕووبوونەوەی بیروباوەڕەکان و شێوەی نوێی تەڵقینکردنی کۆمەڵانی خەڵک

جەنابی دەبلیۆ: پێتان چۆنە ئیمڕۆ باسی بەرنامە بکەین؟

تومازۆی سەگانی: زۆرم پێخۆشە. هیوادارم قەناعەتتان پێ بێنم بەرنامە بە هێند نەگرن.

پرۆفیسۆر پیکاپ: دیسان دەتانەوێ پێشداوەرییەکانی دژەڕۆشنبیرانەتان بخەنەوە گەڕ؟

تۆمازۆی سەگانی: ناچارم، چونکی دەمەوێ هەندێ پێشنیاری ڕاستۆکانەتان پێ بدەم. حاشا لەوە ناکەم لە کەشوهەوایەکی پاکی کۆمەڵایەتیدا، کێشمەکێشمی نێوان حیزبەکان دەشێ لە ڕێگای پێشکەشکردن و سەنگوسووککردنی کۆمەڵێک بەرنامەی سیاسی و ئابوورییەوە بێت.

بەڵام فاشیزم لە فەزایەکی تەواو جیاوازدا سەرهەڵدەدا و بەدی دێت. هەڵبەت کۆمەڵێک دروشم و خواستی تیژتێپەڕ و کاتی دێنێتە ئاراوە بۆ

ئەوەی پشتیوانیی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام جیا لەمە، بەردەوام خۆی لە بەدەستەوەدانی بەرنامەیەکی بەکەڵک و بەجێ دەدزێتەوە. فاشیزم لە بری بەرنامەی لەم جۆرە، بۆ ئایدیالۆژییەکی پشتئەستوور بە هێما نیژادی یان نەتەوەییەکان پڕوپاگەندە دەکات. جەنابی دەبلیۆ، گەر بە ڕاستی دەتانەوێ سەرکەون، دەشێ ئەم ڕێسایە ڕەچاو بکەن: دەبێ وا لە خەڵک بگەیەنن سیستەمی نەریتیی حیزبەکان و تەنانەت سیاسەت خۆیشی جێگای هیچ چەشنە متمانەپێکردنێک نین و بە کەڵکی کەس نایەن و هەموو چارەڕەشییەکانی نیشتیمان بە هۆی سیاسەتەوەن، دەشێت کارێک بکەن ڕقی خەڵک لە سیاسەت پەرە بستێنێ.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە ڕای من، لەم ڕێگایەوە تەنیا دەتوانین سەرنجی توێژ و چینەکانی دواکەوتووی وڵات بۆ لای خۆمان ڕاکێشین.

تومازۆی سەگانی: لەم سەردەمی شارستانییەتی بەکۆمەڵەدا، مەبەستتان لە دواکەوتوو چییە؟ ئەم شێوە شارستانییەتەی لە ناو چینە نێونجی و باڵادەستەکانی کۆمەڵدا دەبینرێ تایبەت بە بارودۆخی ئاساییە، بەڵام هەر کە دۆخەکە تێکبچێت و بشێوێت دەبێتە تۆز و بزر دەبێت. هێشتاش پاشماوەیەک لە ڕۆحییەتی سەرەتایی و غەیری مەنتقی و غەیری عەقڵانیی مرۆڤ لە هەناوی سەرلەبەری چینە کۆمەڵایەتییەکاندا بە نەگۆڕی ماوەتەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەو شتەی ئێوە، بە هەڵە، بە ناوی پاشماوەی ڕۆحییەتی سەرەتایی مرۆڤ باسی دەکەن، لە ڕاستیدا هەر ئەو سەرچاوە لەبن نەهاتووەی هەست و سۆزی ئاینییە. بێگومان تێگەیشتنی نادروست لەم ڕەگەزە — کە بەڕێزترین ڕەگەزی دەروونی مرۆڤە – و ئایدیالۆژی پشتئەستوور بە ماتریالیزمی سووکوچرووک، ئەو دوو هۆیەن کە ماڵی سۆسیالیزمی ئەوروپییان وێران کردووە.

تومارۆی سەگانی: ئەگەر ئیزنتان لەسەر بێت، ئەوە لە دەرفەتێکی دیکەدا باسی ئاین و مەزهەب دەکەین. بەڵام سەبارەت بە سۆسیالیزم، دەشێت بڵێم شکستی ئەم بزوتنەوەیە بە هۆی لایەنی میتافیزیکی نەبووە، بەڵکو لە بەستێنێکی کردەوەییدا بووە. جا مانای زاڵبوونی "عیرفان" ی فاشیستی بەسەر "ماتریالیزم"ی سوسیالیستی ئەوکاتە بە تەواوەتی بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێت کە سەرنج بدەین و بزانین ئەم زاڵبوون و سەرکەوتنە بریتی بووە لە سڕینەوەی بە ڕواڵەتی هەندێ کێشەی بنەڕەتی کە سۆسیالیزم، جا باش یان خراپ، هێنایە گۆڕێ، و لە بری ئەوان، هێنانەئارای کۆمەڵێک دروشمی تەمومژاوی و "حاڵەتی دەروونی". بەڵام ئەم کێشە بنەڕەتییانە دەسکردی سوسیالیستەکان نین و شێوەی خواستراویشیان نییە؛ کە وایە، وەک ژێدرەی ناڕێکوپێکی و بێنەزمیی گشتیی کۆمەڵگا دەمێنێتەوە و تەنانەت لەسەر خودی فاشیزمیش گەلێک شوێن دادەنێت.

تاقە ڕێگای وەلانانی کێشەی ڕاستەقینە بە کردەوە چارەسەرکردنیانە، نەک سەرپۆشدانان و وەپشتگوێ خستنیان. لە لایەکی دیکەوە، ناشێت لە بیرمان بچێت سوسیالیستەکان، بە هۆی ئەوی گشت سەرنجی خۆیان دابووە خەباتی چینەکان و هەروەتر سیاسەتی نەریتی، هێرشی دڕندانەی فاشیزم دایچڵەکاندن. ئەوان لە هۆی وجوودی و دەرەنجامی دروشم و هێماکانی فاشیزم، کە گەلەک نامۆ و دوورلەزەین بوو، نەگەیشتن و تەنانەت بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو بزووتنەوەیەکی ئەوەندە سەرەتایی بتوانێت لە ولاتێکی ئیمڕۆیی، کە دەزگایەکی زۆر پڕ لە پێچو پەنایە، دەسەلات بەدەستەوە بگرێت و ئەو دەسەلاتە لە بۆ خۆی بپارێزێت. سوسیالیستەکان توانای تێگەیشتنی نفوز و دەستڕۆیشتوویی پڕوپاگەندەی فاشیستییان نەبوو، چونکی ئایدیالۆجیی ئەوان، کە سەدەیەک لەمەوبەر لەسەر دەستی مارکس و ئینگلس بناغەکەی ڕۆنرابوو، لەوکاتەوە بە دوا گەشە و نەشەی نەکردبوو؛ مارکس نەیدەتوانی پێشبینی دۆزینەوەکانی دەروونناسیی مۆدێرن بکات و ئاگای لە شێوە جۆراوجۆرەکانی شارستانییەتی بە کۆمەڵی هەنووکەیی و دەرەنجامە سیاسییەکانی نەبوو.

جەنابی دەبلیۆ: لە سالۆنەند فیلسوفێکمان بە ناوی هویزینگا (Huizinga) ناسی کە دەیگوت، هۆی شێوازی و ئالۆزیی شارستانییەت و ژیاری ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ کزی و لاوازیی توانستی

عەقڵانی و رەخنەگرتن. بە قسەی ئەو، هەموو کات لە نێوان عەقڵ و ژیاندا دژایەتییەک بەدی دەکرێ، و گەنجانی سەردەمی ئێمە هەموو هەوڵ و ماندووبوونیان لە پێناوی پەرستنی ژیان دایە. هەڵبەت ئەو، وەک فیلسوفێک، بە گیانێکی ئازارچەشتووەوە باسی ئەم گرفتەی دەکرد. بەڵام قسە لەوەدایە ئەگەر بەڕاستی دۆخەکە ئاوەهایە، ڕێبەرێکی سیاسی بۆچی نابێت ئەم هەلە بقۆزێتەوە و سوودی خۆی لێ وەربگرێت؟!

تومازۆی سەگانی: ئەم پرسیارەی جەنابت لەو چوارچێوەیەی بۆ باسەکەمان دانابوو دەچێتە دەرێ. ئێمە دەشێت خۆمان بە پرسیاری "چۆن"ەوە خەریک بکەین و کارمان بە "بۆچی" نەدابێت.

جەنابی دەبلیۆ: من بە فەرق و جیاوازیی نێوان ئەم دوو شتە نازانم، بەڵام دەتوانن لەسەر قسەکانتان بەردەوام بن.

تومازۆی سەگانی: سەبارەت بە "بۆچی"، دەشێت وەبیرتان بێنمەوە سەرکەوتنی فاشیزم سەرەتا لە ئیتاڵیا و پاشان لە ئەڵمانیا، لەو ساتەوەختەوە دەستی پێکرد کە حیزبە سوسیالیستەکان بێتوانایی خۆیان بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاوات و ئومێدانەی کۆمەڵانی خەڵک هەڵیانچنیبوو نیشان دا. ئەو کەسەی لە دەستی نایەت گیروگرفتەکانی ژیانی خۆی چارەسەر بکات و دەستی بە ئامانج و ئاواتەکانی ڕابگات، دواجار بۆ ڕزگاربوون لە چنگ گیروگرفت و خواستەکانی دەچێتە ژێر

ساباتی جیهانی خەون و خولیاوە. هەر بەم شێوەیە، ئەو خەڵکانەیش بە هۆی بێتوانایی ڕێبەرانی خۆیانەوە هیوابڕاو بوونە، بۆ خەڵەسان لە ناهومێدی پەنا دەبەنە بەر ڕەمز و نیشانەکانی سەردەمانێکی کۆن، ئەو ڕەمزانەی دژوازییە کۆمەڵایەتییەکان "بە شێوەی هێمایی" چارەسەر دەکەن، مرۆڤەکان "بەشێوەی ڕەمزی" دەکەنە برا، و بە بەرامبەریان لە قەڵەم دەدەن و سوودخۆری سەرمایەداری "بە شێوەی ڕەمزی" لە ناو دەبەن.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە ڕاستی پێتانوایە ڕۆڵی وەهم لە ئایدیالۆجیی فاشیستی وڵاتانی ئەوروپیدا ئەوەندە گرنگە؟

تومازۆی سەگانی: بەڵێ، جەنابی پرۆفیسۆر، لە هەموو جۆرە ئایدیالۆجی و لە هەموو جۆرە حکومەتێکدا، و بە تایبەت لە ئایدیالۆجیی دەسەڵاتی توتالیتاریستیدا. فریزەر (Frazer)، مرۆڤناسی ئینگلیسی، گوتوویەتی، پاراستنی نەزمی گشتی و داسەپانی حاکمییەتی دەوڵەتان هەموو کاتێک و بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندیی بەو وێنە وەهماوی و پڕوپووچانەوە هەیە کۆمەڵانی خەڵک سەبارەت بە حاکمییەت لە مێشکیاندا جێگیری دەکەن. لە ڕاستیدا، ئەگەر دیاردەیەکی لەمجۆرە لە ئارادا نەبووبایە، کەس لە بەشێکی زۆری مێژووی مرۆڤایەتی نەدەگەیشت: بەرپابوونی شەڕەکان، بوونی ئەو چینەی بە گۆشتی گەردەملی کۆمەڵگا ناوی دێنن، بوونی سەربازخانە و

گرتووخانەکان، پەیوەندی و بۆنەگەلی نێوان وڵاتانی داگیرکەر و میللەتانی ژێر دەستە، و زۆر شتی دیکەش کەس سەرەندەری لێ دەرنەدەکرد.

ڕاستییەکەی ئەوەیە خۆ فاشیزم لە کتوپڕ لە ئاسمانەوە دانەباریوە و لەناکاو خەڵکانی ئازاد و خاوەن ئیرادەی نەخستۆتە ژێر رکێفی خۆی، بەڵکو سواری سەری ئەو کۆمەڵانەی خەڵک بووە کە پێشتر، بە هۆی چۆنێتی و شێوەی ژیانی هەمەڕۆژەیان، ئامادەیی ژێردەستەبوونیان هەبووە و چەشنە جۆراوجۆرکانی ژیانی دیموکراتیک ئەوانی بۆ سەرشۆڕی و ملکەچی پەروەردە کردبوو (پەروەردەی قوتابخانەکان، سەربازیکردن، داب و دەستورە پڕوپووچەکان و هەر وەتر ئەو شێوە ڕاهێنانەی سەندیکا و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان فێری ئەندامانی خۆیانی دەکەن، و خۆیشیان وەک ئەوانی تر کۆمەڵێک ڕێکخراوەی بوروکراتیک و چەقبەستوون). بێرنهایم (Bernheim) هەوڵی دەدا ئەم ڕاستییە بسەلمێنێ ئامادەیی وەرگرتنی وەهم و فریوخواردن پاژێکە لە زاتی مرۆڤ"، و میراتی فیکریی مرۆڤێکی ئاسایی پتر لە "کۆمەڵێک وەهمی دووپاتەکراو" پێکهاتووە. بەڵام ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی وەهم، کە لە دێرزەمانەوە لە هەناوی مرۆڤدا هەبووە، نابێتە ڕێگر لەوەی ئەو مرۆڤە بتوانێت بەسەر ئەم خەسڵەتەدا زاڵ بێت و لە جێگای ئەو ویژدانێکی ئازاد و بەرپرس دابنیشێنێ.

ئەمەش شتێکە زۆربەی سیاسەتمەداران بە کەیفیان نییە، چونکی پێیان خۆشە وەک دارەدەست و گوێ لەمستی دەستەمۆ سوود لە مرۆڤەکان وەربگرن. نەک هەر سیاسەتمەدار، بەڵکو تەنانەت مرۆڤی ئاساییش لەوانەیە توانایی و زیرەکی مرۆڤ بە شتێکی سەرئێشەهێنەر و زیادی بزانێت، چونکی ژیانی ئاژەڵی مااڵی و دەستەمۆ ڕەنگبێ زۆر خۆش و باسەفا نەبێت، بەاڵم زۆرجار وەک تاقەشێوەی ژیانێکی ئارام و بێچەرمەسەری خۆ دەنوێنێ.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئێوە سروشتی مرۆڤ دەخەنە پشت گوێ، جەنابی سەگانی؟ لە بیرتان نەچێت ئازادیی بیر و بڕوا لایەنی باش و تایبەتی توێژێکی زۆر کەم لە مرۆڤە هەڵبژاردەکانە، و لە ئامێزگرتنی ئەم ئازادییە پێویستی بە زانیارییەکی هێند بەربااڵو هەیە کۆمەاڵنی خەڵک هەرگیز دەستیان پێی ڕاناگات. تێرکردنی فیکریی کۆمەاڵنی خەڵک تەنیا دەکرێ بە شێوەی پێدانی هەندێ حەب بێت کە دەشێت چاوی بۆ بقووچێنن و قووتی بدەن.

تومازۆی سەگانی: مێژوو پێچەوانەی ئەم قسەیە دەسەلمێنێ. واتە، ئەوە دەسەلمێنێ هیچ چەشنە پێشکەوتنێکی سیاسی و کۆمەاڵیەتی گرینگمان نییە لە خەباتی چینە بە ناو خواروو‌وەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە نەگرێت.. بەاڵم بۆ ئەوەی لە باسەکەی خۆمان الا نەدەین، دەمەوێ لەسەر ئەم خاڵە پێدابگرم خوێندن، تەنانەت خوێندنی باڵاش،

بـەرگری لە وەدیهـاتنی خۆشـباوەڕی و ئەندێشـەی پڕوپـووچ ناکـات. مامۆستایەکی بەناوبانگی ماتماتیک دەناسم ئەگەر بێت و لەسـەر ڕێگـای خۆی بۆ زانکۆ چاوی بە پشیلەیەکی ڕەش بکەوێت گیانی لەرز دەیگرێ. فیکـرە پڕوپووچـە هـەرە خەتـەرەکان ئەوانـەن بـۆ هـەموو کـەس بۆتـە بابەتێکی ئاسایی و باو، و تەنانەت ئاگایـان لـە پڕوپووچبوونیـان نییـە. من خۆم ئەوکاتە سەرنجم بـۆ لای ئـەم فیکـرە پڕوپوچانـە ڕاکێشـرا کـە یـەکێک لـە هاوڕێیـانم، خـەڵکـی وڵاتـی گینـەی نـوێ، لـەوان ئاگـاداری کردمەوە. دە با چیرۆکەکەیتان بۆ بگێڕمەوە. ئەم هاوڕێیەی من سەر بە یەکێک لە دواکەوتووترین تیرە و تایفەکانی گینـەی نـوێی سـاڵۆنەندە، و میسـیۆنێرێکی مەزهـەبی لـەوێ هـەڵیـدەگرێ و بردبوویـە ڕۆمـا کـە لـە فێرگـەیـەکی "پـڕۆ پاگەنـدە بـۆ مەسـیحییەت" بخـوێنێ تـا لـەچنگ بیروباوەڕی پڕوپووچی ناوچەی خۆیان ڕزگاری بێت و ببێتـە مەسـیحی. ئـەو هاوڕێیـە، لـە هـەمان کاتـدا کـە زۆر وریـا و زیرەکـە، هـیچ کـات دەربارەی هیچ کام لە وانەکانی ئینجیل شک هەڵی نـەگرتبوو؛ وێـدەچوو شایانی ئەوە بێت وەک دەمڕاستی ئـاینی بنێردرێتـە نـاو عەشـیرەتەکەی خۆی. تا ئەوەی ڕۆژێک بە ڕێکەوت ڕێی دەکەوێتە باخی ئاژەڵانـی ڕۆمـا و لە وێندەرێ چاوی بە کانگۆڕۆیەکی پیر دەکەوێ. پێویستە بڵـێم عێـل و تایفەی ئەم کـوڕە گەنجـە کـانگۆڕۆ وەک تەوتەم،یـان هێمـای ڕۆحیـی باب و باپیرانی خۆیان دەپەرستن، و دەتوانن بیهێننە بەرچاوی خۆتـان.

ئەم هاوڕێیەی من کاتێک چاوی بەم ئاژەڵە پیرۆزە دەکەوێت، ئەویش لە شارێکی نامۆدا، چۆن دەهەژێت. بە بێ هیچ چەشنە گومان و ڕاڕاییەک ئەم مەسەلەیە بەمجۆرە لێکدەداتەوە کە ئەم ئاژەڵە پیرۆزە بە دەستێکی میتافیزیکی هاتۆتە ئەو باخەوە، بۆ ئەوەی پێی بڵێ کە عێل و عەشیرەتی خۆی لە بیر نەچێتەوە و لە ئاست باوەڕی باب و باپیرانی بەئەمەگ و وەفادار بێت. مامۆستایانی کاتۆلیک بە یارمەتیی هەموو شێوەکانی فێرکردن و تێگەیاندن هەوڵ دەدەن ئەم کوڕە گەنجە لەم باوەڕە پڕوپووچانە ڕزگار بکەن، بەڵام هیچیان لە دەست نایەت. هەر بۆیە دواجار، ئەم کوڕە، کە ببووە مایەی ڕیسوایی فێرگەکە، وەدەر دەنێن. گەنجی گینەیی ماوەیەکی زۆر بە خەمۆکی و شپرزەیی وێڵی ئەم شارەوشار بوو تا ئەوەی ڕێی کەوتە زوریخ. من و ئەو هەر لە باخی ئاژەڵانی ئا ئەم شارەدا یەکتریمان ناسی. ئەوکاتەی دیتم زۆر بە پەرۆشەوە لە دەوروبەری قەفەزی کانگۆرۆکان دەخولاوە؛ کاتێک قسەم لە تەکدا کرد، باسی ئەو تۆژینەوانەم بۆ کرد لەم ساڵانەی دواییدا سەبارەت بە ئۆستووڕەکانی کۆمەڵێک تیرە و تایفەی ئوستورالیا و گینەی نوێ بڵاوببۆوە.

ئەو بە بیستنی ئەم قسانەم زۆر تووڕە بوو، و وەک بڵێی دژی قسەکانم دەنگ هەڵبڕێ، گوتی: "ئەم تۆژەرانەی ئێوە، کە منیش ڕاپۆرتەکانیم خوێندوونەتەوە، گشتیان گەمژەن، لە نووسراوەگەلی

تڕزلانەیاندا بە جۆرێک باسی تەوتەم و هێماکانی ئێمە دەکەن وەک بڵێی کۆمەڵێک دار و بەردی ڕەقوتەق و بێگیانن لەوپەڕی هەڵچوون و تووڕەبوونیدا دەستی بۆ گیرفانی برد و دەفتەرچەیەکی دەرهێنا و پێی گوتم چاوێکی پێدا بخشێنم. گوتی: "ئەمە تۆڵەی منە". لە سەر ڕووبەرگی دەفتەرچەکە ئەم سەر دێڕە نووسرابوو: "کۆمەڵێک بیر و باوەڕی پڕوپووچ و سەرسوڕهێنەری تیرە و تایفەکانی ئەوروپی" بە تام و چێژەوە سەرلەبەری دەفتەرچەکەم لە سەرەتاوە تا دوایین دێڕ خوێندەوە. کوڕە گەنجی گینەیی، بە یارمەتی زەینی وردبینی خۆی توانیبووی ژمارەیەکی زۆر، کە هەر بە فیکری مرۆڤیش ناگات، لەو تەوتەم و بت و ئۆستوورە و بیر و باوەڕە هیچوپووچانەی کە بەسەر گرینگترین لایەنەکانی ژیانی شارستانیی ئێمەدا زاڵن و ئێمە تەنانەت پێشیان نازانین، بدۆزێتەوە. دەفتەرچەکە لە شێوەی کۆمەڵێک سەرنجی کورتدا ڕێکوپێک کرابوو، و ئەو شتانەی کوڕە گەنجی گینەیی پێیان گەیشتبوو بە پێی زەمانی دۆزینەوەیان ریز کرابوون. هەر وا کە دەتوانن بیهێننە بەرچاوی خۆتان، لە سەرووی پێڕستی ئەو شتانەدا ئاماژەی کردبوو بە کۆمەڵێک داب و دەستووری پڕوپووچی کڵێسا و هەموو ئەو ئامراز و کەرەسانەی پەیوەندییان بەو داب و دەستوورانەوە هەیە وەک عوود و مۆم و چرالامپا و ڕۆن و خۆڵەمێش و هەندێ لەتوکوتی بەجێماوی لەشی قیدیسەکان و هتد.. بەڵام شتی سەیروسەمەرەی

سەبارەت بە ژیانی شەخسیی ئێمەمانانیشی زۆر تێدا بوو. ئەو شتەی بە تایبەت لە بیرم ماوە بابەتێک بوو لەسەر وتووێژی نێوان کوڕە گەنجە گینەییەکە و ژنێکی ڕۆمی کە ئاڵقەیەکی زێڕی لە دەست دابوو. کوڕە گەنجەکە سەبارەت بە تایبەتمەندی ئەو ئاڵقەیە، کە وێدەچێ بۆ ئێمە نیشانەی وەفاداری و بەئەمەگبوون بێت، لەو ژنەی پرسیار کردبوو. پاشان باسەکەی گواستبۆوە بۆ پەیوەندیی نێوان ئەنگوستیلە و وەفاداریی ژنو مێرد، و ئینجا بۆ فێرگەی پڕوپاگەندەکەرانی مەسیحی (ناسراو بە پڕوپاگەندە بۆ وەفا) و دواجار بۆ ڕاگەیاندنی وەفاداربوون بە نیشتیمانی فاشیستی. باسەکە گەیشتبووە ئەو شوێنەی ئیتر ژنەکە نەیتوانیبوو جوابێکی بداتەوە. ڕۆژێکی تر، گەنجە گینەییەکەیان لەگەڵ هەندێ هاوڕێی دیکەی بردبووە شوێنێک ناسراو بە "میحرابی نیشتیمان" لە ڕۆما، لەبەر ئەوەی بۆ سەربازی ون کە لەم شوێنەدا نێژراوە سەری ڕێز و ستایشت دانەوێنن. لە بەرامبەر ئەم بینایەدا، کوڕە لە یەکێک لە لێپرسراوانی باڵادەستی خۆی دەپرسێت: "مەگین نیشتیمانیش حەزرەتی مریەمە؟ لێپرسراوی باڵادەست وەڵام دەداتەوە: "نا"؛ کوڕە دەپرسێت: "ئەی کە واتە بۆچی میحرابی هەیە؟"؛ لێپرسراوی باڵادەست دەڵێ: "تۆ ناتوانیت لەم شتانە تێبگەی"؛ دیسان کوڕە لێی دەپرسێتەوە: "بۆچی؟"

لەم وەختەدا دوو پۆلیس دێن و بێدەنگیان دەکەن. کوڕە گەنجەکە بە پرتە و بۆڵە لەبەر خۆیەوە دەڵێ: "ئەگەر لە بەردەم میحرابی نیشتیمانیش دەشێت بێدەنگ ڕابوەستی، کە وایە نیشتیمانیش حوکمی حەزرەتی مریەمی هەیە" یەکێکی تر لە بابەتەکانی دەفتەرچەکە ئەمە بوو: "ئیمڕۆ لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە لە حەبەشە، گورگی ڕۆما[13] شێرێ یەهوودیەی شکست داوە. وێدەچێت شێرێ بریتانیا خیانەتی لە شێرێ یەهوودیە کردبێت، گۆیا عیێڵە گەورەکانی ئەوروپیش، وەک ئێمە، هەرکام ئاژەڵێکی پیرۆز کە نیشانەی ڕۆحی باب و باپیریانە دەپەرستن: فەرەنسییەکان کەڵەشێر، ئەڵمانییەکان هەڵۆ، ئیتالییەکانیش هەڵۆ، ڕۆمییەکان دێڵە گورگ و دوو زارۆکی ئادەم، و هۆڵەندا و بەلژیکا و سوید و چەند وڵاتێکی تر شێر، کە وێدەچێ لە ئەوروپا لە هەموو ئاژەڵێکی دیکە باوتر بێت، دەپەرستن".

جارێکی تر، کوڕە گەنجی گینەیی لە بەندەری جێنووا سەیری داب و دەستووری وەئاوخستنی پاپۆڕێکی تازە دەکات. لەم بەرنامەیەدا، خاتوونێک شووشەیەکی پڕ لە شامپانی بە پەیکەرەی پاپۆڕەکەدا دەدات و دەیشکێنێ. کوڕە هەر کە ئەم دیمەنە دەبینێ دەڵێت: ".. دەکرا شامپانییەکە، بخۆنەوە و شوشویەکی پڕ لە ئاو بشکێنن.." لە وەڵامیدا دەڵێن: "ئەگەر وایان کردبا داب و دەستووری ئاوەمۆری (لە

[13] گورگ هێمای کۆنی شاری ڕۆما و بە واتا گشتییەکەی هێمای ئیتاڵیایە. شێرێ یەهوودییە نازناوێکە پاشایانی حەبەشە (ئیتۆپیا) بۆ خۆیانیان هەڵبژاردووە. هێمای وڵاتی بریتانیاش هەر شێرە.

ئاوهەڵکێشان و ناونانی منداڵی مەسیحی) پاپۆڕ لە کەڵک دەکەوت" کوڕە دەڵێ: "مەگین مەسیحیشیان بە ئاو ئاوەمۆر نەکرد؟" لە جوابیدا دەڵێن: "زۆر گەمژەیە" بەڵام باسەکە دەوامی دەبێت. کوڕە دەپرسێ: "باشە مەگین پاپۆڕ ڕۆحی هەیە؟" دەڵێن: "نا" کوڕە دەڵێ: "کە وایە، چ شتێکی پاپۆڕ ئاوەمۆر دەکەن؟" دیسان لە وەڵامیدا دەڵێن: "زۆر گەمژەی!" ڕۆژێکی تر، گەنجی گینەیەکە چاوی بە ڕێپێوانی جەماوەرێک دەکەوێ کە هەموویان یەک جۆر جلوبەرگیان پۆشیوە. لە پێشی پێشەوەی ئەم دەستەیە کابرایەک دارێکی بە دەستەوەیە و پەڕۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی بەسەری دارەکەدا شۆڕکردۆتەوە. هەموو سەری ڕێز بۆ ئەم دارە دادەنەوێنن، و پیرە پیاوێک کە لە ئاست ئەم دارەدا کڵاوەکەی لەسەر داناکەنێت دەسبەجێ دەکەوێتە بەر شەق و پێلاقەی تاقمێک گۆپاڵبەدەست. کوڕە لە هۆی ئەم هەڕەشە و هێرشە دەپرسێ. بۆی شی دەکەنەوە و دەڵێن: "ئەو پیرە پیاوە سەری ڕێزی بۆ ئالاکە دانەواند". ئەویش دەڵێ: "مەگین ئەو دارە چییە جگە لە دارێک و کوتەپەڕۆیەک؟" لاوێکی ملئەستوور مشتی ڕادەوەشێنێ و بەسەریدا دەنەڕێنێ: "ئالا نیشانەی نیشتیمانە و پیرۆزە" یەکێکی تر هاواردەکات: "ئالا خودی نیشتیمانە، دڵ و گیانی نیشتیمانە" کوڕە پرسیار دەکات و دەڵێ، "مەگین نیشتیمان گیانلەبەرە؟" لەسەر ئەم قسەیە وەختابوو ماوەیەکی زیندان بۆ ببڕنەوە. دەفتەرچەکە کۆمەڵێک بابەتی هەمەجۆری

تێدا بوو که باسی هێزی جادوویی پـوول و یۆنیفـۆرم و هێمـا و نیشـانه جۆراوجۆرەکانی دەکرد. ئەمانـه هـەموویان کۆمـەڵێـک شـتن ئێمـه بـاش دەیانناسین، بەڵام خوومان پێگرتوون و بۆمان بوونـه بابـەتی ئاسـایی و ئیتر ئاگامان لێیان نییه.

جەنابی دەبلیۆ: چیرۆکێکی خۆشه. بەڵام تێناگەم چ پـەیوەندییـەکی به باسی ئەمڕۆمانەوە هەیە.

تومازۆی سەگانی: پەیوەندییەکەی زۆر ئاشکرایە. تۆژەرێک به نـاوی ئێـی. پـی. ئیلکـاین (A.P.Elkien) لـه ڕاپۆرتێکـدا سـەبارەت بـه کۆمـەڵێـک بـاوەڕی خێڵـەکانی ئوسـتورالیا دەنووسـێت و دەڵێـت: "پـەیوەنـدیی نێـوان مرۆڤێکـی لـەمجۆرە و نیشـتیمانەکەی تـەنیا پەیوەندییـەکی جوگرافیـایی یـان پـەیوەندییـەکی بـه پێـی هـەڵکـەوت و ڕێکەوت نییه، بەڵکو پەیوەندییـەکی ڕۆحـی و پیـرۆز و ژیانبەخشـه؛ بـۆ مرۆڤی وا، نیشتیمان نیشاندەری ڕێگایەکـه ئـەو بـه دەڤـەری جیهـانێکی نادیار و تژی له دەسەڵاتی قارەمانانی ئوستووڕەیی و بـاب و بـاپیران و ئەو هێزانه دەگەیەنێت که ژیان، وەک خەڵاتێک، پێشکەش بـه مـرۆڤ و سروشت دەکەن." هەر وا که سەرەتا باسم کرد، ئەم بابەته پـەیوەنـدیی به مرۆڤه خێڵەکییەکانی ئوستورالیاوە هـەیـه کـه هێشـتاش چاویـان بـه جیهـانی بـه نـاو شارسـتانی ڕوون نەبۆتـەوە و ئەمەشـم بۆیـه وەبیـر هێنانـەوە تـا پێتـان وا بێـت ئیلکـاین ویسـتوویەتی ئامـاژە بـه دروشـمه

سەرڕێژ لە پڕۆپاگەندەی نازییەکانی ئەڵمانیا بکات. بۆ ئەوەی سەبارەت بە مرۆڤە خێڵەکییەکانی ئوستورالیایی بە هەڵەدا نەچن، دەشێت بڵێم لە نێوان باوەڕەکانی ئەوان و ئەو دروشمانەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی بەدی دەکرێت. بۆچوونی ئوستوورەیی ئەم مرۆڤە خێڵەکییانە سەبارەت بە هێزە سروشتییەکان هێشتاش پاک و بێگەردە، لە کاتێکدا بۆچوونی ئەڵمانییەکانی ئیمڕۆ لە تەڵقینکردن و تێگەیشتنی ئەو تیۆرییداڕێژە فریوکارانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە بارودۆخی سامناکی سەرگەردانیی ڕۆحیی نەتەوەی ئەڵمانیا لە ساڵانی پاش شەڕ تواناییان ئەم بۆچوونە لە خەڵک بگەیەنن.

جەنابی دەبلیۆ: هەر چەشنە پڕۆپاگەندەیەک تا ڕیشەی لە واقیع دانەکوتابێت، ناتوانێ سەرکەوتوو بێت. کێشەی ئێمە لە ئەمریکا ئەوەیە نەریتێکمان لە ڕابردوودا نییە. میژووی وڵاتی ئێمە لە بەیاننامەی سەربەخۆیی 1776ەوە دەسپێدەکا. بەر لەم میژووە، سێزدە ویلایەتەکەی ئەمریکا لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوون. کە وایە، میژووی کورتی وڵاتی ئێمە سەرتانسەر لیبراڵییە. ئەگەر سەرنج بەم خاڵە بدەن کە ڕێژەی جەماوەری ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی 1776 تەنیا دوو ملیۆن کەس بووە و (هەندێ لە بنەماڵە هەرە بەناوبانگەکانی وڵات لەوکاتەدا دیسان بۆ بریتانیا گەڕانەوە) و ئەمەشتان لەبەرچاو بێت کە ئیمڕۆ ئەمریکا 130 ملیۆن کەسە (واتە

نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم کە کـاتی نووسـینی ئەم کتێـبەیە — وەرگێـڕ)، بۆتـان ڕوون دەبێتـەوە کـە ولاتـی ئێمـە لـە گۆشـەنیگـای پێکهاتەی جەماوەرەکەیەوە، دیـاردەیـەکی نوێیـە و سـەر بـە سـەردەمی لیبرالیزمـە. لـە دۆخێکـی وادا، نـاکرێ نەریتـی نەتـەوەیـی بـە شـێوەی مەجازی بنیات بنرێت.

تومارژی سـەگانی: بـە هـەڵـەدا دەچـن ئەگـەر پێتانوابێـت نەتـەوەی ئیتاڵیاش شتێکی بە ناوی نەریتی ڕۆمی هەیە. چەنـد سـاڵێک لەمەوبـەر ئەم باسە بووبووە بنێشـتە خۆشـەی سـەر زاری کۆمـەڵێـک مێژووناسـی ئیتـاڵی، کـە داخـۆ مێـژووی نەتـەوەی ئیتاڵیـا لـە چ سـەردەمانێکەوە دەستپێدەکات.

تاقمێـک دەیـانگوت سـاڵی 1800، هەنـدێکی تـر سـاڵی 1700 و کەسانێکیش بوون بۆ سـاڵی 1300 و سـەردەمی دانتـێ دەگـەڕانـەوە. بەڵام هیچ کـەس، بـەڕاسـتی هـیچ کـەس، تەنانـەت تاقـە مێژووناسـێکی فاشیستیش نەیوێرا دەسپێکی مێـژووی نەتـەوەی ئیتاڵیـا لـە سـەردەمی ڕۆمی کەوناراوە لـە قـەڵـەم بـدات، لـە کاتێکـدا خـۆ هـەموومان دەزانـین فاشیسـتەکان خۆیـان دەسـەڵاتیـان بـە دەسـتەوە بـوو، و ژمـارەی مێژووناسـانی فاشیسـتیش کـەم نـەبوو. بـەڵام سـەرلەبەری ئـەم شـتانە نەبوونـە هـۆی ئـەوەی موسـولینی نـەتوانێت ئـەو تیۆرییـە پـڕوپـووچ و بێبنـەما مێژوویـیـە، کـە هـەمان نەریتـی ڕۆمیـی ولاتـی ئیتاڵیـا بێـت،

نەهێنێتە گۆڕێ و نەیکاتە ئوستوورەی بنەڕەتیی ئایدیالۆژیی فاشیزم و سەرپاکی نیشانە و هێما و داب و دەستوورەکانی ڕێکخراوەی حیزب و دەزگای فاشیستیی ولّات لەو وەرنەگرێت، وێدەچێت ئەم ئوستوورەسازییانە لە سەر چینێکی بەرفراوانی خەڵکی کرێکار کاریگەر بووە. زۆر گەنج خۆیان خوازیار بوون بۆ شەڕ، ڕێگای ئەفریقا و ئیسپانیایان گرتە بەر و بە نیشانەی ئەمەگداری و بەوەفابوونیان بۆ نەریتی ڕۆمی گیانی خۆیان بەخت کرد.

جەنابی دەبلیۆ: بە ڕای من، بۆ ئەوەی ئوستوورەسازی سەربکەوێت، پێویستە لانیکەم وردە شتێکی تێدا بەدی بکرێت کە ڕاستەقینە بنوێنێت. ئیتاڵیای ئیمڕۆ و ڕۆحی کەونارا لانیکەم لە باری جوگرافییەوە یەکتر دەخوێننەوە، لە کاتێکدا ئێمە لە ئەمریکا هیچ شتێکی لەم چەشنەمان نییە.

تومازۆی سەگانی: هیوابڕاو مەبن. مەرجی یەکەمی سەرکەوتنی ئوستوورەسازی ئەمەیە ئەو مرۆڤانەی کە دەشێت فریوی ئوستوورە بخۆن ئامادەی وەرگرتنی ئەو ئوستوورەیە بن.

تۆژەرێکی فەرەنسی نووسیویەتی، ئوستوورە بریتییە لە خواستێکی گشتیی جەماوەر کە لە قاڵبی شتێک یاخود کەسێکدا دەرکەوتووە. لە کردەی تەڵقینکردندا، خودی ئەو بابەتەی تەڵقینی دەکەن گرینگایەتییەکی پلە دووی هەیە. ئەو شتەی زۆر زۆر گرنگە حاڵەت و

دۆخی دەروونیی ئەو کەسەیە کە تەڵقینی دەکەن. دەکرێ بڵێین هەموو جارێک، تەڵقینکردن، بە کردەوە، لە شێوەی تەڵقینکردن بە خۆدا بە ئاکام دەگات. ئەمە وەڵامی ئەو کەسانەیە ئەو کاتەی لە نیزیکەوە چاویان بە سەرکردەکانی فاشیست و نازی دەکەوێ، و بۆشایی مێشک و بێمایەیی فیکریی و ئەخلاقی ئەوان دەبینن، بەسەرسووڕمانەوە لە خۆیان دەپرسن کە چۆنە پیاوی ئەوەندە هیچەکە و پووچەکە توانیویانە بزوتنەوەیەکی هەمەلایەنەی ئەوەندە بەهێز بەدی بێنن. ئەوەی راستی بێت، ئەم بابایانە وەدیهێنی بزووتنەوەگەلی وا بەهێز نین، بەڵکو تەنیا سوودیان لێ وەردەگرن. کە واتە، نهێنیی سەرکەوتنی بزوتنەوەکانی نازی و فاشیست بەر لە هەموو شتێک دەشێت بە هۆی حاڵەت و دۆخی دەروونیی کۆمەڵانی خەڵکی ئەڵمانیا و ئیتاڵیای سالانی پاش شەڕ و قەیرانی ئابووری و تێکشکانی حیزبە دیموکرات و سوسیالیستەکان بێت.

جەنابی دەبلیۆ: تکایە با مەبەستی باسەکەمان لە بیر نەچێتەوە. لەو قسانەی کردتان دەتانەوێ بە چ ئەنجام و ئاکامێک بگەن؟

تومازۆی سەگانی: گرینگترین ئەنجام دەمەوێ پێی بگەم ئەمەیە: هیوابڕاو مەبن. پێتان وا نەبێت ئەوەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر ناچارە لە سفرەوە دەسپێبکات و لە بەتاڵی و بۆشاییەوە ڕژێمێکی دیکتاتۆری بەدی بێنێ، بەڵکو دەشێ دڵتان بە بێتوانایی حیزبە قەدیمییەکان بۆ

چارەسەرکردنی قەیرانی شارستانییەت خۆش بێت، ئەو قەیرانەی وێدەچێت سەرلەبەری مرۆڤایەتی دەستەویەخەی بووە. لە بیرتان نەچێت ئێمە، وەک چۆن زۆر شیمانەی بۆ دەکرێت، هێشتا لە سەرەتای قۆناغێکی دوورودرێژی کۆمەڵێک شەڕ و شۆڕش و بزوتنەوەی دژی شۆڕش و گەلێک کارەساتی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر داین. پەلەتان نەبێت، هومێدتان بەوە بێت مرۆڤایەتی سەرلەنوێ ڕێگای درێندەیی بگرێتەوە بەر. ئەو کۆمەڵانەش کە پێشینەیەکی مێژوویی ئەوتۆیان نییە، بە یارمەتی شەڕ و قاتوقڕی و رادیۆ و شتەکانی تر دەتوانن دیسان ببنەوە بە درێندە. نەکا پێتان وا بێت دەمەوێ خودانەخواستە گومان لە زانستی پرۆفیسۆر پیکاپ و هاوکارانی دیکەتان بکەم، بەڵام دەشێ ئەوە بڵێم ئەگەر بێت و کوشتوبڕی سەربازی، و هەژاری و قاتوقڕی سالانێکی زۆر نەخایەنێت، هەوڵ و تێکۆشانی باشترین کارناسانی پڕوپاگەندەکردن بۆ کەرکردنی کۆمەڵانی خەڵک دەبێتەوە هیچ و کاریگەرێتییەکی ئەوتۆی نابێت. تکایە لە ڕووهەڵماڵڕاویی خۆم و قسەکانم دڵتان نەیەشێ. هەوڵ دەدەم لە ڕووداماں و شتی لەم بابەتە وەلا نێم، بۆئەوەی ڕای خۆم ڕوونتر دەربڕیبێت. هەموومان دەزانین بە هۆی کۆمەڵێک شەڕی ئاسایی و شەڕی ناوخۆ و بێکاربوونی درێژخایەنی کۆمەڵانی خەڵک، سەرگەردانی دەروونی، چەشنی پەتایەک بە نێو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە، و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانە

زیاد دەکات کە دۆخی رۆحیی ئاساییان نییە. لەمجۆرە کەسانەدا، عەقڵو ئاوەز وردەوردە بەرەو ئیفلیجی دەڕوات و لە بەرامبەریدا، ڕێژەی ئامادەبوونیان بۆ کۆمەڵێک پەرچەکردرای دەروونیی خودبەخودی و غەریزی بەرز دەبێتەوە. باسی من لەسەر ئەو حاڵەتە هەرەخراپانە نییە پەیوەندییان بە چوارچێوەی دەروونپزیشکییەوە هەیە، بەڵکو مەبەستم سەرجەمی ئەو گەڕیانەیە هەموو کەسانی تێوەگلاو لە شەڕ و بێکاران و بنەماڵەکەیان و ئەوانە دەگرێتەوە کە ماوەیەکی دوورودرێژ دەستەویەخەی دڵەڕاوکە و هەژان و هەڵچوونی توندی ڕۆح و دەروون دەبن. ئەزموون نیشانی داوین جگە لە هەندێ نموونەی هەڵاوێردە، دەروونی مرۆڤ لەمجۆرە بارودۆخانەدا زۆر پیس تێکدەچێت، توانایی لێکدانەوەی مەنتقی لێ دەسێندرێتەوە، لە نێوان هیوابڕاویی یەکجارەکی و گەشبینی گێلانەدا دێت و دەچێت و زۆر ئاسان تەسلیمی هەر چەشنە شێوەیەکی خەڵکخەڵەتێنانە دەبێت. ئەگەر هەست بە مەترسیی گیان و هەڕەشەی برسێتی بۆ چەند ساڵێک بەردەوامی هەبێت، تەنانەت ئاساییترین و تێگەیشتووترین و پێشکەوتووترین مرۆڤیش تووشی دڵەخورپەی کۆنی مرۆڤانە دەکات، و دەیخاتە ئەو بارودۆخە سامناکەوەی وێدەچوو پاش سەدەهای سەدە پێشکەوتی مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە تیاچووبێت. ئەمە ڕێک ئەو دۆخە لەبار و گونجاوەیە تێیدا دیکتاتۆرەکان سەرهەڵدەدەن، دیکتاتۆری راستەقینە، نەک ئەوانەی لە

کۆڕو کۆبوونەوەکاندا دادەنیشن، ئەو دیکتاتۆرە خۆڕانەگرانەی تەنیا دەرکەوتنیان لە شوێنێکی گشتیدا، ترس دەخاتە دڵی خەڵکەوە..

جەنابی دەبلیۆ: قسەکانی ئێوە وەبیر گوتەکەی ئۆرتێگا گاسێت (Ortega Gasset)م دەخاتەوە کە لە پاریس یەکتریمان ناسی. ئەو دەیگوت: ئەو مرۆڤەی ئێستا خەریکە زاڵ دەبێت، لەچاو ئەو شارستانییەتە بەربڵاوەی لە داوێنیدا پەروەردە بووە و سەریهەڵداوە، مرۆڤێکی سەرەتایی و درندەیە، مرۆڤێکە تازە لە ئەشکەوتان دەرکەوتووە و هێرش دەباتە سەر هەموو شتێک، تاکەکەسێتیی ئەو هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، مرۆڤێکە تەنیا دەتوانێ بە هەرەوەز کار بکات؛ بە کورتی "مرۆڤ- کۆمەڵ" ە. ئەمە بۆچوونێکە ئیتر هەموو کەس پەسەندی دەکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام ناشێت چەمکی فاشیزم تەنیا لە ڕێکخستن و کەڵەکەکردنی ملیۆنەها "مرۆڤ –کۆمەڵ"دا کورت بکرێتەوە. ڕۆحی فاشیزم لەو تیۆرییەدا حەشار دراوە کە دەیهێنێتە گۆڕێ. بۆ سەرخستنی ئەم تیۆرییەش، وەک هێزێکی خاو و بیچمنەگرتوو لە "مرۆڤ – کۆمەڵ" سوود وەردەگرێ. موسولینی پشتی بە سورێل و پارێتۆ[14] و نەریتی ڕۆمی کەونارا بەستووە. هەر وا کە هیتلەر پشتئەستوور بە سۆسیالیزمی نەتەوایەتی فیشتە (Fichte)،

[14] (Vilfredo Pareto) ئابووریزان و کۆمەڵناسی ئیتاڵی (١٩٢٣-١٨٤٨). پارێتۆ کۆمەڵگا دابەش دەکات بە سەر دوو پاژی سەرەکیدا: خەڵکی نوخبە یان بژاردە و خەڵکی ئاسایی یان ڕەشۆکی.

"ئیـرادەی ڕووەو دەسـەڵات"ی نیچـە، بـاوەڕی ڕیشـارد واگنێـر بـە چـارەنووس، تیـۆری نیـژادی گۆبینـۆ (Gobineau) ، و ە . س. چەمبێرلن (H.S. Chamberlain)، تیۆری مەندێل سـەبارەت بـە میرات و تیۆری تریتشکی (Treitschke) سەبارەت بە دەسەڵاتە..

جەنابی دەبلیۆ. ئەرێ دەیبڕییەوەیان نا؟ بۆ دەتەوێ کاتمان بـەفیڕۆ بدەی؟ خۆ باش دەزانی ڕووبەڕووبوونەوەی دەنگ و ڕاکان و هێنانەئارای بۆچوونی جۆراوجۆر لـە ئـەمریکا، لـە دەرەوەی زانکـۆ و بـە تایبـەت لـە مەیدانی سیاسەت بە هیچ کلۆجێک ڕێگای پێنادرێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: هاوڕێ، ئەمە ڕاست ئەو کارەساتەیە دەبێ دوایـی پێببێنین. واتە دەشێت لە جیاتی نەریتی ڕێگری لیبرالّی و مەسیحی، کە قەیرانـی کۆمـەڵایـەتی داهـاتوو بێتواناییەکـەی دەسـەلمێنێ، تیۆرییـەکی تازە دابهێنین، تیۆرییەکی سادە و مۆدێرن کە لە دەستی بێت گـەنجانی ڕۆشـنبیر لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە و ملیۆنـەها "مـرۆڤ- کۆمـەڵ" شوێنپێی هەڵبگرن. کە واتە، یەکەمین ئەرکی ئێمـە ئـەوەیـە ئـەو باسـە دەسپێبکەن کە..

تومـــازۆی ســـەگانی: ببـــوورن قســـەکەتان پێـــدەبڕم؛ ڕێگایـــەکی نادروستتان گرتۆتەبەر. مەبەستم ئەوەیە ئەو ڕێگایەی دەتانـەوێ بیبـڕن ئێـوە ناگـەیـەنێت بـە فاشـیزم. دەتانـەوێ باسـێک دەسـپێبکەن؟ لـە کاتێکدا دەبێ بزانن بزوتنەوەی فاشیزم لە ڕاستیدا هەوڵێکە لـە پێنـاوی

ئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی باس هەڵنەگرێ. فاشیزم تێدەکۆشێ سیستەمی کۆمەڵایەتی، وەک شتێکی سەربەخۆ و جیا لە ویژدان و شعووری خەڵک و ڕاسان و ڕۆچوونی دەنگە گشتییەکان نیشان بدات. بۆ فاشیزم، کۆمەڵگا شتێکی ئەزەلی و ئەبەدییە. کۆمەڵگا پێش لە دایکبوونی مرۆڤ بوونی هەیە و پاش مەرگی ئەویش بەردەوامی دەبێت. ئەوە مرۆڤە دەشێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا ڕێکبخات، نەک پێچەوانەکەی. لەم گۆشە نیگایەوە، فاشیزمی ئەوروپی نیشاندەری هەوڵێکە بۆئەوی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا بگەڕێتەوە بۆ دۆخی دوو سەدە لەمەوبەر؛ خۆ دەزانن بەر لە چاخی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەم، گشتییەتی ڕێکخراوەی کۆمەڵگا کێشەیەک نەبوو باسهەڵگر بێت. کەچی لەگەڵ سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆشنگەریی کۆمەڵگا خۆیشی وەک کێشەیەک هاتە مەیدانەوە.

لەو کاتەوە، سەردەمی پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پشتئەستوور بە مەنتق، سەردەمی بەرنامەگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستی پێکرد، لیبرالیزم و دیموکراسی و سۆسیالیزم بەدی هاتن کە هەرکامەیان، بەو لق و پۆپانەی لێیان دەبێتەوە، نوێنەری بۆچوونێکی جیاوازی بۆنە و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤن. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازانە وێدەچوو عەقڵ بۆ هەموو کات جێگای بە نەریت چۆڵ کردبێت. بەڵام ئەم دەسەڵاتەی عەقڵ لایەنێکی تەواو سەڵت و ئەبستراکتی بوو.

لە سەدەی نۆزدەش، کۆمەڵگا بە خێرایی پەرەی ئەستاند و گۆڕانکاریی بەسەردا هات، نەک بڵێی لە یاساکانی عەقڵ و مەنتق پەیڕەوی کرد، بەڵکو چاوی لە دەستی هەندێ یاسای دیکە بوو. بەڵام خودی ئەم پەرەساندن و گۆڕانکارییەش هەوێنی هەندێ باس و دەمەتەقە بوون و بەردەوام کۆمەڵێک بەرنامەی تازەی بە دوای خۆیدا دەهێنا، و ڕاستییەکەی ئەوەیە کەس ئەم باسانەی بە کارێکی نادروست و ناڕەوا نەدەزانی. تا ئەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی بارودۆخێکی هێنایە پێش تێیدا باسوخواسکردن کارێکی خەتەر و جێگای مەترسی بوو. نەزمی کۆنی کۆمەڵایەتی لە دیدی مەنتقییەوە بۆ ئەوە نەدەشیا بەرگریی لێ بکرێ. ئەوکاتە بوو فاشیزم سەری هەڵدا. ئەرێ پێویست دەکات قسەکانی پێشووم کۆ بکەمەوە؟ گوتم سەرهەڵدانی فاشیزم پشتی بەم هۆکارانە ئەستوور بوو: دڵەخورپە و نیگەرانیی ئەو چینە نێوەنجییانەی کە پێشکەوتی تەکنۆلۆجی هەڕەشەی لە بوونیان دەکرد، ناهومێدیی ئەو کرێکارانەی کە بزاڤە شۆڕشگێڕانەکەیان —کە بە ڕاست و دروستی ڕێک نەخرا بوو — تووشی شکست بوو، ترس و دڵەڕاوکەی ئەو سەرمایەدارانەی خۆیان لە بەر دەم ڕەشەبای تیاچوون و زەوتکردنی مالّوحاڵیان دەبینی وا نەبوو فاشیزم بەرنامەیەکی دژی بەرنامەکانی ئەو کاتی پێ بێت و قوت بێتەوە، تەنانەت ڕەخنەی لە بەرنامەی نەیارەکانی خۆیشی نەگرت. فاشیزم لە دەرەوەی سنووری هەر چەشنە

باس و دەمەتەقەیەک بیچمی گرت؛ بوو بە دەمڕاستی ئەم بۆچوونە کە کۆمەڵگا کێشەیەکی نییە باسلێکردنی شتێکی ڕەوا و ڕێگاپێدراو بێت. بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ مەنتقی "دوو بەرەکایەتیهێنی" سیاسەتمەداران، فاشیزم هات و باسی غەریزە کۆنەکان و سروشتی خوێنی و نیژادی و نەریت و بۆچوونێکی میتافیزیکی لە مەسەلەی ماڵوحاڵ و ئەمەگداری و برایەتی بە حوکمی چارەنووس و کۆمەڵێک گوتاری لەم چەشنەی هێنایە ئاراوە: "پێداویستیی پەیڕەویکردنی بێ سێ و دوو لە پێشەوا" ، "پێکەوەبوون لە بەرامبەر و کاتی خەتەردا"، "ڕزگاری بەهۆی گوێڕایەڵییەوە"، "پاکی و مەزنایەتیی شەهیدبوون و گیانبەختکردن ". بە کورتی کاکی برا فاشیزم ئەوەی دڵتان پێی خۆش بێت باسی لێکرد جگە لە عەقڵ و مەنتق.

جەنابی دەبلیۆ: کە وایە، ئەگەر بە زمانێکی ساکارتر قسە بکەین و تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە منەوە بێت، دەکرێ مەسەلەکە بەم شێوەیە باس بکەیت: ئەگەر هاوکات لەگەڵ شێواوی و شپرزەیی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیگەلی نێونەتەوایەتیش تووشی قەیران بێت، ئەگەر و شیمانەی ئەوەی هەیە دوو حیزبی گەورەی ئەمریکا تووشی تێکشکانی سیاسی بن. بەمجۆرە دروشمی "نەمان بۆ سیاسەت" لە وڵاتی ئێمەشدا لایەنگرانێکی زۆر بۆ خۆی دەستەبەر دەکات و سەرلەبەری خەڵک، هەر لە کرێکار و جووتیارەوە بیگرە تا دەگەیتە

"تراست" گەلی گەورەی سەرمایەداری بە کەیفێیان دەبێت. دەشێت دانی پیا بنێم داهاتووی سیاسیی من بە مەرجی وەدیهاتنی بارودۆخێکی لەمجۆرە مسۆگەر دەبێت. بەڵام لە خۆم دەپرسم، ئایا بارودۆخێکی لەمجۆرە کاتی و تیژتێپەڕ نابێت؟ خۆ دەزانن لە ئەمریکا، ژمارەی ئەوانەی ڕاستۆکانە هۆگرییان بە سیاسەتەوە بێت و بۆ پاراستنی سیستەمی دوو حیزبی ئامادەی خەبات بن زۆر کەمە، بەڵام هەمووان کەیفێیان دێت.

تومازۆی سەگانی: بەرلەوەی بزوتنەوەی فاشیزم لە ئیتاڵیا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ڕۆحییەتی تاکەکەسخوازانەی ئێمەی ئیتاڵی یەک ناگرێتەوە؛ لە ئەڵمانیاش ئی وا هەبوون پێیانوابوو بزووتنەوەی سەرەتایی هیتلەر بە ڕۆحییەتی نەتەوەی ئەڵمان، ئەو وڵاتەی کە ئەرکێکی هەرەمەزنی لە بەرەوپێشبردنی هونەر و فەلسەفە وەئەستۆ گرتووە، ناخوات. تا ساڵی 1933 زۆری وا بوون دەیانگوت: "ئەڵمانیا ئیتاڵیا نییە" و لە نێوان ساڵانی 1933 تا 1938 لە زمان زۆر کەسەوە دەتبیست: "نەمسا ئەڵمانیا نییە." دەشێت ئەم خاڵەتان لە بیر بێت تەنانەت پتەوترین نەریتەکانی نەتەوایەتی، لە مێشکی مرۆڤی ئاساییدا، چەشنی کۆمەڵێک ڕەگەزی تەواو ئاسایی و ڕووکەشانە خۆدەنوێنن، و ئەم ڕەگەزانە خۆیان یەکەمین شتن لەگەڵ سەرهەڵدانی بارودۆخی قەیراناوی و شێواو و

شپرزە تیا دەچن. نەریت و ڕۆحییەتی نەتەوایەتی هیچ ولاتێک وا نییە بڵێی لەدایکبوونی دیکتاتۆری دەستەبەر دەکەن، بەڵام وایش نییە خۆی لە خۆیدا ببێتە ڕێگر لە بەردەم سەرهەڵدانی دیکتاتۆریدا. لە پێکهێنان و پەرەساندنی دیکتاتۆریدا، ڕۆحییەتی نەتەوایەتی تەنیا هەر وەک هۆکارێکی ڕازێنەرەوە دەستی هەیە و ئەرکی هەر ئەوەندەیە فاشیزمی ئەڵمانی لەفاشیزمی جوولەکە و فاشیزمی ئیتاڵی لە فاشیزمی فەرەنسی یان ئیرلەندی جیا بکاتەوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، شارستانییەتی بە کۆمەڵ هەوڵ دەدات ڕۆحییەتی نەتەوایەتی وڵاتە جۆراوجۆرەکان وەک یەک لێبکات، بێ ئەوەی بۆ پەزی گرێپووچکە دەروونییە دێرینەکان زەرەرێکی هەبێت.

ئەم گرێپووچکە دەروونیانە کە لەو خەڵکانەشدا دەبینرێ هەر لە بنەڕەتەوە خاوەنی نەریتی نەتەوایەتی نین پاشماوەی سەردەمانێکە کە نەتەوەکان هێشتا پێکنەهاتوون، و لەوانەیە ئەو سەردەمەش کە نەتەوەکانی ئێستا داڕووخاو بێتن هەروا بوونی هەبێت. کارل گۆستاو یونگ (C.G.Jung)، ئەو پیاوە دەروونشیکارەی هەر لەم شارەدا دەژیت، ئەم ڕاستییەی دۆزیوەتەوە کە خەون و خولیاکانی خەڵکی خێڵەکیی ئەفریقا لە باری ناوەڕۆکەوە جیاوازییەکی لەگەڵ خەون و خولیای ئەوروپییەکان یاخود هیندییەکان نییە.

جەنابی دەبلیۆ: نازانم چیرۆکی "هەڵبژاردنەکانی شەڕابی سێو"ی ساڵی 1848تان لە ئەمریکا بیستووەیان نا؟ لەم هەڵبژاردنانەدا، پیاوێک کە نە بەرنامەیەکی سیاسی و نە کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆی هەبوو توانی دەنگی کۆمەڵێکی بەرچاوی خەڵک، کە سەر بە هەندێ چینی تەواو جیاواز لە یەک بوون، بە نەسیبی خۆی بکات، چونکی بۆشکەی پڕ دەکردن لە شەڕابی سێو و بە هەموو شوێنی ولاتدا بڵاوی دەکردنەوە و دەرخواردی خەڵکی دەدان.

پرۆفیسۆر پیکاپ: هاوڕێیان، دیسان خەریکە لە خەت لا دەدەین. پەیوەندیی نێوان پێشەوا و کۆمەڵانی خەڵک، لە ڕژێمە جۆراوجۆرەکاندا، پرسێکە دەشێت وردتر تاوتوێ بکرێت. گوێپێنەدانی سووکوچرووکخوازانەی سیاسەتمەدارانی قەدیمی سەبارەت بەم پرسە بە هاوکێشەی (Panem et circenses) (نان و سەرقاڵی) باسی لێ دەکرا. لە سەردەمانی نیزیکتر بە ئێمە، داواکاری نیچەش ئەوە بوو نان و ئاوی زیاتر بۆ کۆمەڵانی خەڵک دابین بکرێت، بۆ ئەوەی بە هۆی ناڕەزایەتی و شۆڕشی خۆیان، دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەندێشەی مەزنتر نەخەنە مەترسییەوە. ئەمە گۆشەنیگایەکی دەرەبەگی، و مەرجی پێویستی لە ئارادابوونی نەزم و ئاوەدانی بوو، ئەو مەرجەی ئیتر مرۆڤ ناتوانێ لە وەدیهاتنی دڵنیا بێت. لە لایەکی دیکەوە، لە سایەی کۆماری وایمار (Weimar) چی بە نەسیبی خێڵی بێکارانی ئەڵمانی دەبوو؟

دەمەقڕەی حیزبەکان و خەیاڵی خاوی دەستێدابوونی هەموو لایەنەکان لە حاکمییەتی نەتەوایەتیدا. لە بابەت کۆمۆنیستەکانیش، لەوانەیە هیچ شتێک بە ئەندازەی ئەو قسەیە رۆشنگەر نەبێت کە رۆژێک لینین بە گوێی کلارا زێتکین (Clara Zetkin) ، کۆمۆنیستی ئەڵمانی، دا چرپاندی و ئەو لە کتێبێکی خۆیدا گێڕاوییەتەوە:

بۆ پرسیاری زێتکین کە "ئایا نەخوێندەواریی زۆربەی هەرە زۆری جووتیارانی رووسی کاری کردۆتەوە سەر ئاسانکردنەوەی شۆڕشی بلشویکی؟" لینین دەسبەجێ وەڵامی ئەرێ دەداتەوە. بە ڕای من، بە بەراورد لەگەڵ سەرلەبەری ئەم شێوازانە بۆ سووکوچرووککردن و فریونەدانی خەڵک، هیتلەر پلەیەک بەرزترە، چونکی ئەو دەڵێ، ئامانجی ئەوە بووە ئیمانێکی نوێ بخاتە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکەوە.

تومازۆی سەگانی: لە بری "ئیمانی نوێ" دروستتر وایە بڵێین، ئیمانی تەزویر و بەدرۆ، واتە ئوستووورەی نیژاد و نیشتیمان.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام نەتەوەی ئەڵمانیا ئەم ئیمانە نوێیەیان قبووڵ کردووە. هەر ئەوە بەست نییە؟ مەگین قبووڵکردنی هەمووانی و هەمەلایەنە پێوانەیەکی دیموکراتیکی نییە؟ واتە لە بری "نان و پێخۆر" ، "نان و ئیمان" خراوەتە بەردەستی خەڵک، بەڵام ئەوە دەسەلمێنم کە ڕەنگبێ بۆ خەڵک هەر ئیمانەکە بەست بێت، لە کاتێکدا بۆ ڕێبەرەکانیان شعوور و زانستیش پێویستە. بۆ ئێمە، دابینکردنی ئەم

بارودۆخە زیادییانەی ئیمڕۆکە ئاسان بۆتەوە. دەسکەوتەکانی فاشیزم لە ئەورووپا ئەوەندە مەزنە دەکرێ لە ڕێگای پشتپێبەستنی بە سانایی فاشیزم لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە پاساو بدەی. بۆ نموونە، سیستەمی "ڕێکخراوە پیشەییەکان شێوەیەکی ڕێکوپێککردنی داهێنانە، کە دەکرێ بە میتۆدێکی زانستیانە ئەو ڕاستییە بسەلمێنین ئەم سیستەمە لە سیستەمەکانی تر باشترە. چ ئیرادەیەک هەیە ئەسڵە گشتییەکانی ئەم دەسکەوتانە کۆ بکەینەوە و وەک بەرنامەی خۆمان بەکاریان بێنین؟ بۆچی نابێت ئەم بەرنامەیە لە کۆمەڵگا بخەینە بەر باسوخواس؟ ئەو باسوخواسانەی دەستی کۆمەڵانی خەڵکی تێدا نییە، بەڵام تۆڕێژە ڕۆشنبیرەکانی خەڵک تێیدا بەشدارن؛ بەمجۆرە دەتوانین وای بنوێنین ئەم بەرنامەیە پشتی بە ئەزموون و مەنتق بەستووە.

تومازۆی سەگانی: بە ڕاستی بەرنامەیەکی لەمجۆرەتان بەدەستەوەیە؟ خەریکە بۆتان بەپەرۆش دەبم.

جەنابی دەبلیۆ: بەڵێ، بەرنامەیەکە بە دەستی لێژنەیەکی توێژەر بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر پیکاپ ئامادە کراوە. بەرنامەیەکی تێرو تەسەلە و من هێشا دەرفەتی ئەوەم نەبووە تا دوایین بەش بیخوێنمەوە.

تومازۆی سەگانی: پێشنیاری من ئەوەیە گوێی لێ بخەوێنن و دەرگاکەی دابخەن و قەپاتی بکەن.

جەنابی دەبلیۆ: دنیایەک پارەم سەرفی ئەم لێژنەیە کردووە. بەرنامەکەی ئامادەیە و پارەکەشی دراوە. بۆچی چاپ و بڵاوی نەکەمەوە؟

تومازۆی سەگانی: خەرجی لێژنەکە بخەنە نێو ژمارەحسێبی خێروبێرەکانتان و ئەم بەرنامەیە لەبیر خۆتان بەرنەوە. ئەمە تاقە ڕێگای بەرگریکردن لە دوا زەرەر و زیانەکانە. باسوخواسکردن و هەوڵدان بۆ قەناعەتپێهێنان بە خەڵک کاری مرۆڤی شێتوشوورە. ئەوەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر، نابێت ڕێگا بدات ڕۆحییەتی ڕەخنە و بەڵگەهێنانەوە دروست بێت و خۆی بنوێنێ، چونکی دیکتاتۆر خۆی دەبێتە یەکەم قوربانیی ئەم کارە. پێشەوایەکی فاشیست دەبێ بزانێت چۆناوچۆن کەسانی گوێ لەمستی قسەکانی خۆی، بێ ویستی خۆیان، بە دوای قوونی خۆیدا ڕابکێشێ، بیانهەژێنێ و لە هۆش خۆیان ببات، و ڕق و قینیان لە هەمبەر ئەوانەی بە باس و دەمەتەقێ کات بە فیڕۆ دەدەن، بووروژێنێ. "بە قسە زگ تێر نابێت"، بەڵێ، بە دروشمێکی لەمجۆرە دەکرێ ڕووبەڕووی سیاسەتمەدارانی نەریتخواز ببیتەوە؛ سەرلەبەری گوتەکانی پێشەوایەکی فاشیست دەشێ حاڵەتێکی سەلمێنراو و یەکجارەکی بە خۆوە بگرێ و هیچ بۆشاییەک بۆ باسوخواس و شک و گومان نەهێڵێتەوە. ڕێبەرێکی وا دەشێت لە

بەکارهێنانی دەستەواژەی وەکی "لەوانەیە، "ڕەنگە" ، "بە ڕای مـن" ، "ئەگەر بەهەڵەدا نەچم" تەواو خۆ ببوێرێ.

ئەو دەبێ هـەر داوایـەک بـۆ بـاس و دەمەتـەقێ ڕەت بکاتـەوە و لـە وەڵامدا بڵێ: "ڕزگارکردنی نیشتیمان باس هەڵناگرێ" ، "دەمەتـەقێکردن لەگـەڵ خـاین و خـۆفرۆش واتـای نییـە"، "بێکـاران کاریـان دەوێ، نـەک قسـە"؛ ئەمـە خـۆی وەڵامێکـە سـەرلەبەری گـوێ لـەمسـتانی فاشیسـت دەیسەلمێنن. جگە لەمە، هەر شێوازێکی دیکـە بگیرێتـە بـەر کارەسـاتی لێ دەکەوێتەوە. با باسی نموونەیـەکی تازەتـان بـۆ بکـەم کـە هـەر لـەم وڵاتە بچووکەدا ڕووی داوە. چەند ساڵ لەمەوبەر، بـە هـۆی سـەرکەوتنی فاشیزم لـە ئیتاڵیـا و ئـەڵمانیـا، بزوتنـەوەیـەکی فاشیسـتی بچـووک لـە سویسراش بەدیهات بە ناوی بزوتنـەوەی "فرۆنتیسـت" (Frontista). ئەم بزووتنەوەیە کە بەهاتوهاواری زۆر دامەزرانی خـۆی ڕاگـەیاند بـوو، زۆر زوو کـەفوکوڵی نیشـتەوە. ئـەم شکسـتە، لـە پلـەی یەکەمـدا، لـە سۆنگەی ئەم هەقیقەتەوە بوو ئەم وڵاتە خاوەنی ئەو بارودۆخە سیاسـی و کۆمـەڵایەتییـە تایبەتـە نـەبوو بـۆ قوتبوونـەوەی هـەر چەشـنە بزووتنەوەیـەکی دیکتـاتۆری، جـا راسـت یـان چـەپ، پێویسـتە هـەبێت. بـەڵام هۆیـەکی دیکـە کـە شکسـتی بزوتنـەوەی فاشیسـتیی سویسـرای پێشخست ئەمە بوو ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە کەوتنە بیـری ئـەوەی بـۆ پەرەپێـدانی فاشـیزم لەگـەڵ نـەیـارانی خۆیـان، کـە سوسیالیسـت و

دیموکرات و لیبراڵ و تەنانەت جوولەکە بوون لە بەر چاوی خەڵک مشتومڕ و دەمەتەقێ بکەن. دەسکەوتی کارەکەیان کارەساتێکی تەواو بوو. بەڵام دەشێت بڵێم لەوانەیە جگە لەمە چاریان نەبوو. بە لەبەرچاوگرتنی پەروەردەکردنی خەڵک بە ڕێساکانی دیموکراتیک لەم وڵاتەدا، ئەو سیاسەتمەدارەی باسوخواسکردن لەگەڵ نەیارانی خۆی قبووڵ نەکات، لەوانەیە چیتر جێگای متمانەپێکردن نەبێت و نەتوانێ سەرنجی کەس بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. هۆیەکی دیکە کە کاری دیکتاتۆرەکان لێرەدا ئەستەم دەکات ئەمەیە خەڵک هێندە هۆگرییان بە تەکنیکی قسەبێژی و هونەری ئاخافتنەوە نییە.

جەنابی دەبلیۆ: منیش بیستوومەوە زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئێرە، بە پێچەوانەی وڵاتانی دیموکراتیکی تر، سەر بە چینی یاسازان نین، بەڵکو زیاتر وانەبێژ و مامۆستای قوتابخانەن.

تومازۆی سەگانی: بەڵێ، لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ بڵێین ئێرە هێشتاش هەر وڵاتی پێستالۆتزییە[15]. بەڵام لە بەختی فاشیزم، هەموو وڵاتانی دیموکراتیک لە وڵاتی سویسرا ناچن. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا، ئەگەر تەکنیکی قسەبێژی و هونەری ئاخافتن سەریان تێدا بچێت، دیموکراسی هیچی بە دەستەوە نامێنێ. لە نێو ئەو کەسانەی دەیانویست بە قاچاغ فاشیزم بێننە نێو وڵاتی سویسراوە کۆمەڵێک

[15] یوهان هاینریش پیستالۆتزی (١٨٢٧-١٧٤٦) یەک لە قوتابیانی ژان ژاک ڕۆسۆ. ئەم زانایە لە بواری پەروەردە و ڕاهێناندا گەلێک تۆژینەوە و بەرهەمی بەکەڵکی پێشکەش کرد.

توێژەری گەنجیش هەبوون ، وەک پرۆفیسۆر پیکاپ، هەوڵیان دەدا لە نێو هەمبانەی تاوتوێکردن و لێکدانەوەی ئەو ڕێکخراوە حکوومیانەی لەم دواییانە لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا سەتان هەڵدابوو تیۆرییەکی فاشیستی ساغ بکەنەوە. ئا ئەمە هەڵەیەکی تایبەت بە ڕۆشنبیرانە کە بە ئاسانی فریوی لایەنی ڕووکەش و تەنیا یاساییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵایەتی دەخۆن، هەرچەند هەموو دەزانین ڕۆشنبیربوون زۆرجار فڕی بە سەر زیت و وریابوونەوە نییە. خەتای ئەم تاقمە لە ڕۆشنبیرانە کە دیموکراسی بۆتە هاوتای پەرلەمانتاریزم، و بلشویزم بۆتە هاوتای حکومەتی ڕاوێژکاری (سۆڤییەت)، تەنانەت لەو وڵاتانەی پەرلەمانتاریزم مااڵی دیموکراسیی وێران کردووە، و تەنانەت لەو بارودۆخەی کە بلشویزم حکومەتی شۆڕاکانی خڕ کردۆتەوە.

بەڵام، جەنابی دەبلیۆ , سەبارەت بە فاشیزم ئەم خاڵەتان لە بیر نەچێت: شوێنپێهەڵگرتنی ناسنامەی فاشیزم لەو دەرکەوتانەی تا ئێستا تێیدا خۆی نواندووە , و لەو ڕێکخراوانەی کە پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەدی هێناوە , ناگونجێت. فاشیزم هەمیشە ناسیۆنالیستە , بەڵام پێویست ناکات , دژی جولەکەکان بێت؛ هەمیشە دەزگاگەلی جڤاتی پێکدێنێ , بەڵام پێویست ناکات ڕێکخراوە پیشەییەکان بەدی بێنێ. ئەم بنکانە کۆمەڵێک ڕێکخراوەی بەدەڵین و دەوری پلەدوو

دەگێڕن و هەر تەنیا مامۆستایانی زانکۆی بەشی یاسا بە گرنگیان دەزانن و لێیان ورد دەبنەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: لە مێژبوو نەمدیتبوو کەسێک بەمجۆرە هەقیقەت بەراوەژوو بکاتەوە. جەنابی سەگانی، دەتوانم بە هێنانەوەی سەدان قسە لەم و لەو پێتان بسەلمێنم موسولینی دژی باس و بەرنامە نەبووە.

تومازۆی سەگانی: پێویست ناکات خۆتانی پێوە ماندوو بکەن , قسەی ئێوەم تەواو قبوڵە. شکی تێدا نییە موسولینی لە سەرەتاوە خوازیاری دەسەڵات بووە , بەڵام ڕێساکانی گەمەی دیکتاتۆریی درەنگ دۆزیوەتەوە. ئەو گەڵاڵە ڕیفۆرمخوازانەیەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن نەبووە هۆی هەموارکردنی ڕێگای سەرکەوتنی موسولینی , بەڵکو بە پێچەوانە، ئەم ڕێگایەی ئەستەمتر دەکرد. لە نووسراوەکانیدا، تەنانەت سەبارەت بە پرسی بنەڕەتیی حکومەت , کۆمەڵێک بۆچوونی دژ بە یەک دەبینرێ. تاکو ئەم دواییانە , واتە ساڵی 1920 , موسولینی شتی لەم بابەتەی دەنووسی: "نەمان بۆ حکومەت بە هەموو شێوە و دەرکەوتەکانییەوە: حکومەتی دوێنێ , ئیمڕۆ , سبەی , حکومەتی بورژوایی و سوسیالیستی. سەرجەمی ئەو شتەی بۆ ئێمە , ئێمەی پاشەبەرەی ڕێبازی ڕەسەنایەتیی تاکەکەس , ماوەتەوە بۆئەوەی لە شەوی ئێستا و شەوی دواڕۆژ ڕزگارمان بکات , ئایینی ئانارشیزمە، کە

ئیتر بۆتـه شـتێکی هیچوپـووچ , بـەڵام هێشـتاش هـەر وا ئارامبەخشـه" ئەمه نووسراوی موسولینییه .

جەنابی دەبلیۆ: ساڵی 1920 هێشتا شتی وای دەنووسی؟

تومازۆی سەگانی: بەڵام هەر ئەو , هـاوینی سـاڵی 1922 نووسـی: "سەدەی دیموکراسی دوایی پێهاتووه . سەدەی دەرەبەگایـەتی , سـەدەی ئێمه , جێگای سەدەی پێشوو دەگرێتەوه . حکومەتی هەموان پێـدەگات و حکومەتـی گرۆیەکی کەم جێگای پێ چۆڵ دەکات . نەوه تازەکان ڕێگـا به دیموکراسی نادەن بەو کۆمەڵەی کـه وەک لاشـه لێـی کـەوتووه بـەرد بخاته سەر ڕێگای داهاتوو" . دواجار , دوای بەدەستەوەگرتنـی دەسـەڵات به سازێکی دیکه سەمای کرد و نووسی: "له گۆشـەنیگـای فاشـیزمەوه , حکومەت ڕەها و موتڵەقه و له هەمبەریدا , خەڵـک و گرووپەکـان تـەنها بەهای ڕێژەییان هەیـه" . بـەمجۆره , هێڵـی چوونـەسـەر و هاتنـەخـوارێی موسـولینی دوایـی پێهـات . کـه وایـه , کـەس نـاتوانێ لافـی ئـەوه لێبـدا سـەرکەوتنی موسـولینی لـه سـۆنگەی بۆچـوونی ڕوون و ئاشـکرای ئـەو لەمەڕ مەسەلەی حکومەت بووه .

پرۆفیسۆر پیکاپ: سەرەڕای دەسەڵاتخوازیی ڕەهای موسـولینی , کـه بـه گـەلێ زمـان باسـی کـردووه , حکـومەتـی ئێسـتای ئیتاڵیـا , لـەچاو حکومەتـی ئەڵمانیـا , کـەمتر لایـەنی دیکتـاتۆری هـەیـه . بێشـک هیتلـەر سەبارەت به ئامـانجی خـۆی خـاوەن بیـر و بۆچـوونێکی ڕۆشـنتره . ئـەو

نووسیوێتی: "حکومەت ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە یەک ئامانج , ئەو ئامانجەش مانەوەی نیژادی ئێمەیە".

تومازۆی سەگانی: موسولینیش ئەم مرخەی تێدا بەدی دەکرا هیچەکە و پوچەکەترین هاوکێشە لێوانلێو بکات لە شتی سەرنجڕاکێش و سەیروسەمەرە. زۆرجار دەیگوت: "ئێمە دژی کەمایەسییەکان خەبات دەکەین , مافی خۆمان دەوێ , دژی نابەرپرسایەتین , دەمانەوێ بەهاکان ڕێزیان هەبێت". پێشنیار دەکەم بە تایبەت وشەی "بەهاکان" زۆر بە کار بێنن. لە هەر شوێن و لە بابەت هەر شتێک لە دەستتان دێت بەکاری بێنن , دەنگێکی خۆشی تێدا دەزرنگێتەوە و دەروەست و پابەندی هیچیشتان ناکات.

جەنابی دەبلیۆ: ئەرێ واتای "ئییائییا ئالالا" چییە؟

تومازۆی سەگانی: هیچ. هەر تەنیا هاوارێکە دانۆنتزیۆ لە کاتی شەڕ خستییە سەر زمانی خەڵک. لە هیچ زمان و زاراوەیەکدا بوونی نییە و داهێنەرەکەی خۆیشی هیچ مانایەکی مەنتقیی بۆ لێک نادرێتەوە. کە چی سەرەڕای ئەمانە , هەموو لایەنێکی لەباری تێدا بەدی دەکرا بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە هاوکێشەکانی ئاینی فاشیزم. ئەم هاوکێشەیە , ئەو کاتەی وەک هاوارێک لە قوڕگی جەماوەرێکی هەژاوەوە دێتە دەرێ , مانایەکی تەواو عاتیفی بەدەستەوە دەدا و بە پێی دۆخی جۆراوجۆر بۆی هەیە واتای سەرسووڕمان , نەشەبوون , داواکاری , شین و

ڕۆڕۆکردن و ئـاواتی گیانـدان بە دەسـتەوە بـدات. گرنگایـەتیی ئـەمجۆرە دەنگانە لە پێناوی سەرکەوتنی فاشیزم , زیاتر لە هەر چەشنە وتـارێکی تیۆریکە کە سەبارەت بە ڕێکخراوەکان بنووسرێت. ئەم هاوکێشانە , کـە گەلێک جار لـە کۆمـەڵێـک دەنگـی بێواتـا پێکهـاتوون , بـە شـێوەیـەکی سەرســـووڕهێنەر وەبیـــر ئـــەو هاوارانـــەمان دەخاتـــەوە مرۆڤـــە ئەشکەوتنشینەکان قوڕگیان بۆ دەدڕاند. "ئالالا" و "هایل" ئەو هاوکێشـە ئاینییانەن کە هەموو داب و دەستورەکانی فاشیسـتی یـان نازیسـتی بـە وان دەست پێدەکـەن و بـە وانـیش کۆتاییـان پێـدێت. دووپاتکردنـەوەی چەشنێ نزا و دوعای کۆمەڵێک دەقـی بێمانـا و نەشـیاوی تێگـەیشـتن , هەمیشە یـەکێک لـە کەرەسـە بـەبایەخـەکانی ئاینـە جڤاتییەکـان بـووە. زمانی لاتین , کە لـە داب و دەسـتوورەکانی کڵێسـای کاتۆلیـک بـە کـار دەبرێ , هـیچ کـات نەبۆتـە بەربەسـت بـۆ بەشـداریکردنی گوندنشـینانی نەخوێندەوار لەم داب و دەستوورانەدا , بەڵکو بە پێچەوانەوە , هەمیشـە زیاتر بۆ ئەم شوێنانە پەلکێشی کردوون.

پرۆفیسۆر پیکاپ: کتێبی "سەرمایە"ی مارکسیش , ئەگەر بێت و بـە زمانێکی گشتیتر و جەماوەرپەسندتر نووسـرابا , پێشـوازییەکی ئـەوتۆی لێ نەدەکرا.

تومـازۆی سـەگانی: حیزبێـک شـک نابـەم لـەم خاڵـە لاوازەی مـرۆڤ سودی تایبەتی وەرنەگرتبێت. بەڵام فاشیزم حیزبێکە هـەرچی بـەخت و

سەرکەوتنی هەبێت لەسەر بناغەی ئەم خاڵەی دامەزراندووە و تەکنیکێکی تازەی بۆ تەڵقینکردنی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک داهێناوە. حاشا لەم لایەنەی فاشیزم ناکرێت.

جەنابی دەبلیۆ: لە بێرلین لەگەڵ کەسێک بەناوی دکتۆر گوتێرێر (Dr. Guterer) ناسیاویمان پەیدا کرد کە ئەرکی ڕێکخستن و ئامادەکاریی هەموو ڕێپێوانەکانی حیزبی نازی لە سەر شان بوو. پاش قسەکردن لەگەڵ ئەو بوو تێگەیشتم بۆچی لە کڵێسا و هۆڵەکانی شانۆی ئەڵمانیا وێزەی باڵی مێشووله نایەت: هەرچی بۆنە و داب و دەستوورە گواستراوەتەوە بۆ کۆڵان و شەقامی شار.

تومازۆی سەگانی: هێما و بتەکانی ئاینی نوێش لە کۆڵان و شەقامەکانی شار دەپەرستێن: "هەڵۆ" و "خاچی شکاو" و "تەوری فاشیستی" و ئالا و نیشانەگەلی ئاینەکانی دیکە. ناپلیۆن زۆر لەوە پێش گوتبووی: "قۆپچەیەکم پێ بدەن , کارێک دەکەم خەڵک بیپەرستن و گیانی خۆیانی بۆ فیدا بکەن". ئەزموونی ناپلیۆن سەرکەوتوو بووە. هەر فاشیست یان نازییەک , نیشانی حیزبی خۆی لە شێوەی قۆپچەیەک بە یەخەی کراسەکەیەوە دووریوە و دەڵێ , ئامادەم لە پێناویدا گیانمی بۆ فیدا بکەم. ئەم قۆپچەیە بەو کەسەی لە سنگی خۆی داوە دڵنیایی ئەوە دەبەخشێ لە لایەن ئەو هێز و توانایی پیرۆزەی لەم قۆپچەیەدا شاردراوەتەوە دەپارێزرێ: بابایەکی فاشیست

لە خەڵکانی تر جیا دەکاتەوە و دەسەڵاتی ئەو نیشاندەدا لە بەرامبەر ئەو خەڵکە ماڵوێرانەی خاوەنی ئەم نیشانەیە نین. بە قسەی ڕۆژنامەکان , فاشیستی وا هەنە لە کاتی ئاویلکەداندا قۆپچەکە ماچ دەکەن؛ هەندێکی دیکە وەسیەت دەکەن لەگەڵ قۆپچەکەیاندا بیانناێژن , بۆ ئەوەی ببێتە زامنی ڕزگاربوونیان لە چنگ هێزە دۆزەخییەکان؛ هەندێکی دیکە قۆپچەکە بە سەر نێوچاوانی زارۆکی تازە لەدایکبوودا دێنن تا بۆ هەمیشە ژیانی خۆی بۆ نیشتمانەکەی تەرخان بکات. هەر وەتر سەبارەت بە ئاڵا، لەو کاتەوەی نوێنەری پێشەوا دەست بە ئاڵای ئەنجومەنی ناوچەیی حیزبدا بنێ , ئەم ئاڵایە چیتر کوتەپەڕۆیەکی سادە و لەتەداڕێکی درێژ نییە . لەو کاتەوەی نوێنەری پێشەوا دەستپێکی کاری بینای تازەی لقی ویلایەتیی حیزب ڕادەگەیەنێت , ئەم بینایە ئیتر ماڵێکی سادەی پێکهاتوو لە چەند ژوور و دەرگا و پەنجەرە نییە . هەر هێمایەک , بەرەبەرە لەگەڵ خودی ئەو شتەی نوێنەر و پێشاندەرێتی تێکەڵ دەبێت و دەبێتە یەک شت. ئاڵا نیشانەی نیشتیمان نییە , بەڵکو خودی نیشتیمانە . وەخت بەفیڕۆدانە ئەگەر بمانەوێ شوێنپێی هۆکاری کاریگەرێتیی نفوزی شتێکی کە دەپەرستێ لە شکڵ یان ڕەنگی ئەو شتەدا هەڵگرین. دەشێت شوێنپێی هێز و وزەی ئەم شتە لە هەناوی ئەو کەسانەدا بدۆزینەوە کە ئەو دەپەرستن: ئاڵای نازییەکانی ئەڵمانیا گەورە و سوورە , لە کاتێکدا فاشیستەکانی ئیتاڵی ئاڵایەکی بچووکی

ڕەشیان هەیە. بەڵام ئەرکی هەردوو ئاڵاکە و دەستکەوتی بەرهەمهاتوو لەم ئاڵایانە هەر یەکێکە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: هێ , هێ , هێ... ئەگەر بەڕاستتانە , دا بۆمان شی بکەنەوە بزانین بۆچی هێماکانی نەیارانی دیکتاتۆری بە ئەندازەی هێماکانی دیکتاتۆری شوێندانەر نین؟

تومازێی سەگانی: هێماکانی حیزبی سوسیالیست و حیزبی دیموکرات بە ئایدیالۆجییەکەوە گرێ دراون و ئەم ئایدیالۆجییە ڕێگا بە هێماکان نادات ببنە شتێکی شیاوی پەرستن , یان لانیکەم بۆ خواستێکی لەمجۆرە زەمینە خۆش ناکات. بۆ پیاوێکی کرێکار , سۆسیالیزم شتێکە شیاوی تێگەیشتن (هەقدەست , کارخانە , ماڵ و ژیان). کە وایە، ئاڵاکەیشی ئاڵایەکی سادە و ئاساییە. ئەم قسەیە سەبارەت بە کاریگەرێتیی قسەبێژی و هونەری ئاخاوتنیش وەڕاست دەگەڕێ. سەرۆکی بزووتنەوەیەکی دیکتاتۆری , زۆر جار قسەکەر و ئاخێوەرێکی باش , بە واتا کۆنەکەی , نییە. شێوەی قسەکردن و ئاخاوتنی بابایەکی وا , جاروبار مرۆڤ وە بیر ئەفسەرێک دەخاتەوە بەر لە هێرشی سەربازان بۆ سەر دوژمن , دنەیان دەدا و ڕۆحی ئازایەتییان بە بەردا دەکات , و جاری وایە ڕێک پێچەوانەی ئەم هەست و حاڵەتەی بۆ دێتە پێش , واتە حاڵی سەربازێک وە خۆ دەگرێ کە بە هەڵکەوت ڕێبەرایەتیی تاقمێک سەربازی یاغیی وەئەستۆ گرتووە. بەڵام هەر ئەم

شێوە قسەکردن و ئاخاوتنە بە پەلەپەل و ڕەشۆکی و بێبەری لەو نەرمونیانییەی ئەو , هۆیەکی تر بۆ نزیککردنەوەی ئەو لە کۆمەڵانی خەڵک , و بەمجۆرە خەڵک دەکاتە خاوەنی ئەم هەستە کە لە ڕاستیدا ئەو تاکە قسەبێژ و دەمڕاستی ئەوانە . ڕاستییەکەی ئەوەیە فاشیزمیش شێوازی قسەبێژی و ئاخاوتنی تایبەت بە خۆی هەیە , کە وەک هەموو شێوازەکانی قسەبێژی دەستکرد و بەدەڵە , بەڵام ئەم شێوەیە , لە چاو شێوەی قسەبێژانێکی قەدیمیی لە جۆری گامبێتا (Gambeta) , ژورێس (Jaures) , لاسال (Lassalle) , ئێنریکۆ فێری (Enrico Ferri) و لوید جۆرج (Lioyed George) , زیاتر لە سەر ئەو کۆمەڵانەی دەستەویەخەی شەڕ و بێکاریی درێژخایەنن کاریگەرە . ئا ئەمە هەر ئەو بااڵدەستییەیە کە ئال جالسۆنیش , لە چاو کاروزۆ[16] , هەیەتی .

جەنابی دەبلیۆ: ڤان بورێن (Van Buren) دەناسن؟ هەر ئەو کەسەیە ساڵی 1828 , بە یارمەتیی کۆمەڵێک پڕوپاگەندەی سەیرو سەمەرە بۆ هەڵبژاردنەکان , جەکسۆنی (Andrew Jackson) کرد بە سەرۆککۆماری ئەمریکا . ئەم پڕوپاگەندانە پشتئەستور بوون بە دروشمی "پاراستنی مافە پیرۆزەکانی میللەت" . ئاشکرایە هیچکەس , تەنانەت سەرۆک کوئینسی ئادامز (John Quincy

[16] ئال جالسۆن و ئێنریکۆ کاروزۆ دوو گۆرانیبێژی بەناوبانگی سەروبەندی نووسینی ئەم کتێبەن .

Adams)یش، کە لەم هەڵبژاردنانەدا ڕکابەری جەکسۆن بوو , هەڕەشەی لەم مافانەی میللەت نەدەکرد , بەڵام زیرەکی و کاری تازەی پڕوپاگەندەیی ڤان بۆرین پێشوازییەکی سەرسوڕهێنەری لێکرا. ڤان بورێن خۆی پاش جەکسۆن بوو بە سەرۆککۆمار و لە هەڵبژاردنەکانی خولی دووهەمی سەرۆککۆماریدا , هەر بە زەبری فرتوفێڵی ئەو شێوە پڕوپاگەندەیەی خۆی دایهێنابوو شکستی خوارد. هەریسۆنی (Benjamin Harrison) ڕکابەری , خۆی وەک پیاوێکی ساکار و بێگرێوگۆڵ و ڕێکوپێک و خاوەن خانەدان , و "پیاوێکی وەک پیاوانی دیکەی کۆڵان و شەقام" ناساند. لە بەرامبەردا , ڤان بورێن لە سۆنگەی ئەوەی سەرۆککۆمار بوو , بە پیاوێکی کۆشکنشین هاتە ئەژمار کە پێشخزمەتان دەوریان داوە و لە قاپی زێڕدا نان دەخوات.

تومازۆی سەگانی: ببوورن , ئەوەی ڕاستی بێت خەریکە گێژ و وڕ دەبم. پێموایە پێویست ناکات ئێوە لە ئەوروپییەکان فێرە شت بن.

9

دیموکراسی چۆنچۆنی مـاڵی خـۆی وێـران دەکـات , لەگـەڵ هەندێ نموونەی بەکردەوە سەبارەت بە هونەری لە ئاوی لـیخن ماسیگرتن

پرۆفیسـۆر پیکـاپ: کـە مـرۆڤ چـاوی بـە ڕێپێـوان و خۆپیشـاندانی بزووتنەوەیەکی فاشیستی دەکەوێت , ئیتر ناتوانێت حاشا لـەم ڕاسـتییە بکات کە ژمارەی ئەو خەڵکانەی لەم ڕێپێوانانەدا بەشداری دەکـەن چـی وای کەمتر لە ژمارەی بەشداربووانی ڕێپێوانی حیزبەکانی دیکە نییە . بە پێچەوانەوە ..

تومازۆی سەگانی: نەکا بتانەوێ لەم قسـانەتان بـەم ئەنجامـە بگـەن کە فاشیزمیش بزووتنەوەیەکی دیموکراتییە .

پرۆفیسۆر پیکاپ: بـەڵـێ , دیموکراتیـک بـە مانـای دروسـتی وشـە , وەک چۆن دیموکراسـی لـە ڕیشـەی (demos) , بـە واتـای خـەڵـک , وەرگیراوە .

تومـازۆی سـەگانی: کـە وایـە، بـە ڕای ئێـوە خـەباتی چەکدارانـەی جووتیـــارانی وانـــدێ (Vendee) و شـــوان (chouan) دژی کۆنوانسیۆنی[17] فەڕەنسەش بزووتنەوەیەکی دیموکراتیک بوو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: مێژوونووسان ئەم بزووتنەوەیە بە بزووتنەوەیـەکی دیموکراتیـــک نـــازانن , چـــونکی هەوســـاری ڕێبەرایـــەتیی سیاســـیی جووتیارانی نەیار لە دەست کڵێسا و دەرەبەگاندا بـوو. بـەڵام سـەبارەت بە فاشیزم , ناتوانن حاشا لەم ڕاستییە بکەن زۆربەی ڕێبەرانی , لە نێو کۆمـەڵانـی خـەڵکـەوە سـەریانهەڵـداوە و لە ڕێگـای دەنگـی خـەڵـکەوە دەسەڵاتیان پێگەیشتووە .

تومازۆی سەگانی: زۆر یەک لەو دەستدرێژییانەی دەرهەق بە ئـازادی خەڵک دەکرێ , لە دەنگدانە گشتییەکاندا بە ناوی یاسا پەسەندکراون و مۆری ڕەسمیبوونیان بە نێوچەوانەوە لکاوە . هەر لە نێوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا (سەدەی نۆزدە) پرۆدۆن لـە نووسـراوەیـەکی خۆیـدا بـە نـاوی "ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییـەی لـە کودەتـای دووەمـی دیسـامبردا دەنگـی دایـەوە" . دەپرسـی: کـێ پەرلەمـانی پێکهێنـەرانی هـەڵبـژاردووە , ئـەو پەرلەمانـەی گاڕانێـک سـەڵتەنـەتخواز و دەرەبـەگ و ژەنەراڵ و قەشـە و تەڕەماشی تێخراوە؟ دەنگی جەماوەری خەڵک. کـێ دانـی بـە کودەتـای

[17] کۆنوانسیۆن پەرلەمانێکی شۆڕشگێڕانەیە سێپتامبری ۱۷۹۲ جێگای پەرلەمانی یاسادانەری فەرەنسی گرتەوە و تاکو ئۆکتبری ۱۷۹۵ حوکمڕانیی ئەم وڵاتەی بەدەستەوە گرت . یەک لە بڕیارەکانی ئەم پەرلەمانە دامەزراندنی حکومەتی کۆماری لە فەرەنسە بوو .

دووەمی دیسامبردا نا و سەلماندی؟ دەنگی جەماوەری خەڵک , و هەندێ پرسیاری لەم جۆرە. دەکرێ بەم پرسیارانە کە تەنیا چەند ساڵێکی مێژووی سیاسی فەرەنسە دەگرێتەوە سەدان پرسیاری دیکەی لەم جۆرە زیاد بکەن.

جەنابی دەبلیۆ: جەنابی سەگانی , بە ڕای ئێوە ئەگەر دیموکراسی هەر هەمان دەنگی جەماوەری خەڵک نییە , ئەی چییە؟

تومازۆی سەگانی: هەر لەم ساڵانەی دواییدا بوو دیموکراسی واتای گشتیی حکومەتی زۆرینەی خەڵکی بە خۆوە گرت. تا ساڵی 1848 , دیموکراسی بە مانای ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بوو پشتئەستور بێت بە کۆمەڵانی هەژاری میللەت و جوتیار و بازرگان و کرێکار و وردەبۆرژواکان. ئەوکات , ئاوڕدانەوە و گەڕانەوە بۆ دەنگی جەماوەری خەڵک وەک ئامرازێک بوو بۆ گەیشتن بە دیموکراسی , نەک گەوهەر و بنەمای دیموکراسی. ئەزموون نیشانی داوین گەڕانەوە و پرسکردن بە دەنگی هەرچی زیاتری خەڵک هەمیشە بە واتای بەهێزکردنی دیموکراسی نەبووە , و هەروەتر گەلێ نموونەی جۆراوجۆرمان هەیە کە حوکمڕانیی کۆنەپەرست ڕێک بۆ سەرکوتکردنی دیموکراسی پشتی بە دەنگی هەرچی زیاتری خەڵک بەستووە. ئەو زۆرینەیەی شعوور و ویژدانی نەبێت ئامرازێکە دەکرێ بۆ هەر کارێک سواری سەری بیت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەم قسەیەتان بیر ئەو دەمەتەقەیەم دەخاتەوە کە لەگەڵ گولیلمۆ فێرێرۆ (Guglielmo ferrero) لە ژێنۆ کردمان. ئەو دەیگوت , ئەو ڕیفۆرمە دیموکراتییانەی ساڵی 1880 بە دواوە , لە سەر دەستی ئومبێرتۆ (Umberto) , پاشای ئیتاڵی، کرا کۆمەڵێک ئامانجی کۆنەپەرستانەی هەرەئاشکرای لە بەر چاو بوو. لە سۆنگەی ئەم چاکسازیی و ڕیفۆرمانەوە , ژمارەی ئەو کەسانەی دەیانتوانی دەنگ بدەن لە سەدوپەنجا هەزارەوە گەیشتە دوو ملیۆن کەس. پاشا پێی وا بوو کۆمەڵێکی دوو ملیۆن کەسی , کە زۆربەیان هەژار و بەستەزمان بوون و ئاگایان لە دنیا نەبوو , باشتر و خۆشتر لە کۆمەڵێکی سەدوپەنجا هەزار کەسی دەبنە گۆپاڵی دەستی حکومەت. هەر وایشی لێ هات. لە ژێر دەمامکێک بە ناوی بەرفراوانکردنی سنووورەکانی دیموکراسی , ئومبێرتۆی پاشا توانی سەربەخۆییی باڵی بەڕێوەبەری دەوڵەت بەهێز بکات و پەرەی پێبدات.

تومازۆی سەگانی: هەر بەم شێوەیە , گەورەپیاوانی شارەکانی ئیتاڵیاش لە سەدەکانی ناوەڕاست بە پشتبەستن بە کۆمەڵانی خەڵک لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان هەڵگەڕانەوە. هەروەتر سیستەمی پاشایەتیی ڕەها بە یارمەتیی بۆرژواکان دژی سەرمایەداران خەباتی دەکرد. "پیتر"ی مەزن بە پشتیوانیکردن لە هەندێ خواستی کۆمەڵان بزووتنەوەی نەتەوایەتیی مازێپا (Mazeppa)ی لە ئۆکراین

سەرکوت کرد و لەم ڕێگایەوە توانی کەلەبەرێک بخاتە نێوان کۆمەڵانی قەزاق و ڕێبەرەکانیان. بەڵام زیرەکی و سەگێتیی فاشیزم لەوەدایە کە هونەری "داڕووخانی دیموکراسی لە ڕێگای کەرەسە دەسکردەکانی دیموکراسی"یەوە گەیاندۆتە چڵەپۆپەی خۆی.

جەنابی دەبلیۆ: نەکا بتانەوێ لافی ئەوە لێبدەن ئەم شێوازە تەنیا ئەو کاتە ڕێگای پێدەدرێت کە حیزبە نەریتییەکان دەستەوداوێنی بن؟

تومازۆی سەگانی: من شتی وا نالێم. ئەوەندە نەبێت دەمەوێ مەسەلەکە ڕوون بکەمەوە.

جەنابی دەبلیۆ: تکایە لە سەر قسەکانتان بەردەوام بن.

تومازۆی سەگانی: لە سەردەمی ئێمەدا , زۆر جار دیموکراسی چ نییە جگە لە خۆکوشتنێکی بەنهێنی. ئەو شتەی وەک خوێنێکی گیانبەخش مایە و هەوێنی ژیانی ڕژێمێکی ئازادە , خۆبژێویی و دەسەڵاتی خۆجێیی ڕێکخراوە ناوچەییەکانە. بەڵام ئەو کاتەی دیموکراسی لە سۆنگەی گوشاری کۆمەڵێک خواستی سووکوچروکتری ناوخۆی، ئەم ڕێکخراوە سەربەخۆیانە تەفروتونا دەکات , ئاشکرایە خۆی بەرەو هەڵدێری تیاچوون دەبات. ئەگەر لە ڕژێمێکدا کارخانە لە ژێر دەسەڵاتی لاسارانەی خاوەن پیشەسازییەکان , سەندیکا لە ژێر دەسەڵاتی بوروکراسی , لقە ناوچەییەکانی بزووتنەوە سیاسییەکان لە ژێر دەسەڵاتی خزم و کەسوکاری پێشەوا , و شار و پارێزگاکان لە ژێر

دەسەڵاتی نوێنەری حاکمییەتی ناوەندی دابێت , ئیتر ناکرێ بەو ڕژێمە بڵێین ڕژێمێکی دیموکراتیک. بە داخەوە , وەک چۆن لانیکەم لە ئەورووپا دیتوومانە , حیزبە سۆسیالیست و دیموکراتەکان زۆر جار بە هۆی لایەنگری چالاکانەیان لە کۆبوونەوەی کاروباری وڵات لە ناوەندێکدا (کە هەمان دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بێت) زەبرێکی وێرانکەریان لە خودموختاری و خۆبژێویی ناوچەیی داوە. ئەمەش لاساییکردنەوەی نەریتی ژاکوبنێکانە کە مەزنایەتی و زاڵبوونی پایتەختیان بەسەر ناوچەکانی تری وڵاتدا بە ئامرازێک دەزانی بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ نفووز و دەستڕۆیشتوویی قەشەکان و سەرمایەداران. هۆیەکی تری مەیلی حیزبە سۆسیالیست و دیموکراتەکان بۆ چڕکردنەوەی کاروباری وڵات لە ناوەندێکدا دەشێت لەم ڕاستییە بە دوایدا بگەڕێین کە لایەنگرانی ئەوان , واتە وەرزێران و کرێکاران و وردە کاسبکاران , زیاتر سەر بە هەژارترین چینی کۆمەڵگان و وێدەچێت باشتربوونی بارودۆخی ژیانی ئەم لایەنگرانە پێویستی بە یارمەتی و هاوکاریی و پشتیوانیی دەسەڵاتی ناوەندی بێت. بەمجۆرەیە کە حکومەتی "بەهێزی ڕەها" لە دایک دەبێت. لە لایەکەوە، یارمەتی و کۆمەکە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەت و دابینکردنی هەندێ یاسا و ڕێسا بۆ پشتیوانیکردن لە کۆمەڵانی خەڵک بە ژمارەی لایەنگرانی حیزبە دیموکرات و سۆسیالیستەکان زیاد دەکات , بەڵام لە لایەکی ترەوە ڕێکخراوە و بنکە

سەربەخۆ و خۆبژێوەکانی ناوچەیی لەناو دەبات. هەر بەم هۆیەیە لە هەندێ ولّات دیاردەیەکی بە ڕواڵەت دژواز دەبینین: هەر ماوەیەک پاش ئەوەی ژمارەی حیزبە دیموکرات و سۆسیالیستەکان دەگاتە ئەوپەڕی خۆی , تێکڕمانی دیموکراسی دەست پێدەکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: دەوروبەری سەد ساڵ لەمەو بەر , ئالێکسی دوتوکویل (Alexis DeTocquevile) گوتی: "ئەگەر ڕۆژێک ئازادی لە ئەمریکا سەرکوت بکرێت , ئەم سەرکوتکردنە لە سۆنگەی پاوانخوازییەوە دەبێت , ئەو پاوانخوازییەی زۆر لە کەمینە دەکات تا لە ڕێگای نایاساییەوە بوونی خۆی بپارێزێت". هەر ئیمڕۆکانە , زۆرێک لە دەرکەوتەکانی ئەم پاوانخوازییە زۆرینەیە لە ولّاتی ئێمەدا دەبینرێ , و ئاشکرایە سەرکەوتنی فاشیزمی ئەمریکی بە پەرچەکرداری نایاساییی کەمایەتییە ناڕازییەکان دەبەسترێتەوە.

جەنابی دەبلیۆ: ئەم دەستەواژە کۆنانە , واتە "زۆرینە"و "کەمینە" , کە سەردەمانێک پێشاندەری کۆمەڵێک دابەشکاریی ئایدیالۆجیکی بوون , ئیمڕۆکانێ ئیتر ئەو واتایەی جاران بە دەستەوە نادەن. بە ڕای من , باشترە لە بری ئەوان دەستەواژەی "دەزگاگەلی حیزبی" یان "مەکینەگەلی حیزبی" دابنێین.

تومازۆی سەگانی: ئەمەش یەکێک لەو دەستکەوتانەیە دەشێت بە حسێبی بزووتنەوەکانی تۆتالیتاریستی بنووسرێت. کۆمەڵناسێکی

ئیتاڵی- ئەڵمانی , بەناوی روبێرتۆ میشلز (Roberto Michels) نیشانی داوین مەیلی ژیانی ناوەوەی حیزبە گەورەکانی بە کۆمەڵ , بەرەو ئولیگارشی دادەشکێتەوە , واتە دەسەڵاتی گرووپێکی بچووک بەسەر گشت کاروباری حیزبدا ئاسان دەکاتەوە. کۆنگرەکانی حیزب بە پێی یاسا شوێنی نواندنی حاکمییەتی هەموو ئەندامانی حیزبە , بەڵام گرووپی بچوکی ڕێبەرانی حیزب زۆر جار کۆنگرەکان دەکەنە گۆپاڵی دەستی خۆیان. لە کۆڕە گشتییەکان (یان پلینۆمەکان)دا ئەم مافە بە نوێنەرانی ناوچەیی دەدرێ بۆ قسەبێژانی گەورەی حیزب چەپڵە یان فیتوو لێبدەن , بەڵام بڕیارەکان لە کۆمیسیۆن (لێژنە) دەدرێن و حازر و ئامادە دەخرێنە بەر دەست نوێنەران. کادیری ڕێبەرایەتیی تازەی حیزب لە دواییین دانیشتندا هەڵدەبژێردرێن کە زۆر جار لە ئاخروئۆخری شەو بەڕێوە دەچێت؛ ئەمەش ئەو کاتەیە هەندێ نوێنەری ناوچەکان لە ترسی ئەوەی نەکا دواییین شەمەندەفەری ئەو شەوەیان لەکیس بچێت , بە هەڵەداوان خۆیان دەگەیەننە وێستگەی شەمەندەفەر. سەرۆک بە دەنگێکی گیراو , کە کەس تێناگا دەڵێ چی , ئەو لیستەی لێژنەیەکی بچووک ئامادەی کردووە دەخوێنێتەوە , و ئەندامانی کۆنگرە , گێژ و وڕ , بێ ئەوەی گونیان پێ بچێت دەستیان بەرز دەکەنەوە و نوێنەرایەتیی هەمەلایەنەی کۆنگرە بۆ خولێکی تر دەدەنە دەست ئولیگارشیی زاڵ بە سەر حیزبدا. ئەو کۆنگرانەی لەم ڕێسایە بەدەرن ,

یان ئی حیزبە بچووکەکانی دوور لە دەسەلاتن , یان ئی حیزبی ئەو ولاتانەن کە هێشتا دواکەوتوون.

جەنابی دەبلیۆ: سوپاس بۆ خوا ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەو دوو حیزبە گەورەیەی ولاتی ئێمە وەڕاست نەگەڕاوە. کۆنگرە یان "کۆنوانسیۆنی" ئەم حیزبانە , کە هەر چوار ساڵ جارێک پێکدێت , نوێنەری حیزب بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار دەسنیشان دەکات , و تا کەسێک ئەم کۆنوانسیۆنانە لە نزیکەوە نەبینێت , ناتوانێ چۆنێتیی ئەوان بێنێتە بەرچاوی خۆی. بۆ ئەوەی بۆچوونێکی کەموزۆر دروستتان لەم کۆنوانسیۆنانە هەبێت , دەشێت تێکەڵاوێک لە سیرکێک و شانۆیەکی دوانیوەڕۆی پێنجشەممۆیانی جێژنێکی جوتیاری بێننە بەرچاو و هاتوهاواری دۆزەخیانەی هۆڵی بۆرسە , لەو ڕۆژەی بەهای شتەکان دابەزیوە و هەراهەرا و زەنازەنای "بالماسکە"یە کەشی پێ زیاد بکەن , لە دوایین دانیشتندا , شانۆکە دەگاتە ئەو پەڕی سامناکیی خۆی , هەموو پێکەوە دەنەڕێنن و گۆرانی دەڵێن و فیتوو لێدەدەن و زەنگوڵە دەجوولێننەوە , و لە هەمان کاتدا چەندان دەستە ئۆرکێستر ئامێرە فووییەکانی خۆیان دەژەنن؛ لە کاتێکدا لەو کۆڕەدا باب ئاگای لە کوڕ نییە , چوار پێنج کەس لە ژوورێکی بێدەنگ و ئارامی هۆتێلەکە دانیشتوون و وتوویژ دەکەن و چەنە لێدەدەن.

تومازۆی سەگانی: هەرچەندەش لەسەر ئەم بابەتە شتەکە زۆر گەورە بکەنەوە , من ناتوانم لە سەر قسەی ئێوە قسەیەک بکەم. بەڵام بێ ئەوەی بمەوێت فیکرێکتان بەسەردا داسەپێنم , و تەنیا لە پێناوی ئەوەی مەسەلەکەم ڕوون کردبێتەوە , دەمەوێ سەرنجی ئێوە بۆ ئەم بابەتە ڕابکێشم کە فاشیزم , وەک هەر بزووتنەوەیەکی دیکتاتۆریی دیکە , بە نیازی ئەم ئامانجە پێک نایەت خەوش و نوقسانییەکانی دیموکراسی چاک بکاتەوە , بەڵکو ئامانجی ئەوەیە ئەم خەوشانە بگەیەنێتە ئەوپەڕی خراپیی خۆیان و لەم ڕێگایەوە پاشماوەی چاکە و باشییەکانی دیموکراسیش تەفروتونا بکات.

جەنابی دەبلیۆ: کام چاکە و باشیی؟

تومازۆی سەگانی: هەر ئەو شتانەی شارستانییەتی بە کۆمەڵ , چەقبەستنی کاروباری ئیداری و بوروکراسی نەیانتوانیوە ڕیشەکێشی بکەن , واتە: فرەبوون و جۆراوجۆربوونی حیزبەکان , ئازادیی ڕۆژنامەوانی , ئازادیی فێرکاری , ئازادیی دین و ئاین , ڕێکخراوەگەلی کرێکاریی سەر بەخۆ.

جەنابی دەبلیۆ: هەر ئەوەندە بەستە , چونکی وێناچێت تاوتوێکردنی دانەبەدانەی ئەم بە ناو چاکە و باشییانەی دیموکراسی بۆمان بگونجێت. بەڵام , هەر وا کە لە نێو خۆماندا بڕیارمان داوە و تەنیا لە پێناوی ڕوونکردنەوەی پرسەکان , دەخوازم بە تایبەت لە پرسی

ڕێکخراوەگەلی کرێکاری بکۆڵینەوە. دەشێت دانی پیا بنێم بۆچوونەکانم لە بابەت ئەم پرسە لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا , تەماوی و دژبەیەکە.

تومازۆی سەگانی: تا بەر لە سەرهەڵدانی فاشیزم , لە گشت وڵاتانی ئەورووپی , ڕێکخراوەی کرێکاری , چ لە باری هێز و توانایی و چ لە باری جیهانبینی , شانبەشانی سۆسیالیزم دەچووە پێشێ و ئەم دوو بزاڤە زۆر جار یەکیان دەگرتەوە , هەرچەند لە هەندێ وڵات , کاتۆلیکەکان توانیبوویان بزووتنەوەیەکی سەندیکایی تایبەت بە خۆیان پێکبێنن. جا لەم ڕووەوە کە ڕێکخراوی کرێکاری ئیمرۆکە ڕەگەزێکی حاشاهەڵنەگر بۆ دابینکردنی ڕێکوپێکیی بازاڕی کار لە قەڵەم دەدرێت , ئەو کات وای بۆ دەچوون سۆسیالیزم بە هیچ کلوجێک شکست ناهێنێت و لە سۆنگەی ئەو سوود و قازانجەی بۆ کاروباری ئابووری هەیەتی هیچ شتێک بۆی نییە لە بری ئەو دابنرێت. فاشیزم نیشانی داین دەتوانرێ کۆمەڵانی زۆروزەوەندی کرێکاری بۆ ئامانجە دژی سۆسیالیستییەکان ڕێکوپێک بکرێت و بەمجۆرە زەبرێکی جەرگبڕ لە سۆسیالیزم بوەشێنرێت. فاشیزم نیشانی داین دەکرێت سۆسیالیزم لە ڕێکخراوەی کرێکاری جیابکرێتەوە و ئەم زەبرە کاریگەرتر لەو زەبرە بوو کە کارەساتی کوشتوبڕی ئەندامانی هەڵسووڕی مارکسیست و داخستنی دەفتەرەکانی حیزب بە سەر سۆسیالیزمیان داهێنا. ڕووداوەکانی ئەڵمانیاش ئەم ئەزموونە ئیتاڵییە پشتڕاست دەکەنەوە. لەم باسانەمانەوە بەم ئاکامە دەگەین

یەکێک لە نیازە هەرەپێویستەکانی حکومەتی دیکتاتۆری , بوژانەوەی ڕێکخراوەی هێزە کرێکارییەکانە لە پێناو و بە پێی ئامانجەکانی حکومەت.

پرۆفیسۆر پیکاب: گوبلز گوتوویەتی , کۆمەڵ لە کۆمەڵێک مرۆڤ پێکدێت کە لە زاتی خۆیاندا لەڕ و لاواز و تەمبەڵ و تەوەزەل و سووکوچرووکن. کۆمەڵ ماکێکی بیچمنەگرتووە. ئەوە تەنیا پێشەوای سیاسییە لە دەستی دێت کۆمەڵ بکاتە خەڵک , و خەڵک بکاتە میللەت.

تومازۆی سەگانی: بەڵام زاڵبوون بەسەر کرێکاردا لە هەموو کەس ناوەشێتەوە. هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی تازەی دژی سۆسیالیستی کە بیەوێت لە داهاتوو , لە وڵاتە هێشتا دیموکراتییەکاندا سەرهەڵبدا , لەوانەیە ناچار بێت قەوارەیەکی خەڵکپەسەند و تەنانەت کۆمەڵپەسەند بە خۆوە بگرێت , و بۆ سەرنجڕاکێشانی کرێکاران , بە نۆبە شێوازی تووندوتیژ و خەڵکخەڵەتێن بگرێتە بەر , و کۆمەڵێک سەندیکای تایبەت بەخۆی دروست بکات یان سەندیکای حازر و بەردەستەکان داگیربکات. پڕبەپێستترین پێشەوا بۆ بزووتنەوەیەکی لەم چەشنە , ئەو کەسەیە کە سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییە شەخسییانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردن , خاوەنی ئەم خەسڵەتانەش بێت: لە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە سەریهەڵدابێت و چینی کرێکاریش باش بناسێت , تەنانەت باشتر وایە

ئەندامی چالاکی حیزبی سۆسیالیست , و لەوەش باشتر , ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست بووبێت. لە فەرەنسە (کە لەم بوارەدا خاوەن نەریتێکی لەمێژینەیە) دەڵێن: "باشترین چاوەدێری ڕاوچییان ئەو کەسەیە خۆی پێشتر راوچی بووبێت".

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەمە ڕاستە؛ هەر ئەم پێداویستییە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی کرێکاری بوو کە هیتلەری هان دا هەتا ناوێکی کۆمەڵپەسەند بۆ حیزبەکەی خۆی هەڵبژێرێت. هەر ئەو خۆی نووسیویەتی و دەڵێ , ناوی بزووتنەوە دەشێت بە جۆرێک بێت هەر لە سەرەتای کارەوە بتوانێت کۆمەڵانی زۆروزەوەندی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

تومازۆی سەگانی: موسولینیش , با ئەوەی ساڵی 1914 بەهۆی لایەنگریکردنی لە شەڕ لە حیزبی سۆسیالیست دەرکرا , ماوەی چەند ساڵێک دەستەواژەی "ڕۆژنامەی سۆسیالیستی" لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکەی هێشتەوە , و پاشان لە بری ئەو , دەستەواژەی "ڕۆژنامەی داهێنەران"ی دانا. سێپتامبری ساڵی 1921 , لە گەرمەی ئەو دەمەتەقانەی باسی گۆڕانی "بزووتنەوە"ی فاشیستییان بۆ "حیزب" دەکرد , موسولینی بەر لە هەر شتێک کەوتە بیری ئەوەی حیزبی داهاتوو بە "حیزبی فاشیستیی کار" ناودێڕ بکات. ئەو کات ڕایگەیاند , بوونی وشەی "کار" لە نێو ناوی حیزبدا پێویستە. ساڵی 1919 هیوادار بوو سەندیکاکانی

کرێکاری لە حیزبی سۆسیالیست جیابکاتەوە و بە رێککەوتن لەگەڵ باڵی ڕاستی ئەوان , حیزبێکی لە جۆری حیزبی کرێکاری بریتانیا بەدی بێنێت. بەڵام لەم کارەدا سەرنەکەوت، و یەکێک لە هۆیەکانی ئەمە بوو ئەندامانی هەڵسووڕی کرێکاری کە "خەیانەت"ی ئەویان لە ساڵی 1914 لەبیر نەچووبۆوە , خۆیان لێ نزیک نەدەکردەوە و بە "گلاو"یان دەزانی. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ناچار بێت ڕێگای تایبەتی خۆی بگرێتە بەر. ماوەیەک پڕوپاگەندەی بۆ تیۆریی یەکێتیی سەندیکاکان کرد و دواجار دەستی دایە کاری پێکهێنانی سەندیکاکانی فاشیستی. لە یەکەمین کۆنگرەی ئەم سەندیکایانەدا , موسولینی بەم چەشنە خۆی پاساو دایەوە: "مانەوەی ئێمە ئەوە دەخوازێت دوژمن لە هەموو سەنگەر و سەرپەنایەکدا سەرکوت و تەفروتونا بکەین". چەند هەفتەیەک بەر لەم قسەیە گوتبووی، بۆ ئەوەی فاشیزم باڵا بکات پێویستی بە چالاکی و هەڵسووڕانی سەندیکاکان هەیە.

جەنابی دەبلیۆ: کە وایە، ئەو کەسەی ململانێی نێوان فاشیزم و سۆسیالیزمی لە ئەورووپا بە "شەڕی ناوخۆ لە نێو دڵی سۆسیالیزم" ناودێڕ کردووە شتێکی زۆر بێسەرەوبەرە و دوور لە ڕاستیی نەگوتووە.

تومازۆی سەگانی: وێدەچێت تاقە یەک هانە هیتلەر و موسولینی پێملکردووە لە هەندێ دەرفەتی لەبار , بە جۆرێک لە جۆرەکان , لە خەباتی کرێکار دژ بە خاوەن کاردا بەشداربن , ئەو هانەیەش ئەمە

بـــووە: بـــەدیهێنانی بێنـــەزمی , بـــەتینترکردنی ئـــاگری بێنـــەزمی , درێژخایـــەنکردنی مـــاوەی بێنـــەزمی. لـــە بـــەر ئـــەوەی تـــەنیا قۆنـــاغێکی درێژخایـــەنی بێنـــەزمی دەتوانێـــت پاســـاوی دامەزرانـــدنی دیکتـــاتۆری بداتـــەوە. بێنـــەزمی بـــەردەوام ژیـــانی ئـــابووری و کۆمـــەڵایـــەتی ئیفلـــیج دەکات , پـــەیوەندییەکان لەگـــەڵ دەرەوەی وڵات تووشـــی گرفـــت دەکـــات , دەبێتـــە هـــۆی تەشـــەنەســـەندنی هـــەژاری و نـــەداری , ڕێکخـــراوەگـــەلی کۆمـــەڵایـــەتی بـــە شـــێوەیـــەکی قەرەبوونـــەکراوە چیتـــر جێگـــای متمانـــە و بـــاوەڕپێکـــردن نـــابن؛ وا دەنـــوێنێ هـــیچ گـــەڵاڵـــە و بەرنامـــەیـــەک بـــۆ بەڕێوەچوون ناشێت و دۆخێک بەدی دێنێت کە تێیـدا دیکتـاتۆری تاقـە ڕێگای ڕزگاری بێتە بەر چاو. ئەو بارودۆخە دەروونییەی کە بێنەزمی بە شێوەیەکی بەردەوام دروستی دەکات دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی ئاسایی ســـەبر و ئـــارامی نـــەمێنێت و خـــۆ نـــەپارێزێ و بـــە هـــەر شـــوناس و ناشوناسێک بڵێت: هەر کەسێک بێتـە سـەر کـار گرنـگ نییـە , تەنانـەت گەر ئەو کەسە خودی شەیتان بێت , هەر ئەوەندەمان بەسـە بتـوانێ لـە سەر کاری خۆی سوور بێت و حکومەت بکات و دەستێک بخاتە بنبـاڵی ئەم وڵاتە ئـاڵۆز و شـپرزەیـە. بێنـەزمی بـۆ فاشـیزم وەک ئـاو وایـە بـۆ ماسی. لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی گوبلزدا چاومـان بـە هەنـدێ لاپـەڕە دەکەوێت دەربڕی ئەم ڕاستییەیەن. ئەم لاپەڕانە باسی مـانگرتنی سـاڵی 1932ی کرێکـارانی بەشـی گواسـتنەوەی بێـرلین دەکـات کـە نـازی و

کۆمۆنیستەکان بە ڕێککەوتنێکی تەواو بۆ سەرخستنی ئەم مانگرتنە خەباتیان کرد. گوبلز بە حاڵەتێکی گاڵتەجاڕانەوە باسی ئەو بابەتانە دەکات کە بلاقۆکەکانی دیموکرات سەبارەت بەم یەککگرتنە بە ڕواڵەت ناسروشتییەی نێوان نازییەکان و کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانی نووسیویانە، و لە هەمبەر ئەم پرسە سەرسووڕمان و واقوڕمانی خۆیان دەربڕیوە. ئەو هەر وەتر , بە شێوە دەربڕینێکی قارەمانانە , باسی ڕووبەڕووبوونەوە و تێکهەڵچوونی توندوتیژیی کرێکارانی مانگرتوو دەکات لەگەڵ ئەو سۆسیال-دیموکراتانەی کە دەیانویست مانگرتنەکە هەڵبوەشێننەوە. پاشان بە ئەوپەڕی لەخۆباییبوونەوە دەنووسێت: "ڕێکخراوەی حیزبی ئێمە بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە باش کار دەکات. لە هەموو تێکهەڵچوونەکاندا , پیاوانی ئێمە ڕێبەرایەتیی هێرشەکانیان بە دەستەوەیە. تا ئەم ساتە چوار کەس کوژراون , بریندارانیش , چ ئی کرێکاران و چ ئی پۆلیس , لە ژمارە نایەن. کاربەدەستان دەڵێن دۆخی داراییی بنکە ڕێگا بە دابینکردنی خواستی کرێکاران نادات. ئەم پرسانە پەیوەندییان بە ئێمەوە نییە. ئۆپۆزیسیۆن مافی ئەوەی هەیە تەنانەت داوای ئەو شتانەش بکات کە ناتوانێت بیدات".

پرۆفیسۆر پیکاپ: توشی دژوازبێژییەکی ئاشکرا بوون. باش لە بیرمە لە باسەکانی پێشووتاندا گوتتان پشتیوانیی جووتیاران و خاوەنپیشەکان بووە هۆی پەرەئەستاندنی فاشیزم لە ئەڵمانیا و

ئیتاڵیـا , بـەڵام ئێسـتا هـەوڵ دەدەن بـە ئێمـە بسـەلمێنن فاشیسـت و نازییـەکان , بـە مەبەسـتی ڕاکێشـانی سـەرنجی کۆمـەڵانـی خـەڵـک و خۆشـترکردنی ئـاگری بێنـەزمی , پشـتی هەنـدێ مانگرتنیـان گرتـووە و تەنانـەت ڕێکیـان خسـتوون , و لـەم ڕێیـەدا لەگـەڵ مارکسیسـتەکان ڕێککەوتوون و هاوڕێیەتییان کردوون. ئایا دەزانن ئەم دوو بزاڤە پێکەوە ناگونجێن و دژبەیەکن؟

تومارژی سەگانی: ئەم نەگونجان و دژوازییـە شـتێکی ڕوالەتئاسـایە. ئەگەر باش لێی ورد ببنەوە , فاشیزمی ئیتاڵیا نموونەیەکە بە ئاشکرایی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو بزاڤە , کە بـە ڕای ئێـوە پێکـەوە نـاگونجێن , نیشـان دەدات. بـەر لـە هـەر شـتێک دەشـێت بـزانن سـەرمایەداری سیسـتەمێکی یەکشـێوە و یەکپارچـە نییـە. بـۆ مـاوەیـەکی دوورودرێـژ , ڕۆڕپاگەنـدەی خـەڵکخـەڵەتێنانـەی فاشـیزم تیـری گرتبـووە دوو تـوێژی تایبەتی خاوەنـانی سـەرمایە , بـێ ئـەوەی ئـەم هێرشـانە ببێتـە مایـەی ناڕەزایەتیی سەرمایەدارانی تر. ئەو دوو توێژە تایبەتە , کاسبکار و ئـەو کەسانە بوون خـانووی بـەکرێیـان هـەبوو. ئـاخروئۆخری مـانگی جـون و سـەرەتای جـانیوەریی سـاڵی1919 , لـە زۆربـەی شـارەکانی ئیتاڵیـا , خەڵک بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ کاسبکاران و پیشەوەران ڕژانە سـەر شەقەمەکان. زۆر دوکانیان تاڵان کردن و شتومەکەکانیان بە خـۆڕایی دا بـە خـەڵـک , یـان زەوتیـان دەکـردن و نیـوەقیمـەت دەیانفرۆشـتن. لـە

زۆربەی شارەکان , فاشیستەکان بە یارمەتیی کۆمەڵێک سەربازی جارانی شەڕ , سەرکردایەتیی ئەم هێرشەیان وەئەستۆ دەگرت. موسولینی کە بە ڕاشکاوی باڕەکەڵڵای بۆ ئەو هێرشانە دەگوت , لە نێوەڕاستی مانگی جون , چەند ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی ئەم شۆڕشانە , لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا بەم چەشنە دەبێژێت: "لە پێناوی خەباتی دژی ئەم زارووە خوێنمژانە , قسەی تێدا نییە , شۆڕش پێویستە. لە شاری بێرگامۆ (Bergamo) چەوسێنەران هێرشیان کراوەتە سەر؛ ئەرکی سەرشانی ئێمەیە ئەم کارە بسەلمێنین. لە ناوچەی ڕۆمانیا (Romagna) , خەڵک بۆ خەباتێکی بوێرانە دژی زەوینخۆران ڕاست بوونەتەوە. حیزبی سۆسیالیست وەڕێخەر و ڕێکوپێککەری ئەم ڕێپێوانانە نەبوونە. ئێمە ڕەوایی و بەهەقبوونی سەرلەبەری ئەم دەنگهەڵبڕینانە دەسەلمێنین".

جەنابی دەبلیۆ: مەگین زۆربەی هەرەزۆری ئەو پیشەوەرانەی باسیان دەکەن جولەکە نەبوون؟

تومازۆی سەگانی: نا , سروشت و مێژوو زۆر عەیب و عاریان خستۆتە نێو داوێنی ئێمەی ئیتاڵییەوە , بەڵام خۆشبەختانە عەیبێک هەیە ئێمە لێی بێبەرین: دژی جولەکەکان نین. جولەکە ڕێژەیەکی کەم لە جەماوەری ئیتاڵیان، و لەوانەشە زۆربەیان گەورەبازرگان بن , نەک وردەپیشەوەری دەسفرۆش. هەر وا کە گوتیشم , لەم گێرە و کێشانەدا ,

تەنیاو تەنیا دوکاندارەکان هێرشیان کرایە سەر. پێموانییە بۆ خەباتی دژی گرانی شێوەیەکی لەمە خەڵکخەڵەتێنانەتر و کەرانەتر بەدی بکرێت. تۆڕێکی تر کە فاشیستەکان ئەو کات خەڵکیان بە ئاسانی دژی ئەوان دەوروژاند , ئەو کەسانە بوون کە خانووی بەکرێیان هەبوو. دواجار نۆبەی بنکە حکومییەکانیش هات. لە ئیتاڵیا , جیا لە هەندێ بنکەی پاوانکراوی جۆراوجۆری وەکو دایرەی تۆتن و جگەرە و دایرەی خوێ , کاروباری پۆست و تەلەگراف و تەلەفۆن و هێڵئاسنیش لە دەست حکومەتدا بوو. سەرمایەدارانی تایبەتی , کە هیچ کات بەشداریکردنی حکومەتیان لە کاروباری سودهێنەری ئابووریدا بە کەیفێ نەبوو , لەم زەنازەنا و شێواوی و شپرزەییەی کە فاشیستەکان لە نێو کارمەندە بنکە حکومەتییەکان نابوویانەوە , دەخنینەوە. دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات , فاشیزم نەک هەر مافی مانگرتنی لە کارمەندانی بنکە حکومییەکان ئەستاندەوە , بەڵکو ئەوانی لە هەقی پێکهێنانی ڕێکخراوەگەلی سەندیکاییش بێبەش کرد. بەڵام ئەو کاتەی هێشتا لە ئۆپۆزیسیۆندا بوو , ئەو زنجیرە کێشە و ئاڵۆزییانەی کارمەندانی ئیدارەی هێڵئاسن و پۆست وتەلەگراف و تەلەفۆن لە ئاخروئۆخری ساڵی 1919 دەستیانپێکرد، هەر لە سەرەتاوە سەلماند و بە گەرمە پشتیوانی لێکردن. لە هەمان کاتدا و تا ئەو سەروبەندەی موسولینی هێشتا بەرپابوونی شۆڕشێکی کرێکاری بە ڕووداوێکی گونجاو

دەزانی , ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ خاوەن کارخانە شەخسییەکان بە پێی ئەسڵی "پیاڵێکە پڕئاوە لاری کە و مەیڕێژە" بوو. ئەو کات , جیاوازی بیر و ڕای ئەو لەگەڵ سۆسیالیستەکان زیاتر پەیوەندیی بە مەسەلەی سەنگوسووککردنی سەرکەوتنی لەشکری ئیتاڵیا لە شەڕ بوو؛ لەسەر مەسەلەکانی دیکە زۆر سوور نەبوو. مانگی سێپتامبری 1921 , ئەو کاتەی کرێکار کارخانەکانیان گرتەوە , موسولینی یەکێتیی خۆی لەگەڵ ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە ڕاگەیاند. ئەم بزووتنەوەیە بۆی هەبوو دەسپێکی شۆڕشێکی کرێکاری بێت و دواکەوتن لێی بەقازانج نەبوو. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە شکستی خوارد. ئەو دەمە بوو فاشیزم هەوڵی دا نەهێڵێت شکستی بزووتنەوەی تووندڕەوی کرێکاری و باشتربوونی بارودۆخی ئابووری ببێتە مایەی ئارامی و ئاسایشی وڵات. ئارامی و ئاسایشێکی لەمجۆرە بە واتای کۆتایی ژیانی فاشیزم بوو. کە وایە، هەوڵی دا بۆ ئەوەی چینی کرێکار , کە ناچار بوو هەڵوێستێکی پارێزکارانەی هەبێت , بۆ شەڕی ناوخۆ پەلکێش بکات. تەنیا تاقە ڕستەیەکی کتێبی "بیرەوەرییەکانی فاشیستێک" , کە کەسێک بە ناوی ئومبێرتۆ بیانکێلی (Umberto Bianchelli) خەڵکی فلۆرانس نوسیوێتی , بۆ نیشاندانی چۆنێتیی ئەم خەباتە خوێناوییە بەستە. ئەو بەمجۆرە دەنووسێ و دەڵێ: "بۆ ماوەیەکی زۆر ئەوە باو بوو گروپە فاشیستییەکان , هەر کە لەسەر ڕێی خۆیان

تووشـی کەسـانێک دەبـوون کـە وێـدەچوو کرێکـار بـن , بێبـەزەییانـە بەردەبوونـە گیانیـان". ئـاخروئۆخری سـاڵی 1921 , سـەرمایەدارانی فەرەنسی لەسەر ئەم ڕایە ساغ بوونەوە مەترسیی کۆمۆنیزم بنبڕ بووە , و ئیتر بە پێویستیان نەزانی لـە سـەر هەنـاردنی یـارمەتیی دارایـی بـۆ گـرووپە فاشیسـتییەکان بـەردەوام بـن. فاشیسـتەکان کـە لـەم بڕیـارە سەرسـووڕماو و تـووڕە ببـوون بـۆ ئـەوەی دەنگیـان هـەڵبڕێبێـت خۆنیشاندانێکی ئاشکرایان وەڕێخست و هەڕەشەیەکی لەمجۆرەیـان کـرد: بە سـەرنجدان بـە شـێوەی دۆزمنانـەی بـورژوازیی دەوڵەمەند و خـاوەن سامان , کە جموجوڵی بزاڤی فاشیست تـا ئـەو کاتـە دەسـەلمێنن کە وا لەگەڵ بەرژەوەندییە مادییەکانی خۆیـان بخوێنێتـەوە , فاشیسـتەکان بـە شێوەیەکی ڕەسمی ڕادەگەیەنن لـە ئیمـڕۆ بـە دواوە دەسـتی خۆیـان لـە خەبات دەشۆنەوە. بـۆ هەمووکـەس ئاشـکرا بـوو ئـەم هـەڕەشـەیـە وەک ئەوە وابوو لە کۆمۆنیستەکان داوا بکەن کاروبـاری خۆیـان سـەر لـەنوێ دەست پێبکەنەوە و پەرەی پێبدەن , بـۆ ئـەوەی سـەرمایەداران دیسـان ترسـیان ڕەدڵ بنیشـێ و بـۆ پاراسـتن و بـەرگریکردن لـە خۆیـان دەسـتەوداوێنی فاشیسـتەکان بـن و کۆمـەکی دارایـیان پێبکەنـەوە. لـەو سەروبەندەدا , شەپۆلێک ڕێپێوانی دیکەی لـەمجۆرە لـە شـارەکانی تـری ئیتاڵیاش لە سەر دەستی فاشیستە تووڕەکانی ناوچەیی کەوتە ڕێ. ڕق و تووڕەیی ئەم گرووپانە لەبەر ئەوە بـوو کـە بـۆچی , وەک هێزێـک کـە

چیتر کەڵکی نەماوە , وەلا دەنرێن , یان بۆچی خەڵک دەیانەوێ لە ئاشتی و ئاسایشدا بژین. هەر بۆیە، هەندێ شپرزەیی و ئاڵۆزییان دەخستە وڵات بۆ ئەوەی وا بنوێنن کە، بە پێچەوانەوە , بوونی فاشیستەکان زیاتر لە جاران پێویستە.

جەنابی دەبلیۆ: زۆر ئاساییە , هەر وا کە مرۆڤ ناشێت پێی سەیر بێت ئەگەر هات و مەئموورێکی ئاگرکوژێنەوەی لە کاردەرکراو ئاگر لە وڵات بەربدات.

تومازۆی سەگانی: لە ڕاستیدا , ئەو پووش و پەڵاشەش کە بۆ هەڵکردنی ئاگر دەشێت لە بەردەست بێت بە ئەندازەی پێویست بوو. ئەگەرچی فاشیزم لە بەهاری ساڵی 1920-ەوە تا بە هاری 1922 سەرلەبەری ڕێکخراوە جووتیاری و بنکە یارمەتیدەرە سۆسیالیستییەکانی ناوچەی دۆڵی "پۆ"ی تەفروتونا کرد , بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو ئیتر کارێکی نەماوە بیکات , چونکی کۆمەڵانێکی زۆروزەوەندی کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ کە بە زۆرەملێ پابەندی سەندیکاگەلی فاشیستی ببوون , بە هۆی بێکاری هەر وا لە حاڵەتی نائارامی و پشێویدا بوون. تەنیا شتێک گۆڕا بوو. ئەویش ئەوە بوو سۆسیالیستەکان بەردەوام هەوڵیان دابوو ڕووی ناڕەزایەتیی کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ بکەنە زەویندارانی , لە حاڵێکدا فاشیستەکان ڕووی ئەو ناڕەزایەتییەیان بەرەو حکومەت ئاراستە دەکرد. لە بابەت ئەم پرسە ,

ئـەو خۆنیشـاندانە گـەورەیـەی ئـاپریلی 1922 لـە دەوروبـەری شـاری بۆلۆنیـا (Bologna) بـەڕێـوە چـوو , زۆر بەناوبانگـە . لـەم خۆپیشاندانەدا , کە ڕێبەرایەتییەکەی لە ئەستۆی ئیتـالۆ بـالبۆ Italo Balbo) بوو , چلو پێنج هەزار وەرزێڕی بێکاری ناوچە تێیـدا بەشـدار بوون. کە واتە , سەرەڕای ئەو پەیوەندییە زۆر نزیکەی لە نێوان فاشیزم و چینەکانی باڵادەست و دامودەزگای حکومەتـدا هـەبوو , فاشیسـتەکان بە هیچ کلوجێک لە پەرەپێـدان بـە شـپرزەیـی و شـێواویی وڵات باکیـان نەبوو , و ئەرکیان ئەوە بوو کارێک بکەن ئاگری ڕق و نـەفرەتی چـین و تووێژەکان لە یەکتر و ڕق و نەفرەتی سـەرپاکی ئـەو چـین و تووێژانـە لـە ڕێکخراوە دیموکراتیکەکان هەرچی زیاتر بڵێسە بستێنێ.

جەنابی دەبلیۆ: ئێمە بەم کارە دەڵێین: "لیخنکردنی ئاو".

تومازۆی سەگانی: ئێمە پێی دەڵێین: "لـە ئـاوی لـیخن ماسـیگرتن"، کە لە بنەڕەتدا هەر ئەو واتایەی دەسـتەواژەکەی ئێـوە دەگەیەنێـت. بـە وتـەیـەکی تـر , فاشـیزم دوای بەدەسـتەوەگرتنی دەسـەڵات , لـەو تـۆڕە دەچێت کە بۆ ماسیگرێک خستبێتیانە نێو ئاوێکی لیخنەوە , بـەو سـیما و سەروسەکوتە توندئاژۆ و خراپەکارانەی هەیەتی , سوکوسـاناتر دەوری میراتگـری سۆسـیالیزم دەگێـڕێ و لـە نێـو مێشـکی کۆمـەلانی خـەڵکـدا جێگای ئەم بتە کۆنە دەگرێتەوە. ئەم دیاردەیـە , لـە چـاو ئیتاڵیـا , لـە ئەڵمان ئاسانتر سەری هەڵدا و زیاتر پەرەی ئەستاند.

پرۆفیسۆر پیکاپ: لە نیۆیۆرک , هەر سەبارەت بەم پرسە , لەگەڵ ئیریش فرۆم (Erish Fromm) قسەمان کرد. ئەو دەیگوت: "گۆڕینی ئامانجی شۆڕشێک کارێکی هێند ئەستەم نییە , بەو مەرجەی پێکهاتەکەی نەگۆڕێت".

تومارژی سەگانی: جاری وایە بە سودوەرگرتن لە یەک ڕستە , یان تەنانەت تاقە یەک وشە , دەکرێت وا نیشان بدرێت ئەم پێکهاتەیە نەگۆڕاوە. بۆ ئەوەی باشتر لە مەبەستم تێبگەن بە سەرهاتێکتان بۆ دەگێڕمەوە: "ڕێکخراوەی کار" کە لە سۆنگەی یەککگرتنی هەندێ سەندیکا و حیزبە دژی فاشیستەکانی ئیتاڵیا پێکهاتبوو , مانگی ئاگوستی 1922 , مانگرتنێکی گشتیی لە سەرتاسەری وڵات خستە ڕێ. تاقمێک لە کارمەندانی فاشیستی دایرەی پۆست و تەلەگراف و تەلەفۆن , کە پێشتر سۆسیالیست بوون , لە ڕۆما کۆبوونەوە تا لە سەر ئەم مانگرتنە بڕیار بدەن. حیزبی فاشیست ئەمری بە ئەندامانی خۆی کردبوو ئەم مانگرتنە تێکبدەن. بەڵام تێکدانی مانگرتنەکە دەبووە هۆی ڕق و نەفرەت و بێزاری و دەنگهەڵبڕینی هاوڕێیان و بە خەیانەتی چینایەتی لە قەڵەم دەدرا. هەر بۆیە، ئەم کارمەندە فاشیستانە کێچیان کەوتبووە کەولّەوە و نەیاندەزانی چی بکەن. لە گەرمەی کۆبوونەوەکەیاندا , موسولینی ئەمرێکی تازەی لە میلانەوە دەرکرد کە هیچ شتێکی تازەی تێدا بەدی نەدەکرا , بەڵام ئەو وشە

موعجیزەئاسایەی تێدا بوو کە ئاماژەم پێکرد. ڕستەی ئازادیبەخشی موسولینی ئەمە بوو: "ئەم دەستە دژەفاشیستانەی کە مان دەگرن شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە نین؛ شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئێمەین." دەستاوبەجێ دوای بیستنی ئەم ڕستەیە , هەموو ئەوانەی لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداربیان کردبوو پشوویان هاتەوە سەرخۆ. بزەیەکیان هاتێ و وەک بڵێی لە هەموو شتێک دڵنیا بووبێتن، لە یەکتریان دەڕوانی: "وایە , وایە , شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئێمەین , ئەوەیکە دەستی هاوکاری هاوڕێکانیشمان ناگوشین لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە ئەوان شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە نین." ئەم بەسەرهاتە هەر لە زمان یەکێک لە بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیەوە گێڕدراوەتەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەم بەسەرهاتە من دەخاتەوە بیری ئەو قسانەی هیتلەر کە لە بەردەم دادگای نەتەوەیی مونیخ گوتبوونی. ئەو گوتبووی: "ئامادەبوونی من لێرە , وەک شۆڕشگێڕێک , بە هۆی ئەوەوەیە من شۆڕشگێڕێکی دژی شۆڕشم." هەر ئەم گوتەیەی ئەو , زۆرێەک لە خواستە ڕواڵەتییەکانی ئەو پاساو دەداتەوە , ئەو خواستانەی نەیاران و ناحەزانی بە کۆمەڵێک خواستی تەواو عامیانە لە قەڵەمی دەدەن. بەڵام ناکرێت هەموو شتێک لەم ڕێگایەوە پاساو بدرێت.

جەنابی دەبلیۆ: بە ئاسانی دەکرێت مەزەندەی ئەوە بکەین ئەگەر فاشیستەکان لە بری بەرگی ڕەش یان قاوەیی , کراسی فراک-یان لەبەر کردبا , یان کڵاوی درێژیان لە سەر نابا , لە نێو کرێکاراندا هێندە خۆشەویست نەدەبوون.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەوە یەکەمجار نییە بزووتنەوەیەکی سیاسی بە پێی چۆنێتیی جل لەبەرکردنی پەیڕەوانی خۆی دەستنیشان دەکرێت. بە شۆڕشە جووتیارییەکانی نێوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمی ناوچەی بووەی (Beauvais) فەرەنسەیان دەگوت ژاکێری (Jacqueries) , ئەوەش لە سۆنگەی ژاک یان ئەو بەرگە بوو ئەو سەردەمە جووتیاران دەیانپۆشی , و ئەوانی لە سەرمایەدار و قەشەکان جیا دەکردەوە. چەند سەدە دواتر , بە لایەنگرانی ژاکوبنەکانیان دەگوت "سان کولۆت" (Sans- culottes) , چونکی ئەم تاقمە ئەو پانتۆڵە قوڵە و تەنگەیان لە پێ نەدەکرد کە تایبەت بوو بە سەرمایەداران و "کولۆت"یان پێدەگوت , بەڵکو وەک "بورژوا"کان پانتۆڵێکی فشوفۆڵ و درێژی لە جۆری پانتۆڵەکانی ئیمڕۆی ئێمەیان دەکردە بەر. لە نێوەڕاستی سەدەی ڕابردوو (سەدەی نۆزدە) , لە زەمانی گۆستاوی سێهەم , پاشای سوید , دەمەقڕەیەکی توند لە نێوان حیزبی "کڵاو شاپۆ"و حیزبی "کڵاو بەرە" هاتە ئاراوە: دەستەی یەکەم لایەنگری ڕووسیا و دەستی دووهەم لایەنگری فەرەنسە بوو.

تومـازۆی سـەگانی: سـەبارەت بـەو بابەتانـەی جـەنابی پرۆفیسـۆر ئاماژەیان پێدەکات , وەکو زۆر بابەتی دیکە , ئەو جلوبەرگەی کە نـاوی بزووتنەوەکـە لـەو وەردەگیـرا , هـەر ئـەو جلوبەرگـە بـوو پـەیڕەوانـی بزووتنـەوە لـە ژیـانی ئاسـایی خۆیانـدا دەیانپۆشـی. بـەڵام ئـەم شـتە سەبارەت بە جلوبەرگی ڕەش یان قـاوەیـی وەڕاست ناگـەڕێ. تـا پـێش فاشیزم , کرێکاری هەندێ پیشەی تایبـەت , وەک بـەرگی کـار , بـەرگی ڕەشیان دەپۆشی , و هانەی هەڵبژاردنی ئەم ڕەنگەش ئەمە بوو ڕەنگـی ڕەش ڕەنگێکـی چڵکهـەڵگـرە و پیسـایی زۆری پێـوە دیـار نییـە. نـە موسولینی و نە هیچ کام لە پەیڕەوانی ئەو کە بەردی بناغەی یەکـەمین دەستەکانی فاشیستییان دانا , لە بەر هەندێ هۆی پیشەیی , بە عومری باوکیشیان بەرگی ڕەشیان نەپۆشیبوو. تەنانـەت دواتـریش کـە ژمـارە و کەسانی دەستەکان زیادی کرد , ئەوانەی لـەم دەسـتانەدا کرێکـار بـوون هەمیشە ژمارەیان زۆر کـەم بـوو. کـە وایـە , هـەڵبژاردنـی بـەرگی ڕەش وەک یونیفـۆرمی حیـزب ئامرازێـک بـوو بـۆ ونکردنـی شـوێنپێ کانگـای ڕاسـتەقینەی حیـزب. ئـەم یونیفۆرمـە سـیمایەکی نەتـەوەیـی و شۆڕشـگێڕانەی بـە بزووتنـەوەی فاشیسـت دەدا , و تەنانـەت کۆمـەڵێـک خوێنـدکار و ئەفسـەری حکـومی و بەچکـەدووکانـدار و جووتیـاری دەوڵەمەنـد دەیـانکردە بـەر کـە چەکدارانـە هێرشـیان دەبـردە سـەر بنکەکانی حیزبی سۆسیالیست.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام نابێ ئەم ئەزمونە ئیتاڵییە بۆ هەموو شتێک بە ڕاست بزانن. من کۆمەڵێک بزووتنەوەی فاشیستی دیکە دەناسم کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە بە ڕۆحیەتێکی نائاشتیخوازانە و پڕ لە دەمار گرژییەوە دەستنیشانکراون. وەک ئەو بزووتنەوەیەی ساڵی 1924 لە سەردەستی گۆدرانۆ (Godreanu) لە ڕۆمانیا دەستیپێکرد , و خۆی بە "فریشتەی میکاییل" ناودێڕ دەکرد تا پیشاندەری ئامانجە ئایدیالیستی و عیرفانییەکانی بێت , یان بزووتنەوەی "ڕێکیست"ەکان (Rexisit) لە بەلژیکا و "خاچەکانی ئاگر" لە فەرەنسە.

جەنابی دەبلیۆ: باشە، ئەم بزووتنەوانەی ناویان دێنی هیچ کامیان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: نا , بە پێچەوانەوە...

جەنابی دەبلیۆ: کە وایە، لێیانگەڕێ و کارت پێیان نەبێت , ئێمە باسی سیاسەت دەکەین نەک شیعر و شاعیری. بەڵام جەنابی سەگانی , دەشێت بڵێم ئەو شتەی من لە ئەڵمانیا دیتم لەگەڵ ئەو شتەی ئێوە دەیڵێن زۆر یەک ناگرنەوە. من وام نەهاتە بەر چاو دژایەتیی نازییەکان لەگەڵ سەرمایەداری تەنیا ڕواڵەتی و تاکتیکی بێت، بەڵکو لە ڕاستیدا مرۆڤ دەیدیت جیاوازیی چینایەتی سڕاوەتەوە , و ئاشکرا بوو ئەم کارە لە ڕێگای سیاسی و سەربازییەوە جێبەجێ کراوە. ئێمەش لە ئەمریکا ,

بە سودوەرگرتن لە ئاسودەیی و تێروتەسەلیی خەڵک بە عام , هەر بەم ئەنجامە گەیشتووین. هەر بۆیە هەنووکە هەر وا ناکرێت سووکوسانا و بە تاقە جارێک چاولێکردن کۆڕە خاوەن بانکێک لە کۆڕە کرێکارێک جیا بکرێتەوە.

تومازۆی سەگانی: تا ڕادەیەک هەق بە ئێوەیە , بەڵام دوایین دادوەری لەسەر سیاسەتی کۆمەڵایەتیی نازیزم , کە ئێستا بەردەوام خۆی بە چەپ و ڕاست داداوە , کارێکی دژوار و ئەستەمە. لە ساڵانی 1919و 1920 , ئابووریی سەرمایەداریی ئەڵمانیا تووشی ڕۆژهەشییەکی وەها ببوو کە هیچکەس , تەنانەت سەرمایەدار خۆی , تواناییی ئەوەی نەبوو بەرگریی لێ بکات. تاقەباسێک لە سەر زاران بوو ئەوە بوو دەبێ چی بکرێت بۆ ئەوەی بە سیستەمێکی نوێی ئابووری بگەین. هەندێ خواستی بزووتنەوەی نازی , کە هیتلەر لە ئاخروئۆخری فێبریوێریی 1920 ڕایگەیاند , بە ڕاشکاوی لایەنی دژی سەرمایەداریی تێدا بوو. ئەم خواستانە بریتی بوون لە: تراسێتەکان ببنە ماڵی میللەت , فرۆکەخانە گەورەکان بدرێنە دەست شارەوانییەکان , کرێکاران لە سوودی کارخانە گەورەکاندا خاوەن پشک بن , هەرچی سوود و قازانجی حاسڵی شەڕە زەوت بکرێت , ئەو زەوییانەی کۆمەڵانی خەڵک پێویستیان پێیانە بە زۆر داگیر بکرێن , سوود و قازانجی ئەو ماڵانەی بە کرێ دەدرێن لابدرێت , سزای لە سێدارەدان بۆ ئەوانەی سوو دەخۆن

و کەلوپەلی پێویستی خەڵک عەمبار دەکەن و کایە بە بازاڕی بورس دەکەن. ئەمانە کۆمەڵێک خواستی جەماوەریی خەڵک بوون کە حیزبەکانی دیکەش باسیان دەکردن و زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئەڵمانیا چاوەڕێی وەدیهاتنیان بوون. ئەو سەروبەندە سەبارەت بە دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووریی نوێ باسوخواسێکی زۆر هاتە گۆڕێ و گەلێ بابەت تاوتوێ کرا , بەڵام بەکردەوە هیچ نەکرا , هەڵبەت سەرمایەدارانی ئەڵمانی سەبارەت بەم هیچ نەکردنە بە تایبەت زۆر قەرزاربارى سۆسیال دیموکراتەکانن. لە مانگی ئاگوستی هەمان ساڵدا , هیتلەر بۆ یەکەمین جار مەسەلەی پێداچوونەوە بەو خواستانەی هێنایە ئاراوە و ڕایگەیاند دەشێت ڕێزی سەرمایەداریی پیشەسازی بگیرێت , و ڕووی خەباتی نازییەکان تەنیا لە سەرمایەداریی یەهوودییە کە لە پێناوی کایەکردن بە بازاڕی بورسدا بە کار دەچێت. ڕۆزێنبێرگ (Rosenberg) , یەکێک لە سەرکردەکانی نازی , تاکو سەرەتای ساڵی 1923 هەر وا لە سەر مەسەلەی داگیرکردنی بە زۆری ئەو زەویانەی کە کۆمەڵانی خەڵک پێویستیان پێیە پێی داگرت , بەڵام تەنیا هەر ئەو زەویانەی بۆ زەوتکردن بە شیاو زانی کە لەسەر دەستی حکومەت بۆ سازکردنی جادەوبان و ئاوەڕۆ بە کار دەهاتن. پێشکەوتی سیاسیی حیزبی نازی و پەیوەندیی ئەو حیزبە لەگەڵ خاوەن کارخانە پیشەسازییەکان بووە هۆی ئەوەی بە پاشماوەی ئەو خواستانەشدا

بچنەوە . ساڵی 1928 هیتلەر ڕایگەیاند تەنیا ئەو زەویانە شیاوی زەوتکردنن کە فرۆشتن و کڕینیان بە پێی یاسا نەبووبێت و لە بەرهەمهێنانـدا بەرژەوەندیی جەماوەر لەبەرچاو نەگیرابێت , ئەم شیکردنەوەیەشی پێ زیاد کرد و گوتی: "ئەم کارە لە هەنگاوی یەکەمدا دەشێت ڕووی لەو بنکە یەهودییانە بێت کە لە کایەکردن بە بازاڕی بۆرسەی زەوی و زاردا دەستیان هەبووە ." فێدێر (Feder) لە نووسراوەیەکی بەناوی "بەرنامەی حیزبی نازی"دا دەیگوت: "بۆچوونی دروست لە هەمبەر مەسەلەی کار , بەشێوەیەکی مەنتقی دەبێتە هۆی ڕێزدانان بۆ مالیکییەتی تایبەتی." هەر ئەم نووسەرە لە نووسراوەیەکی تری خۆیدا بە ناوی "خەبات دژی سەرمایەدارە گەورەکان" باسی جیاوازییەکی سەیر دەکات و دەڵێت: "ئێمە حاشا لە هاوکاریکردنمان لەگەڵ بانکدارانی ڕاست و دروست ناکەین." هەڵبەت کەسانێکی دیکەی وەک ئوتوئیشتراسێر هەڵدەکەوتن کە ڕایەکی جیاواز لەمەیان بوو , بەڵام هیتلەر خۆی , لە دەمەقڕەکانی لەگەڵ ئیشتراسێر کاری گەیاندە ئەو شوێنەی بڵێ: "بۆ نازیزم , پێکهاتەی کۆمەڵایەتی مەسەلەیەکی بنەڕەتی نییە , لە بەر ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک تەنیا خوازیاری خواردنی پێویست و ژیانێکی ئارام و ئاسوودەن" .

جەنابی دەبلیۆ: بە ڕای من , ئەم باوەڕە تەواو ڕاستە و قسەی لە سەر نییە .

تومارۆی سەگانی: سەرەڕای ئەمانە , ڕێگایان بە ئوتوئیشتراسێرو گوبلز دا لە پێناوی خۆخستنە نێو دڵی ئەو کرێکارانەی لە ژێر کاریگەرێتیی کۆمۆنیزمدا بوون , هەر وا باسی بەنەتەوەییکردنی پیشەسازی بکەن , گەرچی بە کردەوە و لە واقیعدا , ئەم بەرنامەیە زۆر لەوەپێش لە ڕیزی بەرنامەی ئامانجەکانی نازیزم سڕابوویەوە . یەکەم هەنگاو لە پێناو وەلانانی بۆچوونە گشتییەکانی دژی سەرمایەداریی نازیزم هەڵگیرا لە ژێر ناوی ئەم بیانووەدا بوو کە "سەرمایەداریی خوێنمژ و سەرمایەداریی بەرهەمهێن دوو شتی لێک جیاوازن." کە واتە , لەگەڵ سەرمایەداریی ساغ و بەرهەمهێن دژایەتی نەدەکرا , بەڵکو هەندێ شێوەی لادەرانەی سەرمایەداری , کە لە سۆنگەی شەڕ و قاتوقڕی وەک کارگێکی ژەهرین هەڵتۆقیبوون , بە خراپ و نەشیاو لە قەڵەم دەدران . ئەو هەنگاوەی نازیزم لە پێناوی سڕینەوەی ڕوانگەکانی دژی سەرمایەداریی سەرەتای کاری خۆی , هەڵیگرت بەم شێوەیە بوو کە نازییەکان هەندێ لە دەرکەوتەکانی "سۆسیالیزم"یان لەگەڵ چەمکی "میللەت" هاوتەریب لە قەڵەم دا و سۆسیالیزمیان لەگەڵ "سۆسیال" (بە واتای گشتیی "کۆمەڵایەتی") بە یەک شت زانی . (ئەمە شتێکە زۆر کەس لە دەرەوەی ئەڵمانیاش باسیان کرد .) ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تازەکردنەوەی چەکوچۆڵی ئەڵمانیا , کە لە ساتە وەختی ئێستادا هەندێ گرووپی سەرمایەداریی بە سەروەت و سامانێکی

بێئەژمار گەیاندووە , بە قیمەتی ڕۆژەڕەشی و مالوێرانی گرووپەکانی دیکە تەواو بێت. لە ئیتالیاش ئەم گۆڕانکارییانە هاتنە ئاراوە , بەڵام هێندە لەبەر چاو نەبوون. چونکی لەوێ قەیرانی سەرمایەداری بە ئەندازەی قەیرانی ئەڵمانیا وێرانکەر نەبوو و چینی کرێکاری ئیتالیاش دەسەڵاتی پرۆلیتاریای ئەڵمانی نەبوو. هەر بەم هۆیە , موسولینی توانی بێ ئەوەی چ گونی پێ بچێت بە ئاسانی خواستە بە ڕواڵەت سۆسیالیستییەکانی خۆی وەلا بنێ و بە ڕۆژی ڕوون بە بااڵی سەرمایەداریدا هەڵبڵێ , و دواجار سەبارەت بە "وەک دەڵێن" کۆرپوراتیویزم (ئۆرگانی ڕێکخراوە پیشەییەکان) بە شێوەیەکی بێناوەڕۆک فڵتە فڵت بکات.

جەنابی دەبلیۆ: هەروەکو دەزانن دەکرێت هێلکە بە پەنجاودوو شێوە بکوڵێنی. بەر لە هاتن بۆ ئەورووپا دەمەتەقەیەکم لەگەڵ مەک نیکۆلاس (Mc Nicolas) گەورەقەشەی شاری سین سیناتی کرد. قسەی ئەم پیاوە ڕۆمانییە ئەوە بوو: "هەڵوێستی کڵێسای کاتۆلیک لە ئاست ڕژێمی ئابووری , هەڵوێستی "نانخواردن بە نرخی ڕۆژ"ە. ئەم مەزهەبە لە سەردەمی کەونارا لە وڵاتانێکدا سەریهەڵدا کە ئابووریی کۆیلەداریان بوو؛ لە سەدەکانی ناوەڕاست لە وڵاتانی فیودالیدا باڵای کرد و گەشەی سەند , دوایی لەگەڵ سەرمایەداری پێک هات , زۆر باشیش لە دەستی دێت خوو بە سۆسیالیزمەوە بگرێت". ئەمە ئەوپەڕی هەقیقەتە , بە

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان

تایبەت بۆ سیاسەتمەدار گرینگ دەسەڵاتە , گرینگ حوکمڕانییە . بەڵام ئەوەی کە حوکمڕانی بەسەر کۆیلەدا بکرێت , یان سیرفەکان (جووتیارانی بێزەوی) و کرێکاران و بورژوا و بانکداران , ئەو مەسەلەیەکە لە پلەی دووهەمی گرینگایەتی دایە . هەر رژێمێکی بۆمان هەڵکەوێت من قبوڵی دەکەم . ئەگەر خەڵکی ڕووسیا بوومایە , بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دیارە ڕێزم بۆ مووڵکداریی گشتی دادەنا و لە ئاخافتنەکانمدا بەردەوام قسەم لە لینین دەهێنایەوە . جا چونکی ئەمریکیم , هەر بەو ئەندازەیە لە ڕاستۆکی و نییەتپاکیم پەیڕەوی لە ڕژێمی ئابووریی ئەمریکا دەکەم و بە دوای ڕێگایەکی دروستدام کە بە ئامانجی خۆمم بگەیەنێت .

10

هونەری ماستاوچییەتی و مەترسیی باوەڕهێنان بەو درۆیانەی مرۆڤ خۆی کردوونی

جەنابی دەبلیۆ: تاقە سوودێکی نەخۆشینی بێخەوی بۆ منی بووە ئەمەیە عادەتم گرتووە هەموو شەوێ جارێکی تر قسە و باس و کاروباری ئەو ڕۆژەم سەنگوسووک بکەمەوە. دوێشەویش شک هەڵی گرتم نەکا لە دەمەتەقەی جاری پێشوومان لە سەر ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا , لە ئەندازە بەدەر ساویلکانە لە کێشەکەم ڕوانیبێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە بارودۆخی ناوەوەی کۆمەڵگای ئەمریکا حاڵەتێکی زۆر پڕپێچوپەنای وەخۆ گرتووە. بۆ وێنە، بە خراپ کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک دروشمی لە ڕادەبەدەر سادە و سەرەتایی

وردەوردە خەریکە خەڵک جارڕ دەکات و وایان لێدەکات گوێ بە هیچ نەدەن. ئەمە لانیکەم لە نێو ئەو خەڵکانەی زۆر کەر و گەمژە نین دیار و لەبەرچاوە.

تومارۆی سەگانی: کە واتە، وەختی خۆیەتی بیر لە دروشمێکی نوێ بکەنەوە، وەک بۆ نموونە، "نەمان بۆ هەرچی دروشمە". ئەو کاتەی نەخۆشێک وای لێدی هیچ دەرمانێک کاری لێ ناکات , پزیشکی بەئەزموون دەرمانێکی تازەی بۆ دەنووسێت کە هەڵبەت ناوی دەنێ: "دژەدەرمان".

جەنابی دەبلیۆ: کێشەکە لەوەدایە لە ولاتی ئێمەدا "دژەدەرمان"یش بە ئەندازەی پێویست پشتی پێ نابەستڕێت. واتە ئەوەی کۆمەڵێک وشەی لە جۆری فاشیزم و نازیزم و دیکتاتۆری لە ولاتی ئێمەدا سیمایەکی دزێویان بە خۆوە گرتووە و بۆتە مایەی قێزکردنەوە و بێزاربوونی گەلێ کەس. ئەمەش لە سۆنگەی ئەو هەواڵانەوەیە کە سەبارەت بە کۆمەڵکوژیی ئۆردوگاکانی نازی و بێبەزەیی و دڵڕەقیی پۆلیسی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا بڵاو دەبێتەوە.

تومارۆی سەگانی: ئەگەر ئەم مەیلە پەرەی سەند بۆتان هەیە دروشمی "نەمان بۆ فاشیزم" بخەنە سەر زاران. ئەمە بزانن ئەم شتە فرتوفێڵێکی نۆبەر نییە. ساڵی 1926 , پیلسودسکی ڕاست بە دروشمی "نەمان بۆ دیکتاتۆری" ڕژێمی دیکتاتۆریی خۆی بەسەر پۆلەندا

زاڵ کرد. جیا لەمە , لە کوێ شک دەبەن ڕژێمێکی پاوانخواز بەسەر ولاتێکدا داسەپابێت و دروشمی سەقامگیرکردنی "ئازادیی ڕاستەقینە" نەبووبێتە گۆپاڵی دەستی؟!

پرۆفیسۆر پیکاپ: نامەوێ لە سەر توڕپەهاتی لەمجۆرە باسوخواس بکەم , ناشتوانم قێزوبێزی خۆم لەم شێوە لێکدانەوەیەی ئێوە بشارمەوە. ئەرێ ئەو قسانەتان بە ڕاستە؟ ئەگەر وا بێت , دەی باشە چۆن چۆنی دەکرێت ئەو فاشیستەی لە پێناوی خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلات دروشمی حیزبە دیموکراتیکەکان بێنێتە گۆڕێ لەوانی تر جیا بکرێتەوە؟ ئەگەر ئەمە ببێتە عادەت و هەموو عالەم بە پێچەوانەی ئەو شتەی بیری لێدەکەنەوە قسان بکەن , ئەگەر کەسێکی ئەنتەرناسیۆنالیست وەک هێمای پاراستنی میللەت خۆ بنوێنی , ئەگەر بابایەکی ناسیۆنالیست خۆی بە پارێزەری برایەتیی سەرلەبەری میللەتان بێنێتە ئەژمار , ئەگەر کابرایەکی کۆمۆنیست خۆی بە زامنی ئاشتی و تەبایی لە نێوان چینە جۆراوجۆرەکان لە قەڵەم بدات , ئەگەر پیاوێکی مەسیحی بۆ شەڕی ناوخۆ پڕوپاگەندە بکات , ئیتر کەس لە کەس ناگا و هیچ شتێک ئاداری بە سەر پاداریەوە نامێنێ.

تومارێی سەگانی: جەنابی پرۆفیسۆر , ئەم دۆخە , لانیکەم لە بواری سیاسەت , دۆخێکی تەواو عادەتی و ئاساییە. چاوێک بە ڕۆژنامە و

ڕاگەیەندراوە دیواریيەکاندا بخشێنن , بۆ ساتێکیش بووبێت گوێ بۆ لێدوانە سیاسییەکان شل بکەن. ئەو حیزبەی بۆ خەباتی دژی سۆسیالیزم و پشتیوانی لە بەرژەوەندیی سەرمایەداران پێکدێت , گومانی تێدا نییە سەردێڕێکی لە جۆری "سۆسیال" , یان نەتەوەیی یان تەنانەت سوسیالیست بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت , ئەو حیزبەی ناوی "رادیکاڵ"ە , بێ شک حیزبێکی میانەڕەوە , ئەگەر گرووپێکی لادەر لە کۆنەحیزبێک جیا بێتەوە و بیەوێ بەردی بناغەی حیزبێکی نوێ دامەزرێنێ , دڵنیا بن بە خۆی ناڵێ حیزبی لادەر و جودابییخواز , بەڵکو ناوی "حیزبی یەکێتیخواز"بە باڵای خۆی دەبڕێ. ئەو حیزبەی لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەوە ئەمر وەردەگرێت و پشتی بە یارمەتی بیانییەکان ئەستووڕە , شکی تێدا نییە دەم لە سەربەخۆیی نەتەوایەتی وەردەدا. جا هەر لەم ڕووەوەیە ڕاپۆرتی سیاسیی ڕۆژنامەکانی ئێمە زیاتر لە تەنزێکی تاڵ دەچن. هەناردنی هێزی چەکدار بۆ خۆشترکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆی وڵاتێکی دۆست , ناوی "دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ناوەوە"ی ئەو وڵاتەی لە سەر دادەنێن. قۆڵبەستکردنی نەیارانی سیاسی بە "پاراستنی ئەمنییەت" ناو دەبەن , ئەو نەیارانەی هەندێکیان بە دزییەوە و بە بیانووی "هەوڵ بۆ هەڵاتن" دەکوژرێن. ئەو دادگا حیزبییانەی بۆ چاوترسێنکردنی جەماوەری خەڵک دامەزراون بە "دادگای نەتەوەیی"یان ناودێر دەکەن. لە هەموو شوێنێک

به بیانووی "پاراستنی ئاشتی" هێزەکانی خۆیان چەکدار دەکەن؛ بە بیانووی بەرگریکردن لە شەڕەف هەقیقەتی کێشەکان دەشارنەوە. ئیتاڵیا بە بیانووی بنبڕکردنی کۆیلەداری , حەبەشەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی؛ ژاپۆن بە ناوی ڕزگارکردنی خەڵکی چین لە کۆتوبەندی دیکتاتۆریی کومین تانگ , لەشکر دەنێرێتە سەر چین. درۆودەلەسە وا بۆتە عادەت مرۆڤ دڵی تەواو دەگیرێ. لە بارودۆخێکی وادا نابێ پێمان سەیر بێ گەر بێت و بزووتنەوە دیکتاتۆرییەکان ناچار بن ئەم جۆرە درۆکردنانە بگەیەننە ئەوپەڕی خۆی.

پرۆفیسۆر پیکاپ: پێشتر لەم بارەیەوە قسەمان کردووە و نەتانتوانی ڕازیم بکەن. پێموایە سەر لە نوێ باسکردنەوەی ئەم بابەتە کەڵکی نەبێت.

جەنابی دەبلیۆ: جەنابی سەگانی , نەکا بڵێن پێویستە درۆ وەک ڕێسایەک ڕەچاو بکرێت؟

تومازۆی سەگانی: بە هیچ کلۆجێک شتی وا ناڵێم. بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر تاقە ڕێسایەک بوونی هەیە , و ئەویش ڕێسای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە. شتەکانی تر , جا چ ڕاست بن چ درۆ , بەپێی ئەم ڕێسایە سەنگوسووک دەکرێن. بەڵام پێویست ناکات من ئەم شتانەتان فێر بکەم.

جەنابی دەبلیۆ: تەنیا ڕێگام پێ بدەن باسی ئەم بابەتەش بکەم: تەڵقینکردن بە ئەم و ئەو , زۆر جار شان بە شانی تەڵقینکردن بە خۆ دەچێتە پێشێ. ئەگەری ئەم ڕاستییە لە ئارادا هەیە ئەگەر هات و قسەبێژێکی سیاسی درۆیەکی زۆر دووپاتکردەوە، ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم بابایە خۆیشی وردەوردە باوەڕ بە ڕاستبوونی درۆکەی بکات.

جەنابی دەبلیۆ: ئەوەتان قبووڵە ئەمە ئەوپەڕی لێوەشاوەییە؟ بە ڕای من ئەکتەرێک تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت لەسەر تەماشاکەران شوێن دابنێت کە هەستی هەر ڕێک هەستی ئەو کەسەیە وا خەریکە دەورەکەی دەگێڕێت.

تومازۆی سەگانی: بە داخەوە بە هەڵەدا چوون. ئەو شتەی ئێوە باسی دەکەن تایبەتمەندیی ئەکتەرە خراپەکانە. ئەکتەرێکی باش و لێزان لە سەر سەکۆ , هەرگیز ئەوەی لە بیر ناچێت کە ئەو خەریکی دەورگێڕانە. تەنیا بە باوەڕێکی وا و لە دۆخێکی وادا دەتوانێت خێرا لە بارێکەوە خۆی بخات بە بارێکی دیکەدا. چونکی، وەک دەزانن , ئەو شانۆیەی یەک کاتژمێر بخایەنێت زۆر جار پیشاندەری قۆناغێکی درێژخایەنی ژیانە. مرۆڤێکی سیاسەتمەداریش دەبێت ئاگای لەم مەسەلە سەرەکییە بێت. ڕاستۆکیی کەسێکی سیاسی , وەکو ڕاستۆکیی ئەکتەرێکی شانۆ , دەبێتە مایەی جۆرە دابڕان و جودابیەک لە خۆی , و

شـێوەچاوەدێرییـەکی بـەردەوام بەرهـەم دێنـێ. نابێـت ئـەم چەشـنە ڕاستۆکییە لەگەڵ ڕاستۆکیی کەسێکی ئاسـایی بـە یـەک شـت دابنرێـت. لێدوانی بـەناوبانگی نـاپلیۆن ئـەو کاتـەی ڕووی لـە لێژنـەی ڕاوێژکـارانی وڵاتی فەرەنسە بوو، نموونەیەکی پڕبەپێستە بۆ مەسەلەی ڕۆحی ڕاستی بە بەر درۆداکردن. گوتەی ناپلیۆن ئەمە بوو: "بـۆ کۆتـایی پێهێنـان بـە شەڕی وانـدێ بوومـە کاتۆلیـک , بـۆ خۆدامەزراندن لـە میسـر خـۆم بـە موسوڵمان لە قەڵـەم دا , بۆسەرنجڕاکێشـانی قەشـەکانی ئیتاڵیـا بوومـە لایەنگری پـاپ , و ئەگـەریش بڕیـار بێـت بەسـەر جووەکانـدا حـوکمڕانی بکەم , پەیکەرەی سولەیمان سەرلەنوێ دادەتاشمەوە." دواجـار دەشـێت ئامـاژە بـە بابـەتێک بکـەم پیشـاندەری ئەوپـەڕی لێوەشـاوەییـە لـە قۆستنەوەی هەلی ڕەخساودا , بەڵام وامان عادەت گرتووە سـەرنجی پـێ نەدەین. ئەم بابەتە پەیوەندیی بە شاژنەکانەوە هـەیـە کـە لـە سـۆنگەی نەریتێکی لەمێژینە و تەنانەت شاعیرانەوە بـە هێمـای هـەرچی چاکـەیـە دێنـە ئـەژمار , و بـە تایبـەت وەک هێمـای داوێنپـاکی و ئەمەگـداری دەناسرێن. لە کاتێکدا ئێـوە دەزانـن ئـەم ژنانـە , بـە پێـی تێکـەڵاوی و پەیوەندیی بنەماڵەکانی پاشایەتی , بێ ئەوەی گوێیان بە هیچ ببزوێت و لە کۆتوبەندی کێشەیەکی تایبەتدا بن، دەست لەم ئاینزایە دەشـۆنەوە و تێکـەڵ بـە ئـاینزایەکی دیکـە دەبـن , و لـەم کـارەیانـدا ڕەزامەنـدی و

بارەکەڵڵای بەرزترین خاوەن پلەوپایەکانی کڵێساشیان بۆ دەستەبەر کراوە .

پرۆفیسۆر پیکاب: نەکا بتانەوێ ئەو سنوور و پەرژینانەی دواجار تەنیا تایبەت بە ژیانی ژنانی کڵفەتە بەسەر ژیانی شاژنەکانیشدا دایسەپێنن؟

تومازۆی سەگانی: نازانم مەبەستی خۆیشتان ئەمە بێت یان نا , بەڵام ئەگەر ڕاستۆکی و ئیمانی نەگۆڕ بە چاکەی تایبەت بە ژنەکڵفەت بزانن , ئەم شەڕافەتە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم ژنە کڵفەتانە , لەچاو شاژنەکان , پلەوپایەیەکی بەرزتریان هەبێت. بەڵام باسکردن لەم بارەیەوە لە بابەتی سەرەکیمان دوور دەخاتەوە . نموونەی ناپلیۆن و شاژنەکانم تەنیا لەبەر ئەوە هێنایەوە کە گوێ پێنەدان و بێدەروەستیی ئەوانم وەبیر هێنابێتنەوە . ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر، دەشێت شوێنپێی ئەوان هەڵگرێت؛ دەشێت ڕووبین بێت و جۆرێک درۆکەی ساغ بکاتەوە کە لەوە بچێت درۆیەکی ڕاستە و لە دڵەوەیە , بەڵام دەبێت ئاگای لەوە بێت خۆی فریوی درۆکانی خۆی نەخوات و وەئەستۆیان نەگرێت , دەنا دوو مەترسیی گەورە هەڕەشەی لێدەکەن: یەکەم توانایی و چوارچێوەی ئیمکانات و دەرەتانی بوون و نەبوونەکانی خۆی لە بیر دەچێتەوە , دووهەم شوێن تراویلکە و وەهم دەکەوێت.

جەنابی دەبلیۆ: کورتی ببڕینەوە , تایبەتمەندیی سیاسەتمەدارێکی وریا ئەمەیە دەستاوبەجێ ئاگای لە گۆڕینی دۆخەکان بێت , و خۆی لەگەڵ دۆخی تازە ڕێک بخات. وا نییە؟

تومازۆی سەگانی: ڕاست وایە. ئەگەر لە هەڵەکانی موسولینی و هیتلەر لە جەنگەی خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بکۆڵنەوە , ئینجا دەزانن ئەم هەڵانە لەو جێگایەوە ئاو دەخۆنەوە کە ئەم سەرۆکانە درەنگ لە دۆخی تازە گەیشتوون و درەنگیش خۆیان لەگەڵ ڕێکخستووە. ئەوەیکە هیتلەر و موسولینی توانییان زیان و زەرەری بەرهەمهاتوو لەم هەڵانە قەرەبوو بکەنەوە , تەنیا بە هۆی ئەوە بوو کە شێوە و ڕێبازی خەباتکردنی کۆن و لەکەڵککەوتوو ببوونە کۆت , و لە قاچی نەیارانی دیموکراتی ئەوان کرابوو. یەکێک لە هەڵەکانی سەرۆککەلی فاشیست ئەمە بوو کە بە شێوەیەکی سۆزدارانە و عاتیفی دڵیان لە گرەوی خواست و هێماکانی تافی گەنجێتی خۆیان دۆڕاندبوو (وەک موسولینی , کە تەنانەت ئەو کاتەی لایەنگرانی ئەو پاشاییخواز و کڵێسایی بوون , هێشتا نەیدەتوانی خۆی لە چنگ بابەتی وەک "کۆمار" و "دژبەرایەتیی کڵێسا" ڕزگار بکات). هەر ئەم وەسوەسەی ڕاستۆک مانەوەیە سەبارەت بە هەست و سۆز و عاتیفەی ڕابردوو , ئەگەر بێت و ڕۆحی دیکتاتۆر ختووکە بدات کاتێک لە گەرمەی سەرکەوتندا بێت , دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرە فیز و لەخۆباییبوونێکی

مەترسیدار , یان ئەم نیازە لە هەناویدا دروست بکات کە ڕێز بۆ کەسایەتیی خۆی دابنێت و پێی وابێت جیاوازییەکی لەگەڵ نەیارانی خۆیدا نییە , ئەو نەیارانەی بەردەوام باسی "جیهانبینی" و "ئامانجی ئەخلاقی" دەکەن و دیکتاتۆری داهاتوو وەک پیاوێکی سەربەگێچەڵی هیچەکە و پووچەکە سووکوچرووک دەکەن. موسولینی و هیتلەر , بەر لەوەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن , چەند هەفتەیەک ئەم کەڵکەڵەیەیان لە هەناویاندا هێنا و برد؛ تەنیا ئەو کاتەش دەستەمۆیان کرد کە تێگەیشتن چارەنووسیان شتێکی دیکەیە , و گەر بێت و بیگۆڕن خۆیان لە ناو بردووە. سەرخۆشبوونی لە سۆنگەی ئەم سەرکەوتنەوە , کە پێداهەڵگوتن و ماستاوچییەتیی لایەنگرانیش ئەوەندەی دیکە خەستوخۆڵتری دەکەن , لەوانەیە ببنە هۆی ئەوەی دیکتاتۆری داهاتوو لە ڕادەبەدەر لەخۆبایی بێت و ئەم بۆچوونە ناڕاستەی تێدا بەدی بێنێت کە هەڵوێستی داهاتووی حیزب و وڵات تەنیا بە خواستی ئەو دەبەستریتەوە. ئەمە وەسوەسەیەکی تیژتێپەڕە کە لەوانەیە هەموکات کارەساتی لێنەکەوێتەوە , بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا سەرشۆڕییەکی تێکەڵ بە ژان و ئازاری بە دوادا دێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: زۆر چاک لە بارەکەی دەزانن چۆن هەرچی کێشەیە بچووکی بنوێنن.

جەنابی سەگانی: بۆچی لە بیرتان دەچێت پێشەوایەکی فاشیست ئەو کەسەیە جیهانبینییەکی تازە دێنێتە گۆڕێ و ڕۆحییەتێکی تازەی شموولی و هەمەلایەنە بەدی دێنێت؟ پێشەوایەکی لەم جۆرە , کە لە هەمان کاتدا ناسنامەی خۆی لەگەڵ ناسنامەی کۆمەڵانی زۆروزەوەندی خەڵک بە یەک دادەنێت، پلەوپایەیەکی بەرزتر لەو سیاسەتمەدارانە وەدەست دێنێ کە دیلی دەستی هۆگرییە چووکەکانی خۆیانن؛ پێشەوایەکی وا ئەو تواناییەی تێدا درەست دەبێت کە بەستێن و ئامانجێکی نوێ بۆ چارەنووسی خەڵک بدۆزێتەوە. ناشێت حاشا لەم ڕاستییە بکرێت.

تومازۆی سەگانی: سەرەڕای ئەمانە , سیاسەت هونەری ئەگەرەکانە؛ لە سەردەمی شارستانییەتی بەکۆمەڵدا , چوارچێوەی ئەو شتانەی دەکرێن و دەگونجێن گۆڕاوە و بەرفراوان بۆتەوە , بەڵام ئەمە بەم واتایە نییە هەر کەس هەر کارێکی لە دەست بێت بیکات. ئەو پێشەوایەی ئەم ئەسڵە لە بیر بکات و سەرمەستی قسەکانی خۆی بێت , لە پێش چاوی خەڵک گاڵتەی بە خۆی کردووە. ئیزن بدەن بەسەرهاتی کۆلادی ڕینتزۆ (Coladi Rienzo)تان بۆ گێڕمەوە: ئەم پیاوە , ئەو کاتەی بنکەی پاپ گوێزرایەوە بۆ ئەڤینیۆن (Avignone)ی فەرەنسە , بە پشتیوانیی قەشەکان و کۆمەڵانی خەڵک بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دەرەبەگانە کرد کە بە کەڵکوەرگرتن لە نەبوونی پاپ کەڵەگاییان

دەکرد , بەمجۆرە کۆلا لە ڕۆما دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. بەڵام ئەم وەسوەسە کارەساتاوییە یەخەی گرت بۆ ئەوەی "ئەو شتانەی لە کتێباندا خوێندبوویەوە" بە کردەوە بێنێتە دی , و هەر بۆیە هەم خۆی , هەمیش ئامانجەکانی خۆی تەفروتوونا کرد. بێ ئەوەی لە هۆیەکانی ڕاستەقینەی سەرکەوتنی سنورداری سیاسیی خۆی بگات , و بێ ئەوەی بارودۆخی ئەوکاتی ئیتاڵیا و ئەورووپا لە بەر چاو بگرێت , ساڵی 1347 دیسان ڕایگەیاند رۆما پایتەختی جیهانە , هەوای دامەزراندنی "ئیمپراتۆری جڤاتیی ئیتاڵیا"ی کەوتە کەللەوە , لە زۆریەک لە پاشا و شەهرەیارانی ئەوروپای گێڕایەوە بۆ ئەوەی بێن بۆ رۆما تاکو دان بە ڕەسمیبوونی ئیمپراتۆریی تازە دابنێن؛ ڕایگەیاند مافی دەستنیشانکردنی ئیمپراتۆری تایبەت بە خۆی هەیە , و ئا ئەم نازناوە دووروودرێژ و بەشان و شکۆیەی- کە خۆشبەختانە بۆ گواستنەوە نەدەبوو- لە سەر خۆی دانا: "سەربازی فیداکاری ڕۆحی پیرۆز , خودان دەسەڵات و ساحێب بەزەیی , ڕزگاریدەری شاری رۆما و پارێزەری ئیتاڵیا , دۆستی عالەم و پێشەوای پیرۆز". هەر بۆیە تووشی چارەنووسێک هات کە تەواو سروشتی بوو: قەشەکان لێی کشانەوە و خەڵک نەفەسیان چنی و کوشتیان. سەدەکانی دواتر , سیمای کۆلادی رینتزۆ سەرنجی نووسەران و هونەرمەندانی زۆر بۆ لای خۆ ڕاکێشا؛ ئەمەش شتێکی سەیر نییە , چونکی ئەو کارەی ئەو کردبووی هەر لە

بنەڕەتەوە پەیوەندیی بە ئاخاوتنی نێو کتێبانەوە هەیە , نەک سیاسەت. هەڵبەت ئاخاوتن یەکێک لە پاژە لێکدانەبڕاوەکانی کردەی حوکمڕانییە , بەڵام جیاوازیی سیاسەتمەدار لەگەڵ قسەبێژ لەوەدایە سیاسەتمەدار ئاخاوتنیش وەک ئامرازێک بۆ کارەکەی بەکار دێنێت , بەڵام سەری هەوساری ئیرادە و ویستی خۆی ناداتە دەستی.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە ڕای من , یەکێتیی موسولینی و دانۆنتزیۆ لەگەڵ ئەو شتەی ئێوە باسی دەکەن دژایەتی هەیە.

تومازۆی سەگانی: نموونەیەکی زۆر خراپتان هەڵبژارد , جەنابی پرۆفیسۆر. هەڵکەوتەکە وایە بڵێم ڕەفتاری جیاوازی ئەم دوو کەسە لە قەیراناویترین دۆخی دوای شەڕ , و بە تایبەت لە بابەت شاری فیومێ (Fume) , باشترین شایەتحاڵی قسەکانی منە. ئایا بە وردی دەزانن ئەم مەسەلەیە چۆن ڕووی دا؟ وا باشە ئاماژەیەکی پێ بکەین. مانگی سێپتامبەری 1919 , دانۆنتزیۆ لە ڕێگای پشتیوانیکردنی بەدزیی بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لەشکری و دیوانی , کە پاراستنی ژیان و گیانی ئەویان دەستبەر کردبوو , ڕێبەرایەتیی تاقمێک سەربازی ئیتاڵیی وەئەستۆ گرت کە شاری فیومێیان داگیر کرد , بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەم شارە بدرێ بە یوگسلاوڤیا , لەکاتێکدا مەسەلەی ئەم بەدەستەوەدانە پێشتر لە کۆنفرانسی ئاشتیدا بڕابۆوە. ئەم ئەرکە لە دوایین ساتەکاندا خرابووە ئەستۆی دانۆنتزیۆ , و بێ ئەویش شار داگیر دەکرا , بەڵام

خەڵک پێیان وابوو گەڵاڵەی ئەم شەڕە تەنیا کاری دانۆنتزیۆ بووە. ئەویش ئەم هەڵەی قۆستەوە , و شاری فیومێی کردە وڵاتێکی بچووک کە شیعر و شاعیری , هاوشانی هونەرەکانی تر , بەسەریدا حوکمڕانێتی ڕەهای دەکرد. بە درێژایی ڕۆژ جەماوەرێکی زۆر لە ژێر باڵەکۆنی ماڵەکەی کۆ دەبوونەوە , چونکی هەر جارە و مرخی شاعیرانەی ئەو دەپشکووت , دەهاتە سەر باڵەکۆن و بە گیانێکی تەژی لە هەست و سۆز پەیامێکی تازەی ڕووەو خەڵکانی گۆی زەوی دەخوێندەوە. تەنانەت یاسایەکی بنەڕەتیی نوێی نووسی کە سەرجەمی کێشەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕابردوو و داهاتووی چارەسەر دەکرد , بەڵام تێیدا باسی دۆخی ئێستای نەدەکرد. موسولینی پشتیوانی لەم کارانەی دانۆنتزیۆ دەکرد. دەست بەسەرداگرتنی شار شازدەی مانگی خایاند , تا ئەوەی حکومەتی ئیتاڵیا وەکار کەوت. نوامبری 1920 , حکومەتی ئیتاڵیا و یوگسلاوڤیا ڕێک کەوتن , و ئەمر درا شار چۆل بکرێت. داگیرکەرانیش پاش ماوەیەک خۆڕاگریی بەرچاو شاریان چۆڵ کرد. لەم بەزمەدا موسولینی، کە پێیخۆشبوو دانۆنتزیۆ خۆ ڕابگرێت، دانۆنتزیۆی بە تەنیا جێهێشت.

جەنابی دەبلیۆ: یەکێک لە کۆنە هاوسەنگەرانی دانۆنتزیۆ , کە لە ڤنیز چاومان پێکەوت , لە سەر ئەم باوەڕە بوو لەم مەسەلەیەدا موسولینی خەیانەتی کردووە.

تومازۆی سەگانی: ڕاستتر وایە بڵێین: لەم مەسەلەیەدا , سیاسەت خەیانەتی لە ئاخاوتن و قسەبێژی کرد. بەڵام سەرنج بەم خاڵە بدەن ئەگەر سیاسەت بە شێوەیەکی تر ڕەفتاری کردبا، خەیانەتی لە خۆی دەکرد. لە ڕاستیدا , هەر ئەوەندە بەستە وەبیرخۆمان بێنینەوە ڕێککەوتن لە بابەت شاری فیومێ دوو مانگ دوای ئەو کاتە سەری گرت کە کرێکاران لە کارخانە داگیرکراوەکان چوونە دەرەوە. لە زۆر لایەنەوە وێدەچوو کەفوکوڵی ڕاسانی شۆڕشگێڕانە دامرکایەوە و سۆسیالیزمی ئیتاڵی لە هەموو شوێنەکانی شەڕ پاشەکشەیەکی کارەساتاویی کردووە. پیشەسازی و کەڵەزەویندداران , کە لەو خەتەرەی تازە بە زەحمەت توانیبوویان گیانی خۆیانی لێ دەرباز بکەن دەترسان , زیاتر دەستەوداوێنی گرووپە فاشیستییەکان دەبوون، بۆ ئەوەی ڕێکخراوەگەلی کرێکاریی لە حاڵی پاشەکشێ تەفروتوونا بکەن و ئەو ئیمتیازانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەپەلە بە کرێکارانیان دابوو بستێننەوە. بەم پێیە , لە دواین ڕۆژانی ساڵی 1920 , ڕوانگەیەکی تەواو نوێ لە بەر چاوی موسولینی خۆی دەنواند , و ئەو بەڵێنانەی کە لەوانەیە سەردەمێک لە بابەت دانۆنتزیۆ وەئەستۆی گرتبوون , دیارە وەک شتێکی بێبنەما و خۆخافڵاندنێکی شاعیرانە دەهاتە بەر چاو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام , وەک چۆن ڕووداوەکانی دوایی نیشانیان دا , موسولینی و دانۆنتزیۆ بۆ تاقە یەک ئامانج خەباتیان دەکرد , گەرچی هەڵسوکەوت و ئاکاریان لێکجیاواز بوو.

تومازۆی سەگانی: ئایا دیسان دەبێ ئەوە بڵێمەوە دیکتاتۆری داهاتوو دەسەڵات ختوکەی دەدا و بابای قسەبێژ وشە؟ شتێکی سروشتییە پێشەوایەکی فاشیست , بە تایبەت لە وڵاتێکدا خاوەنی کولتووری لاتینە , هاوکاریی قسەبێژانیش بسەلمێنی و بە کاری بێنێ , بەڵام دەشێت ئاگای لەوە بێت گوتەی قسەبێژ نەبنە هۆی لە ڕێگالادانی. بەسەرهاتی دانۆنتزیۆ لە قۆناغی دوای شەڕ نموونەیەکی کلاسیکە کە پیشاندەری ڕۆڵی یارمەتیدەری قسەبێژییە لە سیاسەتدا , و لەهەمان کاتدا بێدەسەڵاتی و نەتوانینی خودی ئەو پیاوەمان لە هەڵسووڕانی کاروباری پێشەوایەتی و بەڕێوەبەرایەتی بۆ دەسەلمێنێ. لە دواین لێکدانەوەدا , تەنانەت دەشێت شوێنپێی هۆکاری شکستی سیاسی سۆسیالیستەکان لە ئەوروپا لەم ڕاستییەدا بدۆزینەوە کە لەم سالانەی دوایی , بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی ببووە قۆچی قوربانیی قسەبێژی و چەنەدرێژیی مارکسیستی. بە ڕای من، ئەستەمە مرۆڤ بڵێ بابایەکی قسەبێژ , لە چاو مرۆڤێک کە قسان ناکات و بە کردەوە گوورزی خۆی دەوەشێنێت , زیاتر لەگەڵ خۆی ڕاستۆک بێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە هەردووکیان ڕاستۆکن , بەڵام بە پێی ئامانجی لێکجیاوازیان، ئەم

ڕاستۆکییەشیان جیاوازە. هەر وەکی گوتمان سەرۆکێکی فاشیست , تا ئەو کاتەی لە ڕێگای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لای نەداوە ڕاستۆکە , گەرچی ناچار بێت لەم پێناوەدا سواری سەری زۆر لایەنی "ناڕاستۆکانە"ی خۆی بێت. لە بەرامبەر ئەمەدا , قسەبێژێک , ئەو کاتەی لە گەڵ خۆی ڕاستۆکە کە هەر هەلێکی بۆ قسەبێژی بۆ هەڵکەوت بیقۆزێتەوە. دوای "خەیانەتی" موسولینی , دانۆنتزیۆ دەستی لە هەموو پەیوەندییەکی تاکەکەسیی خۆی لەگەڵ ئەو شوشتەوە , حوکمی لە پەیڕەوانی خۆی کرد لە ڕیزی دەستە فاشیستییەکان جیا ببنەوە , و پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ سەندیکاگەلی سوسیالیستی پێکهێنا. هەر لەم سەروبەندەدا بوو هەوڵی دا توانایی ئاخاوتن و قسەبێژیی خۆی بۆ ئەفسانەسازیی سۆسیالیستی و مرۆڤدۆستانە بخاتە گەڕ , هەر چەند لەم ڕێگایەدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا. بەڵام ئەو کاتەی دەستوپێوەندەکانی فاشیستی مانگی ئاگوستی 1922 هێرشیان کردە سەر باڵەخانەی شارەوانیی میلان- کە بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە زۆر ساڵ لەمەوبەرەوە لە دەستی سۆسیالیستەکاندا بوو- , دانۆنتزیۆ لەناکاو چووە ڕیزی هێرشبەرانەوە. هەر ئەویش دەستاوبەجێ خۆی گەیاندە باڵەکۆنی باڵەخانەی شارەوانی و لە ستایشتی ئەو ڕووداوەدا بە تام و چێژەوە قسەی بۆ جەماوەر کرد. ئایا ئەمە ناڕاستۆکی بوو؟ لەوانەیە بە پێی یاسا و ڕێسای

ئەخلاقیی مرۆڤی ئاسایی ئەم کردەوەیە پێشاندەری ناڕاستۆکی بێت , بەڵام بۆ دانۆنتزیۆ وا نەبوو. قسەبێژێکی ڕاستەقینە تەنیا ئەو کاتە لەگەڵ خۆی ناڕاستۆکە کە زمانی ناگەڕێ.

جەنابی دەبلیۆ: مەگین نەیدەتوانی قسەکانی خۆی لە کۆبوونەوەیەکی دژی فاشیستیدا بکات و لەگەڵ ئەوەی لە بابەت هێرشی فاشیستەکان بۆ سەر ئەنجومەنی شار دەنگ هەڵبڕێت , خوازیاری ئەوەش بێت ڕێز بۆ خەڵکی شاری میلان دابنرێت؟

تومازۆی سەگانی: بە خاتری هونەری قسەبێژیش بووبێت نەیدەتوانی ئەم کارە بکات. هەر وا کە لە کتێبەکەی دانۆنتزیۆدا دەبینرێت , ئەو لە شیعرەکانیدا بەردەوام ستایشتی توندوتیژی و سەرەڕۆیی و سەربەرزیی ئەو کەسانە دەکات کە سەرکەوتوون , و لە بەرامبەر شکستخواردووە بەدبەختەکانیشدا , تەنانەت ئەگەر هاوسەنگەری ئەویش بووبێتن , هیچ چەشنە هۆگری و هاودەنگییەکی مرۆڤانە لە خۆی نانوێنێ. دانۆنتزیۆ جگە لەمە ڕێگایەکی تری نەبوو بیگرێتە بەر. چەند مانگێک دواتریش هەر بە هاندانی ئەم ڕاستۆکییە , کە پاژێکە لە سروشتی ئەو , دەستاوبەجێ دوای ئەوە موسولینی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت , چووە ڕیزی ئەو , لە کاتێکدا تا دوایین ساتەکانیش لە پێناوی بەرگریکردن و بەربەست دروستکردن بۆ سەرکەوتنی ئەو هەوڵی دابوو , و خۆی تووشی گێرەوکێشە کردبوو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ڕاستیتان بـوێ , ئێمـه موسـولینیمان لەبـەر چـاو گرتووە , نەک دانۆنتزیۆ.

تومازۆی سەگانی: کە وایە، با دیسان سۆراغی "پێشـەوا" بگرینـەوە. تایبەتمەندیی سەرەکیی موسولینی ئەوەیە خاوەنی ئـەو شـێوە نزمانـەی مرخ و زاناییە کە زۆر جار بە "زیرەکـی"و "وزەی غـەریزی" نـاوی دێـنن. سـەرەڕای ئەمـە , زۆر هـەڵدەکـەوێ کاتێـک لەگـەڵ دۆخێکـی نادیـار و هەلومەرجێکی تەماوی ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە , بـەر لـەوەی هـەڵوێستێکی تایبەت بگرێـت وای پـێ باشـە ڕووبینـی و فرتوفێـڵ بکات (هـەر جـارەی ویستوویەتی بە پێی ئەسـڵە بنـەڕەتییـەکانی بـاوەڕی خـۆی هـەڵوێست وەربگـرێ , لـە کـاری خـۆی ڕیـاوە). ئاگوسـتی 1914 , ئـەو کاتـەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی سۆسیالیستی ئاڤانتی (Avanti) بـوو , پشـتی هەڵوێستی سوسیالیستەکانی بۆ دژایەتیکردن لەگـەڵ شـەڕ گـرت. بـەڵام لەو کاتەوە دەیزانی ئیتاڵیا ناتوانێت بۆ مـاوەیـەکی درێژخایـەن بێلایـەن بمێنێتەوە و ڕۆحییەتی سـەر بـە گێچـەڵبـوونی لـە بەرامبـەر بـارودۆخی نەزۆکی ئاشتی تاقەتی نەدەهێنا؛ هـەر بۆیـە , لـە هـەمان کاتـدا کـە لـە ڕۆژنامەکەیدا لـە سـەر نووسـینی وتـاری دژ بـە شـەڕ دەوامـی هـەبووە , کەینوبەینی لەگەڵ ئەو کەسانەش هەبوو هەوڵیان دا ئیتاڵیا لە شـەڕەوە بگلێنن. ڕۆژنامـەیـەکی نـەیـار دەسـتی ئـەم ڕووبینییـەی ئاشـکرا کـرد و موسـولینی ناچـار بـوو دووڕوویـی وەلانـێ و لایـەنگریی خـۆی بـۆ شـەڕ

ڕاشکاوانە ڕابگەیەنێ. دوای شەڕ, لەو سەروبەندەی هەمووکەس لە ئیتاڵیا چاوەڕێ بوو ئاگری شۆڕشێکی پرۆلیتاری هەڵایسێت, موسولینی لە یەک کاتدا هەم دەربارەی شکستی سۆسیالیزم, هەمیش دەربارەی سەرکەوتنی, قسەی وەبەر کەس نەدەخست. سێپتامبری 1920, ئەو کاتەی کرێکارانی کاروباری هەمەجۆر و لە سەرووی هەموانەوە کرێکارانی ئاسنگەر, کارخانەکانیان داگیرکرد, و زۆرکەس وای بۆ دەچوو ئیتر هیچ شتێک ناتوانێت بەر بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران بگرێت, موسولینی, هەر وا کە پێشتریش گوتم, دەسبەجێ سۆراغی لێژنەی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کرد و لەوێ ڕایگەیاند: "بە ئەوپەڕی هۆگریمەوە شوێنپێی ئەم بزاڤە هەڵدەگرم؛ بۆ من گرینگ نییە کارخانەکان ئی مالیک بێت یاخود ئی کرێکار؛ گرینگ ئەوەیە ئەخلاقێکی نوی بەسەر ولاتدا زاڵ بێت." بەڵام ئەو کاتەی ئەم بزووتنەوەیە شکستی هێنا و ترس و دڵەخورپەی چینە داراکان جێگەی خۆیان بە سەرەڕۆیی و زۆرلێکردن گۆڕییەوە, موسولینی لە دژی ئەو هەوڵانە ڕاستەوە بوو کە خۆی گوتەنی ئامانجیان ئەوە بوو "ئیتاڵیا بخەنە نێو زۆنگی بلشویزم"ەوە, و خۆی وەک کەسێک بە خاوەن کارخانەکان ناساند کە لە دەستی دێت ولات لە "مەترسیی ئاسیایی سۆسیالیزم" ڕزگار بکات. هەر ئەوەی دوابەدوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەرگای سەرجەم حیزبەکانی تری داخست, و لەم

پێناوەشدا , دەستەوداوێنی ڕووبینی و فێل و تەڵەکە بوو کە خۆی پێی دەگوت "گەمەی گێزەر و گۆپاڵ" . نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی سەرلەبەری مەسەلەکە بەستە: چێزارێ ڕۆسی (Cesare Rossi) , سەرۆکی دایرەی ڕۆژنامەکانی فاشیست , ئەم نهێنییەی درکاندووە کە موسولینی مانگی جونی 1923 حوکمی لە فاشیستەکانی فلۆرانس و میلان و پیزا (Pisa) و مۆنتزا (Monza) و چەند شارێکی گچکەی دیکە کرد کە بە شەو هێرش بکەنە سەر بنکەگەلی ئەنجومەنە کاتۆلیکەکان. هەر ئەو کاتە , بە پێی ئەو بەڵگانەی بڵاو بۆوە , تەلێگرامێک بۆ سەرۆکی پارێزگاکانی بەرپرسی ئەو شارانە نێردرا و لەوانیان ویست ڕق و بێزاری و خەم و پەژارەی حکومەتی فاشیست لەم هێرشانە بە ئاگاداری قەشەکانی ئەم شارانە ڕابگەیەنن. موسولینی هەر ئەم شێوە بەکەڵکەی لە بواری نێونەتەوایەتیشدا گرتەبەر و لەم ڕێگایەوە توانی بە ئاسانی کۆمەڵی نەتەوەکان بخاتە تەنگانەوە. ئەگەر ڕاپۆرتەکانی شەڕی حەبەشە و ئەو هەوڵانەی باسی هەڵوێستگرتنی ئاشتیخوازانەی نوێنەری حکومەتی فاشیستیی ئیتاڵیا لە کۆمەڵی نەتەوەکان دەکات پێکەوە هەڵبسەنگێنن بە وردی لەوە ئاگادار دەبنەوە کە ئەو پێشنیارگەلە بە ڕواڵەت ئاشتیخوازانەیەی لە ژێنۆ باسیان لێدەکرا هەمیشە شانبەشانی گرتنەبەری شێوە تازەکانی شەڕ چۆتە پێشێ. کەس بۆی نییە دەمی

بێنێتە پێشێ و بڵێ ئەم کایەیە سەرکەوتوو نەبووە , و گەر مەسەلەی خەڵکی چارەڕەشی حەبەشە لە گۆڕێدا نەبوایە دەکرا مرۆڤ لەو بەڵایەی ئەم دۆخە بە سەر پیاوانی حکومەتی ئینگلیزیدا دەهێنا خۆشحاڵ بێت. هەر ئەم پیاوە حکومیانەی ئینگلیز , تا ئەو کاتەی موسولینی هونەری حوکمڕانیی خۆی لەسەر دیموکراتە بەختوەرگەڕاوەکانی ئیتاڵی دادەبەزاند , بە تامەزرۆییەوە پێیاندا هەڵدەگوت و دەستیان دەگرت , و لەم مەسەلەیەی حەبەشەدا ئەم خۆشەویستییە بۆیان بە گران تەواو بوو.

جەنابی دەبلیۆ: بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی دوایی , دەکرێت ڕووداوەکانی ڕابردوو لە چوارچێوەیەکی تەواو مەنتقی و دەستنیشانکراودا هەڵبسەنگێندرێن. بەڵام ڕەفتاری ئەو کەسەی دەستەو یەخەی واقیعەکانە ناکرێت تا ئەم ڕێژەیە دڵنیاکەر و دیاریکراو بێت.

تومازۆی سەگانی: بەڵێ لە بارودۆخی پڕمەترسیدا , دەشێت بە سڵەوە هەنگاو هەڵێنیتەوە و جموجوڵی نەیارانت لە بەر چاو بێت. دەشێت بۆ ڕزگاربوون لە هەر گێرەوکێشەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕێگایەک بۆ ڕۆژی تەنگانەش پێشبینی بکرێت. بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەگەر تۆ بە سڵ و پارێزیشەوە بە نیاز بی کارێک بکەیت، هەڵە و زیان هەر لە سەر ڕێگان. هەڵسەنگاندنی کار و ئاکاری موسولینی نیشاندەری ئەوەیە ئەو پیاوە لە هەر بارودۆخێکی کەموزۆر گرینگدا توشی هەڵەی لەم

چەشنە بووە. لە ڕاستیدا , بێ ئەوەی ترسی ئەوەمان ڕەدڵ بنیشێت کە مەسەلەکە بۆ خەڵکانی دیکەش بە ڕاست بزانین، دەکرێت بڵێین فاشیزمی ئیتاڵی , لە هەر کام لە قۆناغەکانی گۆڕانکاریی خۆیدا , دواجار بەرەو ئەو شوێنە چۆتە پێش کە موسولینی پێچەوانەکەی پێشنیار کردبوو. هەڵبەت ئەو ئەم سەگێتییەی کردووە هەموو جارێ تەسلیمی ئەم گۆڕانە بێت و خۆویستیی خۆی بکاتە قوربانی بۆ ئارەزووی پایە و پلە. تەنیا باسی دوو نموونە لەم شێوە ڕەفتارانەتان بۆ دەکەم. ئاخروئۆخری ساڵی 1920 , موسولینی لەسەر ئەم باوەڕە بوو فاشیزم وەک بزووتنەوەیەک تەنیا لە چوارچێوەی شارەکاندا دەمێنێتەوە , بەڵام بە پێچەوانەی خواست و بۆچوونی ئەو لە ناوچە گوندنشینەکانیشدا پەرەی ئەستاند. هاوینی 1921 , موسولینی بەو ڕاستییەی زانی فاشیزم چیتر ئەو ئامرازە نییە ببێتە داردەستی ئەو. هەر بۆیە خوازیاری "گەڕانەوە بۆ سەرچاوە"ی بزووتنەوەکە بوو , و پەیمانێکی ئاشتیی لەگەڵ حیزبی سۆسیالیست بەست. گرووپە فاشیستییەکانی سەر بە پارێزگاکانی پشتئەستوور بە کەرتی کشتوکاڵ دژایەتیی خۆیان ڕاگەیاند؛ پەیمانی ئاشتی هەڵوەشێنرایەوە و موسولینی لەگەڵ ئەم دۆخە تازەیە پێک هات. ساڵی دواتر , موسولینی خۆی گاڵتەی بەو فاشیستە "ئایدیالیستانە" دەکرد کە داواکاریی "گەڕانەوە بۆ سەرچاوە"یان بوو. ئەو لەم بارەیەوە نووسی: "گەڕانەوە

بۆ ڕابردوو بەو شێوەیەی هەندێ کەس دەیانویست , مانای تووشبوون بە نەخۆشینی کوێرزەینیی منالآنە , یان لەڕ و لاوازیی پیرییە . فاشیزم دەربڕی مەیلی ڕێکوپێککراوی دەروونیی مرۆڤی هاوچەرخ، و هێمای نوێبوونەوەی بزاڤی کلاسیکی ژیانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەربەرەکانیکردن لە گەڵ سەرلەبەری تیۆری و نیژادەکانی ڕووەو تیاچوون و تەفروتوونابوون."

جەنابی دەبلیۆ: ببوورن قسەتان پێ دەبڕم. "نوێبوونەوەی بزاڤی کلاسیکی ژیان" یانی چی؟

تومازۆی سەگانی: هیچ مانایەکی نییە . لە قاموسی ئیتاڵیا , وشەگەلی "کلاسیک" و "مێژوو" تەنیا وەک ناوێکی قەبە و فشوفۆڵ بەکار دێنن تا لەم ڕێگایەوە شان و شکۆ و پۆز و خۆبەزلزانی لە قسەیاندا دەربکەوێت. بۆ وێنە , گەر ئەمڕۆ لە ئیتاڵیا بووایەن , جەنابی پرۆفیسۆر دەیانتوانی پرسیارەکەیان بەمجۆرە دەست پێبکەن: لەم چرکەساتە مێژوویییەدا , لە بەرامبەر ئەم دیمەنە کلاسیکە ..

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە پێچەوانەوە , لە ئەوپەڕی بێگرێوگۆڵیدا دەمەوێ تەنیا ئەم پرسەتان وەبیر بێنمەوە ئەو بێموبالاتییەی ئێوە بۆ موسولینیی قایلن , لە هیتلەردا بەدی نەدەکرا.

تومازۆی سەگانی: وا نییە . هیتلەریش بە شێوەیەکی دیکە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە بوو. هەر کام لەم دوو دیکتاتۆرە بە تەواوی

پیشاندەری خاڵە لاوازەکانی وڵاتی خۆیان بوون. من پێمواید لە گۆشەنیگای کولتووری گشتی , چەمک و مانای کۆمەڵێک باسی وەکو سیاسەت، مێژوو، وڵات، کڵێسا، کۆمەڵگا، نەتەوە، و نیژاد , بۆ ئیتاڵییەکی ئاسایی و ڕەشۆکی , لە چاو ئەڵمانییەک , زۆر ڕوونتر و دیارترە. ڕاستە ئەڵمانییەکان پیاوی وەک کارل ماركس و ماکس وێبێر (Max Weber)یان بووە , کە چینی تێگەیشتووی هەموو وڵاتان زۆر شتیان لێوە فێر بوونە , بەڵام ئەڵمانییەکان کەسانێکی وەک ئیشتیفان گێئۆرگێ (Stefan George) و شپینگلێر-یشیان بووە , کە کارێکی ئەستەمە بۆ تیۆرییە درۆییەکانیان بگەڕێن و لە چوارچێوەی خۆتەوەرەیی زەینیی ئەڵمانیدا سەروسۆراغیان نەکەن. هیتلەر , بە نۆبەی خۆی , هەر لە سەرەتای پڕوپاگەندەی نازییەوە , پشتی بە هەندێ پێشداوەریی گشتی لە بابەت نیژاد و شانازی و چارەنووس و شتی لەمجۆرە بەست و بەردەوام بەکاری دێنان , ئەگەرچی ئەم ئامانجانە زیاتر لایەنی ئوستووریی هەیە تا سیاسی. بەڵام سەبارەت بە پرسەکانی دیکە , ڕەفتارێکی کردەوەیی گرتەبەر و پابەندی هیچ ئەسڵێک نەبوو. وەک چۆن موسولینی , هەر لە نوامبری 1920ەوە , بەرنامەی سێزدە خاڵیی خەڵکخەڵەتێنانەی مارسی 1919ی بەتاڵ کردەوە , هیتلەریش دەسبەجێ بەرنامەی بیستوپێنج خاڵیی حیزبی نازی , کە مانگی فێبریوێری 1920 ڕاگەیاندرابوو ,

خستە پشت گوێ. هاوکات لەگەڵ پەرەئەستاندنی بزووتنەوەی نازی , مانای واژەی "سۆسیالیزم" لە پڕوپاگەندەی نازییەکاندا بەردەوام دەگۆڕا , و دەکرێ هەر ئەم خاڵە بە بناغەی هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکانی ئایدیالۆجیی نازی تا بەر لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دابنرێت. بابەتی زۆر پڕماناش ئەمەیە ئیمڕۆکە , واتە ساڵی 1939 , چ لە ئەڵمانیا، چ لە ئیتاڵیا , ڕێگا بە وەشاندن و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی سەرەتاییی هەر دوو بزووتنەوە دەسەڵاتبەدەستەوەگرتووەکە نادرێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەوەی ڕاستی بێت , نە لە ڕۆما و نە لە بێرلین , کەس سەبارەت بەم بەرنامانە شتێکی پێ نەگوتین. بەڵام سەرەڕای ئەمە , جەنابی سەگانی , لە شێوازی دەمەتەقەی ئێوەدا شتێک بەدی دەکەم کە ڕازیم ناکات , ئەویش ئەمەیە ئێوە لە بۆ فاشیزم لایەنی تەنیا کردەوەیی قایلن و، هەر بۆیە , گرینگایەتییە مێژوویییەکەی بە تەواوەتی دەفەوتێنن.

تومازۆی سەگانی: گرینگایەتیی ڕووداوەکان هیچکات پەیوەندیی بە شعوور و خواستی بەشدارانی ئەم ڕووداوانەوە نییە , و هەر وەتر پەیوەندیی بە تۆمەت و دژایەتیی قوربانییەکانی ئەم ڕووداوانەوە نەبووە. ڕۆمییەکانی سەردەمی کەونارا و ئینگلیزییەکانی سەردەمی نوێ بێ هیچ گەڵاڵەیەکی پێشوەخت و لەوانەیە تەنانەت بێ ئەوەی خۆیان

ئاگایان لێبێ , توانییان دوو ئیمپراتۆری بەهێز پێکبێنن؛ بێ ئەوەی چەنەدرێژی و زۆربلێیی بکەن. ناکرێ هەر وا بە ئاسانی بڵێین دەرەنجامی میژوویی فاشیزم و نازیزم دەبێتە چی. بەڵام بۆ پشتیوانیکردن لەم دوو دیکتاتۆرە , یان بەربەرەکانیکردن لەگەڵیان , پێویست ناکات چاوەڕێی وەڵامی پرسیارێکی لەمجۆرە بین.

11

سەبارەت بە قێزکردنەوە لە مرخی دیکتاتۆری و حەسرەتخواردن و ئاخهەڵکێشان بۆ ژیانی تاکەکەسی و تایبەتی

جەنابی دەبلیۆ: ئیمڕۆ دەتوانین بە بێ سانسۆڕی پرۆفیسۆری تۆتۆلۆژی باسوخواسی خۆمان بکەین. پرۆفیسۆر سەرێکی لە ناوەندی شار هەڵێناوە تا هەندێ کاروباری پەیوەندیدار بە سەفەرەکەمان ڕابپەڕێنێت. کە باش بیری لێدەکەمەوە , ئەم مانەوەیە پێشبینی نەکراوەمان لە سویسرا هێندەش بە خراپ نازانم. ژیانی سویسییەکان لەوانەیە لە باری کۆمەڵایەتییەوە مرۆڤ وەڕز بکات , بەڵام لە باری تاکەکەسییەوە مرۆڤ حەسرەتی بۆ دەخوا.

تومازۆی سەگانی: هەر بەم هۆیەیە ئاوەڵناوی "سویسی" زیاتر لەوەی دەربڕی "میللەت" بێت پیشاندەری جۆرێک چالاکییە. وەک چۆن دەڵێین ئەندازیار یان وێنەگر , دەتوانین بڵێین سویسی.

جەنابی دەبلیۆ: دوێنێ شەو میوانی سویسییەک بووم کە لە تافی لاوییەوە دەیناسم و هەر لەم نیزیکانە قەڵایەکی دیمەنجوانی گوندنشینانەی هەیە. با ئەوەی پیاوێکی دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت و سامانە , ماڵەکەی زۆر ساکار و خنجیلانە و خۆماڵییە. بە درێژایی شەو تەنیا باسی بەخێوکردنی مەڕومااڵت و شێوازی نوێی موتوربەکردنی دارودرەختی دەکرد. لەسەر مێزی شام , کچەکانی خزمەتیان دەکردین. ماڵەکە بێدەنگ و چۆڵ، و پڕ بوو لە بۆنی وێنجەی تازە کە هەر ئەو ڕۆژە دروبووبوویانەوە. کە باش بیری لێ دەکەمەوە , ناتوانم حەسرەت بۆ ئەم شێوە ژیانە نەخۆم.

تومـازۆی سـەگانی: ئـەم هەسـتە بە تـەواوی شـتێکی سروشـتی و ئینسانییە. ببوورن ئەم پرسیارەتان لێدەکـەم؛ ئایـا هـەڵنەکـەوتووە زۆر جار بۆ ژیانێکی تاکەکەسی و تەواو گۆشەنشینانە حەسرەت بخۆن؟

جەنابی دەبلیۆ: نا , خۆشبەختانە نا.

تومازۆی سەگانی: ڕاست و دروستەکەشی هەر ئەمەیە. بەڵام سەرنج بەم شتە بدەن وەسوەسەی ژیانی تاکەکەس شتێکە لێی دەربـاز نـابن و بۆ ماویەکی دوورودرێژ دەست لە یەخەتان بەر نادات.

جەنابی دەبلیۆ: خۆم باش دەزانم کە لـە دەرەوەی دنیـای سیاسـەت تیا دەچم. وەک چۆن ماسی لە ئاو دوور کەوتبێتەوە , دەسبەڵگرتن لەم دنیایەش بۆ من حوکمی خۆکوژیی هەیە.

تومازۆی سەگانی: بەڵام سـەبارەت بـە کەسـانێکی وەک ئێـوە , ئـەم وەسوەسەیە بۆی هەیە حاڵەتێکی تەومژاوی و نادیار بە خۆوە بگرێـت. واتە وا لە ئێوە ناکات پیشەی سیاسی بە یەکجاری جێ بهێڵن , بـەڵکـو ئەم پێداویستییە ڕەوایە لە ئێوەدا بەدی دێنێت کە تەسلیمی هەندێ لـە خواست و ئاواتەکانی مرۆڤێکـی سـاویلکە و ئاسـایی بـن. بـەڵام سـەرنج بدەن: ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر , ئەگـەر لـە سـوچێکی دڵـی خـۆی شـوێنێک بـۆ هەستوسـۆزی ئاسـایی تـەرخان بکـات , لەوانـەیـە تایبەتمەنـدیی سـەرەکیی خـۆی بـدۆڕێنێت و تـا ئاسـتی سیاسـەتبازانی دیموکرات دابەزێت. ڕێگام پێبدەن لەم بارەیەوە زیـاتر پێـداگری بـکەم؟

بـــەڵـــێ , ســـەرکەوتنە بچووکـــەکانی ســـەرەتای ڕێگـــا و دەســـکەوتە بەرهەمهاتووەکەی، ڕەنگبێ دیکتاتۆری داهاتوو خـتـووکە بـدات کـە هـەر لەو سیستەمەی بەردەستدا جـێ بکـەوێت و خـۆی لـە قـەرەی مەترسـی نەدات. لەوانەیە دیکتـاتۆر لای خـۆی وای لێکداتـەوە "هەشـت بـێ و لـە مشت بێ , نەک نۆ بێ و نەبێ". بەڵام ئەمە لێکدانـەوەیـەکی کەرانـەیـە. مـەنتقی ئـەو بزاڤـەی ئـەو گرتوویەتـە بـەر ڕێگـای لێکدانـەوەیـەکی لـەم دەســتەی پێنــادات , و دەســهەڵگرتنــی شــیمانەیــی ئــەو لــە پێنــاوی دیکتاتۆرییەکەیدا ئـەو سـەرکەوتنە بچووکانـەش پووچـەڵ دەکاتـەوە کـە وەدەستی هێناوە. لە ڕاستیدا , ئەم خاڵـە دەشـێت بۆتـان ئاشـکرا بێـت خـتـووکەی سـازان , وەکـو هـەر خـتـووکەیەکی تـر , هـەرگیز مـرۆڤ بـەو شتانە ناگەیەنێت کە ختووکەی داون. چارەنووسی ئەو کەسەی دەیـەوێ ببێتـە دیکتـاتۆر وا هـەڵکـەوتووە یـان هیچـی دەسـت نەکـەوێت یـان بـە هەموو شتێک بگات.

جەنابی دەبلیـۆ: لـە بیرمـە لـە وانـەکانی ئاینیـدا شـتی لـەمجۆرەمان دەخوێندەوە کە خواوەند هەرگیز کەسێک زیاتر لە توانای خۆی خـتـووکە نادات.

تومـازۆی سـەگانی: بـەڵام بـۆ بەربـەرەکانیکردن لەگـەڵ خـتـووکەکـان پێویست ناکات شەیتان لەوەی هەیە ناحەزتر بێنینە بەر چاوی خۆمـان. چۆنە لە نەبوونی پرۆفیسۆر کەڵک وەرگرین و لـەم بـارەیـەوە خۆمانـەتر

قسان بکەین؟! بۆ وێنە , خۆتان باش دەزانن دواین ختووکەی سێنت ئانتۆنیۆ لە بیابانـدا زۆربـەی جـاران چـۆن وێنـا دەکرێـت. زۆربـەی هەرەزۆری وێنەکێشانی سەدەکانی ناوەڕاست , ئـەم دیمەنـە بـە شـێوەی هێرشی کۆمەڵێک دێوەزمەی ناحەز و قێزەون وێنا دەکـەن کـە ڕژاونەتـە سـەر کـابرای زاهیـد. ئەمـەش شـتێکی زۆر سـاویلکانەیـە. تەسـلیمی ختووکەی دێوەزمە زۆرجار لەم جـۆرە نـەبوون و پێویستی بـە زوهـد و پارێزێکی ئەوتۆ نییە. بە پێچەوانە، دەکرێت دیمەنێکی لەم دەستە بێتە بەرچاو: پیری پارێزکار , لە حاڵێکدا تاو و یاوێکی توند دایگرتووە , لـە سەر تەپۆڵکێک زیخ و چەو ڕاکشاوە؛ شـەیتـان لـە شـێوەی حاجییـەکی ئیماندار لێی قوت دەبێتەوە و ئەم باسەی لەگەڵ دێنێتـە گـۆڕێ: "پیـرە پیـاوی دامـاو , بـۆ نـوێژ و خواپەرسـتی ڕووت کردۆتـە بیابـان و نەخۆشییەکەت لێناگـەڕێت بـەو شـێوەیـەی دەتـەوێ لـە بارەگـای خـوا بپارێتەوە. هاتوویتە ئێرە سەر بە ناخی دنیای عیرفاندا شۆڕ بکەیتەوە , بـەڵام تاوویـاو ڕێگـات پێنـادات هۆشـت لـە خـۆ بێـت. بـا ئـەوەش بـە قسەکانم زیاد بکەم کە لـە نێـو دڵـی ئـەم بیابانـەدا , خواپەرستیی تـۆ ناتوانێت کەس فێرە شت بکات , چۆن کەس چاوی لە تۆ نییە. ئاوڕێـک لە عەقڵی خۆت بدەوە , پێتوانییە ئەگەر بگەڕێیتـەوە و لـەنێو خـەڵکدا ژیان بەسەر ببەیت باشتر دەتوانیت پەیڕەوی لە خواستی خوا بکەیت؟" بۆ بەربـەرەکانیکردن لەگـەڵ ختـووکەیەکی لـەمجۆرە , کـابرای پارێزکـار

ناچارە بە دەستی گوێی خۆی بئاخنێت و هەر لە بنەڕەتەوە تێکەڵ بەم باسە نەبێت. سەیروسەفەری عیرفانی شوێنێک بۆ باسوخواسی مەنتقی ناهێڵێتەوە. ئەڤینی ڕەها لە هەمبەر خواوەند , لە زاتی خۆیدا لە چوارچێوەی بۆچوونی ئینسانی و مەنتقی بەدەرە. دڵ بە سیاسەت دانیش , کە دواین ڕێژەی لەو کەسەدا دەبینرێت خوازیارە ببێتە دیکتاتۆر , سروشتێکی لەمجۆرەی هەیە.

جەنابی دەبلیۆ: لافی ئەوە لێنادەم لە زەمینەی سیاسەتدا گەیشتوومەتە ئەو ڕادەیە لە پاکی و پیرۆزی , بەڵام دڵنیا بن باسوخواسی تێکەڵ بە هەستوسۆز هیچ شوێنێکی لەسەر من دانەناوە.

تومازۆی سەگانی: تکاتان لێدەکەم ئەوەندە لە خۆتان خاترجەم مەبن. زۆر کەسی تر , کە بۆ ئێمە ناگونجێت لە دەرەوەی بەستێنی سیاسەتدا بیانهێنینە بەر چاو , ئەم کەمایەسییەیان لە خۆیان نواندووە. هەر ئەوەندە بەستە چاو لە لێنین بکەن..

جەنابی دەبلیۆ: ئەویش وایە؟

تومازۆی سەگانی: لە کتێبی بیرەوەرییەکانی هاوسەری لێنینەدا هاتووە ئەو , ئەو کاتەی لە ژێنۆ بوو , دوای جیابوونەوەی بلشوویکەکان، تووشی قەیرانێکی سەختی ڕۆحیی هات و لەم حاڵەدا تەنانەت بیری ئەوەی لەوە کردەوە سیاسەت بە یەکجاری و بۆ هەمیشە وەلابنێت.

جەنابی دەبلیۆ: بەم کارەی لە دەستی دەهات خزمەتی گەورە بە مرۆڤایەتی بکات.

تومازۆی سەگانی: بە ڕاستی ئێوە وای بۆ دەچن؟ بەڵام بەسەرهاتی هیتلەر زیاتر لەگەڵ حاڵوباڵی جەنابت دەگونجێ. ساڵی 1922 , ئەو کاتەی گۆڤاری فۆلکیشێ بیئۆ باختەر (Volkich Beobachter) - کە ئەو دەم هێشتا هەفتانە بوو- بەرەبەرە ناوبانگی دەرکرد و بیست هەزار دانەی دەکەوتە بازاڕەوە. هیتلەر لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیانی خۆی نووسی و گوتی: "من چاوەڕوانییەکی ئەتۆم لە ژیان نییە. هەر ئەوەندەم بۆ بەستە بزووتنەوە بەردەوام بێت و بتوانم لە سایەسەری ئەم گۆڤارە کاروباری ژیانم بەڕێوە ببەم." بەم جۆرە , ئەم گەڵاڵەدارڕێژە سادەیەی خەڵکی ڤییەنا پێی وابوو لە ژیانیدا سەرکەوتووە و دواجار دەتوانێت بە خۆی بنازێت و بڵێ پیشەیەکی ڕۆشنبیریم بۆ خۆم دۆزیوەتەوە. لە بەختی باشی , شەپۆلی کەفچڕێنی ڕووداوەکان ئەویان گەیاندە شوێنێکی زۆر بەرزتر لەوەی خۆی بیری بۆ دەچوو. ئەویش ئەو تواناییەی تێدا بەدی دەکرا خۆی لەگەڵ ئەو ئاسۆ بەرفراوانانەی لە بەرامبەر بزووتنی ئەودا دەکرانەوە ڕێک بخات , و وردەوردە خۆی لە چنگ ئەو ئارەزووە شاراوانەی لە ساڵانی پڕ لە خەم و خەفەتی مێرمنداڵییەوە بۆی بە میرات مابۆوە ڕزگار بکات: ئارەزووی خواستی کێژێکی خانومان و خاوەن بنەماڵە , و دۆزینەوەی پیشەیەکی

ڕۆشنبیرانە و ئابڕووداری لە بەر چاوی خەڵک , و کڕینی خانوویەکی جوان و خۆش لە گوند، و دابینکردنی ژیانێکی تاکەکەسیی ئارام و بێ کێشە. بەڵام لە بری ئەمانە گەیشتە ئەو پایەوپلەیەی کە خۆتان باش دەزانن چییە , چونکی توانی بە وەختی خۆی شەقێک لەم ئارەزووانە هەڵدات , و هەرچی خواست و ئارەزووی هەیەتی لە پێناو ی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ڕەها کۆ بکاتەوە. ئەگەر لە نیوەی ڕێگە بوێستابایە، هەنووکە تەنانەت بەڕێوەبەری گۆڤاریش نەدەبوو , بەڵکو لە سووچی بەندیخانان خەونووچکە دەیبردەوە.

موسولینی , بەر لەوەی ئاگاداری ئەوە بێت فاشیزم بزووتنەوەیەکی دیکتاتۆرییە , تووشی کۆمەڵێک مەترسیی لەمەش گرینگتر هات. ئەو چەند ڕۆژەی پێکەوە بووین ئاماژەیەکم بەم بابەتە کرد , بەڵام بە پێویستی دەزانم ئەم پرسە , بە هەندێ وردەکاری زیاترەوە , سەرلەنوێ شی بکەمەوە. لە نێوان مانگەکانی مێی و سێپتامبری 1921 , موسولینی هەوڵی دا بزووتنەوەی فاشیست بکاتە حیزبێکی نەریتی , و لەم پێناوەدا کەوتە بیری ئەوەی شێوازی ڕەشەکوژیی نەیاران وەلابنێ و لەگەڵ سۆسیالیستەکان ئاشت بێتەوە. ئەم هەوڵە سەری نەگرت , چونکی زۆربەی دەستە فاشیستەکان شۆڕشیان کرد و ڕایانگەیاند , ئامادەن بە بێ موسولینی , و گەریش پێویست بکات دژی ئەو , لە سەر خەباتی خۆیان بەردەوام بن. باشە مەگین چی ببوو؟ لە نیوەی

دووهەمی ساڵی 1920 و مانگە سەرەتاییەکانی ساڵی 1921 , بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی موسولینی کە نووسیبووی بزووتنەوەی فاشیزم لە قەوارەی مەدەنیی خۆیدا دەمێنێتەوە , ئەم بزووتنەوەیە لە ناوچە گوندنشینەکانی دۆڵی "پۆ"و "توسکانی" پەرەی ئەستاند و بووە هۆی دەستپێکردنی هێرشێکی توندوتیژ دژی سۆسیالیستەکان و بە تایبەتی سۆسیالیستەکانی میانەڕەو. بزووتنەوەی فاشیستی , بە بێ گوێپێدان بە گەڵاڵە سیاسییە هیچوپووچەکانی "پێشەوا" خۆی ڕێگای خۆی گرتبووە بەر؛ ببووە دارەدەستی زەویندار و خاوەن کارخانە , ئەویش بۆ سەرکوتکردن و سەربەئاوداکردنی سۆسیالیستەکان. ئەم جووڵانەوەیە , نەک هەر لە باری کردەوەییەوە , بەڵکو هەر وەتر لە باری هانە و هەڵوێستگرتنیش , خەباتێکی چەکدارانە و دواجار ناوچەیی بوو. گرووپە فاشیستییەکان بێ ئەوەی چاوەڕێی ڕێنوێنییەکانی ناوەند بن , سەرەڕۆیانە دروست دەبوون و تەشەنەیان دەکرد و دەهاتنە نێو مەیدانی کارەوە. هەر ئەو ئەربابانەی کە بۆ ڕزگاربوون لە چنگ سەندیکا و ڕێکخراوەکانی سۆسیالیستی پارە و چەکوچۆڵیان دەخستە بەر دەست گرووپگەلی فاشیستی , لە بەستێنی سیاسیدا , لە سەر پشتیوانیکردن لە حیزبی لیبراڵ یان حیزبی پارێزکار بەردەوام بوون. بەهاری ساڵی 1921 , موسولینی بەو ڕاستییەی زانی فاشیزم بە قەد دێوەزمەیەک بااڵی کردووە و هەوسارەکەی لە دەست دەرچووە.

بزووتنەوە , ئەو جۆرەی کە ئەو دەیخواست ببێتە کەرەسەیەکی سیاسی , لە ڕێگا لایدابوو , و کارە تووندوتیژەکانی , کە موسولینی هەمیشە ڕاشکاوانە بە دروستی لە قەڵەم دەدان و هانی دەدان , بەکردەوە بە قازانجی کۆمەڵێک مەبەستی دیکە دەشکانەوە و دەرەنجامی جیایان لەو شتانەی ئەو بە باشی دەزانین لێدەکەوتەوە . موسولینی بە هەڵە پێی وابوو گۆڕانکاری و پەرەساندنی فاشیزم لە دەرەوەی سنوری چاوەدێریی ئەو , و گۆڕانی ماهییەتی فاشیزم لە بزووتنەوەیەکی نیشتیمانی بۆ جووڵانەوەیەکی چەکدارانەی سەرمایەداری بە واتای دەسپێکردنی هەڵوەشاندنەوە و تیاچوونی دەستاوبەجێیەتی .

ڕێگام پێ بدەن هەر لە زمان خۆی شتێک بگێڕمەوە . لە ئاخروئۆخری مانگی مێی 1921 ئەمەی نووسی: "ئەو شتەی لە نوامبری 1919 بەسەر حیزبی سۆسیالیستدا هات , بەسەر خودی ئێمەشدا دێت . چاریشی ناکرێت . سووکوچرووکیی ئاشکرای ئەو کەسانەی لە چاو خەڵکی تر لە ئێمە دەترسان هەنووکە هاتۆتە نێو بزووتنەوەی فاشیزمەوە؛ خۆویستییەکی لەغاو پچڕاندوو کە لەگەڵ ڕۆحییەتی ئاشتیی نەتەوایەتی بە هیچ کلۆجێک ناگونجێت دڕی بە بزووتنەوەکە داوە و هاتۆتە ناوەوەی , و زۆرن ئەوانەی کە لە پێناوی دابینکردنی بەرژەوەندییە هیچپووچەکانی خۆیان لە شەڕەفی تووندوتیژیی فاشیستی سوود وەردەگرن , و لە جیاتی ئەوەی وەک

ئامراز چاو لە تووندوتیژی بکەن , دەیکەنە ئامانج." مەبەستی موسولینی لە ئاشتیی نەتەوایەتی پەیمانێکی ئاشتی بوو لە نێوان گرووپە فاشیستی و ڕێکخراوە سۆسیالیستییەکان بۆ ئەوەی دوایی بەو خەباتە چەکدارانەیە بێنێ , و لە سۆنگەی ئەو ئاشتییەوە حکومەتێکی یەکگرتوو پێک بێت کە وەک موسولینی دەیگوت , "سێ باڵی بە توانای وڵات" واتە سۆسیالیستەکان و کاتۆلیکەکان و فاشیستەکان تێیدا بەشدار بن. موسولینی پەلەی ئەوەی هەبوو دەستکەوتە سیاسییەکان کاروباری گرووپگەلی فاشیستی مسۆگەر بکات , چونکی پێشبینیی ئەوەی دەکرد دەنگی گشتیی جەماوەر بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی ئەو دەوروژێت , و ئەگەر دەستاوبەجێ لەگەڵ باڵە سیاسییەکانی تر بسازێت , ئەو هەلە لەبارە بۆ هەتاهەتایە لە کیس خۆی دەدا. لە مانگی جانیوێری دانیشتنی دانوستانئامێزی نێوان نوێنەرانی فاشیست و سۆسیالیستەکان دەستی پێکرد و لە دووهەم ڕۆژی مانگی ئاگوستدا لەسەر ڕێککەوتنێک پێک هاتن کە تێیدا هەردوو لایەن دەروەستی ئەوە بوون لە خەباتی سیاسی و سەندیکاییدا شێوازی تووندوتیژ بە کار نەهێنن. بەڵام زۆربەی گرووپە فاشیستییەکان لەم پەیمانە پاشگەز بوونەوە و ڕایانگەیاند دانی پیا نانێن. بەو دەمەقڕە تووندانەی کە پاش ئەم گۆڕانکارییە کردیان , موسولینی تێگەیشت لە نێو لایەنگرانی خۆیدا زۆر دەستی ناڕوات. وا باشە بەشێک لەو وتارەتان

بۆ بخوێنمەوە کە ئەو ئەوکات لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا بڵاوی کردەوە , بۆ ئەوەی بزانن ئەو سەروبەندە موسولینی تا چەندە خراپ لە فاشیزم حاڵی ببوو: "بۆ من فاشیزم خۆی ئامانج نییە , بەڵکو ئامرازێکە بۆ پێکهێنانی هاوسەنگییەکی نەتەوایەتی و ژیاندنەوەی هەندێ بەها و بایەخی لەبیرکراو. بە زۆربەی ئەو ئامانجانە گەیشتووین. فاشیزم ئێستا بۆی هەیە پارچەپارچە بێت , لێکهەڵوەشێتەوە , وردوخاش و تەفروتونا بێت و بە قوڕی زەویدا ڕۆ بچێت. ئەگەر بۆ زووتر نەمانەوەی ئاسەواری پێویستە زەبرێکی کوشندەی وێبکەوێت , ئەوە ئامادەم ئەم ئەرکە نابەدڵە وەئەستۆ بگرم. فاشیزمێک کە چیتر ئازادی نییە , بەڵکو پاوانخوازییە , فاشیزمێک کە چیتر ڕزگاریی میللەت نییە , بەڵکو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی سووکوچروکترین و ناحەزترین و داخراوترین چینەکانی ئێستای ئیتاڵیایە. فاشیزمێک کە سیمایەکی لەم شێوەیە لە خۆ دەگرێت لەوانەیە هێشتا فاشیزم بێت , بەڵام ئەو شتە نییە من لە یەکێک لە چرکەساتە بەژانەکانی مێژووی وڵاتەکەماندا بەدیم هێنا.. ئایا ئاگاداری ئەو نەفرەت و قینە نەبووین کە هەڕەشەی خنکاندن هەم لە فاشیزمی باش دەکات , هەمیش خراپ؟ ئایا ئاگاداری ئەوە نەبووین فاشیزم- تەنانەت لای چینەکانی غەیری سۆسیالیست- مانای سام و ترس و تیرۆر و ڕەشەکوژی وەخۆ گرتووە؟

"من کۆتوبەندی ئەم نەفرەتەم پچڕاند , لە نێو پەرژینی لە دڕوو هەڵبەستراوی ئەم نەفرەت و قینە لە ڕادەبەدەرەی کۆمەڵانی زۆروزەوەندی خەڵک کە دەیتوانی ڕامانماڵێ و تەفروتونامان بکات ڕێگایەکم کردەوە , سەرلەنوێ چیم لە دەس هات پێشکەش فاشیزمم کرد , لە ڕێگای ئاشتیی شارستانییەوە , کە سەرلەبەری هێزە باڵاکانی میللەت و مرۆڤایەتی خوازیاری بوون , ڕێگای مەزنایەتی و شان و شکۆم خستە بەردەم فاشیزم. ئەوە ئێستا بە چاوی خۆم چاوم لێیە- وەک دەمەقڕەی حیزبە کۆنەکان- تۆپخانەی قورسی دەمەتەقە و شەڕ و کێشە و تۆمەت و تاوانەکان ڕووی لە من کردووە , باسی ئاشبەتاڵی و تەسلیمخوازی و خەیانەت و توڕڕەهاتی خەمهێنەری دیکەی لەم چەشنە دەکرێت.. ئایا فاشیزم لە دەستی دێت بە بێ من درێژە بە ڕێگای خۆی بدات؟ بێ شک بەڵێ , بەڵام منیش دەتوانم بێ فاشیزم هەڵبکەم." ئەم باسەی موسولینی تەواو ڕوون و بێگرێوگۆڵ دەهاتە بەر چاو , و تەنانەت لە ئۆلتیماتۆم دەچوو. لەم سەرو بەندەدا , باڵی دژی ئەو , بە ڕێبەرایەتی دینۆ گراندی (Dino Grandi) گرینگترین فیدراسیۆنە ناوچەییەکانی دەخستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و هەر لەم هەلومەرجەدا بوو نوێنەرانی ئەم فیدراسیۆنانە کۆبوونەوەیەکیان لە ئاستی نەتەوەیی پێکهێنا. لەم کۆبوونەوەیەدا بە تونڈی هەڵوێستگۆڕینی موسولینێ-یان شەرمەزار کرد. هەروەها ڕاگەیەندرا

"فاشیزم دوو ڕێگاچارەی لەبەرە: یەکێکیان پەرلەمانی و ئەوی تر نەتەوەیی؛ موسولینی خوازیاری پێکەوەسازانی پەرلەمانییە , ئێمە ڕێگاچارەی نەتەوەییمان دەوێت." ئایا فاشیزم دەیتوانی بە بێ موسولینی درێژە بە ڕێگای خۆی بدات؟ ئەگەری جوابدانەوەی ئەم پرسیارە سفرە. بەڵام ئەوەی حاشای لێ ناکرێت ئەوەیە موسولینی نەیدەتوانی بە بێ فاشیزم هەڵ بکات , چونکی ئەم مەترسییەی لە سەر ڕێگا بوو دیسانەکە ببێتەوە بە ڕۆژنامەوانێکی هیچەکەوپووچەکە. لە ڕاستیدا هێشتا دوو مانگ بە سەر ئەو باسانەدا تێنەپەڕیبوو "پێشەوا" کۆڵی دا , و پێملی سیاسەتی باڵی دژی خۆی بوو , واتە درێژەدان بە خەباتی تیرۆریستی. هەڵوێستگۆڕینی لەمجۆرە چەند جاری دیکەش بۆ موسولینی هاتە ئاراوە.

جەنابی دەبلیۆ: بۆچی حیزبە دیموکراتییەکان سوودیان لەم دژوازییانە وەرنەگرت؟

تومازۆی سەگانی: چونکی لە گرینگایەتیی ئەم دژوازییانە نەدەگەیشتن. هەروەها تووشی ئەم عادەتە ببوون کە بە پێوانەی کۆن و لەکەڵککەوتوو ڕووداوە تازەکانیان هەڵدەسەنگاند.

سەبارەت بە مەترسیی ئەو پیلان و شۆڕشانەی پۆلیس و هێزی چەکداری حکومی پشتیوانییان لێنەکەن

تومازۆی سەگانی: جەنابی پرۆفیسۆر , لەو کتێبەی سەبارەت بە ژیانی جەنابی دەبلیۆ نووسیوتانە چەند لاپەڕەیەکتان تەرخان کردووە بۆ باسکردن لە ئازایەتییەکانی جەنابیان کە زۆر سەرنجمی ڕاکێشا. هەڵبەت , منیش ئازایەتی و چاونەترسی ستایشت دەکەم , بەڵام دەبێ پێتان بڵێم ئازایەتی ئەو بابایەی دەیەوێت ببێتە دیکتاتۆر بە هیچ کلۆجێک ناشێت لایەنی ڕۆمانتیک یان هەست و سۆزی تێدا بێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: پێدەچێ بابەتەکانی ئەم کتێبەتان لە ڕادەبەدەر بە ڕاست زانیوە.

تومازۆی سەگانی: جا ئەوە باشتر؛ ئەگەر وا بێت، ئەوە بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە دەتوانم بیر و بۆچوونی خۆم سەبارەت بەم بابەتە دەربڕم. لە شەڕێکی ناوخۆدا , ئەو شتەی پیشاندەری ئازایەتیی دیکتاتۆری داهاتووە ئەوەیە تا چەندە لە دەستی دێت بە لەسەرەخۆیی و بێ پەلەپرووزێ لایەنگران و نەیارانی خۆی بخاتە مەترسییەوە , بێ ئەوەی خۆی بکەوێتە مەترسییەوە؛ هەڵبەت بێ ئەوەی کەسیش بەو ڕاستییە بزانێت ئەو خۆی ناخاتە مەترسییەوە. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت دوای تێپەڕینی سەدان ساڵ , چ لە شەڕی ناوخۆ و چ لە شەڕی

نێـوان ولاتانـدا , جیاوازییـەکی ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ زێتـر کەوتۆتـە نێـوان ئەرکی سەرپەل و فەرماندەکان , و ئەرکی هێـزە ئاسـاییە چەکـدارەکانی بەشدار لە شـەڕدا. یـەکێک لـە دەرەنجامـەکانی ئـەم جیاوازییـە ئـەوەیـە پاراسـتنی گیـانی فەرمانـدەکان دەشـێت ئەوەنـدەی دەلـوێ لـە بـەرچاو بگیرێت. با وەکوو ڕەهەندە بەربلاوەکانی شەڕ پێداویستیی پاراسـتنێکی لەمجۆرە دێنێتە گۆڕێ , کەچی ئەم واقیعـە هێشـتا بـە تـەواوی لـە نێـو نەستی کۆمەڵانی خەڵکدا جێگیر نەبووە و نەسەلمێنراوە؛ ئەو خـەڵکـەی پەیوەندیی سۆزدارانەیان لەگەڵ خاوەن دەسـەڵات هێشـتاش لـە قۆنـاغی خۆشەویستییەکی منالانەی ڕۆڵەیەک بۆ باوک و دایکی دایە. کـام دایـک و باوک لە ساتەوەختـی مەترسـیدا ڕۆڵـەکانی خۆیـان تـاق و تـەنیا جـی دەهێڵن؟ مەگین منداڵ , هەر کە دایـک و بـاوک پشـتیان چـۆڵ کـردن , ناکەونـە مەترسـییەوە و بڕسـتیان لـێ نابڕدرێـت؟! هـەر لـە سـۆنگەی ئەمەشە لـە پڕوپاگەنـدە بـۆ شـەڕدا , سـەردانی پێشـەوایانی ولاتـان بـۆ مـەیـدانی شـەڕ بـە تـام و چێژێکـی زۆرەوە نمـایش دەدرێـت , ئـەوە لـە حاڵێکدایە ئەمجۆرە سەردانانە زۆر بەدەگمەن هـەڵدەکـەوێت و لەوپـەڕی پارێزگاری و ئاسوودەیی دان و لەشکرێکیش گوێ لەمست و هـەواڵنێر و وێنـەگر بـە شـوێن قوونیانـەوەن. هـەموومان دیمـەنی لـەم دەسـتەمان دیتووە چۆناوچۆن پاشای ولات لە جلوبەرگی سەربازیدا , بـۆ هێزەکـانی پیـادەی خـۆی فەرمـانی هێرشـبردنە سـەر سـەنگەرەکانی دوژمـن

دەردەکات , یان چۆن سەرۆککۆمار لە سەنگەرێکدا کە بارانی ئاگری تۆپخانەی دوژمنی بەسەردا دەبارێت , لەگەڵ سەربازێکی سادە دادەنیشێت و لە بەشەخواردنی ئەو هەڵدەگرێت و پێکەوە نان دەخۆن و ڕایدەگەیەنێت و دەڵێت، بە درێژایی تەمەنی چێشتی ئەوەندە بەتامی نەخواردووە؛ یان چارەنووسی کارەساتئامێزی ترۆمبیلی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران , کە بۆمبایەکی ئاسمانی وێ کەوتووە و بە تەواوی تێکشکاوە و هەڵبەت بۆمباکەی ئەو کاتە وێ کەوتووە جەنابی سەرۆک لە شوێنێکی دیکە و دوور لە ترۆمبیلەکە بووە. لە بەرامبەر ئەم جۆرە چیرۆکانەدا، کە لە پێناو بەرزڕاگرتنی ڕۆحییەتی خەڵکدا ساز دەکرێت , دەنگهەڵهێنانی هێزەکانی دژی کاروباری سەربازیش شیاوی بیستنە کە ژەنەرالّەکان بە خاتری "مردن لە نێو پێخەف , نەک لە مەیدانی شەڕ" شەرمەزار دەکەن. واتە ئەوەی هەم "میلیتاریستەکان" , هەمیش "دژی میلیتاریستەکان" , هەر پشت بەو هەست و سۆزە عاتیفییەی کۆمەڵانی خەڵک دەبەستن کە پێشتر باسم کرد , هەست و سۆزێک کە بە هیچ کلۆجێک لەگەڵ شێوەگەلی بەکردەوەی جەنگەکانی ئیمڕۆیی ناگونجێت. خەباتی پارتیزانیش ئەم مەیلەی تێدایە، و ڕێگا و ڕەوشت و داب و دەستوور و فرتوفێڵەکانی شەڕی نێوان وڵاتان دێنێتە نێو خەباتی سیاسییەوە. کەموزۆر لە هەرکوێیەک مەیلێکی لەم چەشنە بێتە ئاراوە , فاشیزم بە یارمەتیی هەندێ تایبەتمەندیی خۆی و دەستەوداوێنبوونی

هەندێ دۆخی دیکە کە بۆتان باس دەکەم , لە دەستی دێت بە سەر حیزبە نەیارەکانی خۆیدا زاڵ بێت.

بەر لە هەموو شتێک دەشێت ئەوەتان لە بەر چاو بێت حیزبە دیموکراتییەکان , و بە گشتی ڕێکخراوەگەلی کرێکاری , کۆمەڵێک دامودەزگان کە بۆ سەردەمی ئاشتی و لە پێناوی ئامانجی ئاشتیخوازانەدا پێکهاتوون. تاقە خەباتێک ئەم دامودەزگایانە توانایی و ئامرازی بەشداربوونیان تێدا هەیە ململانێیە بۆ هەڵبژاردنەکان؛ هەر بۆیە چ لە ئەڵمانیا و چ لە ئیتاڵیا , زۆرجار بینراوە هەر کە یەکەمین نیشانەکانی گۆڕینی خەباتی سیاسی بە خەباتی چەکدارانە دەرکەوتووە , کەسایەتییە هەڵکەوتەکانی سیاسی چوونەتە ئەو لاوە. ئەو تاقمەش لە هاوڕێیانیان کە مەیدانی خەباتیان چۆڵ نەکردووە , و هەر وەک ئەو کاتە خۆش و باشانەی جاران لەسەر باس و دەمەقڕەی خۆیان بەردەوامن , حاڵی گاڵتەجاڕانە و جێگای بەزەیی پێداهاتنی کەسانێک وەخۆ دەگرن کە لە شەڕێکی ئیمڕۆییدا بە خەنجەر و سپەرەوە بێنە نێو مەیدانی شەڕ. ئەوەی ڕاستی بێت , لە کۆمەڵگای شێرزە و سەرلێشێواوی پاش شەڕ , ئەم جۆرە سیاسەتمەدارانە لە کەسانێک دەچوون سەر بە سەردەمانێکی دیکە بن. توانایی ڕاستەقینە , یان ساختەچیانەیان (وەک پوختەبوون لە کاروباری سیاسی , ناسینی گیروگرفتە ئابوورییەکان , ناسینی وڵاتانی تر)

بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە. لێدوانی سیاسەتمەدارانی قەدیمی لە مەیدان و دەرەوەی هۆڵەکانـدا کاردانـەوەیـەکی بـەرچاوی نـەبوو, چـونکی نەیاندەزانی بەکارهێنانی بڵندگۆ شێوەیـەکی تـازەی قسـەکردن, و هـەر دوابـەدوای ئـەو شـێوەیـەکی تـازەی بیرکردنـەوە دێنێتـە گـۆڕێ. لـەوە گلەییان دەکرد خەباتی سیاسی حاڵەتی عامیانەی بەخۆوە گرتووە؛ ئەم کـارەیـان مرۆڤـی وەبیـر ئـەو جـەنگاوەرە دێرینانـە دەخسـتەوە کـە بـەکارهێنـانی تفـەنگیان بـە خـراپ دەزانـی. بـەڵام ڕێبـەرانی فاشیسـت جەوهەرێکی تەواو جیاوازیـان هـەبوو: ئـەوان بەرهـەمهێنراوی سـەردەمی جەنـگ بـوون. تەنانـەت لایەنگرانـی ئـەوان, واتـە سـەربازانی جـاران و ئەفسـەرانی لـە کـارکراو و کەسـانی وەک ئـەوانیش, کەسـانێک بـوون ئەزموونی شـەڕیان بـوو, و نـەیانـدەتوانی خـوو بـە ژیـانی سـەردەمانی ئاشـتییەوە بگـرن. سیاسـەت بـۆ ئـەوان کەرەسـەیـەک بـوو لـە خزمـەت درێـژەدان بـە شـەڕ لـە بـارودۆخێکی تـردا, بزاڤێـک کـە تونـدوتیژی و ڕووپاگەندەی تێکەڵ بە یەک دەکرد. بەڵام ئەم شەڕە سروشـتی تایبـەت بە خۆی هەبوو, و ئەو ژەنەرالانەی لە زانکـۆ سـەربازییەکاندا دەرسـیان خوێنـدبوو نـەیانـدەتوانی بـەڕێـوەی بـەرن. تەنانـەت پێویسـتیش نـەبوو سەرۆکی ئەم شەڕە یەکێک بێت لە قارەمانانی شەڕی رابـردوو. سـەرۆک بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـاوەڕی لایەنگرانـی خـۆی بـۆ لای خـۆی پـەلکێش بکات، ئەوەندەی بەست بوو لـە شـێوەی کۆتاییهـاتنی شـەڕ زۆر نـاڕازی

بێت و بە هیچ کلۆجێک نەتوانێت لەگەڵ دۆخی تازە ڕابێت , و بەر لە هەر شتێک , دەشێت لە زاتی خۆیدا یاغی و سەربەگێچەڵ بێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: جەنابی سەگانی , نەکا حاشا بکەن لەوەی هیتلەر و موسولینی لەشەڕدا چیها ئازایەتییان نواندووە و تەنانەت بریندارێش بوون؟!

تومازۆی سەگانی: موسولینی , لە ساڵانی 1914و 1915 , یەکێک لەو کەسانە بوو چالاکانە ئیتاڵیای بۆ تێوەگلان لە شەڕ هان دەدا؛ هەر کە شەڕ دەستی پێکرد زۆر لەوانەی کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتی پڕوپاگەندەی ئەو بە خواستی خۆیان ڕوویان لە مەیدانی شەڕ کرد , بەڵام ئەو خۆی چاوەڕێ ما تا وەختی خۆی بۆ خزمەتی سەربازی داوا کرا. ڕاستوڕێک سێوەهەشت ڕۆژ لە مەیدانی شەڕ مایەوە. لە ڕووداوێکدا، کە شتێکی ئەوتۆ نەبوو , لە گەرمەی ڕاهێنانی فڕێدانی نارنجۆک بریندار بوو , و دەسبەجێ پاش ئەوەی دەرمان کرا، گەڕایەوە بۆ میلانو تا دواڕۆژی شەڕ هەر لەم شارە دوورلەمەترسییە مایەوە. بەڵام هیتلەر , وەک کەسێکی ئۆقرەلێهەڵگیراو و لێوڕێژ لە تامەزرۆیی کە ڕێکوپێکی و ئاسودەیی خەریکە خەفەی دەکا چاوەڕێی شەڕ مابۆوە. ئەو خۆی لە کتێبی "خەباتی من" دا نووسیوێتی و دەڵێ، لە ماوەی ئەم چاوەڕوانییە دوورودرێژەدا , دڵی سەرڕێژ لە حەسرەتی ئەو ڕۆژگارانە بوو کە مرۆڤەکان بێبڕانەوە خەریکی شەڕ و پێکدادان بوون.

کـه وایـه، دەکـرێ بـه ئاسـانی ئـەوە بێنینـه بـەر چاومـان هیتلـەر دەسپێکردنی شەڕی بە بەزەییەکی گەورە دەزانی کە قـەزا و قـەدەر بـۆ ئەوی بە ڕەوا زانیوە. هیتلەر بە خواستی خـۆی ڕێگـای خزمـەتی گرتـه بەر؛ سەرەتا بە هـۆی لـەڕ و لاوازیـی لەشـی وەلایـان نـا , بـەڵام دوایـی قبووڵیان کرد و وەک فەرمانبەرێکی سەربازیی پلەنزم لـه لقێکـی هێـزی سەربازیدا دایانمەزراند. کە وایە , ئەو لە دۆخێکی وادا نەبوو ڕاستەوخۆ لە شەڕدا بەشدار بێت. میـدالیای "خـاچی شـەڕی پلـه یـەک" کـه پێـی بەخشـرا , پـەیوەنـدی بـه ڕووداوێکـەوە هـەیـه لـه دۆسـیەی لقـی ئـەودا چکۆلـەترین ئاماژەشـی پـێ نـەکراوە و هـیچ کـام لـه هاوسـەنگەرانی شتێکی وایان وەبیر نایەت.

بەڵام گرینگایەتیی ئەم شتانە لە چیدایە؟ دیسان دەیڵێمەوە هەر لـه بنەڕەتەوە پێویست ناکـات پێشـەوایەکی فاشیسـت دەسـت بداتـه کـاری چاونەترسانە , بەڵکو بە پێچەوانـه پێویسـت دەکـات، تەنانـەت گـەر بـۆ ساتێکیش بێت، لە ڕۆحییەتی هێمنایەتی و لەسەرخۆیی و چاوەدێری لە خـۆی خافـڵ نـەبێت، بـۆ ئـەوەی نـەکا خـۆی و بزووتنەوەکـەی بـەرەو کۆمـەڵێـک ڕووداوی زیانبـەخش ببـات. شـکی تێـدا نییـه پێشـەوایەکی فاشیست , بۆ ئەوەی بتوانێت لە سەر کۆمەڵانی خەڵک شـوێندانەر بێـت و نەیارانی خۆی چاوترسـێن بکـات , وا باشـه وەک کەسـێکی ڕووقـایم و بێباک بناسێنرێ کە لە هیچ خەتەرێک ناترسێ و هەمووکات ئامادەیە لە

پێناوی ڕزگاریی نیشتمان و مرۆڤایەتیدا گیانی خۆی بەخت بکات. ناو و ناوبانگێکی وا لە ڕێگای پڕوپاگەندەیەکی زیرەکانەوە دەستەبەر دەکرێت. ئەگەر ئەفسانەی بێباکی و چاونەترسیی پێشەوا لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و نەیارانیدا جێگای خۆی بکاتەوە , شتێکی زۆر سروشتییە خودی ئەویش بەرەبەرە باوەڕی پێدەکات و دواجار دەبێتە پیاوێکی بەڕاستی بێباک. بەڵام خەتەری ڕاستەقینە بۆ ئەو هەر لەم چرکەساتەوە دەستپێدەکات , چونکی گوێ بە هیچ نادات و گونی بە هیچ نابزوێت و هەر ئەمە لەوانەیە تەفروتونای بکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئازایەتیی پێشەوای فاشیست ناچارەکی نابێت لەشی بگرێتەوە , کە ئەمە جۆرە ئازایەتییەکی زۆر سەرەتاییە. ئازایەتیی سەرۆکێکی فاشیست لە بنەڕەتەوە لایەنی پەروەردەیی , و تەنانەت دەکرێ بڵێم قەشەئاسای هەیە. تکایە پێمەکەنن. ئەوەتا خۆتان زۆر جار گوتووتانە ئێمە لە سەردەمی برەوپێدان بە شەڕ و شەڕەکانی ناوخۆدا دەژین؟! کە وایە , یەکەم ئەرکی پێشەوا ئەوەیە کۆمەڵانی خەڵکی لایەنگری خۆی بە مەرگ هێنانەبەرچاو عادەت بدات. سەروبەندێک ئەم کارە لە ئەستۆی قەشەکان بوو , بەڵام ئێستا ئیتر ئەوان ئەم کارەیان لە دەست نایەت. هۆی سەرلێشێواویی کۆمەڵایەتی ئێستا هەر لەم مەسەلەیە دایە. پێتان وانەبێت شارستانییەتی بەکۆمەڵ لەگەڵ هەستی مەرگ نامۆیە. بە پێچەوانە. بەڵام ئیلقای ئەم هەستە ,

لەمڕۆکانەدا پێویستی بە داب و دەستووری لەباری خۆی هەیە. ئالای چکۆلەی ڕەش و هێماکانی تری وەبیرهێنەرەوەی مەرگ , کە فاشیزمی ئیتالی کەڵکیان لێ وەردەگرێت , باشترین نمونەیە. دروشمی زۆر جوانی "لەگەڵ مەترسیدا ژیان" , کە فاشیستەکان بەکاری دێنن , ڕاست بۆ نیشاندانی ئەم چەمکەیە. دواجار دەکرێت بڵێم خاڵی لاوازی زۆربەی ئایدیالەکانی "دیموکراسی" و "سۆسیالیزم" لە سەردەمی ئێمەدا ئەوەیە ئەمانە کۆمەڵێک ئایدیالی ڕەحەتخوازانەن. جا هەر بۆیە دەبێت لە خۆمان بپرسین لەو ڕۆژگارە پڕ لە کارەساتەی ئێمە تێیدا دەژین , ئایدیالێکی ڕەحەتخوازانە چ ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە؟ بێگومان ئەم ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە ژمارەی ئەو کەسانەی دەستبەرداری خەبات دەبن زیاتر دەبێت. هەر بەم هۆیەیە , بە پێی ئەو شتەی بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە , هەر جارە کە کۆمەڵێکی زۆر کرێکاری سۆسیالیست ڕووبەڕووی پێکدادانی گرووپێکی بچووکی فاشیستی دەبوونەوە , کرێکاران بە شێوەیەکی غەریزی کلکیان دەخستە نێو گەڵۆزیانەوە و ڕایان دەکرد , چونکی بۆ ژیان پەروەردە کرابوون نەک بۆ مەرگ.

ئایا ئێوە دەتوانن بۆ منی شی بکەنەوە کە لە ئایدیالۆجییەکانی دیموکراتیک و سۆسیالیستیدا , مەرگ چ پایە و پلەیەکی هەیە ؟ ئەم ئایدیالۆجییانە تەنیا لایەنی سیاسییان هەیە و بە هیچ کلۆجێک ڕووی لە چارەنووسی مرۆڤ نییە .

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان

بەڵام چلۆن دەکرێت مرۆڤەکان بە خواستی خۆیان بەرەوپیری مەرگ بنێردرێن , لە حاڵێکدا تەنیا شتێک کە فێری ئەوان کراوە ژیان و خۆش بەسەربردنی ژیانە؟

جەنابی دەبلیۆ: ئینسافت هەبێت، دۆستی بەڕێز. خۆت باش دەزانی لە حیزبەکانی دیکەشدا , و هەروەها لە حیزبی دیموکرات و سۆسیالیستیشدا مرۆڤی ئازا و بوێری هەبوونە .

پرۆفیسۆر پیکاب: حاشای لێ ناکەم , بەڵام گومانم هەیە لەوەی لە ساتەوەختە گرنگەکاندا پشتیان بە ئایدیالۆجییەکانیان ئەستوور بووبێت. ئەو تاقمە لەوان کە لە بەرامبەر مەرگدا خۆیان نادۆڕێنن لەوانەیە پاڵیان بە هەندێ پاشماوەی هەستی ئاینییەوە دابێت کە لە قوواڵیی ڕۆحیاندا ماوەتەوە. کەچی فاشیزم بە ئاشکرایی مەرگ و لە گیانبوردوویی دەپەرستێ. موسولینی گوتوویەتی، "تەنیا شەڕ دەتوانێ تەواوی هێزە مرۆییەکان بگەیەنێتە چڵەپۆپەی خۆی و لەسەر سەری ئەو میللەتانەی ئازایەتیی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵیدا هەیە تاجی شەرافەت دابنێت". هەر ئەو لەجێیەکی تردا گوتوویەتی، "شەڕ بۆ مرۆڤ لە حوکمی عاتیفەی دایکایەتی دایە بۆ ژن". تۆزێک پێشتر گوتم گومانم هەیە لەوەی جەنابی دەبلیۆ توانایی ڕێبەرایەتیکردنی گرووپگەلی تیرۆریستیی هەبێت , ئەم قسەیەشم لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە هانە و پاڵنەری عیرفانیی قبووڵکردنی مەرگی تێدا نابینم. بیر لەوە بکەنەوە

تەنانەت پریشکەیەکی ئاگری ئەم هەستە ئاینییە لە هەناوی پیاوێکی وەک کارل مارکس-یش دا هەبووە کە توانیوێتی "تۆندوتیژی" بە "دایەنی مێژوو" ناودێر بکات.

تومازۆی سەگانی: بەڵێ , جەنابی پرۆفیسۆر , مارکس پێی دەڵێت : "دایەن" نەک "دایک" یان "باوک"ی مێژوو. سەبارەت بە فاشیزم بە شێوە تایبەتییەکەی , بە سادەیی دەکرێ بیسەلمێنین تۆندوتیژیی فاشیستی نەک هەر هیچ یارمەتییەکی بۆ هێنانەئارای کۆمەڵگایەکی نوێ نەکردووە , بەڵکە تەنانەت هەوڵی داوە نەزم و ڕێکوپێکییەکی لەمجۆرە , کە کۆمەڵگای ئیمڕۆ لە هەناوی خۆیدا حەشاری داوە , کپ بکات . هەر بۆیە , ئاکامێک کە لەم تۆندوتیژییە کەوتۆتەوە "زگکردن" نییە , بەڵکو "لە سەر زگچوون"ێکی کارەساتاوییە.

جەنابی دەبلیۆ: تکایە باسی قابیلیەتی وەلابنێین و بچینە سەر باسی سیاسەت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: قسەیەکی نەستەقی لاتینی هەیە دەڵێ: "ژیان سەرتاسەری شەڕە". قارەمانێتی هیچکات بێکەڵک نەبووە , گەرچی کەڵکی قارەمانێتی هەموو کات و ساتێک هەڵگری لایەنی ماکخوازانە نەبووە لە سایەسەری ئەو قارەمانێتییەی ئوستووڕەکان بەدی دێنن. بەڵام قارەمانێتی باوەکو مێژوویەکی تایبەت بە خۆی نییە , پاداشتی پڕبەپێستی خۆی لەگەڵە. لەم گۆشەنیگایەوە , قارەمانێکی فاشیستی

لـە قارەمـانێکی مەسـیحی پـاکتر و دڵئـاواترە، چـونکی شـەهیدێکی مەسیحی , کە گیانی خۆی لە ڕێگای ئیمانیدا بـەخت دەکـات , چـاوی لـە بەهەشـتە , کـەچی گیانبـەختکردوویەکی فاشیسـت خـاوەن هـیچ چەشنە هۆمێدێکی میتافیزیکی نییە؛ کەوایە، ئیمانی ئەو خالیستر ە .

جـەنابی دەبلیـۆ: باشـە مـەگین تـۆ بـاوەڕت بـە ئەسـڵی هونـەر بـۆ هونـەرە؟ ئەگـەر ڕۆژێـک بێـت و لـە وڵاتـی ئێمەشـدا چەنـەدرێـژی و فڵتەفڵتی زیادە تەواو بێت و خەڵک دەست بدەنە خەباتی سـەر شـەقام و نێو کۆڵان , هیوام ئەوەیە منیش کۆمەڵێک لایەنگری بوێری ئامـادەی خەباتم لە بۆ خۆ هەبێت .

پرۆفیسۆر پیکاب: بە کام هۆ لایەنگرانی تۆ دەبێت خەبات بکەن بـۆ ئەوەی لە بری کەسێکی تر تۆ بەدەسەڵات بگەیەنن ؟

جـەنابی دەبلیـۆ: هەقدەسـتی خۆیـان پـێ دەدرێـت . ئەگـەر بێـت و سەرکەوم، بە دڵنیاییەوە لە پلە و پایە بێبەشیان ناکەم .

پرۆفیسـۆر پیکـاب: پێتوایـە ژمـارەی ئـەو کەسـانەی ئامـادە بـن لـە پێناوی پارە لـە شـەڕێکی خوێنـاوی و درێژخایـەنی نـاوخۆدا بەشـداری بکەن گەلێ زۆرە ؟ ئەگەر بێت و بمرن , ئەو پـارەیـەی پێیـان دەدەیـت بە کەڵکی چییان دێت ؟

جەنابی دەبلیۆ: چارەنووسی هێـزی بـەکرێگیراو هـەر ئـەوەیـە . ئەمـە شتێکی تازە نییە .

پرۆفیسۆر پیکاب: بە هەڵەدا چووی. خاڵی لاوازی تۆ هەر ئەمەیە هیچ جۆرە بەهایەک بۆ مرۆڤ دانانێیت. تەنانەت سووکوچرووکترین بەکرێگیراو، لەو ساتەوەختەی دەیەوێ گیانی خۆی لە پێناوی ئەو کەسەی بە کرێی گرتووە بخاتە مەترسییەوە , پێویستی بەوە هەیە سەبارەت بە هانە و پاڵنەری گیانبەختکردنەکەی خۆی هەڵخەڵەتێنێت؛ ئەگینا هەقدەستەکەی دەخاتە گیرفانییەوە , و لەکاتی خەتەر خۆی شوێنبزر دەکات و لە نێو ڕیزی هێزەکانی دوژمندا خۆی پەنا دەدات. بیرت نەچێ تا پاڵنەری مەعنەویی مردن نەترنجێنیتە نێو ڕۆحی پەیڕەوانتەوە، ناتوانیت بەڕێوەبەرایەتی شەڕێکی نێوخۆ بکەیت . مەبەستی من بە تایبەتی ئەو گرووپە زەربەتانە دەگرێتەوە کە دەکرێ پێیان بڵێیت "خوازیارانی مەرگ".

جەنابی دەبلیۆ: ئیزنم دەدەنێ من وەڵام بدەمەوە ؟ بەڵێ، دەتوانن بۆ هەموو کوشتوبڕە مرۆییەکان هەر لەو پاڵنەرە یارمەتی بخوازن , و وەک چۆن لەم دواییانە لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا , کەسانی دەمارگرژیان بۆ کوشتن هان دەدا. واتە ئەوەی ئەو کەسانە , پێشەوا و ئەو ئوستووڕەیەی لەودا بەرجەستە دەبێت بە دواین دەرکەوتی خۆیان بزانن و بیپەرستن . ئەو کەسانەی لە ژیاندا دەدۆڕێن و بوونیان چیتر بەها و بایەخێکی ئەوتۆی بۆیان نامێنێ و دواجار هەوڵ بۆ کوشتنی خۆیان دەدەن , لە سۆنگەی ئەوەی سەرلێشێواوییەکەیان تاکەکەسی

نییە و هەروەتر ئەو جوولّە و بزاڤەی لە هەناویاندایە دەشێت لە بواریّکی تایبەتی و هەلّبژاردەدا بکەوێتە گەڕ , باشترین کەسانێکن کە کاربەدەستانی ڕژێمی تڕس و ڕەشەکوژی دەیانخاتە ژێر رکێفی خۆیانەوە . سیاسەتی پاوانخوازی بۆ ئەم تاقمە لە ئینسانەکان , شێوەی شتێکی وەک بەنگ و مادەی سڕکەری هەیە . هەلّبەت وا نییە پارە بەتەواوی لایان بێبایەخ بێت , بەلّام وەک چۆن جەنابی پرۆفیسۆر دەلّێت , ئازایەتی و نەترسی ئەوان لەشەڕ و پێکدادانی سەر شەقام و نێو کۆلّان پابەندە بە شتێکی دیکە . پالّنەری پارە و خواردن و عارەق و ژن بەر لەشەڕیش بوونی هەبوو , بەلّام ئەوکات سەرهەلّدانی دیاردەیەکی وەک دەستەگەلی تیرۆریستی و فاشیستی و نازی هەر لە بنەڕەتەوە بە زەینی کەسدا تێنەدەپەڕی . ئەو کات سەرمایەی مرۆیی پێویست بۆ سەرهەلّدانی ئەم دیاردانە لە ئارادا نەبوو؛ مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە هێشتا خاوەن کۆمەلّێک ئایدیالی نەریتی یان تاکەکەسی بوون . شارستانییەتی بەکۆمەلّ و شەڕ هێشتا دەستکەوتەکانی خۆی پێنەگەیاندبوو .

جەنابی دەبلیۆ: بەلّام ئەم دیاردەیە تایبەت بە فاشیزم نییە .

تومازۆی سەگانی: هۆی گەلێک لە پێچوپەناکانی شەڕەکانی نێوخۆی ئەم سالّانەی دوایی هەر لەم خالّەدا کۆ دەبێتەوە . بەر لە هەر شتێک , ئاشکرایە تایبەتمەندییەکانی ڕابردوو هێشتا بە تەواوی نەسڕدراوەتەوە .

دووهـەم , ڕێکخـراوە نەریتییەکـان , ئەگـەرچی چیتـر برەویـان نـەماوە , بـەڵام هێشـتا تیـا نـەچوون و خۆیـان وەلا نـەناوە , و دواجـار ڕەگـەزە دینامیکییەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەتوانن لە ڕێکخراوە دژەفاشیستەکاندا بوونیان هەبێت , ئەو ڕێکخراوانـەی لـە جێگـای خۆیـدا لایـەنی کـەموزۆر توتالیتاریستییان تێدایە .

جەنابی دەبلیۆ: بەڵام لە ئیتاڵیا پرسەکە زۆر زوو چارەسەر کرا .

تومـازۆی سـەگانی: لـە بـەر ئـەوەی ڕێکخـراوە نەریتییەکـان زۆر زوو لایەنی فاشیزمیان گرت .

جەنابی دەبلیۆ: بۆچی؟ مەگین دەیانویست خۆیان بکوژن؟

تۆمازۆی سەگانی: پێیان وابوو فاشـیزم زوو دێت و دەڕوات و تـەنیا بۆ ساغکردنەوە و چاککردنەوەی ولّات بەکاری دەبەن .

جـەنابی دەبلیـۆ: باشـتر وابـوو پاشـماوەی هێـز و توانسـتیان بـۆ ڕزگاریی خۆیان تەرخان کردبا .

تومازۆی سەگانی: ئـەم ڕێکخراوانـە خۆیـان بـە شـێوەیـەکی ڕەسـمی ڕایاندەگەیاند کە یاسا دەست و پێـی بەسـتوون . لـە کۆمـەڵگایەکـدا کـە تووشـــی بێنـــەزمی و نـــاڕێکوپێکی هاتبێـــت , قـــانوون و یاســـای کۆنەلیبرالّییەکان جموجوولّی خراپکارانە ئاسان دەکەنەوە . ئەنجامەکـەی ئـەوەیـە کۆمـەڵێـک پـاژی ڕۆژ بـە دوای ڕۆژ زیـاتری هێـزی سـەربازی و پـۆلیس و دەسـەڵاتـی دادوەری و بوروکراسـیی دەوڵـەتی , سـەرەتا بـە

نهێنی و پاشان بـه ئاشـکرا , پشـتیوانی لـه حیزبـی فاشیسـت دەکـەن. بیانووی ئەم کارمەند و فەرمانبەرانە ئەمەیە کە تـەنیا بـە ڕوالـەت یاسـا پێشێل دەکەن , بەڵام بە ڕەچـاوکردن و پـەیڕەویکـردن لـە ڕۆحـی یاسـا خزمەت بە نیشتیمان دەکەن. بـەمجۆرە فاشـیزم لـە لایـەن "دیفـاکتۆ"ی ئەو ڕێکخراوانەی کە دەیەوێ تەفروتونایان بکات پشـتیوانی دەکرێت , و لە چاو نەیاران و دژبەرانی خۆی , لە شوێنێکی زۆر باڵاتر ڕادەوەستێت. سەرنج بەمە بدەن ئـەوە شـتێکی ڕاسـتەقینەیـە و زێـدەگۆیی و تۆمـەتی نەیارانی فاشیزم نییـە. دوابـەدوای هێرشـی گـرووپە فاشیسـتییەکان بـۆ سەر ڕۆمـا , هـەر هـەمان ئەفسـەرانی هێـزی سـەربازی و سـەرۆکەکانی پۆلیس و ئەو خاوەن پلەوپایانەی یارمەتیی فاشیستەکانیان دابوو , بـێ ئەوەی گوێ بە هیچ بدەن خۆیان بەم هاوکارییەوە دەنوانـد. گرینگتـرین ڕووداوی ئەم بەزمـە , باسـی عەمیـدێکە کـە پسـپۆری کاروبـاری شـەڕی ناوخۆ بوو، و وەزارەتی جەنگ لێی ڕاسپاردبوو سەر لە هەموو بنکەکانی بـەڕێوەبەرایـەتیی لەشـکرەکان هـەڵێنـێ و سـەبارەت بـە چـۆنێتیی یارمەتیدان بە بزوتنـەوەی فاشیسـت و پشـتیوانیکردن لـەو بزوتنـەوەیـە ڕێوشوێنی پێویستیان پـێ نیشـان بـدات. ڕاپۆرتێـک کـە ئـەم عەمیـدە , پـاش تـەواو بـوونی ئـەرکی خـۆی , نووسـی دواتـر بـڵاو بـۆوە و هـیچ کاتیش حاشای لێ نەکرا .

بـــا بچینـــە ئـــەڵمانیـــا. یەکـــەمین ناوەنـــدی نازیســـتی , وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی , بە دەستی هێزی سـەربازی "ڕایـش"ی مـونیخ گەڵاڵەی بۆ داڕێژرا، و هیتلەر و ڕۆهم (Rohm) دایانمەزراند. ئەمەش ساڵی 1921 بوو. لەم سەروبەندەدا چەند دەستەی سەربازیی "ئازاد"، کە سـەربەخۆ و جیـا لـە هێـزە ڕێکوپێکـەکانی هێـزی سـەربازی کاریـان دەکرد، بە سەرتانسەری ئەڵمانیادا بڵاو ببوونەوە؛ بۆ نموونـە، دەسـتەی ئێرهـارت (Erhardt) , پۆلیسـی بالتیـک , یەکـەی ڕاونـانی نیـدبرێک (Nydebreck)، دەستەگەلی ئازای پفێفێـر (Pfeffer) , ڕۆسـباخ (Rossbach) , لوونفێلـــد (Looewen feld)، و ئێـــپ ("Epp). هەر دەستبەجێ پاش تەواوبوونی شەڕی یەکـەمی جیهـانی , هیتلەر لە خولێکی پـەروەردەی سیاسـی لـە هێـزی سـەربازی "ڕایـش"دا بەشـداریی کـرد و زۆر یـەک لـەو بۆچوونـە تاکتیکییانـەی دواجـار بـە خەستوخۆڵی کـەڵکـی لـێ وەرگـرتن هـەر لـەوێ فێربـوو , و ئـەم خـولە خولی فێرکاریی سیاسیی ئەو بوو. گرینگترین وانەیەک هیتلەر لەم خولە فێری بوو ئەمە بوو کە هاوڕێیەتیی کۆمەڵانی خەڵک هەمیشـە بەرهـەمی کـەڵکـوەرگرتنی هاوکـات لـە پڕوپاگەنـدە و توندوتیژییـە. بـەڵام نابێـت خۆمان بە باسی لاوەکییەوە خەریک بکەیـن و کاتمـان بـە فیـڕۆ بچێـت. هـەر ئەوەنـدە بڵـێم لـە سـەرلەبەری بزوتنـەوە دیکتاتۆرییـەکانی هـەموو زەمانەکاندا , باسی هاوکاریی چەکدارانی حکومەتیش لە گۆڕێ دایە.

جەنابی دەبلیۆ: دەبێ دەستاوبەجێ بڵێم بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە , هێشتا هەلی ئەم بارودۆخە نەڕەخساوە . هەڵبەت , چەند ئەفسەرێک هەن پشتیان گرتووم , بەڵام ئەو دەستکەوتەی لەم پشتیوانییە پێم دەبڕێ شتێکی وانییە و پێمواید دەسەڵاتدارانیش لێی بێخەبەرن .

تومازۆی سەگانی: ئەگەر وا بێت، واتای ئەوەیە هێشتا هەلومەرجەکە بۆ ئێوە لەبار نییە . بزووتنەوەیەکی فاشیستی تەنیا و تەنیا لە بارودۆخێکدا دەتوانێ ڕەگ داکوتێ و لقوپۆپ دەربکات کە دامودەزگای حکومەتی سەقەت بووبێت و دواجار ئۆرگانە گرینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی , و بە تایبەت ئەوانەی زۆر جار مەیلی سیاسیی خەستوخۆڵتریان هەیە، وەک پۆلیس و هێزی سەربازی، سەرەڕۆیانە کار بکەن . جگە لە بارودۆخێکی لەمجۆرە، تەنانەت فیکری سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی فاشیستی شتێکی نەگونجاو و ناومکینە .

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەو یاسا تایبەتانەی بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ فاشیزمی ئیتاڵی و نازیسمی ئەڵمانی دایانڕشت ئەوەمان پێدەڵێ , بەپێچەوانەی قسەی ئێوە , دەزگای حکومی ئەوەندەش سەقەت نەببوو. ئەوەی ڕاستی بێت، یاساوڕێسای سەرکوتکەرانە هیچکات نەیتوانیوە پێش بەسەرهەڵدانی شۆڕشەکان بگرێت .

تومازۆی سەگانی: ئەو یاسایانەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن لەو پەرلەمانانەدا دەنگیان پێ دەدرا کە زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی لە

دیموکرات و سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان پێکدەهاتن. لەم یاسایانەدا چەککردنی گشتی , قەدەغەبوونی پێکهێنانی گرووپی چەکداریی تایبەت، و سزای زیاتر بۆ ئەو کەسانەی لە نێو خەڵکدا دووبەرەکایەتی بنێنەوە , پێشبینی دەکرا . بەڵام خاڵێک نابێت لە بیرتان بچێت ئەمەیە ئەرکی بەڕێوەبردنی یاسا و فەرمان و دەستوور و ڕێنوماییەکان لە سەر شانی پۆلیس و هێزی سەربازی و دەزگا حکومییەکان دادەنرا کە زۆربەیان بەرەو فاشیزم داگەڕابوون: هەر بۆیە بە کردەوە یاسا دژەفاشیستییەکان , یان هەر لە بنەڕەتەوە جێبەجێ نەدەکران، یان زۆرجار دژی هێزە دژەفاشیستییەکان بە کار دەهاتن. دەتوانن نموونەگەلێکی بێ ژومار لەم شێوە هەڵسوکەوتە لە هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە ڕووداوەکانی پاش شەڕ لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیادا بدۆزنەوە، و پێویست ناکات من نموونەتان بۆ بێنمەوە. هەر ئەم ئەزموونەی دانانی یاساگەلی "دیموکراتیک"ی دژی فاشیزم سەلمێنەری ئەم ئەسڵەیە: تەنیا لەکاتی کردەوەدا دەکرێ بڵێین ئایا یاسایەک "لیبراڵی"یە یاخود "دژەلیبراڵی".

جەنابی دەبلیۆ: لەم دواییانە، چەند ڕاپۆرتێکی ترسناکم سەبارەت بە کۆمەڵێک کارەساتی شەڕەکانی نێوخۆی ئەوروپا خوێندەوە , ئەو شەڕانەی کە لەم ساڵانەی دوایی و لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بەرپا بوونە. بەڵام کەموزۆر لە گشت بابەتەکاندا , ئەم کارەساتانە لە ڕێگای

قوربانییەکان یان هاوڕێیانیانەوە ڕوون کراونەتەوە و زۆر جێگای متمانە پێکردن نین.

پرۆفیسۆر پیکاپ: هیچ شتێک ترسناکتر لە توندوتیژی بلشویکەکان نییە.

تۆمــازۆی ســەگانی: جــەنابی پرۆفیســۆر، هــەلێکی باشــتان بــۆ هــەڵکــەوتبوو هاوکێشــەیەکی تۆتۆلۆژیی (هەمــانبێژی) کامــڵ پێشــکەش بکــەن؛ بــۆ وێنــە، "تونــدوتیژی هەمیشــە توندوتیژییــە". جــا ئەمــە هــەم سەبارەت بە شەڕی نێوان وڵاتان , هەمیش شــەڕی وەک دەڵــێن نــاوخۆ، وەڕاســت دەگــەڕێ. لــە کتێبــی ژەنەراڵ فــولێر (Fuller)دا شــتێکی لــەمجۆرەم بــەرچاو کــەوت: "بنــەمای تەکنیکیــی تــازەی شــەڕ ئەســڵی چاوترسێنکردنە؛ دەشێت ترس و دڵەڕاوکێ بخەیتە ڕێ و بە شێوەیــەکی کاتیش بووبێت وەک دێوانەیەکی کۆت لە پێ بکــەیت...." دەســەڵاتــی تــرس و دڵەڕاوکــێ لــەو کاتــەوە دەســتپێدەکا کــە لــە خەباتــدا ئیتــر توندوتیژییەک نامێنێ ناڕەوا بێت؛ هــیچ یاســا و ڕێســا و قــانوونێکی لــە بــەر چــاو بگیرێــت؛ ئیتــر کــەس نــەزانێت چــۆنی لــێ دەقــەومێ و چــی بەسەردادێ؛ نــەیــارانی سیاســی بــە شــەو بە ســەر ماڵەکــەت دادەدەن و ئیتر نازانی چ چارەنووسێک چــاوەڕێتــە؛ دەتگــرن ؟ تیربارانــت دەکــەن؟ تێت هەڵدەدەن؟ ماڵەکەت دەسوتێنن؟ خاووخێزانت دەدزن؟ یان ئەوەی تەنیا باسکێکت دەبــڕن؟ یــاخود چــاوت دەردێــنن و گوێــت دەبــڕن؟ لــە

پەنجەرەوە فڕێت دەدەنە دەرێ؟ نازانی؛ ناتوانی بزانی؛ ئەمەش پێداویستیی وەڕێخستنی شەپۆلی ترس و دڵەڕاوکێیە. ترس یاسا و ڕێسا ناناسێ؛ بەکارهێنانی ترس تەواو سەرەڕۆیانەیە و مەبەستێکی لەپشتەوە نییە مەگین چاوترسێن کردن نەبێت؛ مەبەستی ئەوە نییە تەنیا تاقمێک لە نەیاران لە کۆڵ خۆی بکاتەوە , بەڵکو زێتر دەیەوێ ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لەوان لە باری دەروونییەوە تێکبشکێنێت , شێت و سەرلێشێواو و ترسنۆکیان بکات , دواسەرمایەی هەرچی شەڕافەت و کەرامەتی ئینسانی هەیە لێیان زەوت بکات. تەنانەت خودی بەدیهێنەران و پەرەپێدەرانی ترسیش لە بازنەی مرۆڤێکی ئاسایی دەترازێن . لە کەشوهەوای ترسدا باوترین و کاریگەرترین تووندوتیژییەکان ڕاست ئەو جۆرە تووندوتیژییەیە کە بە ڕواڵەت لە چاو هەموو جۆرەکانی دیکە "بێکەڵکتر" و نابەجێتر و چاوەڕواننەکراوتر دەنوێنی.

جەنابی دەبلیۆ: لە بۆئێنس ئایرێس بیستم دێرۆزاس (Derosas)، دیکتاتۆری بە ناوبانگی ئەرجەنتینا , لەم بوارەدا زیرەکی و داهێنانێکی هونەرمەندانەی نواندووە. بۆ وێنە , بەیانییەک لە شەقامەکانی شار , هەندێ کەس لە شێوەی میوەفرۆشی نێو کووچە و کۆڵان دەردەکەون و بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەن: "شفتی نۆبەرە"؛ کاتێک خەڵک بۆ میوەکرین لێیان کۆ دەبنەوە , ئەو پەڕۆیەی بەسەر

سەوەتەکانیاندا درابوو لا دەدەن و ئەو سەرە بڕاوانەی هێشتا خوێنیان لێ دەچۆڕا پیشانی مشتەرییەکانیان دەدەن. گۆیا هەر ئەم دێرۆزاسە دابودەستووری دادوەریی زۆر سانا کردبۆوە: ئەو هەر خۆی بە خواست و سزانامەکان ڕادەگەیشت , بەڵام بێ ئەوەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی ئەم شتانە بە فیڕۆ بدات، لە پەڕاوێزی هەر کام لەم قاقەزانەدا تاقە وشەیەکی دەنووسی: "چەقۆ" یان "گوللە"، و بەم شێوەیە بە خواستی خۆی جۆری مەرگی سەرلەبەری تاوانبارانی دەستنیشان دەکرد.

تۆمارۆی سەگانی: هەر ئەم جەنابی دێرازۆسە بە ئەوپەڕی شانازییەوە خۆی بە "بووژێنەرەوەی یاسا" ناودێر دەکرد و ئەو دروشمەی لایەنگرانی ئەو تێکڕا دەیانوتەوە ئەمە بوو: "بژی فیدراسیۆنی پیرۆز و بمرن یەکێتیخوازانی پیسی وەحشی!" ئیمڕۆکە هەموو کەس وا دەنوێنن گۆیا قێز لە تۆندوتیژییەکانی ئەو دەکەونەوە , بەڵام تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو قەشەی وا هەبوون لە کڵێساکانی بۆئێنس ئایرێس سروودی شانازییان بۆ دەگوت. بەڵام ئەم عەیبە هەر تەنیا داوێنی قەشەکان ناگرێتەوە . سروشتییە تۆندوتیژیی دوژمنان لەبەر چاومان وەحشیانە و دژی ئینسانی و سووکوچرووک دەنوێنێ , بەڵام تۆندوتیژیی هاوڕێیانمان , تەنانەت ئەو کاتەی ڕێکوڕاست هەر بە هەمان شێوەی دوژمنانمان دەکرێت، قارەمانانە و ئازایانە و ئایدیالیستی

دێتـــە بـــەرچاو. بـــە ڕای مـــن، شـــتێک بـــەدی نـــاکرێ کەرانـــەتر لـــە دەســـتەواژەگەلی "ترســـی ســـپی "و "ترســـی ســـوور" و "ترســـی ڕەش". ڕوخساری کۆمەڵانی ترساو و تۆقاو ڕەنگێک وەخۆ دەگرێ کە ئیتر هـیچ پـەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە.

جـەنابی دەبلیـۆ: بێگومـان شـەڕی نـاوخۆ مەدای نێـوان کۆمـەڵانـی خەڵک و کەمینەی بەشداری شەڕەکە زیاتر دەکاتەوە؛ ئەو شـتەی ئێـوە دەیڵێن تەنیا کاتێک ڕاستە کە لە گۆشەنیگای کۆمەڵانی خەڵکـەوە چـاو لە پرسەکە بکرێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام مێژووچـەی بزووتنـەوەی کرێکـاری ئـەوەمان نیشان دەدا هەر تا ئەم چل پەنجا ساڵ لە مەوپێشە لە نێوان کۆمەڵانی خـەڵـک هەنـدێ کەسـی چاونـەترس بـوون هـەڕەشـەیـان لـە گیـانی سـەرۆکەکان و پاشـایان دەکـرد و هـەروەها گرووپگـەلێک بـوون ڕۆحـی تونـدوتیژییان دەدا بـە مانگرتنـە کرێکارییـەکان. جـا ئێسـتا جـەنابی سەگانی , بە ڕای ئێوە بۆچی کۆمەڵ ئەم بزۆزی و بزاڤـە فیکرییـەی لـە کیس چووە؟

تومازۆی سـەگانی: لەوانـەیـە ئـەم شـتە یـەکێک لـە دەرەنجامـەکانی پـەرەساندنی پیشە و پیشەسـازییە گـەورەکان بێـت. ئـەو کرێکـارەی لـە پیشـەیـەکی بچـووک و کـار لـە کارگـەیـەکی چکۆلـەوە ڕادەگـوێزرێ بـۆ کارخانەیەکی گەورە , بە درێژایی ئەم ڕاگواستنە تووشی گۆڕانکارییـەکی

بەرچاو دێت؛ لە هەمان کاتدا کە ئاسۆی بیری بەربلاوتر و تێگەیشتنی چینایەتیی تیژتر دەبێت , مەیلی بە ئازادی و ئامادەییی بۆ چالاکیی تاکەکەسی لە نێو دەچێت. کرێکاری کارخانەیەکی گەورە ئاسانتر دەتوانێ لە کاروباری بەهەرەوەزدا توانایی و ئازایەتیی خۆی نیشان بدات , بەڵام زۆرجار بۆ کارکردن و چالاکی نواندن لە چوارچێوەی گرووپێکی بچووک یان بە شێوەی تاکەکەسی توانایی نییە . لە دواین دەیەکانی سەدەی ڕابردوو(سەدەی نۆزدەهەم) و لە یەکەمین ساڵانی ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم) , لە وڵاتە جۆراو جۆرەکان و لە وڵاتی خۆیشتاندا کۆمەڵێک هەڕەشەی سەندیکایی و ئانارشیستیی فرە کرا کە ئەگەر بە مێژووچەکەیاندا بچیتەوە، بەو ڕاستییە دەزانن دەستوپێوەندی ئەم کارانە پیشەوەر و ڕۆشنبیرانی خوێندکار و جووتیاران بوون. ئەگەر بە هەڵکەوت کرێکارێکی کارخانەیان تێدا هەڵبکەوێت , لەوانەیە کرێکارێک بێت کە پێشتر جووتیار یان پیشەوەر بووە.

کرێکاری کارخانەی گەورە نموونەیەکی پڕبەپێستی "مرۆڤ-کۆمەڵ"ە. هەر بۆیە ئەوە بە هەڵکەوت نەبوو لەو ناوچە و شارانەی ئیتاڵیا کە خاوەن پیشەسازی و کارخانەی گەورە نین و کرێکار زۆرتر لە کارگەی چکۆلەدا کار دەکەن , فاشیزم لەگەڵ خۆڕاگریی چەکدارانە ڕووبەڕووو بۆوە و زیاترین زیان و زەرەری لەوێندەر لێ کەوت. هەر لەم بوارەدا , دەتوانن دژەکردەوەی جیاوازی کرێکارانی ئیسپانی و کرێکارانی

ئەڵمانی لە بەرامبەر فاشیزم لە هەمبەر یەکتر هـەڵسـەنگێنن. جیـاوازیی نێوان ڕۆحییەتی نەتەوایەتی لە هەر وڵاتێکدا تەنیا تا ڕادەیەک دەتـوانێ جیـاوازیی دژکـردەوەی خـەڵکـی لـە بەرامبـەر هێرشـی دوژمـن پاسـاو بداتەوە. پەرەئەستاندنی پیشەسازی و پیشەکاری و کارخانە گـەورەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە خەستوخۆڵکردنی مەیلی خەڵکی ئـەڵمانیـا , و بەشێک لەوان کرێکارانی , بۆ لای "بزاڤە بەکۆمەڵـەکان" کاریگـەر بـووە. ململانێـی نێـوان حیزبگـەل زیـاتر ململانێـی داموەدەزگـا حیزبییـەکانن و زیرەکـی و داهێنـانی تاکەکەسـی چکۆلـەترین دەوریـش لـەم گەمـەیـەدا ناگێڕی.

هۆکارێکی دیکە کە ئاوارەیی و سەرلێشێواویی کرێکارانی ئـەڵمانیـا و وڵاتانی دیکە لـە بەرامبـەر تیرۆریزمـی فاشیسـتیی سـاڵانی دوای شـەڕی یەکەم پاسـاو دەداتـەوە ئـەم ڕاسـتییەیـە زۆربـەی ئـەم کرێکارانـە , کـە خەریکی کارکردن لە کارخانەی چەکوچۆڵسـازی و ئیشـکردن لـە بەشـی ڕاگـوێزانی باروبنـە و کـاری دیکـە بـوون , ڕێگایـان پێـدا نـەچن بـۆ مەیدانەکانی شەڕ. هەر ئەم گرووپە جەنگنەکـردە و شـەڕنەدیدانـە بـوون بەهێزترین ئەندامانی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی پاش شەڕ بوون. گەرچی ئەم تاقمە لەسـەر بـاوەڕە زێـدەڕەوەکـانی خۆیانـدا پێـداگرییان دەکـرد , بـەڵام بەشـداری نـەکردنیان لەشـەڕ بـووە هـۆی دابڕانـی نێـوان ئـەوان و فاشیسـتەکان. وێـدەچوو کۆمـەڵێـک کـەس بـن سـەر بـە دوو ڕەگـەزی

جیـاواز. فێبریـوێری 1920 , لـە شـاری مـیلان , موسـولینی بـۆ جوابدانەوەی ئەو تۆمەتانەی دوو کەس لە دەستەی نووسـەرانی جـارانی ڕۆژنامەکـەی خسـتبوویانە پـاڵ , لـە بەر دەم لێژنـەیـەکی دادوەرێـدا ئامادەبوو. یەکێک لە تۆمەتەکـان ئـەوە بـوو کـە "گرووپـی تیرۆریسـتیی پێکهێناوە , کۆمەڵێک بەکرێگیراوی بـۆ ئەنـدامبوون لـەم گرووپـانە , لـە شـاری فیـومێ و شـارەکانی دیکـەی ئیتاڵیـاوە بانگهێشـت کـردووە , هەقدەستێکی ڕۆژانەی بە بری سـی لیـری – جیـا لـە دانـەوەی پـارەی ئەو شتانەی خەرجیان کردووە – پێداون , و ئـەوانی بـۆ چاوترسـێنکردن و وەڕێخستنی شەپۆلی توندوتیژی ئامادە کردووە."

موسـولینی دانـی بـەم تۆمەتـانە نـا و ڕووەو لێژنەکـە گـووتی: "بـە سـەریەکەوە لـە چەنـد کەسـێک تێنەپـەڕیـوە؛ بەسـەر چەنـد دەسـتەی جۆراوجۆردا دابەش ببوون و فەرماندەی هەر کامێکیان ئەفسەرێک بـوو. هەڵبەت هـەموو گـوێ لەمسـتی فەرمانـەکانی مـن بـوون , یـانی دەکـرێ بڵێین من فەرماندەی ئەم هێزە بچووکە بووم." کـە وایـە، هـەر لەشـاری میلان–دا چەند سەد کەسـێک لـەم بەکرێگیراوانـە بـەدی دەکـران کـە بـە شێوەی چەند گرووپێکی سێ کەسی دەگەڕان , و لە بـەیـانی زووەوە تـا شـەو درەنگـانێ کاریـان ئـەوە بـوو نـەیـاران و ناڕازییـان بخەنـە ژێـر چاوەدێری , تێیانهەڵدەن , ئامادەی هـەڕەشـەکـردن بـن و جاروبـار ئـەم

هەڕەشانە بکەنە کردەوە. بۆ ئەم کارانەیان هەقدەستیان وەردەگرت و پۆلیس دەبووە زامنی بێ تاوانییان.

جیاوازیی نێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییە دەروونییەکانی هەر کام لەم هێزانە دەبووە هۆی ئەوەی چ بۆ هێرشبردنە سەر خەڵک و چ بۆ بەرگریکردن لەخۆیشیان کۆمەڵێک شێوازی جیاواز بگرنە بەر . دواتر ئەم ڕاستییە ڕوون بۆوە سەرکەوتن لە شێوازی فاشیستەکان دایە. لە بەرامبەر هەرکام لە هەڕەشە فاشیستییەکان , ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ڕێگای خۆپیشاندان و ڕێپێوانەوە دەنگیان هەڵدەبڕی یان مانگرتنی گشتیی ناوچەییان دەخستە ڕێ. ئاشکرایە ئەم مانگرتن و خۆپیشاندانانە گرفتی زۆری دەخستە سەر ڕێی خەڵک و پیاوانی حکومی , بەڵام هیچ سەرئێشەیەکی بۆ فاشیستەکان ساز نەدەکرد. ئەو ئاڵۆزی و شێواوییەی بە هۆی مانگرتنە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکانەوە پێش هاتبوو دواجار بووە هۆی ئەوەی ئاگری خۆشەویستیی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە نێو دڵی چینە جۆربەجۆرەکانی خەڵکدا، کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادیان دەکرد، بکوژێتەوە. خودی کرێکارانیش لە کارەکەیان سارد ببوونەوە و ژمارەی مانگرەکان بەردەوام لە کەمبوونەوە دابوو . دەشێت ئەم ڕاستییەشی بخەینە سەر لە هەر کوێیەک هێزەکانی دژی فاشیست دادەمەزران و چەکدار دەبوون , پۆلیس دەستاوبەجێ دەکەوتە کار و ئەم هێزانەی

چەک دەکردن و دەیگرتن و دواجار دادگایی دەکردن و بە تاوانباریان دەناساندن. هەر بۆیە , ئەو کاتەی فاشیستەکان هەڕەشەیان لە گیانی تاکەکەسی وەلانا و شێوازی هێرشی بەهەرەوز و بەربڵاویان ڕەچاو کرد , ئەو تاقمەی دەکەوتنە بەر هێرشی ئەوان زۆر جار نەیاندەتوانی دەستبکەنەوە , و کۆڵنەدەرترین کەسانیان پێشتر مرخەیان لێ بڕابوو. بەمجۆرە فاشیستەکان دەرفەتی ئەوەیان دەکەوتە دەست بە ئاسانی کۆمەڵێک کاری قارەمانانە بنوێنن. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی نفوز و دەستڕۆیشتویی فاشیزم , پشتیوانیکردنی پیاوانی چەکداری حکومی لەم بزاڤە شێوەیەکی ئاشکراتر و ڕاستەوخۆتری وەخۆ دەگرت , بە جۆرێک دەستە فاشیستەکان بێ سەرئێشە دەیانتوانی چەکوچۆڵی خۆیان دابین بکەن و بە کەڵکوەرگرتن لە شەمەنەفەر و ماشێنی تایبەت گرووپگەلێکی زۆر لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بگوازنەوە , دەیان هەزار کەس چەکدار بکەن و یەکیان بخەن , و هێرش ببەنە سەر دواهەمین شارانێک کە نەیارانیان هێشتا دەیانتوانی لەوێندەر بە سەربەستی بە دەوری یەک کۆببنەوە و ڕۆژنامە دەربکەن.

جەنابی دەبلیۆ: ئایا ئەم قسەیە ڕاستە دەڵێن لە نێوان گرووپەکانی فاشیستی و نازی , ژمارەی ئەو کەسانەی پێشتر کۆمۆنیست بوون کەم نەبوو ؟

تومارێی سەگانی: لە ئیتاڵیا وا نەبوو. ئەو کۆمۆنیستە ئیتاڵییانەی تێکەڵ بە فاشیزم بوون زۆر کەم و پەراگەندە بوون , چونکی موسولینی ساڵی 1922 دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و کۆمۆنیزمی ئیتاڵیا، کە ئەوکات تەنیا ساڵێکی تەمەن بوو , با وەکو شەپۆی ناوخۆ زەبری زۆر توند و کاریگەری لێ وەشاندبوو، هێشتا دەستەویەخەی ئەو قەیرانە ناوەکییە تاقەتپڕوکێنانە نەببوو کە دواتر چاوەڕوانی دەکرد . بە پێچەوانەی دۆخی ئیتاڵیا، لە ئەڵمانیا , لە نێوان ساڵانی 1930- 1933 , دەستەگەلێک لە ئۆرگانی سەربازیی کۆمۆنیست بە شێوەیەکی لێکدانەبڕاو وەک دەڵێن بە چەکوچۆڵ و باروبنەوە تێکەڵ بە گرووپگەلی نازی بوون . بەڵام بۆ تێگەیشتن لە کاکڵی ئەم دیاردەیە ئاماژە پێکردنێکی گەرچی بروسکەئاسا بە چۆنێتیی گۆڕانکاری سیاسییەکەی پێویستە. ئێستا , بە تاوتوێکردنی ئەو سیاسەتەی ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست تا ساڵی 1933 لە ئەڵمانیا ڕەچاوی کرد , ناچارەکی ئەم دەرەنجامەمان دەکەوێتە دەست کە ئەم سیاسەتە یارمەتییەکی هەرەپێویست و بەبایەخی خستە بەردەستی هیتلەر بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتن لە بۆ خۆی دەستەبەر بکات. لە ساڵانی 1926 بۆ 1929 , لە گەرمەی چاکتربوونەوەی کاروبارەکانی ئابووری , ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست حوکمی ئەوەی دا کە کۆمەڵگای سەرمایەداری پێی ناوەتە "سێهەمین قۆناغی" قەیرانی

کوشندەی خۆی , واتە قۆناغی تێهەڵچوونەکانی کرێکاری و ئەو شۆڕشە تازانەی لە جەنگەی بەرپابوونیاندا چالاکییەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکان دەشێت لە دەوری پرسی بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی و خەبات لە پێناوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا کۆ بێتەوە. لە کاتێکدا لە وڵاتانی دیکە , ڕاسان و ڕۆچوونە بەردەوامەکانی هەڵوێستوەرگرتنی سیاسیی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست تەنیا لە ڕۆژنامەکاندا دەنگی دەداوە، لە ئەڵمانیا دۆخەکە هەر وا سادە و ساکار نەبوو , چونکی ئەم وڵاتە لەو سەروبەندەدا , لە مەیدانێک دەچوو کە تاکتیکەکانی مۆسکۆ لەوێندەر تاقی دەکرانەوە. تیۆریی تێکەڵ بە شێتیی "قۆناغی سێهەم" و خولی تازەی باڵاکردنی ئەو شۆڕشەی کە دەستبەجێ دەبوایە دوای ئەو بگەیشتبایە , حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی ناچار کرد چالاکییەکی بەگوڕ بۆ وروژاندنی کۆمەڵێک بزاڤی ئاشکرا و پڕ لە هەرا و زەنازەنا دەستپێبکات.

جا چونکی کرێکارانی کارخانەکان هۆگرییەکی ئەوتۆیان بەم بزاڤانەوە نەبوو , حیزبی کۆمۆنیست لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە شێوازە تایبەتەکانی خۆی , خەریکی کۆکردنەوەی کرێکارانی بێکار بوو. "تیۆری داڕێژان"ی حیزب , وێدەچوو بۆ تەمێکردنی ئەو کرێکارانەی ئیشیان هەبوو و لە هەمان کاتدا دژی ئەم فرتوفێڵە تازەیە بوون، حوکمی ئەوەیان ئەوە دەدەن کە لەم سەردەمە نوێیەدا تەنیا کرێکارانی بێکار

نوێنەری باڵی بە توانای شۆڕشن و ئەو کرێکارانەی سەریان بەکارەوە قاڵە دەشێت وەک پاژی لێکدانەبڕاوی چینی بە ناو "دەرەبەگی کرێکاری" بناسرێن . کە وایە , ئۆرگانی چەکداری حیزب هەموو هەوڵی خۆی خستە پێناوی خۆپیشاندانی "دەستاوبەجێی" کرێکارانی بێکار و "ڕێپێوانی کۆمەڵانی برسی" , و کۆمەڵێک ستراتیژیی تێروتەسەلی بۆ شەڕ و کێشەسازکردنی دەستبەجێی نێوان بێکاران و پۆلیس کە ئەو کات لە ژێر چاوەدێری و فەرمانی سۆسیال دیموکراتەکان دابوو ڕەنگڕێژ کرد . ئۆکتۆبر , بلاڤۆکی سیاسی – سەربازیی حیزب ئەم تێکهەڵچوونە دەستکردانەی پۆلێن دەکردن و لێکی دەدانەوە و کۆمەڵێک یاسای تازەی لە ئەزموونەکانی هەڵدەهێنجان و هەندێ بابەتی فێرکاریی تەکنیکیی ورد و تێروتەسەلی سەبارەت بە فرتوفێڵی سازکردنی ڕێپێوانی "دەستاوبەجێ" بە دەستەوە دەدان , وەک: چۆنێتیی چەککردنی پۆلیسێکی تەنیا , چۆنێتیی پێشگرتن بە ماشێنی هێزەکانی یارمەتیدەری پۆلیس و کۆمەڵێک شتی تری لەم بابەتە . ئەو دروشمەی حیزبی کۆمۆنیست بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ گرووپەکانی نازی زەقی کردبۆوە ئەمە بوو: "فاشیستەکانتان لە هەرکوێ بینی تێیان هەڵدەن" .

ڕۆژ نەبوو لە ڕۆژنامەکاندا باسی تێکهەڵچوونی خوێناوی نێوان دوو دەستەی چەکدار و ئاگر لە بنکەبەردان و هێرشی گرووپە چەکدارەکان

بۆ سەر خۆپیشاندەرانی حیزبی نەیار نەکرێت. ئەم تاکتیکە لە سۆنگەی تالانکردنی "دەستاوبەجێی" کۆمەڵێک دووکانی خواردەمەنی فرۆشی لە لایەن جەماوەرێکی ڕەشوڕووتی بێکارەوە گەیشتە ئەوپەڕی تووندوتیژیی خۆی. لە گۆشەنیگای کۆمۆنیستییەوە، هیچ کام لەم کارانە شیاوی ڕەخنەلێگرتنێکی ئەوتۆ نەبوون , بەو مەرجەی تیۆریی ناسراوی "قۆناغی سێهەم" وەڕاست بگەڕابا، و بێکاران لە لایەن کرێکارانی کارخانەکان و چینەکانی دیکەی کۆمەڵانی خەڵکەوە پشتیوانییەکی تەواویان لێبکرابا. بەڵام ئەو بەرهەمەی لێی کەوتەوە بۆ حیزبی کۆمۆنیست و بۆ دیموکراسیی ئەڵمانیا کارەساتاوی بوو. ئەو کاتەی قەیرانی ئابووریی ئەڵمانیا دەستی پێکرد، کۆمۆنیزم نەک هەر لە نێو کرێکارانی لە حاڵی کار , بەڵکو لە نێو زۆربەی بێکارانیشدا تەریک کەوتەوە , ئەو بێکارانەی کە لە سەرهەڵنەدانی ئەو شۆڕشەی دەگوترا بەم زووانە دەگاتە ئامانج هیوابڕاو ببوون.

ساڵی 1930 , حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا هەڵوێستەکانی سیاسی خۆی جارێکی تر گۆڕی , بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی هەرچی زیاتری کۆمەڵانی خەڵک , و هەروەها دەنگی چینی "دەرەبەگانی کرێکاری"، کە بایەخێکی ئەوتۆی بۆ دانەدەنا، وەدەست بێنێ. لەم سەروبەندەدا بوو هەندێ بەشی جۆراوجۆری ئۆرگانی سەربازیی حیزب بە شێوەیەکی یەکپارچە تێکەڵ بە نازیزم بوون و هەر زوو لە ڕێگای

ڕێکخستنی کۆمەڵێک هێرشی "دەستاوبەجێ" بۆ سەر بنکە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزبی جارانی خۆیان شانازییەکی دیکەیان بە شانازییەکانی ڕابردوویان زیاد کرد. لە ڕاستیدا , خەڵکی بێرلین ڕۆژێک بە ئەوپەڕی سەرسوورمانییەوە بینیان کۆمەڵێک کەس بە شێوەی دەستەبەندیکردنی تایبەتی کۆمۆنیستەکان , بەڵام بە یونیفۆرمی قاوەیی ڕەنگی نازییەکانەوە لە شەقامەکان دەسووڕێنەوە و خۆ دەردەخەن.

لە باکووری ئەڵمانیا زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوت ئەندامێکی گرووپەکانی نازی بدۆزرێتەوە کە ئەندامی پێشووی حیزبی کۆمۆنیست نەبێت. بەڵام تاکتیکی دواتری ئەم حیزبە ئیمکاناتێکی تازەی خستە بەردەست نازیزم بۆ ئەوەی بتوانێت کرێکارانیش بۆ لای خۆی پەلکێش بکات. ئەو دروشمە تازانەی مۆسکۆ پێشنیاری کردبوون ئەمانە بوون: "دژی سۆسیال- فاشیزم خەبات بکەن (ئەمە ناوێک بوو بەسەر سۆسیال دیموکراسی و بزووتنەوەی سەندیکایی ڕیفۆرمخوازدا دایاندەبڕاند)، سەرەتا دەشێت سۆسیال دیموکراسی تەفروتونا بکرێت ئینجا نۆبەی فاشیزم دێت". حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا کەوتە خۆ تا پێش بە هاتنی نازیزم بۆ نێو ڕیزەکانی کرێکاران بگرێت , و لەم پێناوەدا لە بواری خەڵکخەڵەتاندنی نیشتیمانپەرستاندا کەوتە ململانێ لەگەڵ نازیزم؛ خوازیاری هەڵوەشانەوەی "ڕێککەوتنی ڤێرسای" و

بەڕێوەنەبردنی "پلانی یانگ"[18] بوو و تەنانەت دەستی دایە کارێک هیتلەریش زاتی نەدەکرد خۆ لە قەرەی بدا , واتە خوازیاری چوونە دەرێی هێزە داگیرکارەکانی ئیتاڵی لە تیرۆلی باشوری (Tirolo del sud) بوو. چەند جارێکیش وا هەڵکەوت وێکچوونی هاوکێشە سیاسییەکانی هەر دوو لایەن ببێتە هۆی هاوکاریی برایانەیان لە چەند بوارێکی کردەوەییدا. یەکێک لەم هاوکارییە هاوبەشانە لە کاتی ڕیفراندۆمی دژی دەوڵەتی سۆسیال دیموکراسیی پرۆس بوو . ئەم ڕیفۆرمانە سەرەتا نازییەکان دایانهێنا و کۆمۆنیستەکان دژایەتییان کرد و دەیانگووت پێشنیاری قووتکردنەوەی ئەم ڕیفراندۆمە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە , کەچی دوایی بە ئەمری مۆسکۆ پشتیوانییان لێکرد و بۆ پاساودانەوەی ئەم پاشەکشێیەی خۆیان باسی ئەم ئەسڵەیان هێنایە گۆڕێ کە "بۆ سەرکوتکردنی فاشیزم بەر لە هەرشتێک دەشێت بە سەر کەلاکی بۆگەنیوی دیموکراسیدا بڕۆیت". لە سەروبەندی ئەم هاوکارییەدا جاروبارە دەبینرا گرووپە کۆمۆنیستەکان , هاوهەنگاو و هاوکات لەگەڵ نازییەکان دێنە سەر شەقام و دەوروبەری ئاپارتمانە گەورەکانی کرێکارنشین و بە تێکڕایی داوا لە خەڵک دەکەن دژی حکومەتی سۆسیال-دیموکرات دەنگ بدەن. یەکێکی تر لەو هاوکارییە برایانەیەی

[18] ڕێککەوتنی ڤێرسای ڕێککەوتنێک بوو لە کۆشکێکدا هەر بەم ناو لە فەرەنسە کرا و بە پێی ئەم ڕێککەوتنە جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێهات، و پلانی یانگ بریتییە لەو پلانەی ساڵی ١٩٢٩ بە سەرۆکایەتیی یانگ خاوەن بانکێکی ئەمریکی داڕێژرا. ئەم پلانە باسی چۆنێتیی دانەوەی زەرەر و زیانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە لایەن ئەڵمانیاوە دەکرد.

کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانی و نازییەکان لەکاتی مانگرتنی گەورەی کرێکارانی بەشی گواستنەوەی بێرلین بوو لە ساڵی 1932 کە هەردوو دەستە چالاکانە بەشداریان تێدا کرد. پاش ئەم بەسەرهاتە، نازییەکان دەیانتوانی ئازادانە لە گەڕەکەکانی کرێکاراندا هاتوچۆ بکەن و وێدەچوو ئەو کەلێن و کەلەبەرەی سەردەمانێک پرۆلیتاریای لە نازیزم دابڕاند و ئەوانی وەک دوو هێزی ئاشتیهەڵنەگر و دژی یەک لێکردبوو , نەمابۆوە. باوەڕ بەوەی تەقاندنەوە و سڕینەوەی شۆڤێنەواری ڕێکخراوە دیموکراتییەکان تەنانەت بە دەستی فاشیزم خۆی لە خۆیدا بە قازانجی ئامانجی کۆمۆنیزمە , وەها لە مێشکی لایەنگرانی مۆسکۆدا ڕیشەی داکوتابوو کە سەرەتا ساڵی 1933 , ئەوکاتی هیتلەر دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت , بلاڤۆکەکانی کۆمۆنیستی لە یەکەم هەڵوێستی خۆیاندا ئەم ڕووداوەیان هەنگاوێکی بەگوڕ بەرەو سەرکەوتنی دواجاری پرۆلیتاریا لە قەڵەم دا و باسی مانای ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوەیان , واتە شکستی گەورەی خۆیان، نەکرد.

جەنابی دەبلیۆ: حەیفە , بە ڕاستی حەیفە حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا ئەوەندە لەڕ و لاوازە. ئەگەر لە جیاتی کات بە فیڕۆدان لە ڕۆما و بێرلین سەرێکمان لە مۆسکۆ هەڵێنابوو , لەوانەیە بمانتوانیبا ئیستالین-مان ڕازی کردبا کۆمۆنیزمی ئەمریکی ببزوێنێ و چالاکی بکات. من چۆن دەتوانم لافی ئەوە لێ بدەم کە ئەمریکا لە مەترسیی

بلشویزم ڕزگار دەکەم، لە کاتێکدا مەترسییەکی وا هەر لە بنەڕەتەوە لە ئارادا نییە؟

تۆمازۆی سەگانی: ئەوەمان لێ ڕوون نییە ئیستالین , بۆ دەستوەشاندن لە زلهێزی نەیاری ڕووسیا , ڕێگاچارەیەکی دیکەی جگە لە یارمەتیدانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا نەبێت. دڵنیا بن ئیستالین پیاوێکە گەر بزانێت کاروباری ئێوە سەر دەگرێ و تێیدا سەرکەوتوو دەبن , بێ ئەوەی گوێ بە هیچ بدات، هەڵبەت بە سڵەوە، دەستی ئێوە دەگرێ و کۆمەکتان دەکات.

جەنابی دەبلیۆ: دیسان دەیڵێمەوە پەرەساندنی فاشیزم لە ئەمریکا , زیاتر لەوەی پێویستی بە پارە بێت پێویستی بە حیزبێکی کۆمۆنیستیی باش لە جۆری ئەڵمانییەکەیەتی.

پرۆفیسۆر پیکاپ: دیسان دەتانەوێ لەسەر ئەم وتووێژە قێزەونە بەردەوام بن؟

جەنابی دەبلیۆ: نا , لە بەر چاوی تۆ، نا. بەر لەم قسانە باسی چیمان دەکرد؟

تومازۆی سەگانی: باسی پێداویستیی پشتیوانیکردنی چەکدارانی حکومی لە ساتەوەختی خۆیدا.

جەنابی دەبلیۆ: ئەرێ، وایە . بەڵام ئایا ئەگەری ئەوە مەزەندە ناکرێت دواتر , لە هەلومەرجێکی ناوەختدا , سەرم بە فەتەڕات بدەن و خۆیان جێگاکەم بگرنەوە؟

تومازۆی سەگانی: بۆچی نا . هەڵبەت دەشێت دەستاوبەجێ دوای سەرکەوتن لە خەباتێکدا , ئاگات لەو لایەنانە بێت کە لەگەڵیاندا یەکت گرتووە . کە وایە، وا باشە ئاماژەیەکی کورت بە مەترسیی کودەتای سەربازی بکەین. بە ڕای من، ناشێت کودەتای سەربازی لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییە تایبەتەکانی سەردەمی خۆمان بە یەک شت بزانین. ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشێکی چەکدارانە لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا لە ئارادا نییە . یەکەم ڕێگر لە بەر دەم شۆڕشێکی وا ئەوەیە فرە لایەنبوونی خواستە سیاسییەکانی نێو وڵات لە هێزی سەربازیشدا ڕەنگ دەداتەوە . هەر بۆیە مەترسی ئەوە هەیە گرووپە سەربازییەکان تیر و شیر لە یەکدی بسوێن. جیا لەمە , دیکتاتۆریی سەربازی دەسەڵاتی ئەوەی نییە بۆ گرفتگەلی سیاسی و سەربازی، کە سەرچاوەی نائارامی و پشێوین، ڕێگاچارەیەکی با کاتیش بێت بە دەستەوە بدات.

دیکتاتۆرییەکی لەمجۆرە تەنیا دەتوانێت ئەو کاربردە نەرێنییەی هەبێت کە ململانێی نێوان حیزبەکان ڕابگرێت و چاوەڕێی ئەوە بێت سێبەری ئارامی و هێمنایەتی سەرلەنوێ بەسەر وڵاتدا بکشێ و ڕژێمی پێشو بێتەوە سەر کار. ئەمەش کاربردێکی پارێزکارانە و میانەڕەوانەیە؛

بەڵام گەر بێت و تێکهەڵچوونی نێوان سیاسەتمەداران تەنیا لایەنی شەخسی نەبێت و گرفتی گەورەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئارادا بێت , دیکتاتۆریی سەربازی بە کەڵکی هیچ نایەت. ڕژێمێکی لەمجۆرە ناتوانێت تەنانەت دەستەوداوێنی ئەو ڕێگاچارە ڕووکەشانەیە بێت کە فاشیزم شانازیی پێوە دەکات. لە بارودۆخی ناچاریدا , هێزە سەربازییەکان دەتوانن لە ڕێگەی جاڕدانی یاسای "دۆخی ئامادەباشیی سەربازی"یەوە، دەسەڵات لە دەست هێزە ناسەربازییەکان وەربگرن. بەڵام ئەم کارەیش سنوور و چوارچێوەی خۆی هەیە و ناشێت بە کودەتا لە قەڵەم بدرێت. ئەم کارە , بە پێچەوانە , جاری وایە تەنانەت لە پێناوی بەربەرەکانیکردن لەگەڵ کودەتا دەکرێت.

لە بەرامبەر ئەو شتەی گوتمان، ئەگەری سەرهەڵدانی دیکتاتۆریی سەربازی لە وڵاتێکدا کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتووە زیاترە، واتە وڵاتێک کە بۆرژوازییەکی ئیمڕۆیی بە واتای ڕاستی وشەی تێدا بەدی ناکرێت , یان گەر بەدی بکرێت ئەوە لەڕ و لاوازە و ڕێکوپێک نەکراوە , و دابەش بووە بەسەر چەند دەستەی جیاوازدا کە هەر کامەو بە دوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیاندان، و لە هەمان کاتدا هەندێ ڕەگەزی بەرچاوی سەردەمی فیۆدالی هێشتا تێدا بەدی دەکرێت. لە وڵاتانی لەمجۆرە، هێزی سەربازی بەهێزترین ئۆرگانی سیاسیی بەردەستی وڵاتە , تاقە ئۆرگانێکی چەقبەستوو کە لە سەرتانسەری

ولاتدا لقوپۆپی لێ دەبێتەوە و پەل بۆ هەموو لایەک دەهاوێژێت. لە دۆخی بێ نەزمی و داماویی سیاسەتمەدارانی قەدیمیدا , هێزی سەربازی بۆی هەیە وەک تاقە لەمپەڕێک لە بەرامبەر شەپۆلی وەک دەڵێن "شێواوی و شپرزەیی" کۆمەڵانی خەڵک و خراپەی "سیاسەتمەداران"دا خۆی نیشان بدات. لە دۆخێکی وادا , کودەتای سەربازی لە زۆر لایەنەوە لە "شۆڕشێکی دیوەخانی" دەچێت. یەکێک لەو وێکچوونانە ئەوەیە کە هەر دوو گۆڕانکارییەکە بە نهێنی وەگەڕ دەکەون و بە ئاسانی و خێرا بەڕێوە دەچن. تاقە خەتەرێک کە هەڕەشە لە بناغەدانەرانی شۆڕشێکی سەربازی دەکات لەوانەیە حەسوودیی ژەنەڕاڵەکانی نەیار بێت , ئەگینا حیزبە سیاسییە قەدیمییەکان مەترسییەکی ئەوتۆیان نییە. پەیامێکی تەلەفۆنی لە بنکەی سەربازیی نیزیک بنکەی حیزبەوە بەستە بۆ ئەوەی ئەم حیزبانە بێنەوە سەر عەقڵ.

جەنابی دەبلیۆ: ئەمە گەڵاڵەیەکی گشتییە کە وردەکارییەکانی دەبێت لە هەر ولاتێکدا بە پێی بارودۆخی هەمان ولات دەستنیشان بکرێت.

تومارۆی سەگانی: کە وایە، لە بارودۆخێک بکۆڵینەوە کە تێیدا ئەو دەورەی دەسەڵاتدارانی سەربازیی سیاسەتمەدار دەیگێڕن تەنیا ئەوەیە ببنە یارمەتیدەری دامەزراندنی ڕژێمێکی دیکتاتۆری لە ولاتدا. هەر بەو

هۆیانەی باسمان کرد , ئەم گۆڕانی ڕژێمە , تەنیا لەسەر دەستی یەک حیزب بۆی هەیە وەدی بێت، تەنانەت گەر حیزبێک خاوەن تایبەتمەندیگەلی هەڵاواردەی خۆی بێت و بەس. ئەم حیزبە لانیکەم پێویستی بە یارمەتیی دەستەیەک لە ئەفسەرانی باڵادەستی هێزی سەربازی دەبێت , بەڵام ئەم تاقمە دەشێت تا ڕادەیەک ئاگایان لە خۆیان بێت , و تەنیا ئەو کاتە دەوێرن پشتیوانیی خۆیان بۆ دیکتاتۆری داهاتوو ئاشکرا بکەن کە سەرکەوتنی دیکتاتۆر لە هەڵبژاردنەکاندا مسۆگەر بێت. جا لە سۆنگەی ئەوەی ئێوە ئەمریکای باکوورتان , نەک ئەمریکای باشوور، وەک مەیدانی چالاکیی خۆتان هەڵبژاردووە، نابێت ئەوەندە لەوە بترسن ژەنەرالێک حکومەتتان لە چنگ دەربێنێ. هەڵبەت دڵ بەوەش خۆش مەکەن ژەنەرالێک چەند دەستەی چەکدارتان بخاتە بەر دەست. تەنیا بۆتان هەیە لە هەندێ زانیاری و ڕێنوێنیی کاکی ژەنەراڵ بێبەش نەبن. لەوانەیە بتوانن هەندێ چەکوچۆڵ وەک خەڵات وەربگرن , ئەو چەک و تەقەمەنییانەی کە هۆی بێ سەروشوێنبوونیان لە جبەخانە بە ناوی " دەسدرێژیی تاقمێکی نەناسراو" ساغ دەبێتەوە. تەنانەت لەوانەیە زۆرێک لە هێزە سەربازییەکان بە شێوەی تاکەکەسی بێنە نێو ڕیزەکانی ئێوەوە و ئەرکی پەروەردەکردنی گرووپە تیرۆریستەکان وەئەستۆ بگرن. بەڵام بە زیاتر لەم شتانە نابێت دڵ خۆش بکەن.

پرۆفیسـۆر پیکـاب: ئـاخری دانتـان بـەوەدا نـا کـە ڕەفتـاری ئایدیالیستیش بۆی هەیـە بـوونی هـەبێت. تکاتـان لێدەکـەم حاشـا لـەم قسەیەی خۆتان مەکەن.

تومازۆی سەگانی: حاشای لێ ناکەم و ئـەو چاکـەیـەش دەرهـەق بـە ئێوە دەکەم، بەڵام بـۆ ئـەوەی پرسـەکە ڕوون بێتـەوە دەبێت وەبیرتـان بێنمەوە کە پـەیوەندیی نێوان هێزە سەربازییەکان و فاشیستەکان نابێت وەک پـەیوەندیی نێوان دەهەندەی سەدەقە و وەرگری سەدەقە لە قەڵەم بـدرێت. پـەیوەنـدیی نێـوان ئـەوان زۆر لەمـە بـە پێچوپـەناترە. هێـزە سەربازییەکانی ئیتاڵی کە باشترین کۆمەکیان بە سـەرهەڵـدانی فاشـیزم کرد , هەر کە بینیان ئەم بزووتنەوەیە لە چ ڕێگایەکەوە و بە یارمـەتیی چ کەسانێک بەرەو مەنزڵی بەدەستەوەگرتنـی دەسـەلات ڕێگـای گرتۆتـە بـەر و چەنـدە تامەزرۆیـە بـۆ گـەیشـتن بـەم ئامانجـە، سـەبارەت بـە بزووتنەوەکـە کەوتـنە گومـانەوە. سـەرەڕای بـەردەوامیی هاوکـاریی سەربازییان لەگەڵ فاشیستەکان , ئەوەندەی پێنەچوو پەیوەندییەکی پڕ لە بەدگومانیی دوولایەنە لە نێوانیان دروست بـوو , ئـەو بەدگومانییـەی دەکـرێ بڵـێن هیچکـات کۆتـایی پـێ نـەهاتووە. لـە لایـەکی دیکـەوە , مەبەستی هیتلەر، ئەو سەردەمەی بەردی بناغەی نازیزم دادەنـرا , ئـەوە بـوو جێگـای هێـزی سـەربازیی "ڕایـش" بگرێتـەوە , و بەشـێوەیـەک لـە شێوەکان , بەرپرسی پڕوپاگەندە و ڕاوێژکاری سیاسی ئـەو هێـزە بێـت.

بەڵام بە پشتبەستن بەو سەرکەوتنە سەرەتاییانەی وەدەستی هێنا , هەوڵی دا ڕێگای خۆی بگرێتە بەر و هێزی سەربازی لە بەرامبەر ئەو کاروبارەی بەڕێوەی بردوون دابنیشێنێ و پێملی بکات شوێنپێی ئەو هەڵگرێت. بەڵام زۆر بە هەڵەدا چوو بوو , و هێزی سەربازی حاشای لە پشتیوانیکردنی کرد. هەر بۆیە، لە دوو کودەتای یەکەمی مانگی مەی و نۆیەمی مانگی نوامبری 1923 بە شێوەیەکی ئابڕووبەرانە تێکشکا، و تەنانەت هیتلەر وای لێ هات هەوای خۆکوژی بکەوێتە کەللەی.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەم جیاوازییانەی ئێوە باسی دەکەن , بە ڕای من زیاتر بە هۆی جیاوازی لە ڕۆحیە دایە. هەر وا کە دەزانن پسپۆرێکی سەربازیی شارەزا و کۆنەکار زۆر هێمن و لەسەرەخۆترە و بە سڵەوە دەجوولێتەوە , کەچی پێشەوایەکی فاشیست لە زاتی خۆیدا ڕۆحییەتێکی پڕ لە هەست و سۆز و ڕۆمانتیکی هەیە.

تومازۆی سەگانی: ئەم پرسە دەشێت جیدیتر شی بکرێتەوە. ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر دەبێت بەردەوام وشیار بکرێتەوە و پێی بگوترێ هیچکات هەوڵ بۆ پیلان یان شۆڕشێک نەدات کە پۆلیس یان هێزی سەربازی پشتیوانی لێ ناکا. لەو مەودا کاتییەی نێوان دوو پیلانی کودەتای ساڵی 1923 , هیتلەر یاداشتێکی لە لایەن شوبنێر – ریشتێر (Scheubner- Richter) وە بەدەست گەیشت کە سەبارەت هەر بەم پرسە وشیاری دەکردەوە؛ ئەو نووسیبووی: "پێش

بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ناتوانرێ شۆڕشی نەتەوەیی وەڕێ بخرێت؛ بە پێچەوانەوە , دەستگرتن بەسەر دامودەزگای پۆلیسیی وڵات مەرجی پێویستی وەدیهاتنی شۆڕشی نەتەوەییە. بە گوتەیەکی تر، پێویستە لانیکەم هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی هێزی پۆلیسی وڵات لە کۆمەڵێک ڕێگای بە ڕواڵەت یاساییەوە بکەوێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی نوێ , گەرچی ڕێگای یاساییش حاشا لە وەگەڕخستنی هەندێ گوشاری کەموزۆر نایاسایی ناکات.....بەڵام ئەم کاروبارانە ئەوەندەی یاساییتر بنوێنن و هەرچی زیاتر پشتیوانی دەروونیی خەڵکی لەگەڵ بێت هەر بەو ئەندازەیەش ڕێژەی مەترسیی شکستەکەی کەم دەبێتەوە." هیتلەر بەو شێوەیەی پێویست و شایان بوو سەرنجی بەم قسە وشیارکەرەوانە نەدا و هەر بۆیە دەستەویەخەی هەندێ ئەزموونی تاڵ بوو کە بۆ هەمیشە کەڵکی لێ وەرگرتن. دە ساڵ دواتر , واتە بەهاری ساڵی 1932 , ئەو کاتەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی نازی و بە تایبەت "ڕووهێم" بە پێداگرییەوە داوایان لێ کرد شۆڕشێکی چەکدارانە وەڕێ بخات. هیتلەر دژ بەم قسانە ڕاوەستا و ئەم پێشنیارەی قبوڵ نەکرد. وەڵامی ئەو ئەمە بوو: هێزی پۆلیس هێشتاکەش هەر لە چنگ دوژمنانی بزووتنەوە دایە. ماوەیەک دواتر بزوتنەوەی نازی ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا تا ئەم تاکتیکانە هەر دووی لە نەمسا بەڕێوە ببات: تاکتیکی یەکەم , واتە شۆڕشی چەکدارانە , و تاکتیکی دووهەم , واتە خۆ بە نێو سەنگەری

دوژمندا کردن و گرتنی ئەو سەنگەرە و پاشان ڕاگەیاندنی ئۆلتیماتۆمی (دوادەرفەت) سیاسی. دەستکەوتەکانی ئەم دوو تاکتیکە بۆ هەمووان ناسراوە و بە ئاشکرایی نیشان دەدا کام یەک بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵە. موسولینی هەر لە یەکەم ڕۆژانی بزووتنەوەی فاشیزمەوە بە وردی لەم بابەتە گەیشتبوو. ئەو هیچکات بە شێوەیەکی جیدی بیری لە وەڕێخستنی شۆڕشێکی چەکدارانە نەکردەوە , گەرچی زۆر جار بۆ هەڵسەنگاندنی دژکردەوەی نەیارانی خۆی ئەوەی کردە دەنگۆ کە فاشیستەکان خەریکی بەرنامەداڕشتن بۆ شۆڕشێکی لەمجۆرەن. ڕووداوی بە ناوبانگی سارتزانا (Sarzana) بە هەموو ئەو کەسانەی هێشتاش ڕازی نەببوون ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ئەگەر گرووپگەلی فاشیستی پشتیوانیی پۆلیس و هێزی سەربازییان لەگەڵ نەبووبا، هێزێکی ڕاستەقینەی ئەوتۆیان نەدەبوو. لەم ڕووداوەدا , پێنجسەد چەکداری فاشیست لە پێکدادانێک لە گەڵ هەشت پۆلیس و سێ سەرباز کلکیان خستە نێو گەلۆزیانەوە و ڕایانکرد، و خەڵکی گەڕەک ڕاوەدوویان نان. دواجار , دە کەس لە فاشیستەکان کوژران و دەیان کەسی تریش بە سەر و دەستی شکاوەوە لە نێوەڕاستی کێڵگەکان کەوتن یان لە زێراب و ڕووباردا خنکان , یان خەڵک بە درەختەوە هەڵیانواسین.

موسـولینی دەیزانـی جەمـاعەتی فاشیسـتەکان بـە بـێ پشـتیوانیی پۆلیس و هێزی سەربازی دەسەلاتێکـی ئـەوتۆیان نییـە , هـەر بۆیـە بـێ ئـەوەی بیـری لـێ بکاتـەوە وەلامـی "نـا"ی بـە دانونتزیـۆ داوە کـە لێـی گێڕابۆوە بچێت بۆ شاری فیومێ. هەر ئەو , لە وەلامـی ئـەو کەسـانەی کە بەهۆی قبوولْ نەکردنی ئەم داوایە سەرکۆنەیان دەکرد نووسیۆتی و دەڵـێ: "مـن خـۆم لـە هـیچ جێگایـەک نەمنووسـیوە و لـە هـیچ ڕێگایەکیشەوە بـە دانونتزیـۆم نـەگوتووە کـە وەگەڕخسـتنی شـۆڕش لـە ئیتاڵیا پابەند بەخواستی منـە. شـۆڕش , سـندوقی سـیحراوی نییـە کـە هەرکات مرۆڤ ئارەزوو بکات بتوانێت درگـاکەی بکاتـەوە و شـتێکی لـێ دەربێنێ...ئەزموون نیشانی داوین شۆڕش بە یارمەتیی هێزی سـەربازی بە ئامانجی خۆی دەگات و بە زەبری چەک ئەنجامی خۆی دەپێکێت."

پرۆفیسۆر پیکاپ: هێرشبردن بۆ سەر ڕۆما چۆن پاسـاو دەدەنـەوە , جەنابی سەگانی؟ شۆڕشـی فاشیسـتی لـە تـەواوی شـارەکانی ئیتاڵیـا و پێشـڕەویی کۆمـەڵێـک هێـزی سـەربازیی ڕێکوپێـک لەشـەڕی گـرتنەوەی شاری ڕۆما , کە موسولینی وەک شەڕێکی خێرا و خەتـەرناک ستایشـتی دەکـات , چـۆن دەتـوانێ لەگـەڵ ئـەو شـتەی ئێـوە لـەوتان گێڕایـەوە یەکبگرێتەوە؟

تۆمازۆی سەگانی: گەر پێتان خۆش بێت، دوایی لەم بارەیەوە قسـە دەکەین.

13

سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی "قابلەمەی نیسکێنە"و کودەتا بە هاوکاریی پیاوانی خاوەن پایە و پلەی حکومی

پرۆفیسۆر پیکاب: بـا وەکـو دوژمنـانی فاشـیزم لـە پرۆپاگەنـدەی خۆیاندا هەوڵ دەدەن ژمارەی قوربانیی تووندوتیژییـەکانی فاشیسـتی زۆر زیاتر لـەوەی هـەیـە نیشـان بـدەن , ئێـوە خۆشـتان دان بـەوەدا دەنـێن ژمارەی ئەم قوربانییانە زۆر کەمترن لە ژمارەی قوربانییـەکانی شۆڕشـی بلشویکی.

تومارۆی سەگانی: ئەگەر دەتانەوێ زۆر جیدی قسان بکەین، دەشێت جیاوازیی نێوان کودەتا و شۆڕش بە وردی دەستنیشان بکەیـن. کودەتـا بریتییـە لـە گۆڕانکارییـەکی سیاسـی و دژایـەتیکردن لەگـەڵ نـەزمی کۆمـەڵایـەتیی بەردەسـت نییـە , بـەڵکـو بـە پێچەوانـە، کاربەدەسـتانی کودەتـا بـە دەنگـی بـەرز ڕایدەگـەیـەنن مەبەسـتیان چاککردنـەوە و

دەستپێداهێنانێکە بەسەر بارودۆخی بەردەستدا , و بە وتەیەکی تر، گەڕاندنەوەیەتی بۆ دۆخی پێشوو. هەر وا کە پێشتر گوترا، ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی ئەوەی لانیکەم بەشێک لە دامودەزگاکانی جارانی حکومەت تێکەڵ بە کودەتا بێت و بەشەکەی دیکەی دژی کودەتا بێت , یان لە بەرامبەریدا هەڵوێستێکی نەزۆکانەی هەبێت. بەڵام ئەگەر دواتر لە جەنگەی کارەکەدا , دەرەنجامەکانی کودەتا سنووری چاوەڕوانیی گشتی ببەزێنن , ناکرێ ئەم حاڵەتە هەمیشە بە حسێبی فرتوفێڵ و زیرەکی و زۆرزانی دابنرێت. لە لایەکی ترەوە، کودەتای فاشیستی یان نازیستی لە زۆر سەرەوە لەگەڵ کودەتای نەریتی جیاوازییان هەیە , بەڵام گرنگترین جیاوازییان لەوە دایە کە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی پیلان لە بەشی هەرەباڵای دامودەزگای حکومی , گوشار دەخرێتە سەر کۆمەڵانی خەڵکیش.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەو بابەتەی من هێنامە گۆڕێ لایەنی هەست و سۆزی تێدا نەبوو , بەڵکو دەمویست جوابی تۆمەتێکم دابێتەوە؛ ئەگینا منیش دەزانم لە هەر هەنگاوێکدا کە مێژووی مرۆڤایەتی هەڵی دێنێتەوە , چەندەها شەپۆل خوێنی لە پەناوە دەڕژێ. ئەو ڕەخنەیەی من هەمە ڕووی لە شێوازی کاری وەزارەتی فێرکاری و پەروەردەی ئێستایە کە باشە بۆچی نایانەوێ ئەم هەقیقەتە بنەڕەتییە بخەنە نێو مێشکی مێرمنالانەوە. ئەم ڕاستییە حاشا هەڵناگرێ کە تیاچوونی

کلێسای ئیمرۆیش لە سۆنگەی تەریککەوتنەوەی دابی خوێناویی قوربانیکردنە. هۆی ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک ئیمڕۆکە بە دەگمەن هەڵدەکەوێ بچن بۆ کلێسا، و گوێپێنەدەرانە لە بەرنامە دینییەکاندا بەشداری دەکەن لەم ڕاستییەوە ئاو دەخواتەوە کە داب و دەستووری قوربانیکردن لەم ئاینانەدا تەنیا بە شێوەی سیمبۆلێک و ڕەمزی بەڕێوە دەچێت. لە پەرستگاکانی خێواندا چیتر لەشی برژوای قوربانییەکان دووکەڵی لێ هەڵناستێت . لە جیاتی ئەوە عوود و ئەسپەندەر دەسووتێنن کە جێنشینێکی قۆڕن بۆ ئەو قوربانییانە. لە قوربانیکردنەکانی سەردەمانی کۆن ئەم هەستە تەومژاوییە لە ناخی مرۆڤەکاندا ماوەتەوە کە تەنیا دەتوانرێ لە ڕێگای پێشکەشکردنی خوێنەوە کەفوکوڵی ڕق و قینی هێزە بان سرووشتییەکان (میتافیزیکییەکان) دابمرکێندرێت، و داوای لێبوردن و لێخۆشبوونیان لێ بکرێت. ئێوە خۆیشتان دەشێت ئاگاتان لەوە بێت هەڵەی سۆسیالیزمی ئەورووپی لە سۆنگەی ئاشتیخوازییەکەیەوە بووە. ئەو کەسەی لە خۆی دەپرسێ "بۆچی فاشیزم و بلشویزم سەرباری ئەو هەموو خوێنەی ڕشتیان , ملیۆنەها لایەنگر و هەواداری هەیە؟"، هەر لە بنەڕەتەوە لە نیازە ناوەکییەکانی کۆمەڵانی خەڵک نەگەیشتووە. ڕشتنی خوێنی ئەم و ئەو خاڵی لاوازی ئەم ڕێبازانە نییە , بەڵکو پیشاندەری هێزی ئەوان , واتە هێزی مەعنەویی ئەوانە. سەرۆکەکانی ئەم

بزووتنەوانە ئەم ڕاستییە ناشارنەوە و لە هەر هەلێکی گرینگ بۆیان هەڵکەوێت بە سەر "گیانی پێشکەشکەرانی شۆڕش"دا هەڵدەڵێن و هەمیشە ئەو هەقیقەتە وەبیر خەڵک دێننەوە کە ڕژێمی تازە سەرکەوتنی خۆی "بە قیمەتی خوێن" وەدەست هێناوە، و هەر بۆیە ئەو ڕژێمە هەقدارە و هەر ئەو مافی بڕیاردانی هەیە.

تومازۆی سەگانی: ژمارەی ئەو فاشیستە ئیتاڵییانەی لە نێوان ساڵانی 1919و 1926 لە تێکهەڵچوونە سیاسییەکاندا کوژران نزیکەی چوارسەدوپەنجا کەسە. ژمارەی کوژراوانی هێزە دژی فاشیستییەکان هەر لەم ماوەیەدا دەگاتە دووهەزار کەس. لەو ڕووەوە کە مەسەلەی گیانی مرۆڤ لە گۆڕێ دایە , دەکرێ بڵێین ژمارەی هەردوولا لە ڕێژەیەکی باڵا دایە. بەڵام بۆچی فاشیستەکان هەست بەم نیازە دەکەن کە لە پڕوپاگەندەکانیاندا ژمارەی کوژراوانی حیزبی خۆیان زیاتر لەوەی کە هەیە نیشان بدەن و لە هەر دەرفەتێکدا ئاماژە بە "هەزاران گیانبەختکردووی فاشیست" دەکەن؟ پێم وا نییە بیانەوێ لە ڕێگای دووپاتکردنەوەی ئەم درۆیەوە خواکان هەڵفریوێنن.

جەنابی دەبلیۆ: پێم خۆشە بزانم ئێوە سەبارەت بە هێرشی فاشیستەکان بۆ سەر ڕۆما دەڵێن چی.

پرۆفیسۆر پیکاپ: چ پێویست بە گوتن دەکات؟ خۆ ئێمە هیچ کاممان لە باسوخواسی سەربازیدا شارەزا نین.

تومارێ سەگانی: بەڵام جەنابی پرۆفیسۆر , شۆڕش پێش هەموو شتێک شەڕێکی سیاسییە و لە پلەی دووهەمدا بۆی هەیە بە شەڕێکی سەربازی لە قەڵەم بدرێت . کودەتای فاشیستیش لە پلەی یەکەمدا شەڕێکی سیاسی بوو کە خۆپیشاندان و نمایشی سەربازیشی لەگەڵ بوو. بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ فاشیزم پێویست بوو تا لەم ڕێگایەوە بتوانێ سۆسیالیست و دیموکراتەکان چاوترسێن بکات. بەڵام دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە , فاشیزم بە ئاسانی توانی پاشماوەی ئەندامانی حکومەتی پێشوو , کە هێشتا بە کورسی و مێزی حکومەتی خۆیانەوە نووسابوون , لە پلەوپایەی فەرماندارێتیی وڵات بخات. ئەم ڕاستییە ئیتر پەیوەندیی بە شایستەبوونی دیکتاتۆری داهاتووەوە هەیە کە چۆنچۆنی بتوانێت تەسلیمبوونی بێ خۆڕاگریی سیاسەتمەدارانی قەدیمی بە سەرکەوتنی شەڕێکی درەوشاوەی سەربازی بێنێتە ئەژمار و خۆی وەک ژول سێزارێکی تازە بناسێنێ. ئەو شتەی یارمەتیی دروستبوونی ئەم ئوستوورەیە دەدات ئەم ڕاستییەیە کە شۆڕشی دەسکردی فاشیزم لە کەشوهەوایەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترسدا ڕوو دەدا کە وەبیرهێنەرەوەی کەشوهەوای شۆڕشە ڕاستەقینەکانە.

لێنین لە نووسراوەیەکیدا بە ناوی "نامەیەک بۆ هاوڕێیان" , لە مانگی ئۆکتۆبری 1917 , باسی ئەو بارودۆخە دەکات کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش. بە گوتەی ئەو، ئەم بارودۆخە بەمجۆرەیە: "دەبێ

ڕوون بێتەوە کە چینی دەسەڵاتدار توانایی حکومەتکردنی نییە , حکومەتی بەردەست دەشێت بەرەو ڕووی دژایەتییەکی هەمەلایەنەی پڕ لە تووڕەیی ببێتەوە , و بۆ شۆڕشێکی کۆمۆنیستی ئەوە پێویستە کە چینە نێوەنجییەکانی کۆمەڵگا هۆگریی خۆیان بۆ بزووتنەوەی کرێکارانی شۆڕشگێڕ نیشان بدەن. ترۆتسکی بزاڤی گەورە و گرنگی شۆڕش بە مستەکۆڵەیەک دەشوبهێنی کە بەسەر تەپڵی سەری نەخۆشێکی ئیفلیجدا بکێشرێت . بەڵام شۆڕشە ڕاستەقینەکان تەنیا بە لەکارخستنی حکومەتی کۆنە و داهێزراو قەناعەت ناکەن , بەڵکو دامودەزگا حکومییەکانیشی تێکدەڕووخێنن و کۆمەڵێک دەزگای لە جیاتی دادەنێن و بنەمای پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاوولاتیان هەڵدەتەکێنن.

بەڵام فاشیزم کودەتای خۆی بە یارمەتیی هەر ئەو پیاوە حکومییانە بەڕێوە دەبات کە پێشتر یارمەتییان دابوو بۆ ئەوەی کەشوهەوای ترس و وەحشەت بەسەر ولاتدا زاڵ بکات. دواجار با ئەوەش بڵێم پێشڕەویی چارەنووسسازی پێشەوای فاشیست بەرەو پێتەخت بۆی هەیە بە شەمەندەفەرێکی پلە یەک بێت کە قەرەوێلەیەکی باشی تێدا بێت.

جەنابی دەبلیۆ: ئەو شتەی ئێوە باسی دەکەن لە چیرۆکی فیلمێکی "کارتۆنی" دەچێت. پێتان وا نەبێت نیازی سووکوچرووککردنی کەسێکم هەیە؛ خۆم هۆگری چیرۆکی فیلمی "کارتۆنیم".

تومازۆی سەگانی: بەڵام ئەو شتەی من دەمویست بیڵێم ئەمە بوو کە لە بارودۆخی گشتی و گونجاو بۆ شۆڕش , دیکتاتۆری داهاتوو دەشێت زیاتر لە فرتوفێڵ و تەڵەکەبازی سود وەربگرێت تا وەک لە هێزی سەربازی. جا ئێستا دەمەوێ سەرنجتان بۆ سێ خاڵی گرینگ ڕابکێشم. یەکەم ئەوەی , پێش وەگەڕخستنی کودەتا دەبێت باوەڕی هێزە سەرەکییەکانی ئابووریی وڵات بۆ لای خۆتان پەلکێش بکەن.

جەنابی دەبلیۆ: ئایا مەبەستتان ئەم قسە نەستەقە فەرەنسییە نییە کە دەڵێ: "شەڕ بە زەبری پارە دەکرێت "؟

تومازۆی سەگانی: بەڵێ , ئەم قسە نەستەقە پوختەی ئەو باسەیە دەمەوێ بیکەم.

جەنابی دەبلیۆ: کە وایە، جێی نیگەرانی نییە خۆم باش دەزانم چی بکەم.

پرۆفیسۆر پیکاپ: سەرم لە قسەت سوور دەمێنێ , کاکی برا. سەرچاوە داراییەکانی تۆ تەنیا لە سایەسەری ئەو یارمەتییانەوە دابین دەکرێ کۆمپانییە نیوە یاسایی یان تەواو نایاساییەکان، کە هەڵسووڕێنەری قومارخانە و قەحبەخانەکانن، دەیخەنە بەردەستت. ئاشکرایە تۆ هەر لە بنەڕەتەوە نازانی کودەتایەک چەندە خەرج هەڵدەگرێت.

جەنابی دەبلیۆ: مەرجی پێویست هەر ئەو شتەیە جەنابی سەگانی ئاماژەیان پێ کرد، و لە باسەکانی پێشوودا بە وردی لە سەری دواین , واتە، دروستبوونی بارودۆخی گشتی و گونجاو بۆ کودەتا. ئەگەر بارودۆخێکی لەم دەستە بێتە گۆڕێ , گومانم نییە سەرمایەدارەکان دەستم دەگرن و یارمەتیم دەدەن.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئایا خاوەن سەرمایە گەورەکانیشت , کە لە موحافیزەکاریدا بەناوبانگن , لە بەر چاو گرتووە؟

جەنابی دەبلیۆ: دەنا من هەر چاوم لەم ڕۆحییەتە پارێزکارانەیەی ئەوانە. یەکێک لە گرینگترین کەسایەتییەکانی پیشەسازیی شەکری ئەمریکا لەم دواییانە و لە کاتی دادگاییکردنێکی لە شاری واشینگتۆن گوتی، کۆمپانییەکەی ئەو لە هەر بارودۆخێکدا پشتی حیزبی زۆرینە بەر نادات , ئیدی چاوی لەوە نییە کام یەک لەم دوو حیزبەی ئەمریکا حیزبی زۆرینە بن. پێیان گوت ئەگەر دۆخەکە نادیار بێت ئەو کات کۆمپانییەکەی ئەو چی دەکات؟ وەڵامی دایەوە لەم حاڵەتەدا، کۆمپانییەکەی ئەو لە باری دارایییەوە هەردوو حیزبەکە بە سەر دەکاتەوە. کە وایە، دیسان دەیڵێمەوە , ئەگەر ئەو دۆخەی من لە بەر چاومە وەدی بێت، چۆنێتیی وەدەستهێنانی پارە کارێکی زەحمەت نییە بۆم.

تومازۆی سەگانی: دیسان بۆ جارێکی تر تووشی ئەو هەستە ناخۆشە بووم کە خەریکم مامۆستایەکی کۆنەکار فێرە شت دەکەم.

جەنابی دەبلیۆ: خەریک بوون باسی سێ خاڵەکەتان دەکرد.

تومازۆی سەگانی: بەڵێ. خاڵی دووهەم پەیوەندیی بەو باسەوە هەیە کە دەکرێ ناوی بنێین شەڕی "قابلەمەی نیسکێنە"[19] , کە چۆنێتیی ڕەفتاری دیکتاتۆری داهاتوو لەگەڵ سیاسەتمەداران و دەسەڵاتدارانی قەدیمی دەستنیشان دەکات. ئەم سیاسەتمەدارانە زۆرتر کەسانێکی کلاوچی و فێڵبازن کە لە بۆتەی هەمەجۆر پیلان و خەیانەت و بگرەوبەردەدا تواونەتەوە، و دەسەڵات بە میراتێکی بابوباپیرانیان دەزانن کە بەر لە هەمووکەس بەوان دەگات، ئەویش چونکی ئەوان "یەکەم ڕۆڵە"ی باوکیانن. عەقڵ و مەنتق پێیان دەڵێ سەردەمی ئەوان بەسەرهاتووە , بەڵام نایانەوێت دان بەم ڕاستییەدا بنێن. ڕاست وەک ئەو نەخۆشەی کەوتۆتە ئاویلکە و چەند سەعاتێک پێش مردنی لە ناکاو وێدەچێ حاڵی باشتر بووبێت , ئیشتیای خواردنی دەکرێتەوە و خزم و کەسوکاری خۆی دەناسێتەوە و ئەو نیشانانەی دیکەی چاکبوونەوەی مەجازیی پێوە دیار دەبێت کە پیرێژنان پێی دەڵێن "شیفای مەرگ".

---

[19] ئاماژەیە بە چیرۆکی عیسو، برا گەورەی یەعقووب، لە تەوراتدا. ڕۆژێک عیسو بە دەستی بەتاڵ و زگی برسی لە ڕاو دەگەڕێتەوە. یەعقوبی برای لە ماڵەوە نیسکێنەیەکی بەتام و چێژی لێناوە. عیسو بۆ ئەوەی بتوانێ نیسکێنەکەی لێ بستێنێ لە مافی "کوڕی گەورەی ماڵ"بوونی خۆی دەست دەشواتەوە؛ واتە، ئەو مافە تایبەتانەی بە پێی دابێکی کۆنی یەهوود ئی منداڵی یەکەمن بە کردەوە بە یەعقووبی دەدات. "مامەڵەی قابلەمەی نیسکێنە" بریتییە لە دەستشوشتنەوە لە شتێکی پڕبایخ بە قیمەتێکی کەم.

ئەو ڕژێمەش کە وا سەردەمی کۆتایی پێ دێت و مەرگ لە حاست خۆی دەبینێ , ئەو دواین فرتوفێڵانەی لەبەردەستی ماون دەخاتە گەڕ , مانۆڕ لێدەدا و خەڵک خەڵات دەکا , شەپۆلی گرتن و لێدان وەڕێ دەخات و هەڕەشەوگوڕەشەی بەردەوام دەکات و جموجووڵی مەجازی و فریودەرانە لە خۆی دەنوێنێ. لەم سەروبەندەدایە ڕۆژنامەوانانی ئاگادار دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک هەواڵی هومێدبەخش: "لە سۆنگەی بوێری و تووندوتۆڵیی حکومەت مەترسیی کودەتا بە گشتی دوایی پێهات" , "بە هۆی هەڕەشەی حکومەتی ڕۆما کە دێت و بۆ بەربەرەکانیکردنی هێزەکانی فاشیست لە توانای هێزی سەربازی کەڵک وەردەگرێ , موسولینی لە بڕیاری پێشڕەوی بەرەو پایتەخت پاشگەز بووە. "حکومەتی شلایشێر Schleicher پێشنیاری کردووە سەربەخۆیی ئوتریش بۆ هەمیشە دەستەبەر دەکات....." بەڵام ئەو سیاسەتمەدارە ڕاستەقینەیەی سیاسەت هەر بەو شێوەیەی بناسێت کە پیرێژنێکی گوندی پرسی لە دایکبوون و مەرگ دەناسێت , دەستبەجێ دەزانێ ئەم جموجوڵە هەر ئەو حاڵەتە چاکبوونەوە خوازراوەیە کە چەند کاتژمێرێک بەر لە مەرگ ڕوو لە نەخۆش دەکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: پێشنیار دەکەم بۆ ئەم دیاردەیە لە دەستەواژەی شاعیرانەی "خوێندنی قوو" کەڵک وەربگرن.

تومارۆی سەگانی: لە ئیتاڵیا شتێکی لەم جۆرەیشمان بە چاو دیت. لە یەکەم ساتەکانی پێشڕەویی فاشیستەکان بەرەو ڕۆما , هەندێ لە سیاسەتبازانی قەدیمی بەو هیوایەی بتوانن بەر بە لافاوی ڕووداوەکان بگرن دەستەوداوێنی دانونتزیۆ بوون , و وەک چۆن دەزانن ئەو شاعیرێک بوو لە زاتی خۆیدا زۆر لە قوو دەچوو. جا لە سۆنگەی ئەوەی دانونتزیۆ هەلێکی لەبار بۆ قسەکردنێکی بەشانوشکۆی بۆ هەڵکەوتبوو , دیارە پێشنیاری ئەوانی قبووڵ کرد. بڕیار وا درا ئەو ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەیەکی "ئاشتیی نەتەوایەتی" پێکهاتوو لە خەباتکارانی شەڕی ڕابردوو وەئەستۆ بگرێت , و هەر ئەو خۆی دەستی بە ڕێکوپێککردنی کاروباری ئەم بزوتنەوەیە کرد. هەر لەو کاتەشدا و لەپەرلەمانی ئەنجومەنی ئیتاڵیاش هەندێ جموجوڵی بە دزی , بۆ چاوترسێن و کەویکردن یان نەرمکردن و وەدەستهێنانی دڵی موسولینی دەستی پێکرد , تەنانەت هەندێ فاشیستیش هەبوون بۆ قەبڵاندنی سازان و ئاشتی گوشاریان دەخستە سەر ئەم و ئەو , چونکی دەترسان ئەم دەرفەتە باشە لە کیس بچێت.

هەر ئەم دۆخە ساڵی 1932 لە ئەڵمانیاش هاتە ئاراوە. ئەویش ئەو کاتە بوو باڵێک لە بزووتنەوەی نازی بە ڕێبەرایەتیی ئوتوئیشتراسێر ڕای وا بوو بزووتنەوەکەیان خەریکە لاواز دەبێت و وا باشە تا زووە وەک لایەنێکی کەمینە لە حکومەتێکی هاوپەیماندا

بەشداری بکات. بەڵام هیتلەر عاقڵێتی کرد و ئەم پێشنیارەی قبووڵ نەکرد؛ هەر وا کە چەند مانگ پێشتر لەمەش , بۆ دواین جار پێشنیاری ڕوهم و هەندێ لە سەرۆکەکانی تری نازیی بۆ وەڕێخستنی دەستاوبەجێی کودەتا ڕەت کردبۆوە.

جەنابی دەبلیۆ: ئێستا بۆ ئێمە , گوتنی ئەوەی کام یەک لەم لایانەنە هەقیان بە دەست بووە کارێکی ئاسانە , بەڵام لەو سەروبەندەدا ڕووداوەکان لەوانە بوو ڕێگایەکی دیکەیان بگرتایەتە بەر.

تومازۆی سەگانی: ئەگەر بارودۆخێکی لەم چەشنەتان بۆ بێتە پێش , تەنیا نەزانین و بێئاگایی ئێوە ڕەنگبێ گوو لە کارەکەتان بکات. هۆمێدتان بە تووڕەهاتی سیاسەتمەدارانی قەدیمی نەبێت. هەر کام لەوان ئاواتی ئەوە دەخوازن لە ڕێگای قوربانیکردنی ئەوانی دیکەوە خۆیان ڕزگار بکەن؛ بۆیە لە ڕەفتارتاندا لەگەڵ ئەوان خۆتان تامەزرۆ نیشان مەدەن , تۆندوتیژ و دڵناسکیش مەبن؛ وا بنوێنن گوێ بۆ گوتەکانیان ڕادەگری و لە حاڵەتی سەرگەردانیدا ڕایانبگرن. پێشنیاری هاوکاریتان دەخەنە بەردەست , هەمەجۆر هاوپەیمانی , گەڵاڵەی ڕەنگاوڕەنگ بۆ چاککردنەوەی کاروباری سیاسیی وڵات , کۆمەڵێک گەڵاڵە بۆ یەککگرتنەوەی بەکردەوەی ئەو گرووپانەی هەڵوێستی نیزیک لە یەکیان هەیە , و دامەزراندنی کۆمەڵێک کۆمیتەی ڕزگاریی نەتەوایەتی بە سەرۆکایەتیی کەسایەتییە بێلایەنەکان.

وا بنـوێنن سـەرنج بـە یـەک بـە یـەکی پێشـنیارەکان دەدەن , بـەڵام ڕەخنە لە وردەکارییەکانی هەموویان بگرن. ئەگەر هات و گەڵاڵـەیـەکیان بـە پێـی ویسـتی ئێـوە گـۆڕی، پـەڵـپ و بیانوویـان پـێ بگـرن کـە بارودۆخێکی تازە هاتۆتە ئاراوە و پێویست بە گـەڵاڵـەی دیکـە دەکـات. ئەم وەهمە لە هەناوی هەر کام لە گرووپەکـان بچێـنن کـە گرووپـی ئـەو تاقە گرووپێک دەبێت لە کودەتای حاشاهەڵنەگری داهاتوودا بێ ئـەوەی تۆزی لێ بنیشێ ڕزگاری دەبێت. ئەو کات دەبینین ڕێبـەرانی قـەدیمی و بەناوبانگی پەرلەمانی بە ڕاشکاوی "هەر چەشنە دژایەتییـەکی بنـەڕەتـی لەگـــەڵ فاشـــیزم" شـــەرمەزار دەکـــەن و ستایشـــتی "بـــاڵاکردن و وەگەڕکەوتنی" فاشیزم دەکەن. ئیتر کەس ناوێرێ حاشا لە مـافی ئێـوە بۆ دامەزراندنی حکومەت بکـات. تـەنیا لـە سـەر چـۆنێتیی دامەزراندنی حکومەت و ئـەوەیکـە چ کەسـانێک تێیـدا بەشـداری دەکـەن بـاس دێتـە گۆڕێ. دژایـەتیکردنی هەنـدێ کەسـی کەللـەڕەقـی دژی فاشیسـت , لـە لایەن زۆر کەسەوە وەک هەوڵێک لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی نەیاران و بیانییەکان شەرمەزار دەکرێت. سیاسـەتمەدارانی کۆنـەکار قەناعـەت بـە خەڵک دێـنن کـە وا بەشـداریی فاشیسـتەکان لـە حکومەتـدا بەقازانجـە. هەڵبەت ئێوە دەشێت سەر لەبەری ئەم پێشـنیارانە ڕەت بکەنـەوە , بـێ ئـەوەی "قابلمـەی نیسـکێنە"ی حکـومەتی هاوپـەیمـان لـە بـەر چـاوی بەتەماحیان دوور بخەیتەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: پێتان وایە ئەم ڕێوییە فێڵزانانە وا بە ئاسانی بکەونە داوەوە؟

تومازۆی سەگانی: بەڵێ. ئەمانە سیاسەتبازانێکی لێزانن؛ هەندێکیان لە فێڵەزانی و هۆقەبازیشدا ناوبەدەرەوەن , بەڵام ئەو فرتوفێڵانەی لێی شارەزان هەر بە کەڵکی کایەی پەرلەمانی دێن و ئاگایان لە پێچوپەنای یاساگەلی زاڵمانەی کودەتا نییە. دیکتاتۆری داهاتوو دەشێت لە تەک ئەم تاقمە , وەکو پشیلە لە تەک مشک , کایە بکات. نموونەتان دەوێ؟ نوامبری 1849، لویی بوناپارت ڕایگەیاند ئامادەیە بۆ ئەوەی حکومەتێکی پێکهاتوو لە وەزیرانی غەیری پەرلەمانی قبووڵ بکات. ژانویەی 1851، ڕەزامەندیی نیشان دا و ئەو حکومەتەی پەرلەمان دەستێکی لە پێکهێنانیدا نەبوو، قبووڵ کرد. یازدەی ئاوریلی هەمان ساڵ، خوازیاری پێکهاتنی حکومەتێکی دژی پەرلەمانی بوو. نموونەیەکی تازەترتان دەوێ ؟ ئاخروئۆخری ژانویەی 1933 , لە سەرەتاکانی هەڵبژاردنی گشتیی ئەڵمانیادا , هیتلەر بەڵێنی شەڕەفی دا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەر چییەک بێت , وەزیرانی ئامادەبوو لە کابینەدا لە پلەوپایەی خۆیاندا بهێڵێتەوە.

دوای 27ی فێبریوێری، بارودۆخێک پێش هات ئەم بەڵێنە ئیتر سەلکە تووڕێکی نەدەکرد. هەر بەوجۆرەی گوبلز گێڕاوییەتەوە , لە کۆبوونەوەکانی کابینەی هیتلەر هۆگێنبرگ (Hugenbeg)دا ئیتر

باسوخواسێک نەدەکرا و دەنگدان نەما , چونکی هەرچی بڕیار بوو هیتلەر دەیدا. هەر مانگی جونی ئەو سالّە هۆگێنبرگ-یان لەسەر کار لا دا؛ نیسکێنەی نێو قابلەمەکەی تەواو ببوو. لەم سەروبەندەدا , سۆسیال دیموکراسی تووشی چارەنووسێکی لەمەش خراپتر هات . ئۆتۆ وێلّز (oto wels) , ڕێبەری ئەم حیزبە , لە ڕۆژی سێهەمی مارس دەستی لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست شوشتەوە؛ بەو هیوایەی پێش بە هەلّوەشاندنەوەی حیزبەکەی بگرێت (ئینتەر ناسیۆنال سۆسیالیست لە بڕیارنامەکەیدا ڕژێمی هیتلەری شەرمەزار کردبوو). ڕۆژی 27-ی ئاوریل , لە هەوڵێکی دیکە بۆ پێشگرتن بە هەلّوەشانەوەی حیزب , کادیری ڕێبەرایەتی تازەی بۆ هەلّبژێردرا , و بە ئەندامانی فەرمان درا تەنیا لە چوارچێوەی ئیمکاناتی تازەدا درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن. بەلّام ئەم کارانە بە کەلّکی هیچ نەهات. ڕۆژی دەیەمی مانگی مەی , بە دەستووری گورینگ هەرچی نووسینگەی حیزبی و بنکەی ڕاگەیاندنی سۆسیال دیموکراتەکان بوو داگیر کرا. وێدەچوو ئەمەش بەست نەبێت , چونکی دەسەلّاتی گرووپی پەرلەمانی سۆسیال دیموکراتەکان تا ئەو ئاستە دابەزی کە ڕۆژی 17ی مانگی مەی , دانیان بەو وتارەی هیتلەردا نا کە لە پەرلەمان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی تازەی ئەلّمان پێشکەشی کرد. بەر لەم قسانە هەڕەشەیان لە نوێنەرانی سۆسیال دیموکرات کردبوو کە ئەگەر بێت و

دەنگی نا بدەن، ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە؛ با ئەوەی ئەوان دەنگی ڕەزامەندییان دا , کەچی ئەم مەترسییە هەر وا بەردەوام بوو.

جەنابی دەبلیۆ: خاڵی سێهەم کە دەتانویست بیڵێن چی بوو؟

تومازۆی سەگانی: دەشێت تۆزێک بگەڕێینەوە دواوە. وا باوە قۆناغی پێش دەستپێکردنی کودەتا بە پیلانێک دەزانرێ , یان هەڕەشە لە گیانی کەسێک دەکرێ , کە دەبێتە مایەی تووڕەیی و بێزاریی هەموکەس و ڕێگا بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی کودەتا خۆش دەکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: یانی حوکمی قەزاوقەدەر هەموکات بەم وردییە جێبەجێ دەکرێت؟

تومازۆی سەگانی: بەڵێ. پیلانداڕشتن و هەڕەشەکردن لە گیانی کەسێک هونەرێکی کەم تا کورت پڕ لە وردەکارییە و ناکرێ بیانخەیتە ئەستۆی کۆمەڵێک ڕووداو و بەسەرهاتی پێشبینینەکراو. سەرکەوتووترین پیلان و هەڕەشە ئاشکرایە ئەو جۆرە پیلانانەیە کە بۆ ئامادەکردنی , دەستی پۆلیسی تێدا بێت؛ بەڵام ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە دیکتاتۆر دەشێت بزانێت چۆنچۆنی لە کاریگەرێتییە کاتییەکانی هەڕەشە و پیلانەکان سوود وەربگرێت. بە گشتی , باشترین و کاریگەرترین پیلان یان هەڕەشە ئەو جۆرانەیە کە پیشاندەری هاوکاریی باشی "دوژمنی ناوخۆ" , واتە نەیارانی دەمارگرژی خاوەندارێتی و ئیمان و ئەخلاقی گشتی لەگەڵ "دوژمنی لەمێژینەی بیانی" بێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: دیسان لە بیرتان چۆوە لە وڵاتی ئێمە مەترسیی کۆمۆنیزم لە ئارادا نییە.

تومازۆی سەگانی: جا ئەوە باشتریش. پیلانێکی ساختەچییانە و دەستکرد کە باش داڕێژرابێت سەرلەبەری باشییەکانی پیلانێکی ڕاستەقینەی تێدایە , بێ ئەوەی تاقە عەیبێکیانی هەبێت. جیا لەمە , خۆ ئۆکتۆبەری 1922 لە ئیتاڵیا و مارسی 1933 لە ئەڵمانیاش مەترسیی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی لە ئارادا نەبوو , بەڵام موسولینی و هیتلەر توانییان ئەفسانەیەکی لەمجۆرە بخوڵقێنن و سوودی خۆیانی لێ وەربگرن. دواتریش , هەرکات بە قازانجیان دەبوو پەرەیان بە باسوخواسی ئەم ئەفسانەیە دەدا و سوودیان لێ وەردەگرت.

لە هەر جۆرە کودەتایەکدا , بەرنامەی "ڕزگارکردنی نیشتیمان لە مەترسییەکی نیزیکەوڕوودان" گرینگایەتییەکی بنەڕەتی و چارەنووسسازی هەیە، و من بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم بە پێداگرییەکی زۆرەوە سەرنجتان بۆ ئەم پرسە ڕابکێشم. نموونە مێژوویەکان ئەوەندە زۆرن مرۆڤ نازانێ کامیان هەڵبژێرێ و پەنجە بخاتە سەر چەندیان. ئەم شێوەیە بۆ هەموو جۆرە کودەتایەک دەگونجێت , لە کودەتای بوناپارتی و سەربازی و فاشیستەوە بیگرە تا دەگەییە تەنانەت کودەتای دژی فاشیستی. ناپلیۆن بوناپارت بە

یارمەتیی سەربازەکانی هۆڵی "ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی"[20] داگیرکرد و نازناوی "کۆنسول"ی خستە پاڵ ناوی خۆی؛ بیانووەکەشی ئەوە بوو دەیەوێ "زۆرینەی ئەنجومەن لەچنگ کۆمەڵێک خاینی بەکرێگیراوی بریتانی ڕزگار بکات". بەڵام بۆ ڕاگواستنی ئەنجومەن لە پاریسەوە بۆ سێن کلو (saint- cloud) و ئاسانکردنەوەی کاروباری کودەتا , پێویست بوو کۆمار بکەوێتە خەتەرەوە. ئەم ئەرکەیان خستە سەر شانی سیەیس، سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە. خۆرنشینی ڕۆژی 24ی دیسامبری 1800 , لە حاڵێکدا ناپلیۆن , واتە "کۆنسولی یەکەم" بۆ ئۆپێرا دەچوو , بۆمبێک لە نزیک گالیسکەکەی تەقییەوە. پۆلیس هۆکاری ئەم هەڕەشەیەی خستە پاڵ ژاکوبنییەکان. پێنج ژاکوبنی لە دار دران و 98 کەسی دیکە بۆ گینە شاربەدەر کران. نۆیەمی مارسی 1804 پیلانی هەڕەشەیەکی دیکە , بەر لەوەی جێبەجێ بکرێت , بە یارمەتیی پۆلیس ئاشکرا بوو. ناپلیۆن ئەم هەلەی قۆستەوە و دوک ئانگێن (Duck Enghein) و چەند کەسی تری تیرەباران کرد. کە ئەم ڕووداوە بەسەردا هات , ڕێگا بۆ ڕاگەیاندنی ڕژێمی ئیمپراتۆری خۆش بوو.

بۆ دامەزراندنی سەرلەنوێی عەشیرەتی بۆربۆن —یش هەر ئەم ڕێگایەیان گرتە بەر؛ کە بۆ ئەم بابەتە , هەر ئەوەندە بەستە وەبیر

[20] "ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی" ساڵی ١٧٩٥ لە فەرەنسا دروست بوو، و لەگەڵ ئەنجومەنی "پیران" دەسەڵاتی دادوەریی وڵاتیان پێکدێنا. ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی پاش کودەتای ١٨ی برۆمێری بوناپارت (١٧٩٩) هەڵوەشایەوە.

ئـەو پیلانانـەتان بخـەمەوە کـە بـە پیلانـی "دەرزیلـەی ڕەش " و "پاتریستەکانی 1816" (Patristes de 1816) ناسراون.

ئـەم هەقیقەتـە کـە ئـەو فرتوفێڵـە کۆنانـە، کـە ئەگـەر سـەدجاریش ئاشـکرا بـووبێتن، دیسـان بۆیـان هـەیـە بـە ئاسـانی خـەڵکـی ئاسـایی هەڵخەڵەتێنن , دەبێتە مایـەی هومێدواریی ئـەو کەسانەی وا دەیانـەوێ ببنە دیکتاتۆر. ڕاستییەکەی ئەوەیە کۆمەڵانی خەڵک یادەوەریی باشـیان نییە. مانگی جونی ساڵی 1921 , ئـەو کاتـەی دەمـەقڕەی موسـولینی لەگەڵ ئەندامـە تونـدڕەوەکانی حیزبەکـەی لـە گۆڕێـدا بـوو , موسـولینی نووسـی: "مەترسـیی کۆمـۆنیزم ئیتـر لـە ئیتاڵیـا بـەدی ناکرێـت , ئـەو کەسەی لافی ئەوە لێدەدا خەتەری بلشویزم لە وڵاتـی ئێمـەدا هێشـتاش هەسـتی پێـدەکرێت واقیعـەکان دروسـت ناناسـێ؛ بلشـویزم هەرەسـی هێناوە". کـەچی سـاڵانی دواتـر هـەر ئـەو , واتە موسـولینی، مەترسـیی کۆمۆنیزمی کردە بیانووی کودەتا.

بەڵام مرۆڤ لە هەق لا نـەدا کە وا زیرەکـی و وریـایی ئـەڵمانییـەکان لـەوە دایـە هـەر بیـر و ئەندێشـەیـەک دەخەنە نێـو قـەوارەیـەکی سیسـتەماتیکەوە و سـەرلەبەری وردەکارییـەکانی پێشـبینی دەکـەن. کودەتای هیتلەر زۆر بە وردی و چاوەدێرییەکی تایبەت، کە یەکێکـە لـە تایبەتمەندییەکانی هونەری سیستەمی پرۆسـی، گـەڵاڵـەی بـۆ داڕێـژرا و جێبەجێ کرا. تەوەری سەرەکیی ئەم گەڵاڵە ستراتیژیکە هـەمان بابـەتی

"خەتــەری کۆمۆنیســم"بوو. ڕوهــێم لــە "بیرەوەرییــەکانی" خۆیــدا زۆر لەوەپێش دان بەم ڕاستییە دادەنێت . ئــەو لــە باسوخواســەکانی خۆیــدا سەبارەت بە کاروباری سەربازیی نازییەکان لە پێناوی بەدەستەوەگرتنی دەســەڵات ئاگادارمــان دەکاتــەوە و دەڵــێ: "ڕۆوپاگەنــدەی حیزبــی ئێمــە دەشێت وا بنوێنێ کە ئــەم کاروبــارە ســەربازییانە بــۆ بەربــەرەکانیکردن لەگەڵ شۆڕشی ڕۆ لە تووندوتیژیی کۆمۆنیستەکانە." ئەم قســانە کەوتنــە بەر سەرنج و لە یەکەم دۆخی گونجاودا بە کار بران.

پرۆفیسۆر پیکاپ: لە بێرلین بە ئێمەیان گــوت، پــۆلیس فێبریــوێریی 1933 , لە ژێرزەمینی مــاڵی "کــارل لیبکێنشــت" (باڵەخــانەی حیزبــی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا) کۆمــەڵێــک ســەنەد و بــەڵگــەیــان دۆزیوەتــەوە کــە دەیسەلماند کۆمۆنیستەکان بۆ چەنــد ڕۆژی دواتــر خۆیــان لــە شۆڕشــێک خۆش کردبوو.

تومازۆی سەگانی: چەند ساڵێک بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە , بــەڵام هێشــتا ئــەم ســەنەد و بــەڵگانــە بڵاونەکراونەتــەوە و هــیچ دادگایــەک لــە ئەڵمان شی نەکردوونەتەوە. ڕاســتییەکەی ئــەوەیــە هــیچ پێویســتێک بــە شــیکرنەوەیــەکی وا ناکــات , چــونکی ئــەو هــەموو بــەڵگــە دۆزراوانــە چ نەبوون جگە لە کۆمەڵێک کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی ناسراو و ئاســایی. مەزندەی ئــەوە دەکــەم پۆلیســی وڵاتــی ئێــوەش لــە کــاتی پێویســت بــە

ئاسانی لە دەستی دێت کۆمەڵێکی زۆر کتێبی گومانلێکراو و جێگای شک بدۆزێتەوە.

جەنابی دەبلیۆ: کتێبخانەی کۆنگرەی ئەمریکا پڕیەتی لەمجۆرە کتێبانە. ئایا بەڵگەیەکی لەمە باشتر بە دی دەکرێت کە لە ڕێگایەوە بکرێت خەیانەتی دەسەڵاتدارانی کۆنی وڵات بە خەڵکی ڕەشۆکی بسەلمێنرێت!

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام ئەگەر هات و نەیارانت خوازیاری بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگانە بوون چی دەکەی؟

تومازۆی سەگانی: دەتوانن وەڵامی باش بەم خواستە بدەنەوە. ئاشکرایە زۆربوونی ژمارەی بەڵگە دۆزراوەکان پاساوی بڵاونەکردنەوەی سەرلەبەری ئەم بەڵگانە دەداتەوە . جگە لەمە , بە ئاسانی دەکرێ هەر بابەتێکی بتەوێ لە هەر کتێبێکی پێت خۆشبێت دەریبێنی. بۆ ئەم کارە هەر ئەوەندە بەستە هەندێ ڕستە لێرە و لەوێ بدۆزیتەوە و بە شێوەیەکی شارەزایانە لە کەنار یەک ڕیزیان بکەیت. بەم شێوەیە بێت، تەنانەت دەگونجێت کتێبی پیرۆزی تەوراتیش بە کتێبێکی جێگای گومان لە قەڵەم بدەیت.

دەبێت ئەم قسە بەناوبانگەت بیستبێت کە دەڵێت: "هەر تاقە ڕستەیەکی کتێبێک بەستە بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێ و لە سۆنگەی ئەو ڕستەیەوە نووسەرەکەی لە دار بدرێت." هەر بەم ساناییەش بۆی

هەیە سەرکوتکردنی ئازادیی بلاڤۆکەکان پاساو بدرێتەوە. ئیستالین هەر لەم شێوازە بۆ لەناوبردنی گرووپە نەیارەکانی خۆی کەڵکی وەرگرت و بە بیانووی ئەو پیلانانەی بە دەستی پۆلیس ئاشکرا کران دادگاییە بەناوبانگەکانی خستە کار. کوشتوبڕی هەزاران کەس لە نەیارانی , دوای کوشتنی کیرۆف (Kirov) لە لێنینگراد , خۆی شاکارێکە پیشاندەری کاربردی ئەم شێوازەیە.

بەڵام ئەگەر لە ماوەی چەند سەعاتدا کەڵک لە پیلان وەرنەگیردرێت، داڕشتنی گەڵاڵە بۆ پیلانێکی وا هیچ سوودێکی نابێت. دەشێت بێ ئەوەی تاقە چرکەیەک کات بە فیڕۆ بدرێت , لە ناوشیاری و بێئاگاییی دوژمن لە ئاست ئەو پیلانە سوود وەربگیردرێت. بە پێی بارودۆخ , "لەهەرادانی پیلان" بۆی هەیە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن دیکتاتۆرەوە خێراتر بکات , یان ئەوەی دیکتاتۆری تاکەکەسیی ئەو بخاتە شوێنی "کابینەی ڕزگاریی نەتەوەیی"، کە ئەویش تێیدا بەشداره. نابێت دووەمەرجی گرینگ لە بیر بکرێت: یەکەم ئەوەی "لەهەرادانی پیلان" دەشێت لە پایتەخت یان لە دەوروبەری پایتەخت بێت. هەر بۆیە، پێویستە دایرەی پۆلیس پێشتر لە دەستی حیزبی فاشیست دابێت , بەڵام هەر تەنیا لە هەرادانی گەڵاڵەی پیلان هەموو کات بۆ گەیشتن بە ئامانج بەست نییە. بە سوودتر ئەوەیە وا بنوێندرێ پیلانەکە خەریکبووە سەر بگرێ، و تەنانەت دەکرێ تاوانی هەندێ

هەڕەشەوگوڕەشەی دیکەش بخرێتە پاڵ جێبەجێکردنی پیلانەکە، و ئەو هەڕەشەوگوڕەشانەی ببنە هۆی تووڕەیی و بێزرانی هەر هاوواڵاتییەکی ڕاستۆک , و کەشوهەوایەک لە واڵاتدا بەدی بێنێ کە کوشتوبڕی "دوژمنی ناوخۆ " پاساو بداتەوە و هەموو خەڵک لە قووڵایی ناخیانەوە خوازیاری هاتنەسەرکاری ئەو دیکتاتۆرە بن کە خاوەنی مستەکۆڵەی ئاسنینە بۆ ئەوەی لە دەستی بێت واڵات لە چنگ خراپەکاران ڕزگار بکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: حەتمەن ئێستا دەتانەوێ ئاگرتێبەردانی ڕایشتاگ بە نموونە بێننەوە.

تومازۆی سەگانی: بیرۆکەی ئاگرتێبەردانی ڕایشتاگ[21] زۆر بیرۆکەیەکی باش بوو , بەاڵم شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو بیرۆکەیە هەڵگری چەند خەوش و خراپییەک بوو. ئاگادارتان دەکەمەوە نەکا ئێوەش ئەم هەاڵنە دووپات بکەنەوە. بێشک وا باش دەبێت چەند کەسێکی بیانیش , گەر هەڵکەوێت بابایەکی سڵاڤ , یان الئیکەم کەسێک مووی سەری سوور بێت لە پیلانەکەدا دەستی تێوەردرێت , تا لەم ڕێگایەوە وا نیشان بدرێت ئەوە "ستوونی پێنج"ی دوژمن (هێزی سیخوڕی) لەم پیلانەدا دەستی هەیە. بەاڵم ئامان! ئاگاتان لەوە بێت کەسێکی نەیاری ڕاستەقینە , کە خووی بە زیندان و تاراوگە و ئازاری

[21] باڵەخانەی ڕایشتاگ یان بنکەی پەرلەمانی ئەڵمانیا لە بێرلین کە نازییەکان ساڵی ١٩٣٣ ئاگریان تێبەردا و ئەم کارەیان خستە ئەستۆی کۆمۆنیستەکان، و هەر بۆیە سەرکوتکردنی تووندوتیژی کۆمۆنیستەکان دەستی پێکرد.

پۆلیس گرتووە , تاوانبار نەکەن. هەر کە ئاگر بڵێسەی سەند , دیارە بەرپرسانی ئاگرکوژێنەوە ئاگادار دەکرێن , بەڵام پۆلیس دەشێت کارێک بکات بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئەوان زوو بگەنە شوێنی ڕووداوەکە و وا هەڵکەوێت بە هەندێ هەقیقەتی تاڵ و نابەدڵ سەبارەت بە ئەنجامدەرانی ڕاستەقینەی ئاگرتێبەردانەکە بزانن. کەس لەوە دڵنیا نییە ئەو کەسانەی پیلانەکەیان بەڕێوە بردووە دواڕۆژ بەسەرهاتی ئەم شاکارە بۆ دۆست و ئاشنا نەگێڕنەوە. کە وایە، دەسبەجێ دوای بەڕێوەبردنی ئەم پیلانە دەشێت کپ بکرێن و مرخەیان لێ ببڕدرێت. ئەگەر ناکرێ پێش بە بەرپاکردنی دادگاییەک سەبارەت بە پیلانەکەی بگیردرێت , لانیکەم دەبێت ئەرکی پێڕاگەیشتن بەم پیلانە بخرێتە سەرشانی دادگایەکی تایبەت بۆ ئەوەی بتوانێت بە سڵ و پارێزەوە تۆمەتبار و شاهید و پارێزەرە بەرگریکارە کەللەڕەقەکان وەلابنێت و کارێک بکات باسوخواسەکانی دادگا حاڵەتی فێرکارانەی خۆپیشاندانێکی دژی "دوژمنی ناوخۆ" و "گرووپە بیانییەکان" بە خۆوە بگرێت.

دەکرێت لە دادگاییەکانی مۆسکۆ وەک نموونەیەکی پڕبەپێستی بەکارهێنانی دادپەروەری لە خزمەت پڕوپاگەندەدا سوود وەربگیردرێت. بەڵام مەبەستی من لەم هەموو شێرورِێوی هێنانەوەیە ئەوە نییە ئێوە لە کارەکەتان سارد بکەمەوە , ئەمانە تەنیا پەیوەندییان بە وردەشتەکانی کارەکەوە هەیە. ئەسڵی کارەکە لەوەدایە لەو چرکەساتەی هەواڵی

پیلان و هەڕەشە خەڵکی بە جارێک وروژاندووە و بۆتە هۆی تووڕەیی و بێزاربوونیان بێ ئەوەی تاقەساتێک بە فیڕۆ بدەن دەسەڵاتی هەمەلایەنە بە نسیبی خۆتان بکەن. نووسەرانی نازی بە دەنگێکی دلێر و پڕ لە حەماسەتەوە باسی ئەم چرکەساتە چارەنووسسازانەیان کردووە. گوبلز لەم بارەیەوە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسی: "ئێستا دەکرێ بگوترێت ژیان دیسان چێژبەخش بۆتەوە" هیتلەر, کە بە پەلە خۆی گەیاندبوویە شوێنی ئاگرتێبەردانەکە , بە فۆن پاپێن (von pappen)، کە کاتولیک بوو و لە پەنای راوەستابوو، گوت: "ئەمە نیشانەی خواستی خوایە. ئێستا ئیتر کەس ناتوانێ پێش بەوە بگرێت بۆ ئەوەی بە مستەکۆڵەیەکی ئاسنین کۆمۆنیستەکان تەفروتونا بکەین".

جەنابی دەبلیۆ: جیا لەو خەوش و عەیبانەی ئێوە باستان کرد , منیش لەم بارەیەوە ڕەخنەیەکم هەیە دەبێت باسی بکەم. لە بارودۆخێکدا کە بە ئەندازەی نووکەدەرزییەک , پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی جێگای باوەڕ نەمابوون , ئایا نەدەکرا ئاگر لە باڵەخانەیەکی دیکە بەردرابا کە زیاتر خەڵک هۆگرییان پێوە بێت؟

تومازۆی سەگانی: بۆ ئەم وردبینی و ورد هەڵسەنگاندنەتان پیرۆزباییتان لێ دەکەم، جەنابی دەبلیۆ. ئەو کێشەیەی دەشێت چارەسەر بکرێت ڕاست هەر ئەو کێشەیەیە ئێوە باستان کرد؛ ئەمەش

کێشەیەکە پەیوەندیی بە دەروونشیکاریی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە. زۆر جار بینراوە هەندێ نەتەوە سەبارەت بە هەواڵی کوشتوبڕی کۆمەڵێکی زۆری خەڵک گوێپێنەدەر دەنوێنن , بەڵام بەسەرهاتی بابایەکی بێتاوان کە مەحکوم بە مەرگ کراوە شوێنێکی گەورە لەسەر دڵ و دەروونیان دادەنێت. نابێت پێتان وا بێت هەرچی ژمارەی قوربانیانی هەڕەشەیەک زیاتر بێت , شوێندانانی لەسەر خەڵک قوولّتر و بە بڕشتترە.

زۆربەی هاواڵان و هەوادارانی کۆمۆنی پاریس , کە پشتیوانی زێدەڕەوترین بڕیارەکانی ئەم حکومەتە هەڵاواردەیە بوون و پاساویان دەدەنەوە , بە خاتری ئەو هەوڵەی کە بۆ تێکڕووخانی پەیکەرەی واندۆم[22] دایان لەم حکومەتە خۆش نەبوون. ڤیکتۆر هۆگۆ , کە وەک مرۆڤێکی شاعیر خاوەن هەمان لاوازییە عاتیفییەکانی جەماوەری خەڵک بوو , ئەم کارە بێکەڵک و ناپێویستەی بە "سووکایەتیکردن بە میللەت"ی لە قەڵەم دا و تەنانەت تا ماوەیەکی زۆر دوای شکستی خوێناویی کۆمۆن هێشتا لە سۆنگەی ئەم ڕووداوە دڵی ئێشا بوو.

جەنابی دەبلیۆ: بە سوودوەرگرتن لە نموونەی پەیکەرەی واندۆم دەکرێت هەندێ کاری تازە بکەیت. چۆنە کارێک بکەم "ستوونی پێنجەم" تابووتی "سەربازی ون" بدزێت؟ پاشان بۆ نموونە هەر خۆم ئەم تابووتە لە چاڵێک یان کون و کەلەبەری شوێنێکی دوورەدەستی

[22] پەیکەرەیەکی لە بڕۆنز دروستکراوی نێو گۆڕەپانێکی شاری پاریس هەر بەم ناوە. ئەم پەیکەرەیە وەک بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپای پاشایەتیی فەرەنسا لە جەنگەکانی ئەوروپا داتاشرابوو، و لە ڕۆژانی حکومەتی کۆمۆن دایانگرتە خوارەوە.

کۆیستانان بدۆزمەوە؟ یان ئەوەی پەیکەرەی ئازادیی نیویۆرک بتەقێنمەوە و ئەم کارە بخەمە ئەستۆی "ستوونی پێنجەم"؟ ئەوەی ڕاستی بێت، هیچ کات کەیفم بەم پەیکەرەیە نەهاتووە.

تومازۆی سەگانی: ئەم کۆمەڵە کارە تازەیە بایی ئەوە دەبن مرۆڤ هەڵیان سەنگێنی . کاری تازەی یەکەم ئەم باشییەی هەیە دەتوانن بە بیانووی ڕاگوێزانی تابووتی سەربازی ون بۆ ئارامگای ڕەسمیی خۆی هێرش ببەنە سەر واشینگتۆن و داگیری بکەن و بۆ ئەم داب و دەستوورە نەتەوایەتییە کۆمەڵێکی زۆری خەڵک لە خۆتان کۆ بکەنەوە. کاری تازەی دووهەمتان ئەم هەلەتان بۆ دەڕەخسێنێ هاوکات لەگەڵ چاککردنەوەی پەیکەرەی ئازادی، سەرلەبەری ڕێکخراوە دیموکراتیک و ئازادییە سیاسییەکان هەڵوەشێننەوە , تەنانەت بۆیان هەیە بەم بۆنەیەوە نازناوێکی وەک "جەنابی دەبلیۆ": چاککەرەوەی ئازادییەکان، بخەنە پاڵ ناوی خۆتان , و ئەو نازناوەی دەتوانێ ڕازێنەرەوەی وێنەی ئێوە لەسەر پارە و پوول بێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: پێش ئەوەی باسی گۆڕینی وێنەی سەر پارە و پوول بکەین , دەشێت هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی پرسی کودەتا تەواو بکەین. ئەزموون نیشانی داوین ئەو مانۆڕە سیاسییانەی ئێوە باسی دەکەن زۆر جار بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەشێت

سوپایەکی چەکدار بەرەو پایتەخت بنێردرێت تا بەرامبەر بە هێزەکانی وەفادار بە حکومەت ڕاوەستێ.

تومارژی سەگانی: لە دواین قۆناغی بەرنامەی کودەتا ڕێپێوانێکی سەربازی بەڕپا دەکرێت (و ئەمە سێهەمین خاڵە دەمویست باسی بکەم). بەڵام ئەم ڕێپێوانە بۆ شەڕ بەکار نایەت , بەڵکو مەبەست تەنیا تۆقاندن و چاوترسێنکردنی خاوەن پلە و پایەکانی حکومەتی و ئەو نەیارانەیە هێشتا دوودڵ و دڕدۆنگن. ئەم ڕێپێوانە , چەشنێک نواندنی هێز و توانستە، و دەشێت جۆرێک بێت کە ئیتر پێویست بە بەکارهێنانی زۆر و گوشار نەکات. هەندێ مێژوونووس دەیانەوێ لە نێوان کودەتای موسولینی و کودەتای هیتلەر جیاوازی دابنێن و بۆ داکۆکیکردن لە ڕای خۆیان باسی ئەم خاڵە دەکەن گوایا ڕێپێوانی هێزە فاشیستییەکان لە ئیتاڵیا پێش لە دانانی موسولینی وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووە و لە ئەڵمانیا ئەم ڕێپێوانە دوای سەرۆکایەتیی هیتلەر بووە. بەڵام ئەم قسەیە فڕی بە سەر ڕاستییەوە نییە.

هێزە فاشیستییەکان تەنیا ئەو کاتە خۆیان بە شاری ڕۆما داکرد و ڕێپێوانیان وەڕێ خست کە موسولینی گەیشتبووە خزمەت جەنابی پاشا و لە لایەن ئەوەوە ببووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. لەوانەیە یەکگرتنی هێزە فاشیستییەکان و وەڕێخستنی نمایشی پێشڕەوی بەرەو شاری ڕۆما , وەک کردەیەکی بەرگریکەرانە بەڕێوە چوو، ئەویش بۆ

ئەوەی حکومەتی دیموکراتیکی ئیتاڵیا چاوترسێن بکات. بەڵام دەشێ لە بیرمان نەچێتەوە هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فاشیزم , واتە دووساڵ پاش ئەوەی بەردی بناغەی گرووپەکانی فاشیستی دانرا , پرسی دەسەڵات کەڵکەڵەی موسولینی بوو؛ کەچی هیتلەر دوای دوازدە ساڵ گەیشتە بارودۆخێکی لەمجۆرە , و ئەویش ئەو کاتە بوو نەیارانی نازیزم ڕۆحییەتی خۆیان دۆڕاندبوو , و ڕژێمی "دیموکراتیکی ئەڵمانیا" گرووپەکانی نازیی وەک هێزی یارمەتیدەری پۆلیس بە ڕەسمی دەزانی. بەڵام لە هەردوو وڵاتدا , گۆڕینی حکومەت بە ڕواڵەت بە پێی یاسا بوو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: لە ئیسپانیا , جانیوێریی 1936.....

تومازۆی سەگانی: ئەو شتەی لە ئیسپانیا ڕووی دا کودەتای حیزبێکی سیاسی نەبوو , بەڵکو شۆڕشێکی چەکدارانەی تێکەڵ بە دەستێوەردانی هێزە بیانییەکان بوو.

جەنابی دەبلیۆ: بە ڕای منیش پرسی ئیسپانیا فڕی بەسەر باسەکەی ئێمەوە نییە. ڕووداوەکەی ئیسپانیا، سەرباری لە ئارادابوونی ئەو هێزانەی بە خواستی خۆیان هاتبوون بۆ شەڕ , حاڵەتی شەڕی نێوان دوو سوپای ڕێکوپێکی بوو. هەرچۆنێک بێت , پیاو بە چیدا بزانێ و ئەرخەیان بێت لە وڵاتانی دیکەش کودەتا بەو ئاسانییەی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا سەرکەوتوو دەبێت؟

تۆمـازۆی سـەگانی: قسـەی ئێـوە ڕاسـتە. لـە هـەر کارێکـدا لەوانـەیـە کۆمـەڵێـک کێشـەی چـاوەڕوانـنـەکراو بێنـە پـێش. موسـولینی کـە بـەم ڕاستییەی دەزانی , تا دوایین چرکەسات هەر درێدۆنگ بوو. ئـەو کاتـەش کە بڕیاری دا شـێوازی هـەڕەشـەی چەکدارانـە بگرێتـە بـەر , بـە سـڵ و پارێزەوە ڕێگایەکی بۆ دەربازبوون هەر هێشتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هات و کارەکەی سەری نەگرت لـە دەسـتی بێـت خـۆی ڕزگـار بکـات. ئیتـالۆ بالبۆ , یەک لە سەرۆکەکانی فاشیزم , لە "بیرەوەرییەکانی" خۆیدا باسی ئـەو دانیشـتنە دەکـات کـە ڕێبـەرانی بزووتنـەوە ڕۆژی 16ی ئۆکتـۆبری 1922 پێکیان هێنـا، و سـەبارەت بـە هێرشـکردن بـۆ سـەر پایتـەخت بڕیاری خۆیان دا. ئەو مەبەستەی بـۆ ئـەم هێرشـە دەستنیشـان کرابـوو ئەمە بوو: "گوشارخستنە سەر حکومەت بۆ ئەوەی لەسـەر کـار لاچـوون و زۆر لە پادشاکردن بۆ دانانی حکومەتێکی فاشیست". لەم ڕێگایـەوە و بەم چەشنە , ڕێـژەی نایاسـایی بـوونی هێرشـەکە دەگـەیشـتە کـەمترین ئاستی خـۆی. لـەم دانیشـتنەدا موسـولینی لـەوانی دیکـەی پرسـی ئایـا هێـزە فاشیسـتییەکان ئەوەنـدە ئامـادەن بـەرەو ڕۆمـا وەڕێ بکـەون. ژەنەراڵ دێ بۆنۆ (DeBono) و دێ وێکی (Devecchi) جـوابی نـا- یـان- داوە، و هـیچ کـام لـە ئامـادەبووانی دانیشـتنەکە دژی لێکدانەوەکـەی ئـەوان ڕانەوەسـتان. کـەچی سـەرەڕای ئەمانـە بڕیـاری پێشڕەوی درا، و ئەمـەش بـە هـۆی لەبـەرچاوگرتنی کۆمـەڵێـک کێشـەی

سیاسی بوو. ئیتالۆ بالبۆ گوتی: "ئەگەر دەستاوبەجێ کودەتا نەکەین , تا وەرزی بەهار ئەو هەلە لە کیس دەچێت.." قسەکەی ڕاست بوو؛ هەل لە کیس دەچوو. فاشیزم تەنیا لە ڕێگای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەیتوانی کۆمەڵانی لایەنگری خۆی بۆ خۆی بپارێزێت.

بزووتنەوەی نازیش لە بارودۆخێکی وادا دەستبەکار بوو. ئەگەر چاوێک بە کودەتا سەرکەوتووەکانی ئەم چەند دە ساڵەی دواییدا بخشێنینەوە و تاوتوێیان بکەین , بەو ڕاستییە دەزانین سەر لەبەری ئەو کودەتایانە لە بارودۆخێکدا قەوماون کە هێز و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرانیان گەیشتۆتە چڵەپۆپەی خۆی. حیزبی فاشیست دوای ئەوەی دەگاتە ئەو پەڕی دەسەڵاتی خۆی نازانێت چی بکات و دواجار هەر کە بە یەکەمین نیشانەکانی دابەزینی پاش هەڵگەڕانەوەیان دەزانێ , بە پەلەپرووزێ و سەرلێشێواوییەوە دەستبەکار دەبێت. سیاسەتمەداری خاوەن ئەزموون ئەو کەسەیە دەستبەجێ لە نزیکبوونەوە و هاتنی ئەو چرکەساتە چارەنووسسازانە دەگات و بە ئەوپەڕی لەسەرخۆیی و هێمنی خۆی لەگەڵ ئەو دۆخەی دوابەدوای ئەو ساتانە سەر هەڵدەدەن دەگونجێنێت. دڕدۆنگبوونی موسولینی بە هۆی دڕدۆنگبوونی پادشاوە بوو , و ئەم دڕدۆنگییە لە لایەکی تر هێزی هاوبەشی سوپای تووشی سەرگەردانی و ناعیلاجی کردبوو. ئەو کاتەی بەڵێنەکانی موسولینی بۆ ڕەچاوکرنی یاسای بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسیی ولاتدا هێشتا قەناعەت پێهێنەر

و بـــه ئەنـــدازەی پێویســـت نـــەبوو , ژەنەڕاڵ بـــادۆلیۆ (Badolio) ڕایگەیاندبوو، "پێنج دەقە تەقەی تفەنگ بەستە بـۆ ئـەوەی فاشـیزم لـە بەر یەک هەڵوەشێتەوە."

ئەم قسەیە قسەیەکی پووچ نەبوو، و موسولینی خۆیشـی لـە هـەموو کەس باشتر بەم ڕاسـتییەی دەزانـی. هـەر ئـەو لـە ڕۆژنامەکـەی خۆیـدا ئەمەی نووسی: "ئێمـە پێمـان وا نییـە مەبەسـتە چەپـەڵـەکانی ژەنەڕاڵ بادۆلیۆ بگەنە قۆناغی جێبـەجێکردن. سـوپای نەتەوایـەتی دژی سـوپای کراس ڕەشەکان ڕاناوەستێ، لە سـۆنگەی ئـەوەی فاشیسـتەکان هـەرگیز دژی سـوپای نەتەوایـەتی، کـە زۆر لایـان بـەحورمـەت و جێگـای ڕێـزە، ڕاناوەسـتن". هـەر بۆیـە، هـەر کـارێکی لـە دەسـتیان دەهـات دەیـانکرد بۆئـەوەی پاشـا خۆشەویسـتیی فاشـیزمی بکەوێتـە دڵ. بەرهـەمی ئـەم هـەوڵ و تەقەلایـانە پـڕ لـە سـەرکەوتوویی و دڵخۆشـکەرە بـوون. ڕۆژی 24ی ئۆکتۆبەر، کۆمەڵێک ڕێنوێنی بۆ پێشڕەوی بەرەو ڕۆما، کە بڕیـار بوو چـوار ڕۆژ دواتـر دەسـتپێبکات، بـە دەسـتەوە درا، وەکـو : "ئەگـەر هـات و هێزەکـانی حکـومەت بەربـەرەکانی و خـۆڕاگریی چەکدارانـەیـان کرد , دەشـێت تـا ئـەو جێیـەی دەگـونجێ خۆتـان لـە پێکـدادان لەگـەڵ ئەوان بپارێزن و هۆگریی خۆتانیان پێ نیشان بدەن و ڕێزیان لێ بنێن و حورمەتیان بگرن". هەندێ دەستەی سەربازی بوون کـە فەرمانـدەکانیان ئەفسەرانی فاشیست بوون , بەڵام بڕیاریان دا لەوان کەڵـک وەرنـەگرن ,

بۆ ئەوەی نەکا ئەوانەی دەرهەق بە حکومەت وەفادار ماون هەر ئەم کارە بکەنەوە. لە ولاتێکی چەککراوی وەک ئیتالیادا , سەرکەوتنی فاشیزم تەنیا بەوەوە بەسترابۆوە کە سوپا بێلایەن بمێنێتەوە. موسولینی , بۆ ئەوەی سەری هەوسارەکەی مەحکەم بە دەستەوە گرتبێت و ئەرخەیان بێت , لێژنەیەکی سەربازیی نهێنی بە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی "شۆڕشگێڕانە"ی خۆی هێنایە سەر کار، و جا چونکی نەیدەزانی ئەنجام و ئاکامی کار چی لێ دەکەوێتەوە , بە ئەوپەڕی سڵ و پارێزەوە لە ڕیزی ئەندامانی ئەم لێژنەیە هاتە دەرەوە. لێژنە سەربازییەکە بۆ بە دەستەوەگرتنی بەرنامەی شەڕ لە شاری بروجا نیشتەجێ بوو , بەڵام موسولینی لە شاری میلان مایەوە، کە هەتا سنووری سویسرا تاقە سەعاتێک ڕێیە.

جەنابی دەبلیۆ: لە ئەمریکا , ئامادەکاری بۆ پیلانێکی بەنهێنی زۆر ئەستەمە. هەڵبەت نەک لە بەر پۆلیس , بەڵکو لە بەر ڕۆژنامەنووسان.

تومازۆی سەگانی: پیلانی هێرش بۆ سەر ڕۆماش پیلانێکی هێند شاراوە نەبوو. خەڵک هەموو بە باسەکەیان دەزانی. جیا لەوە , خۆ ناکرێت جەماوەرێک ببزوێنی و مەبەستی بزووتنەوەکە بشاریتەوە. تەنانەت لە شۆڕشە ڕاستەقینەکانی سەردەمی ئێمەشدا , ناکرێت کتوپڕ و لەناکاو بکەویتە کار. شۆڕشێک سەردەکەوێت زۆرینەی خەڵک بە شتێکی حاشاهەڵنەگر و پێویستی بێننە ئەژمار . تەنیا شتێکی دەکرێت

و دەشێت بشاردرێتەوە وردەکارییەکانی تەکنیکیی بزووتنەوەکەیە. بەڵام موسولینی ئەمەشی لەبەر چاو نەگرت. تەنانەت چەند حەوتوویەک بەر لە پێشڕەوی بەرەو ڕۆما , وردەکاریی جوگرافی و ستراتیژییەکانی ئەم کارەی لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا بڵاو کردبۆوە. لە ئاخروئۆخری سیپتامبر ئەمەی نووسی: "بۆ خەباتی دەستەویەخە لەگەڵ حکومەت ناکرێت قەناعەت بە گەڵاڵەی شۆڕشێکی چکۆلە بکرێت، ئەو گەڵاڵەیەی وردەکارییەکانی تا دواین سات کەموزۆر بشاردرێتەوە. ئێمە دەشێت سەدان هەزار کەس پەلکێش بکەین بۆ نێو بزووتنەوە و , کارێکی ساویلکانەیە ئەگەر بمانەوێت بزووتنەوەیەکی لەمجۆرە بشارینەوە. " پێتان چۆنە ئەو شتەتان بۆ بخوێنمەوە کە مارکس سەبارەت بە کودەتای لویی بوناپارت نووسیوێتی؟ "سەری زمان و بنی زمانی بوناپارت باسی کودەتا بوو. هەر بە تەماحی کودەتاوە گەڕاوە بۆ خاکی فەرەنسە؛ ئەم تەماحە وەها ڕەگی لە هەناوی داکوتابوو بەردەوام ئاماژەی پێدەکرد و باسوخواسەکەی دەهێنایە ئاراوە. ئەوەندەش پیاوێکی ورەنزم بوو کە لە هەمان کاتدا بەردەوام وەپشت گوێی دەخست. تارماییی کودەتا ئەوەندە بۆ خەڵکی پاریس ئاسایی ببوو کە ئەو کاتەی بە کردەوە لە کاتی خۆی هات و خۆی دەرخست , کەس بە ڕاستی وەرنەدەگرت. کە وایە , ئەو شتەی کودەتای سەرخست نە شاردنەوە و نهێنیکاریی ڕێبەری "جەماوەری 10ی دیسامبر" بوو , نە

هەڵوەشانەوەی چاوەڕواننەکراوی پەرلەمانی نەتەوەیی. سەرکەوتنی کودەتا ئەنجامی پێویست و حاشاهەڵنەگری گۆڕانکارییەکانی پێشوو بوو."

پرۆفیسۆر پیکاپ: لە ڕۆما فیلمێکمان بینی دەربارەی پێشڕەویی هێزە فاشیستییەکان لە ڕۆژی 28ی ئۆکتۆبری 1922 بەرەو ڕۆما بوو. ئەوەی ڕاستی بێت زۆر کاری تێکردین.

تومازۆی سەگانی: لە ئەمریکییەک چاوەڕوان ناکرێت فریوی سینەما بخوات. هەقیقەتی مەسەلەکە زۆر سووکوچرووکتر لەو شتە بوو لە فیلمەکاندا خستیانە بەرچاوی خەڵک. پیلانی سەربازیی فاشیستەکان بە سێ ئاڕاستەدا بەڕێوە چوو : لە کۆمەڵێک شاری پیشەسازیی وەک تورینۆ و میلان و جنو و تریستێ و لە ناوچەکانی باشووری ئیتاڵیا , گرووپە فاشیستییەکان بە شێوەیەکی بەرگریکەرانە ریزیان بەست. لە ناوچە ناوەندییەکانی ولّات و لە دۆڵی پۆ , فاشیستەکان بێ ئەوەی بەربەرەکانییان لەگەڵ بکرێت , و تەنانەت بە یارمەتیی بەرپرسانی سەربازی و پۆلیس , دەسەڵاتیان لە ڕێکخراوە ناوچەییەکاندا بە دەستەوە گرت. لەم ناوچانەوە سێ ستوون وەڕێ کەوت کە بڕیار بوو لە مەودایەکی دەسنیشانکراو , لە ڕۆما باروبنە بخەن و بارەگا دابمەزرێنن. ئەم ستوونانە دەوروبەری چواردە هەزار کەس بوون کە تەنیا تاقمێکیان دەمانچە و تفەنگیان پێبوو؛ هیچ کام لە ستوونەکان

خـاوەنی چەکـی قـورس و تـۆپ و فڕۆکـە نـەبوون. تەنانـەت خـیمە و تۆشەی ڕێگایان پێ نەبوو. دەکرا بە دوو بۆمبهاوێژ تەفروتونایان بکەیت و ڕاویـان بنێـی. بـەڵام گرینگتـرین پـرس کـە ئـەم هێـزە کۆڵنەدەرانـە دەستەویەخەی بوون باران بوو. ئەو پەیامـە جاروبـارەی لـە نێـوان سـێ ستوونەکەدا ئاڵوگۆڕ کـران (و دواتـر دەقـی پـەیامـەکان بـڵاو بوونـەوە) تەنیا و تەنیا باسی بارانی تێدا بـوو. یـەکێک لـەم فەرماندانـە بـە نـاوی ئیلیـۆری (Igliori) خەبەری دایە فەرمانـدەیەکی تـر بە نـاوی بۆتـایی (Bottai)، کە زۆری لێ دوور نەبوو، چونکی ناتوانێ هێزەکانی خـۆی لە دەشت و لە بەر باران ڕابگرێ , ناچارە خۆی بە ڕۆمادا بکات. بۆتایی (کە خۆی خاوەنی پەناگەیەک بوو) لە وەڵامدا نووسی، هێندێک دان بـە جەرگی دابنێت , چـونکی چـوونی چـاوەڕوانـنـەکراوی هێزەکـانی بـۆ نێـو شاری ڕۆما دانیشـتن و گفتگۆکـانی نێـوان پاشـا و نوێنـەرانی فاشیسـت دەشـێوێنێ. ڕۆژی سـیی ئۆکتـۆبر , پاشـا لـە میلانـەوە موسـولینیی بانگهێشـت کـرد و ئـەویش بـە سـواری شـەمەندەفەرێک، کە قەرەوێـلەی خەوی تێدا بوو، چـوو بـۆ پایتـەخت. هـەر ئـەو شـەوە ڕێگایـان دا ئـەو گرووپـە فاشیسـتییانەی لـە بـەر لێزمـەی بـاران تـەڕ ببـوون بچنـە نـاو گەڕەکـەکانی دەوروبـەری شـاری ڕۆمـا و شـتێک بخـۆن و خۆیـان وشـک بکەنـەوە. ڕۆژی دوایـی , هـەواڵی بـوونی موسـولینی بـە سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سەرتانسەری وڵاتدا وەک تۆپ تەقییەوە , و تازە

لەو کاتەدا بوو گرووپە فاشیستییەکان لە دوورترین شوێنەوە بەرەو رۆما داگەڕان تا بە بەرچاوی "پێشەوا" و پاشا و کامێراوە ڕێپێوان بخەنە ڕێ.

پرۆفیسۆر پیکاپ: عالەم دەزانێ ڕووداوگەلی مێژوویی , لە چاوی هاوچەرخانی ئەواندا , زۆر جار وەک شتێکی هیچەکە و پووچەکە دەنوێنن. هەندێ ڕووداو هەن تەنیا پاش بەسەرداهاتنی چەندین سەدە دەکرێت لە مەزنایەتییان بگەیت. داگیرکردنی شاری ئیریحا بە دەستی یوشع , لەوانەیە بە ڕای پسپۆرانی سەربازی ئەو کات شەڕێکی تەواو ئاسایی بووە , بەڵام ئێمە وا فێر کراوین کە ئەو شەڕە بە موعجیزە[23] بزانین. بە ئەمری یوشع , لە دەوروبەری ئەو شارەی دەورەیان دابوو , حەوت گەورەپیاوی ئایینی وەڕێکەوتن و حەوت جار فوویان بە شەیپوورەکانیان دا کرد. دوای ئەو , یوشع دەستووری دا بە پیاوەکانی خۆی بنەڕێنن , نەڕاندنی جەنگاوەرانە. لە سۆنگەی ئەو نەڕاندنانەوە دیواری شار ڕووخا و هێزەکانی یوشع هێرشیان بردە سەر شار و تەخت و خاپووریان کرد.

تاقە کەسێک گیانی بە سەلامەت دەرچوو قەحبەیەک بوو بەناوی ڕاحاب کە بە دزییەوە سیخوڕەکانی یوشعی دالّدە دابوو.

[23] ئاماژەیە بە چیرۆکی یوشع لە تەورات.

تومازۆی سەگانی: لە کودەتای فاشیستیدا , پەرلەمان ڕۆڵی ڕاحاب دەگێڕێت.

14

سەبارەت بە شوێن و پێگەی نێو جەماوەر لەسەر بنەمای گشتپرسی , ئاوێتەبوونی حیزب و حکومەت و بەخێوکردنی بزنە بەڵاگەردانەکان

جەنابی دەبلیۆ: جەنابی سەگانی , ئەمجار ڕێگا بە من بدەن هەندێک ژمارە و ئامار بخەمە بەردەست.

سااڵێک بەر لە هاتنە سەرکاری نازیزم , لە هەڵبژاردنی 10 ی ئاوریلی 1932 بۆ سەرۆک کۆماری , هیتلەر بە 13 ملیۆن دەنگەوە

لـه چـاو هینـدنبورگ کـه 19 ملیـۆن دەنگـی پێـدرابوو شکسـتی هێنـا. هـەروەها لـه هـەڵبژاردنـی مارسـی 1933 , حیزبـی نـازی 43.8 لـه سەدی دەنگەکانی وەدەست هێنا. دەکرێت بفەرموون ئـەم چەنـد ملیـۆن نەیارەی نازیزم چیان لێ هات؟

تومـازۆی سـەگانی: ژمـارەیەکی کـەم لـەم کەسـانە ئێسـتا یـان لـه ئۆردووگاکانی نازین یان له تاراوگەن , یان دەنا تەریک کەوتوونەتـەوە و خۆ له قەرەی ژیانی کۆمەڵایەتی نادەن بۆ ئەوەی ناچار نەبن هاوکـاریی ڕژێمی نازی بکەن. بەڵام زۆرینەی ئەوان کەوتوونەته شوێن قوونی هێزە باڵادەست و سەرکەوتووەکانی نازی.

جەنابی دەبلیۆ: ڕەفتار و هـەڵسـوکەوتی ئـەم جـەماوەرە زۆرە چـۆن پاساو دەدەنەوە؟

تومـــازۆی ســـەگانی: وێـــدەچێت ئیمـــڕۆ زەوقتـــان بـــە پرســـیاری سەیروسەمەرە دەکرێتەوە. مەگین نازانن دەسەڵات دەتوانێ بـە سـاکاری جێگە و پێگەیەک له نێو جەماوەردا بـۆ خـۆی دەسـتەبەر بکـات؟ جگـه لەمە , دەشێت بزانن ڕێبەرانی دیموکرات به شێوەیەک ئەم چەند ملیـۆن کەسەی ڕاهێناوە که به بێ پرس و ڕا ملکەچ و گوێ لەمست بن.

جەنابی دەبلیۆ: قسەی سەیر سەیر دەفەرموون، کاکی برا. که وایـه، جەنابتان چاوەڕێی ئەوەن پێشەوایانی سیاسـی شـوێنکەوتووانی خۆیـان وا ڕابێنن که بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیر له پرس و کێشەکان بکەنـەوە؛

ئەمە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی و قازانجی ئەوانە . جیا لەمە، کۆمەڵ جگە لە ملکەچکردن و گوێ لەمستبوون هیچی دیکەی لە دەست نایەت. پاساودانەوەی زۆر و هەمەجۆربوونی حیزبەکان , بە بیانووی جۆراوجۆربوونی دەنگی کۆمەڵانی خەڵک , لە فێڵێک زیاتر هیچ نییە. جیاوازیی بۆچوونی سیاسی شتێکە لە دەرەوە بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێت , و هەر وا کە لە وڵاتانی دیکتاتۆریشدا دەبینرێ , کۆمەڵانی خەڵک بە بێ ئەم پرسانەش بۆیان هەیە کاروباری ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە گوتەی بێرنارد شاو , کە لە سەیرانگای زستانانی خۆی لە ستریزا چاومان پێی کەوت , پرسەکە زۆر سادەیە. دەشێت گرووپی بچووکی حیزبە کەمینەکان و لیبراڵ و کۆمارخواز و سەندیکایی و بلشویک و ئانارشیست و ڕۆشنبیرەکان وەلا بنێی , و خەریکی ڕێکوپێککردنی کاروباری زۆربەی هەرەزۆری خەڵک بیت کە هەرگیز هەوای پیلانداڕشتن دژی نەزم و ئاسوودەیی دۆخی باو لە کەللەیان نادا. شەممۆ، یان یەکشەممۆ خاوێنترین جلی شڕی خۆیان دەپۆشن و ڕاستەڕێی کڵێسا دەگرنە بەر یان بە کراسی جوانی وەرزشی کایەی گۆڵف و تێنیس دەکەن؛ ئەو خەڵکەی پۆل پۆل دێنە سەیری جێژنی تاجدانان و زەماوەندی شاهانە , یان بە ڕێپێوان و خۆپیشاندانی سەربازی چەندان کیلۆمەتر بە پای پەتی ڕێگا دەبڕن بۆ ئەوەی ڕێز و

حورمەتی خۆیان بۆ جەنازەی پاشای خوالێخۆشبوو نیشان بدەن؛ ئەو خەڵکەی پێیان وایە خاوەنی بنەمای ئەخلاقی و باوەڕی تایبەتی خۆیانن , بەڵام لە ڕاستیدا هەر ئەو کارە دەکەن سەرلەبەری خەڵک دەیکەن، و ئەگەر کەسێک چاوەڵەدەستی ئەوان نەبێت و ڕێگای ئەوان نەگرێتە بەر ڕقیان هەڵدەستێ و پێیان ناخۆش دەبێ؛ ئەو خەڵکەی وزەی بیر و هۆشی خۆیان تەنیا بۆ پڕکردنەوەی خشتەی وشەکان , یان لە دامە و دۆمینەدا دەخەنە کار. داخستنی درگای ئەو ڕێکخراوانەی دەبنە بەردی سەر ڕێگا یەکێتیی سروشتیی کۆمەڵانی خەڵک دیسان دەگەڕێنێتەوە بەردەستی ئەوان. ئەمە یەکەمین کارە هەر دیکتاتۆرێک دەشێت بیکات.

تومارۆی سەگانی: بەڵام نابێت پێتان وابێت بەکارهێنانی هێز و زۆر تەنیا دەبەسترێتەوە بە یەکەم قۆناغی دیکتاتۆری و هەنگاوی یەکەمی تەقاندنەوە و تەفروتوواناکردنی ڕێکخراوە نەیارەکان. هەرچی جۆراوجۆری بۆچوون یان جیاوازیی بەرژەوەندی هەیە دەسکرد و خوازراو نییە. بۆ پاراستنی جێگە و پێگەی حکومەت یان لانیکەم مسۆگەرکردنی نەزمی گشتی , بەردەوامبوونی ترس و تۆقاندن شتێکی پێویستە. ئەم بابایە , واتە بێرناردشاو , کە خۆی بە لایەنگری حیزبی کرێکاری دەزانێ و بە یەک ئەندازە بەسەر قەد و گیپاڵی موسولینی و

ئیستالین و پیلسودسکی-دا هەڵدەڵێت , ڕۆشنبیرێکی خۆشگوزەرانە کە سەر لەم شتانە دەرناکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: تکایە باسی ئەم شتە بێبایەخانە مەکە. جیاوازیی نێوان ئەو جێگە و پێگە جەماوەرییەی لەسەر بنەمای ئاگایی و باوەڕی خەڵک دامەزرابێت و ئەو جێگە و پێگەیەی لە سۆنگەی زۆرلێکردن و چاوترسێنکردنەوە بەرهەم هاتبێت , جیاوازییەکی تەنیا تەکنیکییە و پێویستی بە باس و لێخوردبوونەوە نییە. لەم بارەیەوە باسێکی دووروودرێژمان لەگەڵ جووانی جنتیلی (Giovanni Gentile)، فیلسوفی فاشیست، دامەزراند کە لە ڕۆما چووبووین سەری لێ هەڵێنین. ئەو دەیگوت جیاوازیی نێوان وزەی مەعنەوی و وزەی مادی جیاوازییەکی بەرچاو نییە. هەر وزەیەک دواجار وزەیەکی مەعنەوییە , چونکی هەموکات پەیوەندی بە ئیرادەوە هەیە. هەر بابەتێک کە باسەکەی دێتە ئاراوە , جا چ لە شێوەی پەند و وەعزدا بێت و چ تێکەڵ بە زۆر و زەبری گۆپاڵ بێت , شوێندانانی تەنیا ئەوەندەیە مرۆڤ لە دەروونەوە بوروژێنێ و ڕەزامەندی بکات.

بەڵام گەوهەر و سروشتی ئەو بابەتەی باسەکەی دێتە ئاراوە و دەشێت مرۆڤ ڕازی بکات , شتێکی تەواو مەجازی و خوازراوە، و ئیتر ئەوە گرینگ نییە پرسەکە لە شێوەی وەعزدا بگوترێت یان تێکەڵ بە زۆر و زەبری گۆپاڵ بێت. گواستنەوە لە ڕژێمێکی سیاسی بۆ ڕژێمێکی

تر وەک ئەوە وایە باڵەخانەیەک تێکبدەین و بەخشت و خاک و خۆڵ و دار و پەردووی ئەو باڵەخانەیە بینایەکی تازە دروست بکەینەوە؛ بۆ ئەم کارە بەکارهێنانی قولّینگ پێویستە.

تومارۆی سەگانی: بەڵام لە یادتان نەچێت دیکتاتۆرێکی تازەکار ناشێت سەرەڕۆ بێت؛ تەنانەت بۆ حکومەتە دیکتاتۆرەکانیش قازانج لەوە دایە یاسامەندی و شەرعیبوونی خۆیان بسەلمێنن , و ئیمڕۆژەش تاقە بەڵگەیەک بۆ نواندن و سەلماندنی ئەم پرسە دەیخەنە بەرچاو "خواستی کۆمەڵانی خەڵک "ە. هەڵبەت دەزانین ئەمە درۆیە، بەڵام حکومەتی دیکتاتۆری پێویستی بە دارەدەستێکی لەمجۆرەیە. جا ئەمە یەکێک لەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییانەیە کە دیکتاتۆرییەکانی ئیمڕۆیی لە حکومەتە پاوانخوازە کۆنەکان جیا دەکاتەوە. کە وایە، دیکتاتۆری تازەکار دەشێت ئەرکی داڕشتنی تیۆری سەبارەت بە باشییە ئەخلاقییەکانی ئیشی گۆپاڵبەدەستی بخاتە ئەستۆی فیلسوفەکانی گوێ لەمستی خۆی , و ئەو پێگە و جێگەیەی بە یارمەتیی دروستکردنی کەشوهەوای پڕ لە وەحشەت و ترس و دڵەڕاوکێ وەدەستی هێناوە بە خواستی ڕاستۆکانە و دەستاوبەجێی خەڵکی بێنێتە ئەژمار. دیکتاتۆری ئیمڕۆکە , دوای کوشتن یان سەرکوتکردنی نەیارانی خۆی , دەشێت ڕژێمی خۆی وەک نموونەیەکی باشتری دیموکراسی , یان تەنانەت وەک تاکە دیموکراسیی ڕاستەقینە , واتە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ , بخاتە

بەرچاوان , و بۆ ئەم مەبەستە هەموو ڕۆژێ ڕێپێوانی گەورە دەخاتە ڕێ و جارجارەش دەستەودامێنی گشتپرسی و ڕیفراندۆم دەبێت. ئەم کارە بۆ دیکتاتۆر , خۆشی بێت و ترشی بێت , ڕەچاوکردنی ئەو شتانەیە کە نەیارانی دیکتاتۆر باوەڕیان پێیانە. بەڵام پرسێکی ئەوەندە گرینگ نییە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: هەر چۆنێک بێت , ئەمە کارێکی مەترسیدارە. باشە ناکرێ مرۆڤ گوێی پێنەدا؟! لەو پێشبڕکێیەی لە نێوان پاپ بۆنیفاسی هەشتەم (bonifazio Viii) و فیلیپ لوبێل (philipe le Bel) لە ئارادا بوو , باسی هاوکێشەی بەناوبانگی "کاری خەڵک وەڕێخستن بە ئیلهام وەرگرتن لە خوا" هاتە گۆڕێ.

بە ڕای من , ئەمە دروشمێکە ئیمرۆژەش بۆمان هەیە سوودی لێ وەربگرین.

جەنابی دەبلیۆ: برادەرینە , ڕێکوڕاست عەرزتان دەکەم ئەم فرەبێژی و چەندەرێژییەتان من جارڕ دەکات؛ خواستی خەڵک شتێکە هەموو کەس سەرەندەری لێ دەر ناکات. کێشەی گرینگ ئەوەیە چۆنچۆنی میکانیزمی پڕپەپێستی بەدیهێنانی "خواست"ێکی لەم دەستە بخەینە گەڕ. ڕیفراندۆمی پارسالّی نەمسا ئەگەر لە لایەن شوشینگ (schuschnig)وە داوا کرابایا , بێشک بە زۆرینەی دەنگ بە سوودی سەربەخۆیی نەمسا تەواو دەبوو , بەڵام چونکی هیتلەر ئەم

داوایەی کرد , زۆرینەی دەنگەکان بە قازانجی یەککگرتنی نەمسا لەگەڵ ئەڵمانیا تەواو ببوو. هەر تەنیا بۆ چرکەساتێک وای بێننە بەرچاوتان ئەگەر هەڵبژاردنی گشتیی ڕووسیا , لە بری ئیستالین بە دەستی ترۆتسکی بەڕێوە چووبا، چ ئاکام و ئەنجامێکی لێدەکەوتەوە. لە دۆخێکی وادا , هەر ئەم بابایە , واتە ترۆتسکی , کە هەنووکە پەنابەری وڵاتی میکزیکە، زۆرینەی دەنگی خەڵک و حیزبی بۆ خۆی دەستەبەر دەکرد و ناچار دەبوو بە توندی فەرمان بدا نەکا "دەنگدانی ئازادانە" بەرهەمێکی زیاتر لە "زۆرینەی دەنگی" لێ بکەوێتەوە.

تومازۆی سەگانی: بەڵام خۆ دەزانن لە هەندێ وڵات , حکومەت لە هەڵبژاردنەکاندا شکست دەخوات بێ ئەوەی دنیا وێران بێت.

جەنابی دەبلیۆ: بەڵام کێ تووشی شکستی دەکات؟ داموودەزگای حیزبی ئۆپۆزیسیۆن، نە کۆمەڵانی خەڵک. کێ بەربژێرەکانی ئەو هەڵبژاردنانە دەستنیشان دەکات؟ پارەی ڕکەبەرایەتی و ململانێی هەڵبژاردنەکان کێ دابینی دەکات؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەرەستۆ ڕەخنەی لە شێوەی هەڵبژاردنی قازییەکانی شاری کێرت دەگرت , چونکی بە پێی ئەم شێوازە , ئەو کەسە هەڵدەبژێردرا کە ئامادەبووانی پەرلەمان زیاتر چەپڵەیان بۆ لێدەدا. ڕەخنەی لە هەڵبژاردنەکانی شاری ئیسپارت-یش دەگرت , چونکی ئەو کەسانە دەیانتوانی بەربژێری ئەم هەڵبژاردنانە بن کە لە

جێژنە جۆراوجۆرەکانی شاردا بەشداری بکەن و پارەی خواردنەکانیان بدەن؛ ئەمەش لە توانای هەموو کەسدا نەبوو. چ سادەیی و ساکارییەکی ستایشهەڵگرە وەڵا ! ڕۆڵی چەپڵەلێدان و جێژنە گشتییەکان لە دیموکراسیی ئیمڕۆژەدا دەستەکەمێکی لە ئی سەردەمی ئەرەستوو نییە , بەڵام لە هیچ کتێبێکی زانستی سیاسیدا ئاماژەی پێ ناکرێ.

جەنابی دەبلیۆ: باشە چ پێویست دەکات بەردەوام باسی یۆنانییەکان بهێنینە گۆڕێ؟ لە سەرەتاکانی سەردەمی دیموکراسیی ئەمریکادا , دایرەی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی یاسادانەر دابوو , کە کۆمەڵێک لێژنەی تایبەتی بۆ هەڵبژاردن و ناساندنی بەربژێرەکان دەستنیشان دەکرد. دەوروبەری ساڵی 1825 ئەرکی "بەڕێوەبردنی" هەڵبژاردنەکان خرایە سەر شانی خەڵک خۆیان. ئەم گۆڕانکارییە وەک بزاڤێکی پێشکەوتخوازانە خۆی نواند , بەڵام لە ڕاستیدا زیاتر لە داڕووخانێک چیدی نەبوو. دوای ئەم گۆڕانکارییە بوو کۆمەڵێک نێوبژیکەر و دەستی تازە هاتنە ئاراوە؛ هەنووکە ئیتر هەڵبژاردن کارێکە پارەی زۆری پێویستە بۆ ئەوەی دامودەزگای سیاسەتبازانی کۆنەکار , کە دەروەستی هیچ ڕێسایەک نین و بەرنامەیەکی ئەوتۆیان بە دەستەوە نییە , هەڵی دەسووڕێنن و خۆیان هەر بەوجۆرە بەسەر خەڵکدا دادەسەپێنن کە تراستەکانی دارایی بازاڕ

دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. ناکرێ بگوترێ ئەم شتانە سەرلەبەریان بە سوودی ئازادی و ئەخلاقی جەماوەر تەواو بووە. سیستەمە قەدیمییەکەی بێشک سادەتر و باشتر بوو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: جا ئەمەش پاساودەرەوەی دروشمی "گەڕانەوە بۆ ڕابردووە"، کە ئێمە باسی دەکەین.

تومازۆی سەگانی: بێگومان ئەمە دروشمێکی زەق و زۆپ و ئاشکرایە. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو زۆرجار وێنەی کانیاوێکی زوڵاڵ و ڕوونی نێو دیمەنێکی کوێستانانمان وەبیر دێنێتەوە کە سەرچاوەی ئاوی چەمەکانە؛ یان بیرەوەریی جوانی لانکەیەکمان بە یاد دێنێتەوە کە هەر زارۆکێک چەند مانگی سەرەتایی ژیانی تێدا بەسەر دەبات , و مرۆڤ وەبیر سەردەمی زێڕینی بەختەوەریی ڕەها دەخاتەوە. جگە لەمە , ئەم دروشمە مانا و چەمکێکی دەرەبەگانە و نەریتی ئاشکرای هەیە و وەڵامێکی زۆر باشە لە هەمبەر هەر کێشەیەکی بێتە سەر ڕێ , تەنانەت ئەو کێشانەی سەرچاوەکەیان دیار نییە و دەشێت ئەو سەرچاوەیە دەستنیشان بکرێت. لە ڕێگای وەڵامدانەوەیەکی لەمجۆرە بۆت هەیە ئەرکی جوابدانەوەی ئەم چەشنە پرسانە لە ئەستۆی خۆت دامالّی.

جەنابی دەبلیۆ: بەڵام سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ سیستەمی جارانی هەڵبژاردن لە ڕێگای لێژنەکانی یاسادانەرەوە , ئێمە هەنووکە هەر تەنیا

قسەی لێدەکەین، چونکی زەرەری بۆ پەز نییە. بەڵام ناشێت گەمژە و نەشارەزا بین , و دواجار بە کردەوە کارێکی تر دەکەین.

تومارژی سەگانی: ئەم قسەیە ژیرانەترین قسەیەک بوو بە درێژایی ئەم باسوخواسانەمان لە جەنابتانم بیستووە. بۆ دیکتاتۆرێکی تازەکار , دەست بەسەرداگرتنی تەواوی دەسەڵات شتێکی گرنگە , نەک شێوەی یاساییی دەسەڵات. بە وتەیەکی دیکە , باشترین شێوە هەر ئەو شێوەیەیە کە پڕ بەپێستترین و خاترجەمترین جۆری دەسەڵات دەستەبەر دەکات. جا ئەمە خاڵێکە لە مێژووی سەرلەبەری ڕژێمە توتالیتاریستەکاندا دەبینرێت. ئەو شتەی جاروبار وێدەچێ لاوازی و دژواریی فیکری بێت لە ڕاستیدا نیشانەی ئەزموونگەراییەکی پارێزکارانەیە. باشترین نموونە لە بابەت هەڵبژاردنی شێوەی یاسایی بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات نموونەی لێنینە، کە لەوانەیە لە بۆچوونی کردەوەیی بۆ دەسەڵات و گوێ پێنەدانێکی تەواو بە هەندێ ئەسڵ و تێبینی لەم بوارەدا , کەس بە پای ئەو نەگاتەوە. ساڵی 1917 , لێنین سەرەتا ڕایگەیاند ئامادەیە بۆ ئەوەی پێملی بڕیارەکانی پەرلەمانی پێکهێنەران بێت , بەڵام هەر کە بەوەی زانی کەمینەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەودان , وتەکەی خۆی لە بیرچۆوە و قسەکەی خۆی پێشێل کرد. بەشێوەیەکی تووندڕەوانە پەرلەمانی پێکهێنەرانی هەڵوەشاندەوە و دروشمی "هەرچی دەسەڵاتە با بکەوێتە

ژێر رکێفی ئەنجومەنی شارەکان"ی هێنایە ئاراوە , کەچی ئەو کاتەی زانی ناتوانێ منشویک و "ئێس ئار" و ئانارشیستەکان لە ئەنجومەنی شارەکان دوور بخاتەوە , ئەنجومەنەکانیشی هەڵوەشاندەوە و تەنیا ناوی هێشتنەوە , ئەویش بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بتوانێ سیمای دەسەڵاتی ڕەهای حیزبەکەیدا پەردەپۆش بکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: وایە , وایە. بەڵام ئەو بابایە حیزبێکی باشی لە بەر دەستدا بوو، به جۆرێک کە دەیتوانی هەرچی شوێنی ئاستەم و گرینگی حکومەتە بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و وەگەڕیان بخات.

تومازۆی سەگانی: هیچ کات هەڵنەکەوتووە دیکتاتۆرێک بۆ دۆزینەوەی گوێ لەمست و کاربەدەستانی خۆی گرفتی بۆ بێتە پێش.

جەنابی دەبلیۆ: لەم بوارەدا ئێمە چ پێویستیمان بە وانەخوێندن لای ئەم و ئەو نییە. لە سەردەمی ئاندرو جەکسۆنەوە , شێوازی ناسراو بە "سیستەمی دەسکەوتەکان" لە حکومەتی ئەمریکادا وەک ڕێسایەک جێی خۆی کردۆتەوە , واتە ئەوەی هەرکەس لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت، ئەوە هەموو شتێک دەبێتە مولک و ماڵی ئەو.

سەرەڕای ئەسڵی پیشە حکومییەکان , کە ساڵی 1881 دەنگی پێدرا , هێشتاش بەقیمەتترین پیشەی حکومی , بە تایبەت لە دوو وەزارەتی دارایی و گەیاندندا , بە نەسیبی هاوڕێیانی ئەو کەسە دەبێت

که له هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتووە؛ با هەر باسی دایرە ناوچەییەکان نەکەین که دیارە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان.

پرۆفیسۆر پیکاپ: شتێکی سروشتییە لە ڕێگای هەڵوەشانەوەی سەرومڕی ئازادییەکانی گرووپگەلی ئۆپۆزسیۆن، ڕەچاوکردنی ئەسڵی پیشە حکومییەکان , وەک هەر ڕەچاوکردنێکی تر کە لە پێناوی سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەتدا بێت , پابەندی خواست و مەیلی حیزبی سەرکەوتوو دەبێت.

تومازۆی سەگانی: ئەمە ڕاستە، بەڵام پێتان وا نەبێت تاقە یەک حیزب شاکلیلی چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکانی پێیە. داخستنی دەرگای ڕێکخراوەگەلی ئۆپۆزسیۆن هەڵبەت هەندێک گرفت چارەسەر دەکات , بەڵام کۆمەڵێک سەرئێشەی دیکەی بە دوادا دێت , دەشێت ئەم ئەسڵەتان لە بەرچاو بێت کە دیکتاتۆریی تاقە یەک حیزب مانای نییە. حیزبی تاقانە , هەر ئەو کاتەی لە پێناوی تەفروتوناکردنی حیزبەکانی تردا دەستەوداوێنی زەبروزەنگ و زەختوزۆر دەبێت , سەری خۆیشی وەکو حیزبێک , بە فەتەڕات دەدات. هیوادارم ڕێگا نەدەن ئەم بیرە هەڵەیە بکەوێتە مێشکتانەوە کە جیاوازیی بیروباوەڕ لە کۆمەڵگادا دیاردەیەکی دەسکردە و لە ڕێگای داخستنی ڕۆژنامە نەیارەکان و سڕینەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان جیاوازیی بیروباوەڕیش کۆتایی

پێدێت. تا ئەو کاتەی مرۆڤ توانای بیرکردنەوەیان هەبێت , هیچ کات ناتوانن لەسەر پرس و کێشەکانی ژیان هاوڕا و کۆک و تەباوڕەبا بن.

کە وایە , ئەگەری ئەوە هەیە جیاوازیی بیر و بۆچوون و بەرژەوەندییەکانی حیزبی تاقانە لە سۆنگەی ئەوەی بۆیان نییە لە دەلاقەیەکی دیکەوە خۆیان بنوێنن , ببێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ ڕکەبەرایەتی و مەیل و خواستی جیاواز لە نێوان خودی سەرۆک و کاربەدەستانی حیزبدا. لە دۆخێکی وادا دەشێت چی بکەین؟ خۆ دەزانین لە کەشوهەوای وادا هێنانەئارای باسوخواس و دەمەتەقێ ئەنجامی کارەساتاوی لێ دەکەوێتەوە. کە واتە، دەبێ ئەم مەیل و خواست و ڕکەبەرایەتییانە بە ناوی دەستدرێژی بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی وڵات سەرکوت بکرێن. هەر بۆیە، حیزبی تاقانە دەشێت بەردەوام لە ژێر چاودێرییەکی هەمەلایەنەدا بێت. دەکرێت ئەم چاودێرییە لە ڕێگای کۆمەڵێک گۆڕانکاریی باش و پێویستی ڕێکخستنەکانی حیزب پاساو بدرێتەوە. شک لەوەدا نییە هانە و پاڵنەری کۆمۆنیستەکان بۆ وەلانان و سڕینەوەی ڕێکخستنی نەریتیی لقەکانی شار و گەڕەک , و دامەزراندنی گرووپگەلی کارگەیی و ئیداری و ناوچەیی لە بری ئەوان , تەنیا هەر بۆ کارامەبوونی زیاتر نەبوو , بەڵکو بۆ پتەوترکردنی ڕێکوپێکی و دیسپلینی حیزبیش بوو. ئەوەی ڕاستی

بێت , له سیستەمی گرووپگەلی حیزبیدا , دەکرێت هەر دەستێکی نەیار دەسبەجێ دیاری بکرێت و ببڕدرێت و تووڕ هەڵدرێت.

له ڕۆژئمی تۆتالیتاریستیدا پێکهاتەی ڕێکخستنی حیزبی تاقانه خاوەن گرینگییەکی بنەڕەتییە. باشترین شاهیدی ئەم قسەیە , ئەنجامی ڕکەبەرایەتیی نێوان هێزە وێکچووەکانه. زاڵبوونی ڕەبەنەکانی یەسووعی بە سەر ئایینەکانی تری کاتۆلیک , سەرکەوتنی مارکس و شکستی باکۆنین لە ئینتەرناسیۆنالی یەکەم , سەرکەوتنی لێنین و شکستی مارتۆف لە سۆسیال دیموکراسیی ڕووسیادا , زاڵبوونی ئیستالین بە سەر تڕۆتسکی لە سیستەمی بلشویکیدا , سەرکەوتنی هیتلەر و شکستی لۆندرۆن و نەیارانی دیکەی دەستەڕاستی ئەڵمانیا , سەرلەبەری ئەمانه تا ڕادەیەکی زۆر له سۆنگەی سەرکەوتنی جۆری ڕێکخراوەیی و شێوەی ڕێکخستنەوە بووە. کارامەترین و لێزانترین حیزبی پاوانخواز ئەو حیزبەیە لە دەستی بێت لە یەک کاتدا و بەسەریەکەوە لە وانە و فێرکارییەکانی سێنت ئینیاتسیۆ[24] و مارکس و ئیستالین و هیتلەر کەڵک وەربگرێت. ڕێکخستنی حیزبی بۆی نییە پشت بە ئەسڵی هیرارکییەت (زنجیرەپێگە) نەبەستێ. ئەو شتەی کاروباری ئەم ڕێکخستنە وەڕێ دەخات لێژنە و ڕێکخراوەکانی تری ئەنجومەنەکان نییە , بەڵکو کەسان و بەرپرسانی حیزبییە. بوناپارت گوتبووی:

---

[24] Saint Ignazio Loyol) بناغەدانەری ئایینی دەمارگرژ و توندئاژۆی ڕەبەنەکانی یەسووعی له سەدەی شازدەهەمدا.

"ژەنەرالێکی خراپ باشترە لە دوو ژەنەرالی چاک". لە ڕێکخستنی حیزبیدا , هەر بەرپرسێک لە ڕێگای بەرپرسی باڵادەستی خۆیەوە پلەوپایەی پێدەدرێت. جا بۆ ئەمەش کە بەرپرسان لە شوێنێکی تایبەت ڕەگ دانەکوتن و نەبنە خۆشەویستی هەموان , بەردەوام ئێرە و ئەوێیان پێدەکەن , و زۆرتر بۆ ئەو شوێنانەیان دەنێرن کە کەس نەیانناسێ. هەڵبەت ئاشکرایە لە لقەکانی ناوچەییدا ڕێگا بە باسوخواس نادرێت , بەڵکو تەنیا دەشێت کار بکرێت. چالاکیی سەرەکیی لقەکان ڕاییکردنی کاری ئەو کەسانەیە وا کاریان بە لقی حیزبە. دانیشتنەکانی لق هیچ کات بڕیاری تێدا نادرێت. بڕیاردان تەنیا لە ئەستۆی سەرکردەکانی حیزبە. ئەرکی دەستنیشانکردنی ئەو ڕێوشوێنە سیاسییەی دەشێت پەیڕەو بکرێت لەسەر شانی گرووپگەلی حیزبیدا نییە , بەڵکو ئەوان تەنیا بۆیان هەیە پەیامی ئەوڕێوشوێنانە لە نێو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە.

جەنابی دەبلیۆ: نەکا بتانەوێ ئەوە بە ئێمە بقەبڵێنن کە ئەم شتە تەنیا تایبەت بە حیزبە پاوانخوازەکانە و بەس؟ ئەزموونی شەخسی نیشانی داوم کاروباری گرووپگەلی حیزبێکی دیموکراتیش هەر لە چوارچێوەی ئەم حاڵەتە دەڕواتە پێشێ.

من چالاکیی سیاسیی خۆمم لە "بەرپرسایەتیی دەستە"ی یەکێک لەم حیزبانەوە دەست پێکرد. بێ ئەوەی بمەوێ لە ستایشتی خۆمدا قسان بکەم , دەبێ بڵێم هەمیشە لە دەستم دەهات دوو بەش لە سێ بەشی

دەنگەکانی ئەو دەستەیەی من بەرپرسی بووم بە نەسیبی خۆم بکەم. لەم ڕێیەدا یەکێک لە مامەکانم و سەرتاشێکی ئیتاڵی دەستیان گرتم , ئەو سەرتاشە تواناییەکی سەرسوڕهێنەری لە ڕازیکردنی تەنانەت کەللەڕەقترین مرۆڤیشدا هەبوو. نەکا پێتان وا بێت لە باسوخواسی سیاسیدا پیاوێکی شارەزا بوو؛ بە پێچەوانە , لە سیاسەتدا تەنانەت گونی خۆی و گێزەری لێک نەدەکردەوە , بەڵام دەیتوانی خەڵک وەپێکەنین بخات. خەڵکی دەستکورت و ڕەشوڕووتی گەڕەکەکەمان پێویستیان بە کار و پیشە بوو , منیش ئەوەندەی لە دەستم دەهات کاری وەک کارمەندی ئاگرکوژێنەوە یان پێشخزمەتی قوتابخانە و هتدم بۆ دەدۆزینەوە، و کاتێکیش شتێکی ئەوتۆم لە دەست نەدەهات بۆیانی بکەم، بابای سەرتاشم دەنارد لایان تا وەپێکەنینیان بخات. چەندەم سەختی کێشا تا توانیم ببمە "بەرپرسی گەڕەک"، و دەوروبەری سێ بەرپرسی دیکەم لەژێر دەستدا بوو. بەڵام بەم پلەوپایە تازەیەشمەوە کەس داوای لێ نەکردم سەبارەت بە سیاسەتی حیزب قسەم بۆ بکات. بەرپرسە باڵادەستە حیزبییەکانم وەها دەستیان بەسەر "ماشێن"ی حیزبدا داگرتبوو مرۆڤ پێی وابوو ماشێنی ماڵە بابیانە. ئەگەر کەسێکی بەسەبر و پشوودرێژ بوایەم , دەمتوانی ئەوەندە چاوەڕوان بوومایە تا ئەو دەمرد و من جێگاکەیم دەگرتەوە , بەڵام جگە لەوەی من پیاوێکی بەسەبر و پشوودرێژ نەبووم , ئەویش بابایەکی تا بڵێی

لەشساغ و بەدەماغ بوو و بەتەما نەبوو بمرێ. جیا لەمانە، ئەویش خۆی تەنیا دەوری یەکێک لە تایەکانی "ماشێنی" حیزبی دەگێڕا، تایەیەکی لەوانەیە گەورەتر لە من , بەڵام دواجار هەر تایەیەکی سادە و ساکار، ئیتر نە بستێک کەمتر، نە بستێک زیاتر.

تومازۆی سەگانی: ئەو شتەی هەنووکە باسی دەکەن , پێشتر لە قسەکانماندا وەک یەکێک لە بارودۆخەکانی ئاسانکاریکردن بۆ بزووتنەوە دیکتاتۆرییەکانی سەر بەسەردەمی ئێستا باسمان کردبوو. بەڵام ئەو شتەی ئێستا دەبێ ڕوونی بکەینەوە ئەمەیە ئایا لە ڕژێمە تاکحیزبییەکاندا ئەوە حکومەتە حیزب لە نێو خۆیدا دەتوێنێتەوە یان نا، ئەوە حیزبە حکومەت لە نێو بۆتەی خۆیدا قاڵ دەکاتەوە؟ بە باوەڕی من، هەردوو حاڵەتەکە بۆیان هەیە ڕاست بن . ئەمەش کاری خودی سەرۆک و دەستەی لێهاتووی دۆستانی ئەوە؛ پێشەوا جڵەوی حیزب و حکومەتی بە دەستەوەیە. بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر حیزبدا لە حکومەت و بۆ چاودێریکردنی سیاسیی حکومەتیش لە حیزب سوود وەردەگرێت. لەم حاڵەتەدا ڕێکوپێکی و دیسپلینی حیزبی وەک بەبایەخترین پاشەکەوتی ڕژێمی دیکتاتۆری لە قەڵەم دەدرێت , و ئەندامانی حیزبی بەوپەڕی وردبینی و زەختلێکراوییەوە دەرس دادەدرێن.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بۆ فێرگەی حیزب گەلاڵەیەکی پڕبەپێستم پێشبینی کردووە.

جەنابی دەبلیۆ: تۆ بڵێی تۆتۆلۆژیی کامڵ وەک ئایدیالۆجیی ڕەسمیی ئێمەی لێ بێت؟ بەر لەوەی لەم بارەیەوە ئەرکێک وەعۆدە بگرم , پێم خۆشە بیرورای هەندێ پسپۆڕی دیکەش بزانم.

تۆمازۆی سەگانی: جا کاکی خۆم , لە سۆنگەی ئەوەی ئەو شتەی ئێوە لە بەرچاوتانە سەرکەوتنە نەک هەقیقەت , فلانە یان فیسارە ئایدیالۆجی نابێ بۆ ئێوە جیاوازییەکی ئەوتۆی هەبێ. لە هەموو سەردەمانێکدا , ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان توانیویانە لە ڕێگای بڕەوپێدانی کۆمەڵێک ئایدیالۆجیی سەیروسەمەرە بە هەندێ دەستکەوتی شایانی ستایشت بگەن. ئیمڕۆکە , لە ڕێگای ئەو شێوە تایبەتانەی کە شارستانییەتی بەکۆمەڵ وەخۆی دەگرێ , ئەم کارە زۆر ئاسان بۆتەوە. لەو چرکەساتەوە کە هەقیقەت چەمک و واتای ئاشکرای خۆی دەدۆڕێنێ و تێفکرین و توێژینەوەی سەربەخۆ بە بابەتێکی دژی نەزم و ئەمنیی گشتی لە قەڵەم دەدرێ , توانایی ئایدیالۆجیی ڕەسمی بۆ چوونە نێو جەماوەر بە کارامەیی و شارەزایی پۆلیس دەبەسترێتەوە. پەیڕەویکردن لە ئایدیالۆجیی ڕەسمی وەک بەکارهێنانی دراو و پارەی باوی وڵات ناچاریی و پێملنەبوون بەم ئایدیالۆجییە وەک تاوانێکی شیاوی بەدواداچوونی لێ دێت؛ وەک چۆن قبوولنەکردنی نرخی ڕەسمیی ڕوبل

یان دۆلار , کە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دەستنیشان کراوە , تاوانە . بەڵام پێویستە فێرکاریی ئەم ئایدیالۆجییە حاڵەتی ڕەها و دۆگماتیکی بێت تا ڕێگا بە چکۆلەترین شک و دڕدۆنگی نەدات؛ بەڵێ , کاکی خۆم، دوژمنی ڕاستەقینە شکە .

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەمە ڕاستە، بەڵام قوڕبەسەریی ئێمە لەوەدایە لەگەڵ تۆڕێک مامۆستای زانکۆ و هونەرمەند و ڕۆشنبیران ڕووبەڕوو بووینەتەوە کە بەخەستوخۆڵی لە هەموو شتێک دڕدۆنگن. کۆمەڵێک بوونەوەری بەدەمار و لەخۆبایی کە بۆ خۆنواندنیش بێت , لە ئاست هەر تیۆرییەکی سەیروسەمەرە کە لەدەرەوەی وڵاتەوە بێت سەرسامی و هۆگریی خۆیان نیشان دەدەن.

تومارۆی سەگانی: پەلکێشکردنی ئەو تاقمە لەو جەماعەتە , کە خۆتان گوتەنی بەدەمار و لەخۆباین , بە یارمەتیی خاڵە لاوازەکانیان کارێکی سانا و ساکارە . هەر ئەوەندەیان بەستە خەڵاتیان بکەن , خەڵاتی زانستی و هونەری، و هەروەها نازناوی قەبە وفشوفۆڵ و پلەو پایەی زانستییان پێ بدەن. ئەوەتان لە یاد بێت , سەرقاڵبوون بە کاری فیکریی ڕووتەوە هاوسەنگیی ڕۆحیی مرۆڤ تێکدەدات و تووشی حاڵەتی خۆبەزلزانینی دەکات . زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێت ڕۆشنبیر و هونەرمەندێک بدۆزیتەوە بە ڕاستی دەستەویەخەی ئەم نەخۆشینە پیشەییە نەبێت. جا لە سۆنگەی ئەوەی مرۆڤی خۆپرست ناچارەکی

تووشی تەنیایی و دوورەپەرێزی دەبێت و لە حاند کۆمەڵگاکەی پڕ دەبێت لە ڕق و نەفرەت , لاواندنەوە و دڵدانەوەی لە لایەن سەرۆکی تازەی وڵاتەوە بۆی هەیە زۆر زۆر لەسەر ئەو کاریگەر بێت.

بە گشتی دەکرێ بڵێین هەر بابایەکی ڕۆشنبیر یان هونەرمەند بە شێوەیەکی زاتی کەیفی بە هەموو ئەو شتانە دێت کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ناو و ناوبانگی ئەو دەخەنە سەر زاران و هەر بەم پێیەش ڕقی لەو شتانە دەبێتەوە کە بەجۆرێک ناو و ناوبانگی بڕووشێنن. لە قووڵایی وجودی خۆیدا، ئەو بۆچوونەی ئەو لە بابەت چاکە و خراپە هەیەتی هەر پشتئەستوور بەم کێشەی ناو و ناوبانگەیە. هەر چۆنێک بێت , هەر ئەوەندەی بۆنی کردبێت ڕەنگە حکومەت لەبری ئەو ڕوو بکاتە کەسێکی دیکە لە هاوکارانی، تەمی هەرچەشنە شک و گومانێک لە دڵیدا دەڕەوێنێتەوە، و هەر خەڵاتێکی پێی بدەن حاشای لێ ناکا و وەریدەگرێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بیسمارکیش گوتویەتی، هەمیشە دەکرێ شاعیر و قەحبە بە پارە پەلکێشیان بکەیت و بیانکڕیت.

تۆمارۆی سەگانی: بۆ پەلکێشکردنی ئەو کەسانەی ئێستا باسیان دەکەین باشترین کەرەسە پارە نییە , بەڵکو پێداهەڵگوتن و ستایشتە. باشتر وایە دڵدانەوەی هەندێ هونەرمەند یان ڕۆشنبیری بیانیش بخەنە بەرنامەکەتانەوە. مەترسن لەوەی نەکا داواکەتان قبووڵ نەکەن ,

چونکی کەموزۆر لە هەموو باریٚکدا , ئەم قسە بەناوبانگە کە دەڵێن کەس دەستی بە هونەرمەندان ڕاناگا قسەیەکی درۆیە . ئەوان کوشتە و مردووی ئەوەن وێنەی خۆیان لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە بیانییەکان ببینەوە . قوونپانکردنەوەی مشەخۆرانە لە هۆتێلە گەورە و بەشکۆکان و خواردنی باش و خواردنەوەی هەرەباش , شتێکە هەموویان پێی خەنی دەبن و فیکەی سمێڵیان پێی دێت . پارەخەرجکردنی لەمجۆرە بۆ پاراستنی ئابڕووی ڕژێمی تازەکار پێویستە، و ناشێت هیچ کات بە پارەخەرجکردنی زیادە و لەخۆڕایی لە قەڵەم بدرێ , چونکی خۆ وا نییە خۆشەویستیی ئەم جۆرە کەسایەتییانە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا تەنیا لایەنی هونەریی هەبێت . بەڵێ , لەو سەردەمەوە کڵێساکان چۆڵۆهۆڵ بوون و تەنیا و تەریک کەوتنەوە , ئەرکی ڕێنومایییکردنی مەعنەوی و ڕۆحیی خەڵک کەوتۆتە سەر شانی ئەم کەسایەتییانە . هەڵبەت تاکوتەرا هەندێ کەسی سەرەڕۆ هەڵدەکەون گوێ بە پارە و پلەوپایە نادەن و چ گونیان پێێ ناچێت . بۆتان هەیە ئەم کەسانە بە پۆلیس بناسێنن و وەک خراپترین تاوانباری وڵات تووڕیان بدەنە گۆشەی زیندان .

جەنابی دەبلیۆ: ناتوانین بڵێین کارتێکەری و دەسترۆیشتویی کڵێسا لە وڵاتی ئێمەدا ڕووەو کزبوونە . تەنانەت بە پێچەوانەوە، یەکێک لە

گرفتەکانی کاری ئێمە هەر لێرەدایە کە ژمارەی ڕێبازە کڵێساییەکان زۆریش فرەیە.

تومـازۆی سـەگانی: ئـەم گرفتـە بـۆی هـەیـە تەنانـەت ببێتـە یارمەتیدەرێکی باشیش , بـەو مەرجـەی ڕژێمـی دیکتـاتۆری لـە دەستی بێت ئاگری ڕکەبەرایەتیی نێوان ئـەم ڕێبازانـە خـۆش بکـات. قەشـەکانی کڵێساش وەک خوداوەندانی ئەفسانەیی , هەمیشە لایەنی سـەرکەوتووان دەگرن. ملکەچێتیی ئەم قەشانە لە بەرامبەر هـەر چەشـنە دەسـەڵاتێـک لەسەر بناغەی پتەوی ئەم باوەڕە دامەزراوە کە هەموو دەسەڵاتەکان لـە خواوەندەوە سەرچاوە دەگرێ , و هەروەتر بە پێی ئەو قسـە بەناوبانگـە شـکڵ دەگـرێ کـە دەڵـێ: "ئـەو شـتەی مـاڵی سـێزارە دەشـێت بدرێتـە دەست سێزار". کورتی ببڕینەوە , پیاو لەگەڵ قەشەی کڵێسا بە ئاسانی پێکدێت. لە لایەکی دیکەوە , سنووری نێوان ئەرک و وەزیفەی کڵێسـا و کاروباری ئینسـانی ئەوەنـدە دیـار و دەستنیشـانکراو نییـە کـە نـەکرێت جاروبارە ئەو شـتەی مـاڵی کڵێسـایە بدرێتـە دەسـت سـێزار , یـان ئـەو شـتەی مـاڵی سـێزارە بـە مـاڵی کڵێسـا بزانـی. ئەمانـە چەنـد پرسـێکن تـەمومژ دایپۆشـیون و نـابێ مـرۆڤ زۆر سـەری لێیـان سـووڕ بمێنێـت. دیکتاتۆری تازەکار بۆی هەیە ئەم باشییەی تێدا بـەدی بکـرێ بـە نـاوی "هەناردراوی چارەنووس" بانگی بکەن و لە بۆنەکانی کڵێسادا دوعای بۆ بکەن و بۆی بپارێنەوە کە خواوەند پشتوپەنای بێت و ببپارێزێت.

جەنابی دەبلیۆ: من باوەڕم بە دنیاکەی تر نییە.

تومازۆی سەگانی: موسولینی-یش باوەڕی پێی نییە , بەڵام سەلماندنی کاری موسولینی لە لایەن پیاوانی کڵێساوە بووە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری ئەو لەو گشتپرسی و ڕیفراندۆمەی پاش ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ڤاتیکان بەڕێوەچوو.

پرۆفیسۆر پیکاپ: شکی تێدا نییە ئەو , لە چاو هیتلەر , زۆر زیرەکانەتر لەگەڵ قەشەکان جوولایەوە. لە حاڵێکدا , لە ئەڵمانیاش , قەشەکانی کاتۆلیک و پرۆتێستان بۆ هاریکاریکردنی تەواو ئامادە بوون.

جەنابی دەبلیۆ: وێدەچێ هیتلەر گوێ بەم یاسایە نەدات کە دەڵێت: "بۆ هەر کارێک دەشێت کەمترین ڕێژەی وزەی پێویست بەکار ببەیت."

تومازۆی سەگانی: ئەمە تایبەتمەندییەکە کەموزۆر سەرلەبەری دیکتاتۆرەکان هەیانە. منتسکیۆ دەبێژێ، دیکتاتۆر ئەو کەسەیە "بۆ لێکردنەوەی سێویێک لە درەختێک، درەختەکە لە ڕەگوڕیشەوە هەڵدەکەنێ".

جەنابی دەبلیۆ: بە بڕوای من، ئەم کارە بۆ لێکردنەوەی سێو نییە , بەڵکو بۆ نواندنی هێز و توانایی خۆیەتی. کەسانێکی فەرامۆشکار هەن دەشێت لە ڕێگای بەکارهێنانی بەردەوامی زەبروزەنگەوە شتەکانیان وەبیر بخەیتەوە."

تومارێی سەگانی: هەر ڕژێمێکی دیکتاتۆری لە قۆناغەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی خۆیدا، ماوەیەکی بە ناچاری بۆ دروستکردن و ڕێکخستن و وێکگرتن تەرخان دەبێت. ئەمەش ئەرکێکی گەلێک ئەستەمە کە دەشێت بەڕێوەی ببات: سەرتانسەری کۆمەڵگا دەبێ لە ژێر چاوەدێریی حکومەت حیزبدا بێت. بە ئەندازەی سەرەدەرزییەک ڕێگا بە چالاکیی دەستاوبەجێ و داهێنانی تاکەکەسی و بەهەرەوەز نادرێت. نەک هەر ژیانی کۆمەڵایەتیی کرێکاران و پرسی بەرهەمهێنان , بەڵکو تەنانەت چالاکیی لە جۆری داهێنانی هونەری و پشوودان و گەشت و سەیرانی خەڵکیش لە ژێر چاوەدێری و بە ئاگاداری حکومەت حیزبەوە بەڕێوە دەچێت. تۆڕێکی بەرفراوانی پێکهاتوو لە خزم و کەسوکارانی جێگای باوەڕی حکومەت , تاک بە تاکی خەڵکانی وڵات چاوەدێری دەکات. لە دەوام , لە کاتی گەشت و سەیران , لە نێو ماشێن و شەمەندەفەر و لە نێو ماڵ , مرۆڤ دەبێت بەردەوام وا هەست بکات ئەوە کەوتۆتە بەر سیلەی چاوی وردبین و بەئاگای پیاوانی حکومەتەوە. بەکرێگیراوی حیزبی کاری سیخوڕی و یارمەتیدەریی کۆمەڵایەتی و دەرگاوانیی هۆتێل پێکەوە دەکات. ئایا شتێک هەیە تایبەتتر و مەحرەمانەتر لە جوتبوونی ژن و مێرد بێت؟ لە حاڵێکدا موسولینی بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم پەیوەندییەش کۆمەڵێک یاسای داناوە: لە پیاوانی سەڵت و ژنانی عازەبی ئیتاڵی باجێکی تایبەت دەسێندرێ؛ ڕایانگەیاندووە ئامێری

پێشگرتن بە دووگیانبوون دژی یاسایە و دەرمانخانەکان ڕێگایان پێنادرێت ئەم ئامێرانە بفرۆشن؛ ئەو ژنانەی منالّی زیاتریان بێت پارە و وێنەی واژووکراوی "پێشەوا"یان خەلّات دەکرێت.

جەنابی دەبلیۆ: پێم وایە ئێوە تا ئەندازەیەک زێدەڕەوی دەکەن. باشە حیزبێکی سیاسی چۆنچۆنی دەتوانێ بەم هەموو کارە پڕ دەردی سەرە ڕابگات؟

تومازۆی سەگانی: هەڵبەت ئەمە کارێک نییە لە دەستی ئەو حیزبە بێت لە کودەتادا سەرکەوتووە. هەر بۆیە , پاکتاوکردن و سەرلەنوێ بوژانەوەی ڕێکخراوەی سەرلەبەری پێکهاتەی حیزب دەبێتە پێداویستییەکی گرینگ. دوای تەفروتوناکردنی نەیاران , ئەو گرفتە هەرەگەورەیەی دیکتاتۆری تازەکار دەشێت چارەسەری بکات , گرفتی پەیوەندیدار بەو کەسانەیە کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلّات یارمەتییان داوە. ڕزگاریی دیکتاتۆر لەوەدایە لە گەلّ ئەم تاقمە بێبەزەییانە و بە تۆندی ڕووبەڕوو بێتەوە.

جەنابی دەبلیۆ: موسولینی و هیتلەر و ئیستالین لەگەلّ کێشەیەکی سەرئێشەسازی لەمجۆرە ڕووبەڕوو بوونەوە. بەلّام پێتان وایە لە واقیعدا کێشەکە لە حالّەتی گشتیشدا هەر ڕاستە؟

تومازۆی سەگانی: بەلّێ , بێشک هەر ڕاستە. پێش هەموو شتێک دەبێ بزانن خەسڵەتەکانی پێویست بۆ ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی

کودەتا لەگەڵ خەسڵەتگەلی باش و گونجاو بۆ جێبەجێکردنی کاروباری دەسەڵات جیاوازییان هەیە. بەڵام سەرتاپای کێشەکە لەمەدا چڕ نابێتەوە. تەمەنی دوورودرێژی حیزب لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی هەندێ لە ئەندامان لافی ئەوە لێبدەن خاوەنی کۆمەڵێک ماف و شانوشکۆی جیا لە خواستی سەرۆکی حیزب بن. ئەمجۆرە کەسانە لە شێوازی دابەشکردنی دەستکەوتەکان ڕازی نابن. هەندێ کەسی دیکە هەن دروشمەکانی حیزب لە قۆناغی خەباتی بەنهێنی بە ڕاست وەردەگرن و ئەم ڕاستییە ناسەلمێنن کە سەرۆک , دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات , ئەم دروشمانە لەبیر بەرێتەوە , یان تەنانەت کۆمەڵێک دروشمی دژ بەوان بێنێتە گۆڕێ. دوا جاریش خەتەرناکتر لە هەموان ئەو کەسانەن لە نێو جەماوەردا زۆر خۆشەویستن و بۆ خەستوخۆڵترکردنی ئەم خۆشەویستییە هیچ دەرفەتێک بە فیڕۆ نادەن. گشت ئەم کەسانە دەشێت بکەونە ژێر چاوەدێرییەوە و تەفروتونا بکرێن. ئەو بابەتە دیاریکراوانەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد , شێوە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبردنی ئەم کارەتان دەخاتە بەر دەست؛ هەندێ جار دەتوانن هەر بە گرتن یان بە دوورخستنەوە قەناعەت بکەن , لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا بۆتان هەیە نەیاران بە دەست کۆمەڵێک کەسی نامۆ و نەناسیاو بکوژن , یان دەکرێت بە تاوانی پیلاندارشتن و خەیانەتکردن و خراپەکاری و هتد لە دادگای تایبەتدا تاوانباریان

بکەیت. یەکێک لە باشییەکانی پاکتاوکردنی نێوخۆیی و کەسانی لایەنگری دەسەڵات لەوە دایە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرینەی نەیارانی جارانی دیکتاتۆری تازەکار بۆ لای ئەو پەلکێش بکرێن , ئەو نەیارانەی بەو ڕاستییەیان زانیوە ئەو , واتە دیکتاتۆر , یەکێک لەو خەسڵەتانەی هەیە کە لە نێوان سەرۆککەلی وڵاتاندا بە دەگمەن هەڵدەکەوێت , ئەویش ئەوەیە لە دەستی دێت تەنانەت نیزیکترین هاوڕێیانی خۆی لە پێناو بەرژەوەندیی وڵاتدا بکاتە قۆچی قوربانی. هەر لەم سەروبەندەدا , دیکتاتۆری تازەکار دەبێ کەسانێکی تازە بۆ لای حیزبی خۆی ڕابکێشێ , کەسانێکی ملکەچ و گوێ لەمست و بەئەمەک و تەنانەت گەمژە کە بەشێکن لە پێداویستییەکانی هەر حیزبێک کە تازە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبێت.

جەنابی دەبلیۆ: تکایە قسەی ناشیرین دەرهەق بە گەمژەکان مەکەن؛ من وەک شەخسی خۆم بۆ ئەم کەسانە هەمیشە مەیلێکی تایبەتیم لە دڵدا هەبووە. جارێکی لە کارخانەدارێکی گەورەم بیست , بەسوودترین بەشی کارخانەکەی ئەو بەشەیە ئەو کرێکارانە هەڵی دەسوڕێنن کە جاران لە فێرگەی منالانی دواکەوتوودا کاریان دەکرد. بە داخەوە هێشتا میکانیزمێکی جێگای‌باوەڕ بۆ پەرەپێدان بە گەمژەیتی نەهاتووەتە ئاراوە.

تومازۆی سەگانی: بە ڕاستی ناشوکرن , ئێوە ڕادیۆ و سینەما و گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی پۆلیسی و بەرنامەی وەرزشیتان هەیە و دیسانیش بە دوای شتی دیکەدا دەگەڕێن؟ گرینگ ئەوەیە ئەم هەموو ئامێرە وشیارانە و زیرەکانە بەکار بێنن.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام باشترین ئامێری پڕوپاگەندە , ئەو کارانەیە کە کراون. ناتوانن نکوولّی لەم ڕاستییە بکەن هەم هیتلەر , هەمیش موسولینی کۆمەڵێک کاری گەورەیان کردووە.

تومازۆی سەگانی: باش دەزانم. شەمەندەفەرەکانی ئیتاڵیا ئێستا لە کاتی خۆیدا دەگەنە شوێنی مەبەست. هەمیشە هەر وا بوو: هەموو زۆرداران , لە فیرعەونەوە بیگرە تا ئیستالین , کۆمەڵێک گەڵاڵەی بەشکۆیان داڕشتووە و بەڕێوە بردووە. بەڵام ئەم شاکارانە بۆ سەلماندنی هەقدارێتی و ڕەوابوونی ئەوان بەست نییە.

جەنابی دەبلیۆ: هەقداری و ڕەوابوون چ فڕیان بەسەر ئەم پرسیارەوە هەیە؟ ئاینی سەردەمی ئێمە لێهاتوویی و کارامەییە. بە ڕێبەرایەتیی هیتلەر، ئابووریی ئەڵمانیا ملیۆنەها بێکاری سەر بە ڕژێمی پێشووی هێنایەوە سەر کار. لەمە زیاتر چیتان دەوێ؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: هیتلەر کۆمەڵێک کاری لەمەش گرینگتری کردووە: حیزبی خۆی ناو ناوە "ناسیونال- سۆسیالیست" و ڕەنگی سووری بۆ ئاڵای خۆی هەڵبژاردووە و یەکەم ڕۆژی مانگی مێی کردۆتە

پشووی ڕەسمی و بەمجۆرە هەرچی هێمای سۆسیالیستی نەریتییە لە سیمای حیزبەکەی سڕیوەتەوە.

تومـازۆی سـەگانی: ئـەوە ڕاسـتە؛ تیـری خەلاسـی هـەر حیزبێکـی ئۆپۆزیسـیۆن ئـەوەیـە وەک حیزبێکـی دژەیاسـا بانگـەوازی بـۆ بکـەن و بەرنامەکـەی ئـەو لـە چوارچێـوەی بەرنامـەکانی خۆتانـدا بگـونجێنن. بەمجۆرە , حیزبێکی وا هیچی بـە دەست نامێنێتـەوە. سـاڵی 1917 , لێنـین بەسـەرکەوتوویەکی تـەواو , ئـەم تاکتیکـەی دژی نەیـارانی مەترسیداری خۆی , واتە "ئـێس ئار"ەکـان، بـەکار هێنـا. جووتیـارانیش پشتیوانی ئەم تاقمە بوون. جا بۆ شۆڕشی پرۆلیتاری , کە بلشویکەکان پڕوپاگەنـدەیـان بـۆ دەکـرد , هـیچ هـەڕەشـەیـەک مەترسـیدارتر لـە بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکارانی کشـتوکاڵ بـەدی نـەدەکرا. هـەر لەم سۆنگەیەوە , بۆ ڕزگاربوون لە چنگ "ئێس ئار"ەکان , لـە هـەمان کاتـدا کە پیلانە ڕەشەکوژییەکانی پۆلیس دژی ئەوان دەکەوتە گەڕ , بەرنامەی ئەوان بۆ ڕیفۆرمی پەیوەندیدار بە مەسەلەی خاک و زەویش بەڕێوەچوو. بۆ ئەم کارە , لێنین حوکمێکی بەناوبانگی دەرکرد؛ بەپێی ئـەم حوکمـە زەوییە بەرفراوانەکان زەوت دەکران و دەیانخستنە بەردەستی کۆمەڵێـک لێژنەی جووتیاری خۆمالّی و ئەنجومەنی جووتیـاریی ناوچـەیـی. دواتـر، ئـەو کاتـەی ئیتـر نـەیـار لـە گونـدەکان نەمانـەوە , بلشـویکەکان دیـارە سیاسـەتی کشـتوکاڵیی خۆیـان دەسـتپێکردەوە، و جووتیارانیـان بـە

هاوڵاتی پله دوو له قەڵەم دەدا و لە پێناوی بەپیشەییکردنی وڵاتدا سواری سەریان دەبوون و سوودیان لێ وەردەگرتن. بۆ ململانێی نێوان خۆی و ترۆتسکی , ئیستالین هەر ئەم شێوەیەی بە ئاوایەکی شارەزایانە بە کار هێنا. یەکەم جار ئەوی بە تاوانی لادان لە بیرۆکەی "پیشەسازیخوازی" شەرمەزار کرد , و پاش ئەوەی لە وڵات دووری خستەوە , بە پەله پەل و هەله هەلی تەواو هەر بەرنامەکەی ئەوی بۆ بەپیشەییکردنی وڵات بە کار هێنا. ئەو دیکتاتۆرە تازەکارەی بە هۆی نەسازانی ئایدیالۆجیک یان سیاسی لە دەستی نایەت تا ئەم ڕادەیە بچێتە پێشێ , لانیکەم دەتوانێ بە قسە یان بەشێوەیەکی ڕەمزی و سیمبۆلیک هەر ئەم کارە بکات. کەمخەرجترین و بێزەرەرترین شێوەی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان ئەوەیە ناوەکانیان بگۆڕین. بۆ نموونە، فاشیزمی ئیتاڵی بە کردەوە مافی سەرمایەدارانی زیاد کردووە , بەڵام لە "یاسای کار"ی ئەم ڕژێمەدا گوتراوە شوێنەواری سیستەمی سەرمایەداری لەم وڵاتەدا کوێر بۆتەوە. ئەوەی راستی بێت، تەنیا دەستەواژەی تازەی "سیستەمی ڕێکخراوە پیشەییەکان"-یان لە بری زاراوەی "سەرمایەداری" داناوە؛ هەر ڕێک وەک ئەو پادشایەی بۆ ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێسای ڕۆژانی "پاریز"ی ئاینی مەسیحی- کە تێیدا خواردنی ئاژەڵ و باڵندە ڕەوا نییە- بەر لەوەی دەست بکات بە خواردنی گۆشتە سورەوەکراوەکەی , بە خواردنەکەی دەگوت "ماسی".

جەنابی دەبلیۆ: ئەم کارە هەر زۆر ئاسانە و پێتان وا نییە ئەگەرکو سەرلەبەری گۆڕانکارییەکان هەر بە قسە ببوایەن , ڕژێمە دیکتاتۆرەکان نەیاری کەمتریان دەبوو؟

پرۆفیسۆر پیکاپ: بە ڕای من , دیکتاتۆری عیلاج و دەرمانێکە بابەتی هەرچی کۆمەڵگای نەخۆشە .

تومازۆی سەگانی: لەوانەیە وا باشتر بێت لە جیاتی ئەوەی دیکتاتۆری لەگەڵ شێوەی "عیلاج و دەرمان" هەڵی سەنگێنین , لەگەڵ کاری ئۆرتۆپیدی (ئێسک هەڵبەستنەوە) بەراوردی بکەین.

جەنابی دەبلیۆ: هەڵبەت هەر وایە؛ من بایەخێکی زۆر بۆئۆرتۆپیدی قایلم و پێم وایە بەسوودترین لقی پزیشکییە .

تومازۆی سەگانی: بەڵام هەرچۆنێک بێت کێشە و گرفت هەر دەمێنێ. شکستی سیاسیی حیزبە سۆسیالیستەکان و گرفتی ڕاستەقینەی پەیوەندیدار بە پرسی داهێنان و ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی کە ئەم حیزبانە بە دوای چارەسەرییاندا دەگەڕێن کۆتایی نایەت، و ئەمەش بە واتای ئەوە نییە چینی کرێکار کۆتایی پێ هاتبێت، ئەو چینەی پێکهێنەری زۆرینەی جەماوەری وڵاتانی پێشکەوتووە و بزووتنەوەی سۆسیالیست لە دەیان ساڵ لەمەوبەرەوە نوێنەر و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی بووە . زیرەکی و تازەگەریی فاشیزم، لە چاو بزووتنەوە کۆنەخوازەکانی پێشوو، لەوەدایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی

شۆڕش لە ڕێگای فرتوفێڵەکانی خودی شۆڕشەوە خەبات دەکات و لەم پێناوەدا هێما و فێڵ و تاکتیک و هەموو ئەو شتانە بە کار دێنێ کە خۆیان تایبەتمەندیی شۆڕشن، بەڵام گیروگرفتەکانی چارەسەر ناکات. فاشیزم لەجیاتی ڕێگاچارەی سەرەکی، ڕێگاچارەی درۆزنانە و خوازراو دەخاتە بەر دەست: وەکو دامەزراندنی کۆمەڵێک ڕێکخراوەی هاوبەش، ڕێکخراوەی فریاڕەسی، ڕێکخراوەی پشووی کار بە هەقدەستی مانگانەشەوە، ڕێکخراوەی پشتیوانیکردن لە دایکان و زارۆکان. هەر بەمجۆرەش، ڕیفراندۆمیش جێنشینێکی خوازراوە بۆ دیموکراسی و پەرستنی نیشتمان و نیژاد، کە لە جێی ئیمانی ڕاستەقینە دانیشتووە.

جەنابی دەبلیۆ: ئەگەر ئەم ڕێگاچارە خوازراوانە پێویست بن، ناشێت دژایەتییان بکەین. ئەگەر کەرەسەیەکی پێویست لە بەر دەست نەبێت، بە ناچار دەشێت لە جیاتی ئەو شتێکی دیکە بە کار بێنین، تەنانەت جاری وایە هەڵدەکەوێ کەرەسە ناڕەسەنەکە باشتر و بەسوودتر لە کەرەسە ڕەسەنەکە بێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: جیا لەمە، بۆچی دەبێت بەردەوام باسی گرفتەکان و ڕێگاچارەیان بکەین؟ کۆمەڵگا پرسێکی ئەوتۆ نییە، بەڵکو ڕاستەقینەیەکە دەشێت بیسەلمێنین و دانی پیا بنێین.

جەنابی دەبلیۆ: با لە بابەتی باسەکەمان لا نەدەین. گرفتە سەرەکییەکانی هەر ڕژێمێک پەیوەندیی بە چۆنێتیی بەڕێوەبردنی

کاروباری ولاتەوە هەیە؛ واتە ئەوەی چۆن دەتوانین بە ئامادەبوونی کادیرێکی بەڕێوەبەری تازەکار، خۆمان لە کاری کوێرانە و ناشایست دوور ڕابگرین. جا ئیتر با هەر باسی کارەساتی سروشتی و وشکەساڵی و سێڵاو و پەتا و نەخۆشی نەکەین، کە دەرەنجامی کۆمەڵایەتیی حاشاهەڵنەگری لێدەکەوێتەوە، و دەشێت لەمانە خافڵ نەبین.

تومازۆی سەرەکانی: زۆر ئاسانە؛ ڕژێمی دیکتاتۆری بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکان دەستەوداوێنی ڕێگاچارەیەک دەبن کە وەک مەرهەمێکی موعجیزەئاسا هەموو دەردێک دەرمان دەکات. ئەم ڕێگاچارەیە قوربانیکردنی "بزنە بەڵاگەردانەکانە". ئەم کەرەسە بنبڕکەرەی گرفتەکان هیچ کام لە سەرئێشە و قۆرتەکانی شێوازی دیموکراتیکی نییە، سەرئێشەی لە چەشنی: دەمەقڕە و لەهەرادان و باسوخواسە لەدوانەهاتووەکانی پەرلەمانی و لێژنەگەلی لێکۆڵینەوەی بێئاکام و دادگاییکردنی درێژخایەنی چەندان ساڵە. جگە لەمە، قوربانیکردنی بزنە بەڵاگەردانەکان ئەم باوەڕەش بەدی دێنێ کە داموودەزگاکانی حکومەت بە چڕوپڕی چاوەدێری دەکرێن.

لە ڕێگای ئەم شێوازەوە نەک هەر هەست و سۆزی عەداڵەتخوازی، بەڵکو هەروەتر هەست و کەفوکوڵی تۆڵەئەستێنیی خەڵکیش دادەمرکێت. لەم سۆنگەیەوە بە پێداگرییەوە دەڵێم پاشەکەوتکردنی ژمارەیەکی زۆروزەوەندی بزنە بەڵاگەردانەکان، کە لە هەر بۆنەیەکدا

بکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت، بۆ پاراستنی ئاسایش و ئەمنی ولاتێکی توتالیتاریستی پێویستە، هەر ڕێک بەوجۆرەی بەخێوکردنی مەڕ و مالات بە بەشێک لە پێداویستییەکانی ئاژەڵداریيەکی ساغ و پڕسوود دێتە هەژمار.

پرۆفیسۆر پیکاپ: نەکا بڵێن پێشەکی لیستەی ئەوانەی دەبنە قۆچی قوربانی دەشێت لە بەر دەست بێت؟

تومازۆی سەگانی: نا. چونکی لەم حاڵەتەدا لەبەرچاوگرتنی هەندێ هەڵاوێردەی نادروست و بەکەڵکنەهاتوو پێویست دەبێت. لە کاتێکدا دەکرێت بڵێین جگە لە سەرۆک خۆی، هەر کەسێکی تر بۆی هەیە تووشی ئەم چارەنووسە بێت. هەڵبەت ئەمە نابێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی تاقمێکی خەڵک، وەک ڕەشپێست و جولەکە و ئانارشیست و بیانییەکان، بە شێوەیەکی نەریتی بۆ ئەم کارە لەبەرچاو بگیرێن و تەنانەت پێش لەدایکبوونیش ئەم چارەنووسەیان بە نەسیب بێت. بەڵام دیکتاتۆرێکی وریا بۆی هەیە لە دەرفەتێکی لە باردا، ئەو کەسانەی لە مێژە ڕقی لێ هەڵگرتوون وەک بەرپرسی فلانە یان فیسارە کارەساتی نەتەوەیی بکاتە قوربانی، و بەم چەشنە لە قوربانیکردنی ئەم بزنە بەڵاگەردانانە سودی چەند قات وەربگرێت. بەڵام دۆخی واش دێتە پێش کزە لە جەرگەوە دێنێ؛ لە دۆخێکی وادا، بەرژەوەندیی ولات وا لە دیکتاتۆر دەکات تەنانەت باشترین هاوەڵان و هاوڕێیانی خۆیشی فیدا

بکات. ئەم ڕێگاچارەیە بە تایبەتی بۆ ئەو کاتانە باشە کە دیکتاتۆر خۆی وەک بەرپرسی ڕاستەوخۆی فلانە یان فیسارە خراپەکاری بکەوێتە ژێر گوشاری دڕدۆنگی و گومانی خەڵکەوە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: پێتان وا نەبێت فیداکردنی باشترین هەڤاڵ بۆ جەنابی دەبلیۆ کارێکی ئەستەم بێت.

جەنابی دەبلیۆ: دڵنیام ئەم کارە لە فیداکردنی خۆم ئاسانترە.

تومازۆی سەگانی: هیوادارم هەڤاڵانی هەڵبژاردەی ئێوە شایانی ئەم شانازییە بن و شەرەفی ئەم فیداکارییەیان پێ ببڕێت، و لە بەرامبەر ئەو دادگایەی بۆ دەرکردنی حوکمی لە سێدارەدانی ئەوان پێکدێت، بتوانن بە شێوەیەکی قەناعەتپێهێنەرانە تاوانی خۆیان بسەلمێنن.

پرۆفیسۆر پیکاپ: ئەی ئەگەر دانیان پیا نەنا، چی؟ ئەگەر گوتیان بێتاوانن، چار چییە؟

تومازۆی سەگانی: لەو حاڵەتەدا، دەبنە خاینی ڕاستەقینە و جیا لە مەرگ، هەقیان ئەوەیە ناویان بە خراپیش بزڕێت. سەرەڕای ئەوە، لە ڕژێمی دیکتاتۆریدا کۆکردنەوەی کۆمەڵێک دانپیانانی درۆزنانە و پێشکەشکردنی بەڵگە و شاهیدی جێگەی متمانە بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانە کارێکی هێندە دژوار نییە.

جەنابی دەبلیۆ: دانپیانانەکانی، "دەستاوبەجێی" تاوانبارانی دادگاییە گەورەکانی مۆسکۆ لە سالانی ڕابردوو چۆن پاساو دەدەنەوە؟.

تومازۆی سەگانی: پێم وا نییە بکرێت ئەم دادگاییانە جودا لە گشت ڕاستییەکانی ئێستای ڕووسیا پاساو بدرێنەوە. مەبەستم ئەوەیە تەنانەت گەر بشزانین ئەم تاوانبارانە لە چ ڕێگایەکەوە ناچاریان کردوون دان بەم تاوانە خەیاڵییانەدا بنێن، دیسانەکە ناتوانین بە ئاسانی ئەم شێوازە لە شۆێنێکی تر بە کار بێنین و هەر بەم ئاکامە سامناکە بگەین. ئاشکرایە کودەتایەکی ئاسایی بۆ ئەم کارە بەست نییە. ئەمجۆرە شاکارانە لە دادگاییکردندا تەنیا بۆی هەیە بەرهەمی شۆڕشێکی ڕاستەقینە بێت، شۆڕشێک کە قەڵەمبازێکی خۆڕانەگریی ئایدیالی پاڵی پێوە دەنێت. بەڵام ناهومێد مەبن؛ خۆ ئەگەر دووپاتکردنەوەی کارێک مومکین نەبێت، لاساییکردنەوەی ئەو کارە هەمیشە مومکینە. ماکی سەرەتایی فەرق دەکات، بەڵام ئەو بەرهەمەی لێی دەکەوێتەوە هەمان شتە. سوودوەرگرتنی وشیارانە و بەردەوام لە بزنە بەڵاگەردانەکانی ئەو دەستکەوتەی لێ دەکەوێتەوە ڕێژەی شانوشکۆ و ئابڕووی سەرۆک دەباتە سەرێ. ئەو کارە ئەم ڕاستییە دەخاتە بەرچاوی خەڵک کە لە نێو ئەم هەموو کەسایەتییە هیچەکەو پووچەکەیەدا، ئەو تاقە کەسێکە هیچ کات بەهەڵە ناچێت، ئۆبالّی هەرچی شپرزەیی و شێواویی ڕژێمە دەکەوێتە ئەستۆی هاوکارانی ئەو، و هەر چی سەرکەوتوویی و سەربەرزیشە دەخرێتە پاڵ ناوی خۆی. بەم شێوەیە ئەفسانەی "دیکتاتۆری باش" بیچم دەگرێ و دەکەوێتە سەر

زاران، وای لێ دێت کارتێکەری و دەستڕۆیشتوویی دیکتاتۆر زۆر زیاتر لە سنووورەکانی حیزبی خۆی پەرە دەستێنێ. لە رووسیا، کۆمەڵێک بلشویک بوون کە دژی لینین خۆی نەبوون، و گوایا لە ئیتاڵیاش کە سانێک هەن کە دژی فاشیستنو هەوادار موسولینیشن.

جەنابی دەبلیۆ: بۆچی وا گاڵتەجاڕانە باسی خۆشەویستیی دیکتاتۆر دەکەن؟ بە ڕای من، لە چاو سیاسەتمەدارانی نەریتی، بابایەکی دیکتاتۆر زۆر زیاتر لە خەڵکەوە نیزیکە.

پرۆفیسۆر پیکاپ: تەنات ئەگەر بۆ بێدەنگکردنی حیزبە نەیارەکانیش بێت، ئاسانتر دەتوانێ گوێ بۆ دەردەدڵی خەڵک شل بکات. لە ڕۆما چاومان بە پەیکەری بەناوبانگی "زمانی هەقیقەت" کەوت، کە زەمانی زوو خەڵک دەیانتوانی لەپشت ئەم پەیکەرەیە خۆیان حەشار بدەن بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە، و نهێنییەکانی ئەم و ئەو لە هەرا بدەن. موسولینی – ش ئەم مافەی بۆ خەڵک بە ڕەسمی زانیوە. ئیستالینیش، هەروا کە عالەم دەیزانێ، بەرنامەگەلی "ڕەخنەگرتن لە خود"ی کۆمۆنیستی بەڕێوە دەبات.

تومازۆی سەگانی: بەڵام سەرلەبەری ئەمانە سنووورێکیان هەیە ناشێت ببەزێنی. تەنیا ئەو ڕەخنە و لەهەرادانانە ڕێگایان پێدەدرێت کە پەیوەندییان بە کەس و بارودۆخ و کێشەگەلی پەراوێزییەوە هەبێت،

بەڵام سیاسەتی گشتی و بە تایبەت سەرۆک خۆی بەهیچ کلۆجێک نابێت قامکیان بخرێتە سەر.

پرۆفیسۆر پیکاپ: پلەوپایەی سەرۆک، سەرباری هەر عەیب و ئیرادێکی شەخسی کە هەیبێت، پیرۆزە و لەو دیوی هەر چەشنە باسوخواس و دەمەتەقە لەسەرکردنێکە. ئەوە ئەرکی حیزبە بڕەو بە پەرستنی کەسایەتیی ئەو بدات. بۆ پەرەپێدان بەم باوەڕە دەشێت هەموو ڕێگاکان تاقی بکرێنەوە. تەنیا بەم مەرجە سەرۆک بۆی هەیە داوا لە خەڵک بکات تەنانەت گیانی خۆیشیانی بۆ بخەنە سەر دەست.

تومازۆی سەگانی: پەرەپێدانی بابەتی سەرۆکپەرستی ئەرکی سەرەکیی دەزگاکانی پڕوپاگەندە و میدیایە، کە لە پاوانی حکومەت دایە. جا بۆ ئەوەی ئەم دەزگا پاوانکراوانە وەزیفەی خۆیان بە باشی بە جێ بێنن، پێویستە پێش بە بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامەی بیانی و ناحەزانی سەرۆک بگیرێت و بەردەوام پارازیت بخرێتە سەر دەنگی ڕادیۆی بێگانە. بەڵام تەجرەبە نیشانی داوین سەرەڕای ئەم فرتوفێڵانە و لە سۆنگەی ئەو سروشتە سەیروسەمەرەیەی مرۆڤ هەیەتی، ئەم پاوانکردنانە ناتوانێت ببێتە ڕێگر لە بەر دەم هەندێ شێواوی و تێکەڵوپێکەڵی لە بیروباوەڕی گشتیی جەماوەر، ئەو شێواوییانەی کە کۆمەڵێک هۆی پێشبینی هەڵنەگری هەیە. لەم حاڵەتەدا ڕزگاربوونی ڕژێم بەندە بە پاوانکردنی شتێکی دیکە کەئەویش چەکوچۆڵە. کرامۆل

دەیگوت، لە دە بەش نۆ بەشی خەڵک ڕقیان لە منە، بەڵام چ گونم پێی ناچێت، چونکی تەنیا ئەو بەشە ماوەتەوە کە چەکدارە. بەڵام هەرچۆنێک بێت، دیارە دیکتاتۆرییەتی ڕەهاش شتێکی هەتاهەتایی و دیاردەیەکی هەرمان نییە.

جەنابی دەبلیۆ: باشە چ شتێک دیکتاتۆری لە کار دەخات، ئەوە لە حاڵێکدایە دەزانین دوژمنەکانی مەیدانیان چۆڵ کردووە و بزووتنەوەی دەنگی جەماوەریش چی لە دەست نایات؟

تومازۆی سەگانی: ئەمەیان پرسیارێکە و هێشتا ناتوانین لە سەر بنەمای ئەزموون و تەجرەبە وەڵامێکی بۆ دەستەبەر بکەین. تۆتالیتاریزم دیاردەیەکی نوێیە و هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی گۆڕانکاریی خۆی دایە. هێشتا بۆمان نییە دوایی پێهاتنی دۆخی دروستکەری دیکتاتۆری پێشبینی بکەین. لەوانەیە مەزندەی ئەوە بکرێت کە شارستانییەتی بەکۆمەڵی ئیمڕۆکە دواجار لایەنە خراپەکانی خۆی وەلا بنێت و لە ڕەوتێکی درێژخایەنی میژوویدا، وەک دژ کردەوەیەک لە هەمبەر زێدەڕەوییەکانی "باوەڕی حکومەت"دا، جیهانبینییەکی مرۆڤخوازانە و ئازادیگەرایانەی تێدا بەدی بێت و جێگەی دیکتاتۆری بگرێتەوە؛ هەڵبەت ئەمە هەر مەزندەیەکی ڕووتە و هیچی تر.

پرۆفیسۆر پیکاپ: بەڵام خۆ ئەم لێکدانەوەیە هێندەش ڕووت نییە کە کودەتا، تەنانەت ئەگەر بە مەبەستی پاراستن و ڕەنگڕێژکردنی

نەزمێکی کۆمەڵایەتیی کۆنیش بەڕێوە بچێت، هەر چۆنێک بێت خواست و مەیلی بۆ لای دابینکردنی نەزمێکی نوێ دەشکێتەوە.

تومازۆی سەگانی: گومانم هەیە لەوەی ڕژێمی کودەتا هەلی کارێکی لەم دەستەی بۆ هەڵبکەوێت. بە ڕای من، ڕژێمی دیکتاتۆری، خۆشی بێت و ترشی بێت، پەلکێش دەکرێت، وەک چۆن ئاسن بۆ لای ئاسنڕفێن دەکێشرێت. بە دووریشی دەزانم ڕژێمێکی لەمجۆرە پاش شکستێکی سەربازی دەوام بێنێ و بژیت.

جەنابی دەبلیۆ: نەکا بتانەوێ لافی ئەوە لێبدەن شەڕی هەنووکە کۆمەڵانی خەڵک بۆ *حوکمڕانیکردن* بەسەر خۆیاندا پەروەردە دەکات.

تومازۆی سەگانی: من قسەی وا ناکەم.

جەنابی دەبلیۆ: کە وایە، لەوانەیە دەتانەوێ بڵێن ڕەنگە کۆمەڵێک جۆری دیکەی دیکتاتۆری جێگەی دیکتاتۆرییە هەنووکەییەکان دەگرنەوە.

تومازۆی سەگانی: ئەمەیان لەوانەیە ڕاست بێت، بەڵام حوکمێکی قەتعی و قسەبڕیش نییە. لەوانەیە ئەو کۆمەڵانەی پێشتر نازیزم لە کۆمۆنیزمی وەرگرتبوو دیسان پێی بداتەوە، یان بە پێچەوانە. هیچ بە دووریشی مەزانە هەندێ ڕێکخراوەی دیکتاتۆری کە مۆرکی دیموکراتیک بوونیان بە نێوچاوانەوەیە لە هەرزانفرۆشکردنی دەسەڵاتدا دەستیان هەبێت. تاقە خەرجیی ئەم گواستنەوەیە ئەو پارەیەیە لە گۆڕینی هێما

و یونیفۆرمەکاندا خەسار دەبێت. بەڵام ئەم خەرجیانەش وەعۆدەی خەزێنەی گشتییە، و هەقیش هەر ئەومەیە.

جەنابی دەبلیۆ: پێتان وا نییە باشتربوونی دۆخی ئابووری و هەندێ سەرکەوتنی شایان لە بواری پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا بۆی هەبێت ئەگەری ئەمە بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری بەدی بێنێت دەست لە توندوتیژی و چاوترسێنکردن هەڵگرێت و، وەک دەڵێن، دیموکراتیک بێت؟

تومازۆی سەگانی: ئالکسی دوتوکویل پێماندەڵێ، ئەوەی پتر لە هەر شتێک دیکتاتۆرییەکان دەخاتە مەترسییەوە، زیاترکردنی گوشار و زەبروزەنگ نییە، بەڵکو کەمکردنەوەیەتی. ئەگەر بێت و دیکتاتۆری بڕێکەکانی (تورمیزەکانی) ئیش نەکەن، بە زەحمەت دەتوانێت پێش بەو بزووتنەوە بگرێت کە هەوڵی خۆدوورخستنەوە لە ناوەندی هێز دەدات؛ لە کاتی وادا ئەستەمە دیکتاتۆری نەهێڵێت ئەم بزووتنەوەیە کارەساتی بەدوادا بێت.

پرۆفیسۆر پیکاپ: دواین دانیشتنی باسوخواسەکانمان ئەوە کۆتایی پێدێت، جەنابی سەگانی. پزیشکان ئیزنیان داوە جەنابی دەبلیۆ ڕێگای سەفەر بگرێتەوە بەر. بەڵام بەرلەوەی لە یەک دابڕێین، پێمخۆشە پرسیارێکی شەخسیتان لێ بکەم. باشە وەک چۆن خۆتان باسی دەکەن، ئەگەر سەردەمی ئێمە لە سۆنگەی شارستانییەتی بەکۆمەڵ، بۆ

هەمەجۆر خواست و مەیلێک بەرەو دیکتاتۆری ئاسانکاری دەکرێت، چۆنە ئێوە بەمجۆرە دژی ئەم خواست و ویستانەن؟

تومازۆی سەگانی: پێم وا نییە مرۆڤی راستۆک ناچار بێت خۆی تەسلیمی مێژوو بکات.

پرۆفیسۆر پیکاپ: وەڵڵا سەیرە؛ جا کوفر لەمە گەورەتر هەیە؟

جەنابی دەبلیۆ: جەنابی سەگانی، لەو ماوەیەی لێرە، لەم شارەدا ماومەتەوە، لە سۆنگەی ئەو باسوخواسانەمان کەمتر هەستم بە خەم و پەژارە کرد. بۆیە سوپاستان دەکەم. ئەگەر بەخت بە هانامەوە بێت، ئومێدی ئەوە دەکەم لە ئەمریکا بە خزمەتتان بگەم.

تومازۆی سەگانی: هەڵبەت هەر وایە، بەڵام ئەمە بۆ هەردووکمان شتێکی مەترسیدار دەبێت. بێگومان من دەچمە ڕیزی نەیارانتانەوە بۆ ئەوەی بەرەنگارتان ببمەوە. جا ئێوەش بە پێی ئەو قسانەی بۆم کردن، دیارە دەبێت بمخەنە بەندیخانەوە.

ژێدەری سەرەکیی ئەم کتێبە:

La scuola dei dittatori

Ignazio Silone

Arnoldo Mondadori Editore S.P.A

Milano 1979

ئەو ژێدەرەی بۆ ئەم وەرگێڕانە کەڵکی لێ وەرگیراوە:

مکتب دیکتاتورها، اینیاتسیو سیلونه،

ترجمەی مهدی سحابی،

تهران، نشرالبرز، چاپ سوم، 1369